T o o l s

# ڕۆنانی دەق
# و تەنگەژەی خود

عەلی شێخ عومەر

2015
کەرکوك

ناوی کتێب: ڕۆنانی دەق و تەنگەژەی خود

بابەت: لێکۆڵینەوە

ناوی نووسەر: عەلی شێخ عومەر

دەرهێنانی هونەریی: ئومێد جاف

زنجیرە (209) لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیریوکۆمەڵایەتی کەرکوك

سەرپەرشتیی چاپ: نەوزاد عەلی شێخانی

چاپخانە: کارۆ

چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: 500 دانە

ساڵی چاپ: 2015 – کەرکوك

پێشەکی....

کایەی ئەدەبی بە کۆی جۆرەکانییەوە پەیامی مرۆڤە، هەڵوێست وەرگرتنی جیاوازە لە فرە خوێندنەوەی پێدراوەکانی ڕیاڵ، تێڕامان و قووڵبوونەوەیە، بە پشتبەستن بە بەرفراوانی خەیاڵ و ڕەهەندەکانی فانتازیا، ئەمەش جۆرێکە لەپۆلێنکردنی ئایدیا و ڕەهێڵەکردنی بیر و ئاوەز، دارشتن و پێداچوونەوەی ئەزموونی چەند ساڵەیە، کە ئاستی ڕۆشنبیریی لەگەڵیدا هاوشانە، هەمیشە هاوکار و پاڵپشتە بۆ جەختکردن لەسەر فراوانکردنی ئاسۆی تێڕوانینەکان، ئەمەش لە ڕێگای کردەی نووسینەوە ئەنجامدەدرێت، کە دەبێتە ڕوانگەیەك ئاستی ئەو مانایە فەراهەم دەکات، کە دەق لای وەرگر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا ئاستی وەڵامدانەوەی خۆی دیاری دەکات.

لە سۆنگەی ئەوەی ئەدەب زمانی ڕاڤە و لێکدانەوەیە، زمانی گریمانەیە، ڕەخنە لە ڕێگای کرانەوەی کۆد و هێماکانەوە زمانی شاراوە ئاشکرا دەکات، گوتراوە ئەدەب لە ڕوانگەی ڕیالیستییەوە مشتومڕێکە لەنێوان زمانی داهێنان و زمانی ناسنامەوە.

لەبیرتان نەچێت ئەوە ئەدەبە ڕێگای ڕیالمان بۆ ئاشکرا دەکات نەك پێچەوانەوەکەی، دیاریکردنی ڕیاڵ پەیوەندییەکە لەنێوان زمانی دەقی ئەدەبی و زمانی ناسنامە، هەر لە زەمینەی ئەمەشەوەیە مەبەستەکانی ئەودیوی دەق دەستنیشان دەکات و ئاشکرای دەکات، چونکە پرسیارەکانی دەق، شێوازی ئاراستەکردنیان، مانای دەلالەتەکانی دەق لە ناوەوەی دەقدا

بەرهـەم دێـت، دەق ئـەو ناوەنـدە فراوانەیـە، کـە کـاری خوێندنـەوە و بەدواچوونی بۆ دەکرێ، ئـەم چـەند کـارەی، کـە لـە دووتـوێی ئـەم کتێبـەدا کۆکراوەتەوە، هەوڵدانێکە بۆ گـەڕان بـە دوای ماناکانی دەقدا، بـە ئاراسـتەی جیاواز و میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری کاری لەسەر کراوە.

ڕامکردنـی ئیـستاتیکای بەرهەمهێنانـەوەی دەق هـەروا کـارێکی ئاسـان نییـە، هەڵبـژاردن و باگراوەنـدێکی کەڵـچەری و ڕەخنـەی دەخـوازێ، کـە شـایانی لەسـەر وەسـتان و قـسەکردنن، قـسەکردن لەسـەر ئـەدەب قـسەکردنە لەسـەر خـودی ژیـان و پـیرۆزی ماناکـانی، کـە بارگاوییـە بـە ڕۆحـی مـرۆڤ و بەهاکانییەوە، سیحری مانەوە و درێژەپێدانیەتی.

زۆر گـوتراوە و دەگوترێـت، کـە ئێمـە ڕەخنـەمان نییـە، یـان ڕەخنـەکانمان دوورن لە ڕەوشی ڕەخنەی نوێی سەردەمیانە یـان زانـستی ڕەخنـەی نـوێ، ئـەم جـۆرە لێـدوان و هەڵـسەنگاندنانە پێموایـە دوورە لـە گیـانی ڕەخنـەی زانـستییانە، زیاتر موزایـەدە و خۆهەڵکێشانە لەسـەر حـسێبی کەسانێك، کـە نازانن ڕەخنە چییە و پەیوەندییان بە ڕەخنەوە نییـە، هـەر نووسـینێك دوور بێت لـە زانـستی ڕەخنـەوە، نـاکرێ لەسـەر ڕەخنـە ئـەژمار بکرێـت و بخرێتـە خانـەی ڕەخنـەوە، گـەر وایـە ئەوانـەی ئـەو جـۆرە قـسانە دەکـەن، دەڵـێن ڕەخنەمان نییە، دەرگا والایە بۆ نایەن قۆڵ و بـازووی لـێ هەڵکەن و ڕەخنـە بنووسن، ئەو بۆشاییە پڕکەنەوە، کـە بانگـەوازی بـۆ دەکـەن، ڕزگارمـان بکـەن لەم واتە واتە، با چیتر حوکمی نادادوەرانە نەخەنە ئەستۆی کەسانی دیکـە و بـەناوی ڕەخنـەوە بـەم شـێوازە و سـتایلە نەیقـەپلێنن، گـەر هەنـدێ ئاگـاداری فێرگە و ڕێبازە ڕەخنەییەکان بوونایە، پێموایـە بـەم جـۆرە نەدەکەوتنـە نێـو دەرەتـانی هەڵەیـەکی ئاوهـا گـەورە و زەقـەوە. بـە ڕووتـەقی بێـشاردنەوە ڕایدەگـەێنم ئـەم ڕەخنانـە بێکـەم و کـورتی نـین، ئەمـە ئـەزموون و قۆنـاغی

سەردەمێکی ئەو شاعیرانەیە و بەشێکە لە ئەزموونی نووسینی ڕەخنەیی خۆم، مەرج نییە ئەو شاعیر و نووسەرانەی لێرەدا ناویان هاتووە تەنیا ئەمان شایانی وەستان و قسە لەسەرکردن بن، ڕەنگە هیدیکەش هەبن لە بوار و بۆنەی جیاوازدا قسە و باسی لەسەر بکرێ، لەم نووسینانەدا ڕەچاوی ڕیزبەندی بەرهەمەکانم نەکردووە، بە پێی مێژوو و کاتی نووسین، یان کات و شوێنی بڵاوکردنەوەیان، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە وەك هەوڵدانێکی سەرەتایی توانیبێم بەشتێکی کەم خزمەتێکی بچووکی ئەدەبی کوردیم کردبێت، شتێکم خستبێتە سەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، بەو هیوایەی بەرەی تێکۆشانی چەند ساڵەی نووسین و خوێندنەوەم بخەمە بەر دیدەی خوێنەری هێژا، کە لە دوا جاردا هەر لە هزر و دیدەی ئەوانەوە ئەم دەقانە بڕیار و ئاست و شوێنی گونجاوی خۆیان وەردەگرن.

نووسەر

2015/4/1

# بەشی شیعر

## نامۆبوون و دۆزینەوەی خود

## لە شیعری ژیانێکی ڕامبۆییانە

شیعری ژیانێکی رامبۆییانە ناونیشانی یەکێکە لە شیعرە دیارەکانی (ئازاد ئەحمەد ئەسوەد)، کە لە گۆڤاری نەوشەفەقی ژمارە (77)دا بڵاوبووەتەوە. ئەمە یەکەم شیعری جوانی ئەم شاعیرە نییە ئەزموونی نووسین و بەرهەمهێنانی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی حەفتاکان، لە ساڵی (1989)دا کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی (بۆنی ئەم خاکەت لێ دێ) بڵاوکردۆتەوە، کە یانزە شیعری جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە، ئەمە جگە لەوەی چەندین شیعری لە زمانەکانی تورکی و عەرەبیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە.

یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەم شاعیرە کەمی نووسینە! پێت سەیر نەبێ گەر بەمانگ و ساڵ بەدیار بەرهەم هێنانی تاقە شیعرێکەوە خەریك بێ، تا لە ڕەنگ و دەنگی جیاواز ئەزموونی شیعریی جیاواز بەرهەم بهێنێ. لەنێو جیاوازیشدا خوێنەر (وەرگر) دەتوانێ مانای جیاواز بۆ دەق دروست بکات، زەمینە بۆ سیماکانی جوانی دەق فەراهەم بکات. هەر لەسەرەتاوە شاعیر توانیویەتی پەرژین و ڕووبەری هۆنراوەکەی بپارێزێ و لە گرنگی هۆنراوەکەی کەم نەکاتەوە، لەنێوان تیمەی هۆنراوەکە و ناونیشانەکەیدا هاوشێوە بوونێك دروست بکات، کە دەکرێ چەندین خوێندنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێ، چونکە چەمکی خوێندنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی دیسپلین کردنی ئاسۆکانی هزرە بۆ وەڵامدانەوەی هەستە جیاوازەکانی

مـرۆڤ، بـۆ دۆزینـەوەی مەبەسـت، لـەنێو جەسـتەی هـەر دەقێکـی ئەدەبیـدا دەکـرێ بـە تـاوتێکردنی مانـاوە بـچینە نێـو تێـزی کۆمـەڵێ ڕەهەنـد و بـیر و بۆچوونی جیاواز، کە بە هاوهەڵوێست دەسـتەبەر دەکـات، ئـەویش لـە سایەی بەشداربوونی وەرگـر، کـە خـۆی تێدا بـەدی دەکـات، هـەروەك (دیڤیـد بلـیچ) سەیری دەقی ئـەدەبی دەکـات بـەوەی، کـە جۆرێـك بـێ لـە ئاوێنـە خوێنـەران خۆیانی تێدا دەبینن)[2].

هەست و تێڕوانینی وەرگر لـە بنیـادی دەقـی هۆنراوەکـەدا پـاژ بـە پـاژ جـۆرە پەیوەندییـەکی پتـەو دەرەخـسێنێ بـۆ وەڵامدانـەوەی کەنـد و کەلەبـەری ئـەو پرسیارانە، کە گیان و جەسـتەی هۆنراوەکـە ڕەهێڵـە دەکـات و لەگـەڵ ئاسـۆی چاوەڕوانیدا یـەکیان دەخـات، بـۆ چـوونە نـاو جیهـانی هۆنراوەکـە هـەنگاوی یەکەم دەبێ لـە ناونیـشانی هۆنراوەکـەوە دەسـت پێبکـەین، چـونکە ناونیـشان سـەری هۆنراوەیــە (سـوورەیای دەقــە)[3] کلیلێکـی ئەفـسووناوییە دەتـوانێ سەرجەم دەروازەکانی دەق والآ بکات.

لـە رووی فۆرمـەوە ناونیـشانی هۆنراوەکـە لـە دوو برگـە پێکهـاتووە، برگـەی یەکەم (ژیانێکی رامبۆییانە)یە دەستپێك و سەرەکییە شووناسـێکی جیهانییـە کەشفکردنی تەرزێکە لە پیادەکردنی ژیـان، برگەکـە دەوەسـتێ و تـەواو دەبـێ بـە مەبەسـتەوە بۆشـایی و شـوێنی نەفەسـێك لـە لاپەڕەکـەدا بەجێـدەهێڵێت، ئەمەش بەڵگەیە بـە بـوونی دالەیـەك کـە مـەدلوولی بیرکردنـەوەو تێڕامـان و پرسیار دەوروژێنێ لە پیادەکردنی ئەو جۆرە ژیانە. دێتـە دێـری دووهـەم کـە پاشگرە بۆ دیسپلین کردنی ئەو چەقبەسـتنەی برگـەی یەکـەم، کـە ئاراسـتەی کۆمەڵێك کەسی دەکات، بە هاورێ ناویان دەبات و لەشوێنێکدان پێـی دەڵێن" (شەقامی جمهوری)[4].

ناونیـشانەکە سـتایلی نامەیـەکی کـراوەی لـە خۆگرتـووە پابەندنییـە بـە داخرانی زەمەنەوە، زەمەن تێیدا کراوەیە و دیـاریکراو نییـە، بـە پێچەوانەی شوێن، کە تێیدا داخراوە و دیاریکراویـشە، بـە کرانـەوەی زەمـەن و داخـران و وەستانی شوێن (شـەقامی جمهوری) دەتـوانین بگەینـە خـاڵێکی سـەرەکی، کـە پـەنتایی هۆنراوەکـەی لەسـەر بنیـادنراوە، ئـەویش هەسـت کـردن بـە تێپـەڕبوونی زەمـەن و گۆڕانکارییـەکانی هـزرو خوێندنـەوەی نـوێ و گەشـەکردنی ئەزموونـەکان بەرانبـەر بـە چـەقینی شـوێن و مانـەوەی وەکـو خـۆی یەکـەمین دیاردەکـانی نامۆبوونمـان چـنگ دەکـەوێت، کـە (شـەقامی جمهوری)یە و لە قەرەباڵغترین شوێنی کەرکوکە.

ئاوێتـەکردنی هەسـتی نـامۆبوون لـە دەروونـی شـاعیردا بـە ژیـانێکی رامبۆییانـەوە ڕیتمێکـی ڕۆمانـسیانەی هێمـا ئـامێز دەگرێتەبـەر سـەرنجی خوێنەر رادەکێشێت نەك هەر لەسەر ئاستی کەرکوکدا، بەڵکو لەسەر ئاستی کوردستانیشدا، ئاوێتە بوونی ئەم نامۆبوونە، وا ڕەنگی ڕشتووە و چەسپیوە، کە کاڵبوونەوەی کارێکی سەخت و دژوارە وەك لە بیرکردنـی شاری کـەرکوکی زادگـای، نـاو نـەهێنانی شـار مەبەسـتم لەشـاری کەرکوکـە ئاماژەیـەکی زەق و دیارە بە نەبوونی ناسنامە و دابـڕینی بەشـە لـە گشت، کەرکوکـە لـە هـەرێم، دڵـە لـە جەسـتە، فـەرامۆش کـردن و خەمـساردی و پـەراوێزکردنی خـەون و ئـاوات و داواکـانی هـەر تـاکێکی کـوردە بەگـشتی و کەرکوکـە بـە تایبـەتی، نەگەڕانـەوەی پـچڕان و دابڕانـە، تۆرانـدن و نەگەڕانـەوەی خـودە بـۆ بابـەت، زەمەنـە بـۆ شـوێن، یـاخی بـوون و نەگەڕانـەوەی شـاعیرە بـۆ زێـدی خـۆی، گومـانی تێـدا نییـە دەرهاویـشتەی ئـەم پـچڕان و دابڕانـە نـامۆبوونی بەرهەمهێناوە، کە کەرکوك بۆتـە سـەنتەر بـۆ خـود و بنەمایـەك بـۆ پێکهاتـەی

کەسایەتی شاعیرە کە لە ڕاستیدا (گرنگترین شێوەکانی نامۆبوون جیابوونەوەی کەسە لە خود)[5].

پەرچەکرداری نامۆبوون تیژی خۆسەپاندن و هاوشێوە بوونێك لای شاعیر دروست دەکات، بەرامبەر بە هاوڕێیەکانی وەك ئاکامێك پێشنیاریان دەکات، دەستپێشخەرییەك نیشان دەدات، بە مەحکوم کردنیان بە وریابوونەوە بارگاوییان دەکات و لاگیریان لێدەکات، پیادەکردن و تۆکمەبوونی هەستی نامۆبوون، دەکرێ قەوارەیکی گەورەتر وەرگرێ و بچێتە ناو خانەی ئەندێشە و چاوەڕوانییەوە، چاوەڕوانییەکی بێتام و بێ سنوور چەشنی (چاوەڕوانی گۆدۆ)، دەشێ لە دۆخێکی تردا بە جۆرێکی دی هەڵتۆقێ و بەرجەستە بێت و ببێتە هاندەر بۆ حاڵەتی جۆرێك لە ئاوارەبوون، هەڵکەندنی مرۆڤ لە زێدی خۆی دابڕانی لە نیشتیمان سنوورەکانی ئاوارەبوون دیاری دەکات، زەمینە بۆ هەستێکی شڵۆق و ناجێگیر خۆش دەکات، کە لە ناخی شاعیردا یەق دەداتەوە.

شاعیر ڕاشکاوانە ناتوانێ خۆی لە هاوکێشەی کەرتبوون و ئەو نامۆبوونە قووتار بکات، کە بە وریاییەوە خوێندنەوەی بۆ دەکات، هاوکێشەکە فرە لایەن و ئاڵۆزە و فەرامۆشکردنی هەروا ئاسان نییە، کێشەکە پابەندە بە بوون و خۆ دۆزینەوە، هەر لەسەرەتای هۆنراوەکە لە چەند ئاستێکدا زەق و زیندو دەبێتەوەو بەرەو تراژیدیایەکی ئینسانی ڕاپێچمان دەکات.

گەورەترین کارەساتی شاعیر ئەوەیە بە هەست و نەست و کەلەپوورێکی ڕۆژهەڵاتیانە مامەڵە لە تەك داکەوتی شارستانییەتی نوێی ئەورووپادا دەکات، ئەو کاتە بە زەقی درك بەجیاوازی و لێکدابڕانی نێوان ئەم دوو شارستانییەتە دەکات، کارەساتەکە لێرەوە چڵە پۆپە دەگرێ و شاعیر دوو کەرت دەکات، پاش نیشتەمەنی ئەزموونەکانی لەمەڕ شارستانی ڕۆژئاوا

شاعیر دژوارە بتوانێ هەڵ بکات یاخود بگەڕێتەوە بۆ شوێن و مۆڵگەی یەکەمی، بۆ زێدی خۆی بۆ نیشتیمان، بۆیە دەبینین دەچێتە هەر شوێن و جێگایەك هەر شارێك بە(فلاش باك) بیرەوەرییەکانی گەنجێتی و ژیانی ڕابردووی لە ئێستادا بەرهەم دەهێنێ و تێهەڵکێشی ئێستای دەکات، یاخود بە پێچەوانەوە ئاوێتەی یکتریان دەکات، بۆ گوزارشت کردن لە گەڕانەوەی سۆز و خۆشەویستی ڕابردوو بۆ ئێستا، هەرجارێ تەرز و شێوازێك دەگرێتەبەر... لێرە وێنای ژیانی ڕامبۆ دەکات و لەلایەکی دیکەوە خۆی دەچێتە دەرەوە نەخشە و هێلکارییەکانی ناوەوەی خودی خۆی لەگەڵ ڕیتمی ژیانی ڕامبۆدا بەراورد دەکات، بێگومان بەم کردەیە دەیەوێت جۆرە هاوشێوە بوونێك بدۆزێتەوە، دەتوانین بە جۆرێکی دی بڵێین لە ئاستی یەکەمدا نامۆبوون بەهای خود و بیر و ئاوەزە بەرانبەر بە شوێن، وەلێ لە ئاستی دووهەمدا نامۆبوون بەهاکانی شوێنە جیاوازەکانە بەرانبەر بە بەهاکانی خود و بیر.

لەلایەکی ترەوە دەکرێ بڵێین فاکتەری قووڵبوونی ئەم نامۆبوونە دەرئەنجامی واژووی تەنگژەی دوو شارستانیەتە، دوو داب و نەریتە، دوو کەنارە، دەریایەك نێوانیانە ئەمەش جیاوازییەك بە دوای خۆیدا دەهێنێ، کە بە دوای هەبوونی خۆیدا وێڵە و دەکۆشێ تا بوونی خۆی بسەلمێنێ و فەراهەمی بکات، کەواتە دەکرێ بڵێین کێشەکە کێشەیەکی ئەنتۆلۆژییە و گەڕانە بۆ دۆزینەوەی خودی خۆی ( بۆ خۆم دەگەڕێم )(6).

لەگەڵ بڕینی سنووری هۆنراوەکە بۆمان دەردەکەوێت، کە لە هەڵبژاردنی کاراکتەری ڕامبۆدا هەماهەنگییەك هەیە لەنێوان ژیانی شاعیر و ژیانی ڕامبۆدا، سەنتەر خودی شاعیرە، کە وێنەی شیعرەکانی تێدا ڕەتووش دەکات و ڕووداوی زیندوو لە دوو ئاستدا بەرهەم دەهێنێ، لە ئاستی یەکەمدا بوونی

شـوێن وەك بەشـێك لـە خـودی شـاعیر شووناسـە بـۆ ڕەنگدانـەوەی ئـەو هەستانەی کە بە گاسنی نائارامی نـاخی دەکێڵن بـوونی لـەت و پـەت دەکـەن هەڕەشـەی فـەنابوونی دەکـەن، نیـشتەمەنی ئـەم ترسـە کەڵەکـەبووە، هەسـت کردن بەم جیاوازییە لە ناخیدا هەرجارێ بـە جۆرێـك و لـە شـوێنێکی جیـادا ڕۆحی لەنێو جەستەی کاراکتەرێکدا بەرجەسـتە دەبێـت، لـە هەنـدێ شـوێندا لەنێو جەستەی ئاژەڵێکدا دۆنادۆن دەبێت، ئـەم حاڵەتـە کـە ئاماژەمـان پێیـدا لە دواییدا لەنێو جەستەی هۆنراوەکەدا ئاشکرا دەبێـت، لـە ئاسـتی دووهەمـدا هەڵبژاردنی کاراکتەری ڕامبۆ، کە جۆرێك لـە پیـادەکردنی ژیـان بـە دەسـتەوە دەدات یەکەم لەسەر ناونیـشانی هۆنـراوەکە، کـە ئـەویش ژیـانێکی ڕامبۆیانـە، ئـەم ژیانـە پەیوەنـدی هەیـە بـە بـیرەوەری و ئەزموونـەکانی شـاعیر، کـە لـە چینە قووڵەکانی نەستیدا جێگیربوونە، کە لەسەر شێوازی ئـەم جـۆرە ژیانـە دەگاتـە ئاخـاوتن هەڵوێـستێکی دیـاریکراو و هاوشـێوە بوونێـك نیـشان دەدات، کـە پەیوەنـدی بـە سـتایلی ژیانیـەوە هەیـە، چییە و چۆنە لـەنێوان ژیـانی ڕامبـۆی شـاعیر و ژیـانی "ئـازاد ئەحمـەد ئەسـوەد"ی شـاعیردا، ئـەو خـاڵ و جەمـسەرانە چـین، کـە پێکـەوە گرێیـان دەدات و بـە یـەك چارەنووسـەوە دەیانبەسـتێ، بـە بـەراورد بـا بـزانین هـەوێنی ئـەو هەسـتانە چییە، کـە لای شاعیر دەرکەوتووە.

**1**- ڕامبـۆ لـە شـەقامەکانی (شـارڵڤیلْ) ڤیـت و ڤـۆز پیاسـەی دەکـرد بـێ ئاوڕدانـەوەی ڕاسـت و چـەپ ئـامێر ئاسـا شـەقامەکەی تـەی دەکـرد، ئـازاد ئەحمەد لە شەقامی جمهوری.

**2**- ڕامبـۆ لەگـەڵ هاوڕێیەکانیـدا ئـەم شـەقامەیان دەبـڕی بـۆ پـەیمانگای شارەوانی، ئەمی شاعیر لەگەڵ هاوڕێکانیدا شەقامی جمهورییان دەبڕی بۆ ئامادەیی پیشەسازی.

**3**- ڕامبۆ لە **29**ی ئابی**1870** بۆ یەکەمجار تامی ئاوارەبوون دەکات دوای دەخرێتە زیندانەوە، ئەم لە **1979** بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ خوێندن دەچێتە شاری بەسرە و غەریبی و نامۆبوونی ڕەگ دادەکوتێ لە دواییدا دەکرێ بە سەرباز و ئینجا هەڵدێ و دەبێت بە پێشمەرگە و زیندانی دەکرێ.

**4** - ڕامبۆ بۆ جاری دووەم هەڵدێ و لە برۆکسل دەگیرسێتەوە، ئەم لە پاش زیندانی بۆ جاری دووەم هەڵدێ و ئەوجا دەچێت بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ هەتاهەتایی هەڵدێ لە بەریتانیادا دەگیرسێتەوە.

**5** - ژیان بە پەروازەیی و تەنیایی و، ون بوون و بێ پارەو پوول بەسەر دەبەن ڕامبۆ لە پاریس ئەمیش لە تورکیا و یۆنان و ئیتالیا.

**6** - هەردووکیان ژیانێکی دەربەدەری بەسەردەبەن، خەونیش بە دنیایەکی دیکەوە دەبینن دنیایەکی تەلیسماویی پرشنگدار[7].

(ژیانی مرۆڤ لە کەنارێکی بێ هیوایی ترەوە دەستپێدەکات)[8].

لێرەوە هەوڵ دەدەین بچینە نێو فەزای هۆنراوەکەوە ئەو هەسارانە بدۆزینەوە، کە لە خولگەی ئەو تێزانەدا دەسووڕێنەوە، کە لەمەوپێش ئاماژەمان پێیدا، هەوڵی سەلماندنیان دەدەین و تیشك دەخەینە سەریان تا زیاتر ڕوون بێتەوە.

ئەم ئیستانبولە

نە گۆڕی وەلی دێوانەی لێیە

نە بۆنی جامانە چڵکنەکەی نالی لێ دێ
لە کەناری مەڕمەڕەدا ئەڕوانمە ئەو کەشتییە بزورگانەی
نیگاکانی ئۆرهان وەلییان پێوەیە [9].

شاعیر زیرەکانە توانیویەتی زمان بخاتە گەڕ تا ڕووپێووی مەبەستەکەی لە ڕووبەری شیعریدا بەئەنجام بگەیەنێ، پەیامێکی هونەری ڕەنگ ڕێژ بکات، لە ڕێگەی وێنەوە ئەو هەستە جیاوازانەی بیر و هزری بەڕاشکاوانە ڕاڤە بکاتەوە، بە ئەوینەوە مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا بکات و لە جێگەی خۆیدا بەکاریان بهێنێ، داکەوتە بابەتییەکان لە وێنەوە بگوازێتەوە بۆ پەیقی زیندوو، چونکە (شیعر لەنێوە ڕێی هونەر و زماندایە پەیوەندی شاعیر بە زمانەوە، پەیوەندی وێنەکێشە بە بابەتەوە)[10].

شاعیر بە زمانێکی پاراو و بێ گرێوە دێتە نێو فەزای هۆنراوەکە بۆ خوڵقاندنی فانتازیا وێنەیەکی ئەدەبی لە پانتایی هۆنراوەکەدا ڕتووش دەکات و هاوشێوە بوونێك لەنێوان خود و بابەتدا دەستەبەردەکات، ئەوەی دیارو ئاشکرایە نامۆبوونی خودی شاعیرە، کە لەمەوپێش ئاماژەمان پێدا و بۆتە سەنتەری هەموو ئەو جیاوازییانەی، کە لەنێوان دووانەی دوو شارستانیەتدا دروست بووە، بێگومان دەکرێ جێکەوتی ئەم نامۆبوونە شێوەیەکی ئاسۆیی وەرگرێ، لەسەرەتاوە با شاری ( ئیستانبول) دەستپێك بێ، شاری ئیستانبول، لە ڕووی جوگرافییەوە دەریای مەڕمەڕە شارەکە دەکات بەدوو کەرتەوە کەرتێکیان لە ڕۆژهەڵاتە و لە بەشی ئاسیادایە و ئەویتریش لە ڕۆژئاوا لەوپەڕی ئەوروپادایە.... شارەکە وەك خودی شاعیر لەنێوان دوو کەلتوور و هزری دوو شارستانییەتدا کەرت بووە پردێکی

هەڵواسراو، دۆخێکی نامۆبوون کۆیان دەکاتەوە و بە یەکیان دەگەیەنێ، ئاسیا بە ئەوروپا، ڕۆژهەلآت بە ڕۆژئاوا، ئێستا بە ڕابردووە وە دەبەستێ.
هەڵبژاردنی شوێن لە وێنەی شیعریدا ڕەنگدانەوەی ئەندێشە و هزری شاعیرە، دەلاقەیەکە نەفسی خۆی تێدا دەبینێ و گوزارشتی لێدەکات، چونکە (دەنگی نووسەر لە نەفسییەوە دێ)[11]. شاعیر لەنێوان نەفسی خۆی و دەرەوەی خۆیدا جۆرە پەیوەندییەك دروست دەکات، پەیوەندی ئەمی بەرهەم هێنەری شیعر لە تەك شاری (ئیستانبول)دا، نەفسی شاعیر و ئیستانبوڵ دوو ڕووی دراوێکن، ئیستانبوڵ بە دووفاقی شارستانیەتیەکەی و ئەمی شاعیریش بە دووفاقی ئێستاو ڕابردووەوە، ناوهێنانی وەلی دێوانە و نالی گەمە و یاریکردنە بە کات و لەق بوونی شوێن، ئاماژیە بە ئەشقی وەلی دێوانە و سەرهەڵگرتنی نالی وەرگێڕانێکی زیندووی کایەی نامۆبوونەکەیەتی، لێرەدا شوێن گرنگی خۆی لەدەستداوە کاتیش لە بیرەوەریدا دەتوانێ ڕابردوو لە ئێستادا بەرهەم بهێنێ، شوێنەکان بۆ ئەم چۆنیەکن و نابنە ئاستەنگ و فلاش باك هیچ جیاوازییەك لە شوێنەکاندا دروست ناکات، نەبوونی گۆڕی وەلی دێوانەی شاعیر لە ئیستانبول خامۆشکردنی عەشق نییە لە ناخدا و لەبارچوونی عەشق نییە لە حزووردا، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیندووکردنەوە و بەسەرکردنەوەی عەشقێکی عوزری پڕ لە ئازار و ئەشکەنجە لەلای شاعیردا بەرهەم دەهێنێ، کە بە یەك نەگەیشتن ئاکامییەتی، لێکدابڕان و هەناسە ساردی و بێ هیوایی ناسنامەیەتی بۆ درێژەپێدان و مانەوە لە لێوارەکانی ژیانێکی نادیار و کراوەدا، لە سۆنگەی ئەوەی عەشق لە مردن گەورەترە مرۆڤ بە شێوەیەکی فسیۆلۆژیانە دەمرێت و عەشق وەك ڕۆح دەمێنێ، ئیتر ئێمەی بێ ناسنامە چ پێداویستیەکمان بە ئاساواری گۆڕ و مردنە، عەشقی شاراوە

نهێنیمانـە و نادیـار شـووناسمانە، جـا بـا گـۆڕی وەلـی دێوانـەی شـاعیر لـە ئیستانبول نەبێ و لـە سـەید سـادق بـێ بـۆ ئـەمی شـاعیر چۆنیەکن، چونکە نەخوێندنـــەوەی ئـــەم عەشـــقە ئاماژەیـــە بـــۆ نەخوێندنـــەوەی خـــود، لـــە بەرامبەردا بوونی گۆڕی نالی شاعیر لە گۆڕستانی (ئەسکۆدار)ی [12].

شاری ئیستانبول بەڵگـە و شـوێنەوارو هێمایـە بـۆ سـەلماندن و چەسـپاندنی زوڵم و ستەم و دەربەدەری و ئاوارەبوونی تـاك و خـەڵكی سیڤیـلی كورد بـە درێـژایی مێـژوو، نـەبوون و درك نـەكردنی بـە بـۆنی جامانەكـەی نـالی، نەخوێندنـەوە و هەسـت نـەكردنی ئـازار و ئەشـكنجە و ژان و ژۆی مرۆڤـی كوردە لە مێژوودا ئێستاشی لەگەڵدابێ...

شـاعیر بـە ڕاشـكاوانە بـۆ دەربـازبوون لـە تـاو تەلەزگـەی نامۆبوونەكـەی كـە دركـی پێـدەكات و وەك پەرچـەكردارێك دەكەوێتـە تێڕامـان و بـە دوای هاوشێوەبوونێكدا دەگەڕێت كە خودی خـۆی تێـدا بـەدی بكات و تەسكێنی و ئومێدێكی پێببەخـشێت، ساتێ دەبـینێ چۆن ڕۆحـی كـەرت بـووی دەیـەوێت وەك كــەنارەكانی دەریــای مەرمــەڕە ســنوورەكان بــسڕێتەوە دوو جیهــانی جیــاوازی ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا بەیــەك بگەیــەنێ، ئــەم لــە كەنارێكــەوە دەڕوانێت و چاوەڕێی ئەم هاوشێوە بوون و ئەم توانەوەیەیە كـە لـە نیگاكـانی ( ئۆرهـان وەلـی)ی [13]. شـاعیردا بـەدی دەكـات دیوەكـەی تـری خـۆی تێـدا دەبینێ.

لەلایەكی دیكەوە هەژمموونی ئەم ڕوانین و چاوەڕوانییە ئـەوە دەسـەلمێنێ كـە هەستی نامۆبوون مەرج نییـە پەیوەسـت بـێ بـە پێگـە و شـوێنێكی غـەوارەی دوورە وڵات، بـەڵكو دەكـرێ لێكدانەوەیـەكی گەشـتری بـۆ بكـرێ، بـەوەی كـە شـاعیرێكی هاوچـەرخی گـەورەی تـوركی وەك ئۆرهـان وەلی لـە سـەردەمێكی

تـردا لـە مۆلگـەی خۆیـدا وەك ئێـستای ئـەمی شـاعیر هەسـت بـە نـامۆبوون دەکـات، بەمــەش دەگەیـنــە خالێــك، کــە شــاعیر و هونەرمەنــد لــە هــەر کۆمەلگایەکدا دابن، هەمیـشە نـامۆن و هەسـتیارن و پێـشوەخت پێـشبینی لـە دیاردەکان دەکەن و لە گۆشە نیگایەکی ئینـسانییەوە ڕاڤـەی بـۆ دەکـەن، هـەر ئەوەش وا دەکات کە شـاعیر بڕوانێتـە هـەموو ئـەو ئامرازانـەی، کـە هـەلگری هەمان خەم و هەمان ئازاری ئەمن، وەك جوانی ئەندێشەکانی ئۆرهـان وەلـی، عەشـقە ئەفـسووناوییەکەی وەلـی دێوانــە و سـەرهەلگرتنەکەی نــالی، کــە سەرجەم ڕەنگدانەوەی ئەمانە بوونەتە هانـدەرێکی سـەرەکی لـە پێگەیانـدنی کەسایەتی شاعیر ئەمە بێجگە لـە "ڕامبـۆ" لـەنێو دوو کەوانـەدا، کـە بـەر لـە کۆتـایی هۆنـراوەکـەش دەبیـنـین چۆن یەسـینین و مـارکیز و شـێرکۆ بێکـەس خالّی کۆدەتا لای شاعیر دروست دەکەن.

بە ڕۆژ پەرەسێلکەیەکی ژێر پردە ڕووخاوەکەی فاتیحم

شەوان ئەبمە لاشەیەکی بەر باران، چەقەلّ و کەمتیار تێمدەئالێن

من بە هەلّە ڕێم کەوتە سەر ئەم گۆی زەوییە

بۆ هەسارەیەکی تر، گەردوونێکی تر ئەچووم(14).

شاعیر ڕاستگۆیە و پەردەپۆشی لە هەسەتکانی ناکات، بۆیـە بـە ئەمەکـەوە لـە سـیاقی هۆنـراوەکەیـدا ئاشـکرای دەکـات، کـە چـۆن هەسـتی نامۆبوونەکـەی شۆڕبۆتەوە و بە جۆرێك ڕەگی داکوتیـوە، کـە هـەرجارەی بـە شـێوەیەك و لـە شـوێنێکی جیـاوازدا گوزارشـت لـە حـالّی جیـاواز دەکـات، بۆیـە هـەرجارێ لـە شێوەیەکدا خـۆی دەبـینێ، دۆنـادۆن و هێلّکارییـەکانی خـۆی تێـدا بەرجەسـتە دەکـات، هەمیـشە لـە کۆشـشی پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە ترسـناکە جـەخت دەکات، کە گیانی گینگلّ دەدات و پرسیار لە دوای خۆی بەجێ دەهێلّێ...

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەرجارە و خۆی لە قاڵبێك و جەستەیەكی نوێدا دەبینێ، دەچێتە شێوە و ڕووخساری بوونەوەرێكەوە... لە زۆربەی جارەكانیشدا دووانەی هاودژ، دوو بەرامبەر بەكاردەهێنێ، بەمەش بزاڤی بەردەوامی و هێزی پارسەنگی دەپارێزێ، بە دیوێكدا گەر ڕۆژ بێت ئەم وازەن دەكات پەرەسێلكەیەكی داماوە و بێ دەسەڵاتە، لەنێو هەناوی مێژوودا بەجێماوە، بۆیە هێشتا ئاسەواری ئەو داگیركاریی و نەهامەتییەی پێوە دیارە، كە بەسەریدا سپێنراوە، هەر ئەمەش وادەكات، كە ڕەوتی گەشەكردنی شارستانی مێژوویی لە ڕۆژهەڵاتدا مەحكووم بێ بە شكست و بە دۆڕاندن و بە نەگەیشتنی مەبەست، لەگەڵ ئەوەی "محەمەد فاتیح" لە قۆناغێكی مێژوویدا پردەكەی دروست كرد، وەلێ بە ئەنجام گیریی پردەكە ڕووخاوە و ناگاتە مەبەست و پەیامی پەڕینەوەكەی بۆ جیهانی ڕۆژئاوا نسكۆ دێنێ، لە سۆنگەی ئەوەی پردەكە پردی داگیركردنە نەك پردی بەیەكگەیشتنی دوو شارستانییەت و پردی ئاوێزەبوونی دوو هزر، پردی ئاشتی و خۆشەویستی و لە یەكگەیشتن نییە، بە قەد ئەوەی پردی سڕینەوەی ئەوەی دییە، هەر وەك چۆن هەڵبژاردنی ڕۆژ نەڤی كردنی شەو بە دوای خۆیدا دەهێنێ، ئەوا ئەمیش بە شەو هەست بە سڕینەوەو مەرگەساتی خۆی دەكات، و بووەتە لاشەیەكی بەر باران، سەیركەن وێنە چۆن دەتوانێ مەبەست بپێكێ، ئومێد و بەرەنگاربوونەوەی تێدا بڕوێنێ، دیمەنێ سینەماییە لاشەیەك لەبەر بارانە و چاوەڕوانی هەڵسانەوەی لێدەكرێ، كات شەوە دوژمن و ناحەزەكان خەسڵەتی ئاژەڵی دڕندەیان وەرگرتووە، لەژێر پردێكدا دەوری دەدەن و تێی دەئاڵن.

دیمەنەكە درێژبوونەوەی تێدایە بۆ هەنووكە، هاوكێشەكە كراوەیە لەنێو ئەم هاوكێشەیەدا، بە داب و نەرێت و تێزی ناشارستانی بە پیادەكردنی

توندوتیژی مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤ، شاعیر بەرامبەر بەم جۆرە ژیانە ناڕەزایی دەردەبڕێ و پاشەکشێ دەکات پەشیمانە لە هاتن و بەشداری کردنی لە بنیادنانی ئەم جۆرە ژیانە، بۆیە ئاوات دەخوازێ بۆ گەردوونێکی تر بچێت لە هەسارێکی دیدا خەونەکانی ئاو بدات، ئەمەش ڕوویەکی دیکەی نامۆبوونەکە دەستەبەردەکات، مامەڵە لەگەڵ ئەو داکەوتە ناکات کە هەیە، بە ڕەتکردنەوەی ئەوەی ئەم دەیخوازێ و خەونی پێوە دەبینێ و بۆی دەستگیر نابێ، بە بوون و ئامادەیی ئەم داکەوتێکی ترو هەسارەیەکی دیکە ئامادەبوونی دەبێ، گەر بە خەیاڵ و خواستیش بێ ئەم بەرجەستەی دەکات و بانگەوازی بۆ دەکات و بە دڵنیاییەوە پێی لێدەنێت، کە ئەمی شاعیر بە هەڵە هاتۆتە ئەم گۆی زەوییە... ڕەتکردنەوەی زەوی و ئامادەبوونی هەسارێکی دیکە گەردوونێکی دیکە بەرهەمدەهێنێ، گەر لەنێو خودیشدا بێ جۆرێك لە نامۆبوونەکەی تۆخ دەکاتەوە و دەیسەلمێنێ.

لە ژیانی ڕابردووما سەگێکی لەڕ و لاوازی دوورە دێیەکی هیندی بووم
بۆیە ئێستا هەموو لەشم جێ برینی قەڵماسینگە
چۆلەکەیەکی ناو قوولایی دارستانێکی تاریك بووم
بۆیە ئێستا لەگەڵ هەر خشپەیەکدا دائەچڵەکێم
ئاسکێکی شەلی ساراکانی ئەفریقا بووم،
کەوتمە بەر کەڵبە و چڕنووکی چەند پڵنگێکی برسییەوە
بەر چاوم تاریك داهات، تاریکتر...
مریشکێکی نەخۆش بووم،
مرۆڤێکی پێ بەرازو لۆز درێژ، زمانی مار ئاسا دەرهێنا و
لووراندی و، بە بەرچاوی بێچووەکانمەوە چەقۆی بە ملمدا هێنا
قالۆنچەیەك بووم، پێڵاوێکی زل شێلامی و

فڕێی دامە مەنهۆڵێکی کەنار ڕێگا

مشکێکی ئاوس بووم: لە کون هاتمەدەر، فرکەی نەعەلێك هات،

فلیقاندمییەوە

پشیلەیەکی ڕەش بووم[15].

ڕەنــگ ڕشــتنی دۆخــەکانی شکــست لەســەر نەســتی شــاعیر ڕەنگدانــەوەی ئەزموونــەکانی ژیــانی ڕابردوویــەتی، بازنــەی ئەگــەرەکانی خوێندنــەوەو راڤەکردن فراوان دەکات، بۆ سـەلماندن و خەفەکردنی زامـەکان، شـاعیر هـەر جارەی بە شێوەیەك و بـە ڕووخـسارێکی جیـاواز خـۆی دەنـوێنێ، بـە پێـوەری ئاکارو خەسڵەت هەرجاری مانایەك بەرجەستە دەکات، لـە هەموویـشیاندا بـە یەك ئاکامی تراژیدی ڕابردوو بە ئێستاوە گرێ دەدات.

کارەساتی دابڕانیش لە جیهانی دەرەوە شۆڕبوونەوە و گەڕانـەوەی شکسته بـۆ نێو خود، پەنابردنە بۆ ڕابـردوو، ئاوێتـە بوونـە لەگـەڵ ئەفـسانە و دابـەزینی بـۆ ئەوپـەڕی سـڕانەوەی خـود بـۆ حاڵـەتی (مـسخ) و لێکچواندنی مرۆڤـ بـە گیانلەبـەری جۆراوجـۆر، چ تراژیـدیاو نەهامەتییـەکی گەورەیـە مـرۆڤ وەك مرۆڤ تەماشای خۆی نەکات و خەونی ئایندەی نەبێ، خەونـەکانی یـەکانگیری پێدراوەکان نەبێ بە بەراورد لەنێوان ڕابـردوو و ئێـستای هەنووکـەدا، کۆسـت و تەلەزگەی مرۆڤ لەوەدایە، کە بگاتـە ئاسـتی بـێ بەرنامـەیی و چاوەڕوانی و بەرتــەمایی لــە فەرهەنگیــدا نــەبێ، دیــسپلین کردنــی ئەگــەری مەحاڵــەکان خاڵێك فەراهەم دەکات، کە چیتر نە لەسـەروو یـا لـە خـوارووی خۆیـەوە وەك مرۆڤێکی ئاسایی ئـەو وێنـە و سیمبووله شـك نابـات، کـە خـودی خـۆی تێـدا دەدۆزێتـەوە، ئەمـەش گەیـشتنە بـە پنتێکـی شـپرزە، دەکـرێ بڵـێین بکـوژی هەموو جوانییەکانـە و سـڕینەوەی بـوون و مانەوەیـەتی، شووناسـە بـۆ گـشت خەم و ئازارەکانی، نەهامەتییەکـە بـە گاسنی (مـسخ) کـردن نـاخی دەکێڵـێ و

ئیدی چیتر نابێتەوە بە خۆی و ناتوانێ گوزارشت لە شتە جوانەکانی ژیان بکات. ئەوەی هەیە و سەوز دەبێ بەری ئەزموونە تاڵەکانییەتی شکست و دەربڕینی هەستەکانی ناخییەتی، بیرکردنەوەیە لە دۆنادۆن و گەڕانەوەیە بۆ ئەفسانەی دێرین و درك کردن بە ژیانی ڕابردوو لە شێوە و ڕووخساری جیاواز و داماڵین و ڕووتانەوەیە لەوەی کە هەیە، چوونە نێو شێوە و فۆرمێکی ترەوە، خۆ حەشاردان و بە کاربردنی خود بۆ ئاست و شێوە جیاوازەکان، کە هەرجارەی لە وێنەیەکدا بەرجەستە دەبێ، بەمەش سنووری بابەتە ڕاستەقینەکان و ڕۆڵی زەمەن دەبەزێنێ. بۆ ساغ کردنەوەی قسەکانمان و پتەو کردنی فەزای تێڕوانینەکانمان هەوڵ دەدەین شڵقی مەبەستەکانیش زیاتر ڕوون بکەینەوە بە لە بەرچاوگرتنی بەهاکانی شوێن، ئاکام یەك ئاکامە، کە لە ئێستادا خۆی دەنوێنێ بەوەی ڕابردوو زۆرلێکراوە، ئایندە زۆردارە، شوێن بێلایەنە.

| ڕابردوویەکی زۆر لێکراو | شوێن بێ لایەن | ئاکام |
|---|---|---|
| (سەگێکی لەڕو لاواز) ئاماژەیە بە بێ دەسەلاتی، دڵسۆزی، ئەمەك). | (دوورە دێیەکی هیندی) مەبەست لە نەخوێندنەوەی زێدە لەسەر نەخشەی سیاسی، فەرامۆشکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دەگرێتەوە. | (جێ برینی قەڵماسینگ) سزای دەروونی و ئازاری جەستەیی دەگرێتەوە. |
| (چۆلەکەیەکی ناو قوولایی) نیمچە سەربەستییەکی کەم و بێکارەو کارتۆنییە | (دارستانی تاریك) چەپاندن و نەبینینی | (داچڵەکیم) سەرەتایە، بەرکەوتە بۆ نیشانەکانی ترس لە ئازادی و بەو پێدراوەی کە چاوشکێن بووە. |

| | | |
|---|---|---|
| تێنگەیشتنە لە چەمکی سەربەستی ڕاستەقینە. | داکەوتەکانە، دوور لە گەشە کردن و ڕووناکییە، تاریکییە. | |
| (ئاسکێکی شەل) پڕۆژەیەکی ئاسان و بندەستە بۆکوشتن و ڕاوکردن. | (ساراکانی ئەفریقیا) کیشوەری ڕەش ئاماژەیە بۆ چەوساندنەوەو دواکەوتنی ژیاری.. سەرنج بدە ڕووبەر چۆن گەورە بووە لە دێ_وە بۆ دارستان بۆ سارا لە ئەفریقیا | (کلێپە و چڕنووکی چەند پڵنگێ) سزاکان گەورە بوونەتەوە هەم بە هەژماردن و گەلەکۆمە کردنی زۆردارەکان و گۆڕینی. ستراتیژیەتی هێرشکردنیش بە پێی شوێنەکە گۆڕاوە |
| (مریشکێکی نەخۆش) بچووك کردن و ئاسانکاری کردن نا بۆ ڕاوکردن کە پلەیەکی لە پێشتری دەستەمۆ کردنە، پڕۆژەیەکی فراوانترە بۆ کوشتن و سەربڕین. | (مەنهۆل) داپۆشین و شاردنەوە شتەکان و چەواشەکردنی شتەکان | (چەقۆی بە ملمدا هێنا لەبەرچاوی بێچووەکانمدا) دەتوانین بیکەینە هێمایەك بۆ پرۆسەی کوشتنێکی بێ ئینساف |
| (قالۆنچە) بێبەها و بێنرخ کردن و سڕینەوەیە بە هەموو مانایەك. | (کون) ئاماژیە بە گرتەیەکی سێکسی بە ترزێکی ناشیرین و بێزاندن و بێنرخکردن و ئەتەککردنی سێکسە و بێحورمەت کردنی ماڵە بۆ کون. | (پێڵاوێکی زل شێلامی) بەکارنەهێنانی کەرەستە بۆ مەبەستی خۆی و گۆڕینی بۆ ئامرازی کوشتن. |
| (مشکێکی ئاوس) ترۆپکی نامۆبوون دارووخانی بەهاکانی مرۆڤە، قۆرخ | | (فرکە نەعلێك |

| | | |
|---|---|---|
| کردنـــی مرۆڤـــە بـــۆ پرۆژەیـــەکی سێکـــسی و کـــورت کردنـــــەوەی بەرتەماییەکانی مانـەوەی تـەنیا لـە بۆتـەی زاوزێ و بەس. | | فلیقاندمییـــەوە) کـــە مرۆڤ ببێ بە کارگەیەك و ئامرازێـــــك بـــــۆ ئەنجامـــدانی ســێکس و وەچــە نانــەوە و هــیچ بەهایـــەکی نـــەمێنێ، مردنەکەشـی بـەهاو رێـز دەدۆرێـــنێ خەســـڵەتی فلیقاندنـــەوە بەدەســـت دەهێنێ. |

ڕسـتەی (بەرچـاوم تـاریکتر داهـات، تـاریکتر) ناوبڕێکـە بـۆ گواسـتنەوە لـە شکـستییەکەوە بـۆ شکـستییەکی گـەورەتر تەنانـەت گیانلەبـەرە هـەرە بچووکەکانیش دەگرێتەوە وەك (مریشك، مشك، قالۆنچە).

له کونجی گۆڕەوە ئەڕوانم
شۆڕەی میزی جەنراڵێکی شەڕی ناوخۆی.. تریقەی سۆزانییەك
نووزەی سەگێکی پێکراو
له کونجی گۆڕەوە ئەڕوانم:
ئەم ڕێیە، ئەچێتەوە سەر شاری کاوبۆیان
پشتی ئەو چیایە: کامپی شۆڕە سوارانی سەدەکانی ناوەڕاستە

کۆتاییی ئەم تونێلە، چەتەکانی دەریا بە گوریس بە گوریس هەڵئەکوتنە سەر کەشتییەکی دی

لە کونجی گۆڕەوە ئەڕوانم:

پیرەمێردێکی نوورانی لە ئاسمانەوە ئەڕوانێتە شەڕی ڕەنگەکان[16].

گوزارشتکردن لە ماناکانی ژیان و لێکدانەوەی هۆیەکانی مانەوەو ڕاڤەکردنیان مەرج نییە لە خودی خۆشگوزەرانی و بێ ئاگایی و بە سادە سەیرکردنی هۆکارەکانییەوە پەیوەست بکرێ، چونکە هەمیشە هۆیەك هەیە بۆ مانەوە و بەرگری کردن، ئومێدێك هەیە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، پێوانەیەك هەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، بێگومان چۆن خودی پرسیار بوونیادێکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، کە سەقامگیریی وەڵام بە دوای خۆیدا دەهێنێ، ئاواش ڕۆح بونیادێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی هزرو بۆ پڕ کردنەوەی ویست و بۆشاییەکانی جەستە، بەڵام لەگەڵ مەرجی جیاوازییەکدا کە جەستە سنووردار و داخراوە پێچەوانەی ڕۆحە، کە هەمیشە لە تازە بوونەوەی خۆیدا بەردەوامە و بەدوای وەڵامە ڕاستەقینەکاندا وێڵە و هەوڵ دەدات بگات بە هەقیقەت، لەسەر بنەمای ڕووداوەکانی ڕابردوو دەتوانێ لە ئێستادا پێشبینی لە ئاین بکات..

کاتێ جەستە ملکەچی شکۆمەندی بەهاکانی ڕۆح دەبێ ئیتر ئەو ناوەندە بزر دەکات، کە دەبێتە لەمپەرێك یاخود سەنتەرێك بۆ سەرکوت کردنی پرسیارە نەمرەکانی ڕۆح و تێڕوانینەکانی هزر لەمەڕ هەنووکە و ئایندەدا، قوتار بوون لە گرێی جەستە ڕزگاربوونە لە ماکی ترس و خۆ پاراستنە لە تەلەزگەی ڕۆح و لە بێ هوودەیی ژیانی بێمانا، چونکە جەستە خۆی لە خۆیدا گۆڕە و ڕۆح تێیدا بەندە (جەستە گۆڕستانی ڕۆحە، ڕزگار بوون لەنێو مردندایە )[19].

بــاوەڕ هێنــان بــەم لۆژیکــە باوەڕهێنانــە بــە هەقیقــەتێکی ڕەهــا و فەرامۆشـکردنی مردنـە و جۆرێکـە لـە ئیمانـداری و پاراسـتنی شـکۆمەندی ڕۆحە، ئـەوەی شاعیر و پیرەمێردێکی نـورانی (ڕۆحـی) پێکـەوە گـرێ دەدات، سەر و بنی مەبەستەکە کلۆم دەدات، دەتـوانین لـە چەند خاڵێکدا ڕەچاویان بکـەین، بـەکارهێنانی ئاوڵنـاوی پیرەمێـرد زیـاتر خەسـڵەتێکی نـورانی دەبەخـشێت، بەمـەش مانایـەك بـە دەسـتەوە دەدات وەرگـر دەتـوانێ خوێندنـەوەی ڕابردوویـەکی پـاك و بێگـەردی بـۆ بکـات، وەك دانایـەك و ئەزموونداریك و شایەدحاڵی قۆناغێکی مێـژوویی خـاوەن دیـدە و بۆچـوون و لـە ڕوانگەیـەکی پـیرۆزەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا بکـات بـەوەی، کـە زاهیـدە و بوونەوەرێکی ڕۆحی و ئاسمانییە، لە ڕاستگۆیی پـتر بەرژەوەندییـەکی دنیـایی تر بوونی نییە، بۆیە شاعیر لەگەڵ ڕۆحی خۆیدا ئاوێتەی دەکـات تـا ڕێـچکەی ڕووداوەکـانی پـێ پـشت ڕاسـت بکـات و دەروازەی هەقیقەتـەکان والا بکـات، پیرەمێـرد دەبێتـە شـاهیدو لـە ڕەهەنـدێکی بـەرفراوانی بـێ سنوور و ڕەهـای وەك ئاسمانەوە دەڕوانێتـە سـەر زەوی و سـەرنجە تیـژەکانی دەخاتـە سـەریان، ڕەش لە سپی، ئێستا لە ڕابردوو، شەڕ لە ئاشتی جیا دەکاتـەوە و بـەم پێیـەش شـەڕی براکـوژی لـە نیـشتیماندا ڕیـسوا دەکـات، ڕۆحـی شـاعیریش لـە کـونی گـۆڕەوە لەسـەر جەسـتەی زەوییـەوە بـە ویژدانـەوە قـسە لەمـەڕ بەسـەرهاتی شـەڕە ڕەنگـی حزبـەکان دەکـات و شـەڕی نـاوخۆ مـەحکوم دەکـات، کـە لـە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا ڕوویانداوە، گەر بـە دیـوێکی دیکـەدا سـەرنج بدەین دەبینین ئەوەی لێرەدا دێتە لێدوان و قسەکردن گیـانی نامۆبوونەکـەی شاعیرە، جارێکی دیکـە بـە شـێوازێکی دیکـە لـە قـالبێکی نوێدا گوزارشـت لـە خۆی دەکات بە پەراوێزکردنی داواکانی منی بگۆ خۆی لە جەسـتە و غـەریزە دادەبڕێ، تـەنیا وەك ڕۆح مامەڵـە لەگـەڵ داکەوتەکانـدا دەکـات، پیرەمێـرد لـە

ئاسمان و ڕۆحی شاعیر لەسەر زەوی هەردووکیان بە جووتە زاهیدن و بە دوای هەقیقەتدا ویڵن، یاخود وەك خاوەن ئەزموونێك خۆی دەسازێنێ و بێ پەردەپۆشی و چاونوقاندن کرۆکی هەموو شتەکان بە دەستەوە دەدات، بەمەش دەلاقەی پاکانە و بێ گوناهی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات بەوەی، کە ئەمی مرۆڤ بەشێك نییە و نەبووە لە دروستکردن و خولقاندنی تان و پۆی ئەو دۆخە قێزەونەی، کە بۆتە هۆی ئەوەی ڕۆح لێرە دابێ و بە تاوگێرییەوە سۆسەی نیشتیمان بکات و بە ناچاری تاراوگەش بکاتە گۆڕێك و لە دوورەوە ڕا لەنێو ئاه و حسرەتەکانی ئەزموونەدا یادەوەرییەکانی نیشتیمان بیسووتێنێ...

لەم ڕوانگەیەشەوە ئەمی شاعیر دەبێ بە دوو جۆر هەستی نامۆبوونەکەی ڕتووش بکات و بەربەستەکانی قەدبڕ بکات.

یەکەم: هەستی نامۆبوونی ڕۆحی و ماناگەرایی.

دووهەم: هەستی نامۆبوونی شوێنگەرایی.

بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین هەستی نامۆبوونی خودگەرایی و هەستی نامۆبوونی بابەتگەرایی (نیشتیمان)، ئەمە جگە لە فەراهەم بوونی هاوسەنگییەك بە مەرجی دوو تای پێوەرەکانی ئاسمان و ڕێسمان پارسەنگ بکات بە بەکارهێنان و تەیارکردنی گەواهی پیرەمێردێکی نورانی، کە دەکرێ هێمایەك بێ بۆ پیرەمێردێ، یان بە تەلیسمی هێزێکی بەدەر لە ئاوەز، بۆ پشتگیری کردن لە واتاو قسەکانی شاعیرو داپاچینی هەر پاساوێك بۆ ئەنجامدانی شەڕی ناوخۆ و ڕیسوا کردنی پێدراوەکانی وەك ئەوەی کە هەیە, بۆ نموونە کاتێ هەڵدەستێ بە گەمەی ڕوونکردنەوەی هاوکێشەکان و لێکدانەوەیەکی ئەکتیڤیان بۆ ئەنجام دەدات، بێ ڕتووش دایاندەشۆرێت و دوو وێنەی ناشیرین و دزێو لە ئەرشیفی یادەوەرییەکانیدا بەرجەستە

دەكات، سەرنجە تیژەكانی دەخاتە سەر جەنەڕاڵێكی شەڕی ناوخۆ، كە چۆن بە جۆرێكی قێزەون لەگەڵ دەسەڵاتدا گرێبەند و هاوپەیمانە و تەواوكەری یەكترن، جەنەڕاڵ.. نوێنەری دەسەڵاتە لەژێر فشاردایە، فشار زۆری بۆ هێناوە خۆی بۆ ناگیرێ ڕووە ڕاستەقینەكەی دەردەكەوێت، خۆی بەتاڵ دەكات، دیارە بە پێوەیە، بۆیە شۆڕەی دێ، دەنگ لێوە هاتنی میز بەو جۆرە و بە پێوە ئەوپەڕی بێ ڕێزی و ناشیرین كردنی سروشت و ڕێگەیەكی سەرەتایی و ناشارستانییە، ئەم بە ناشیرین كردنە هەموو دەسكەوتە جوانەكانی سروشت بە تاڵ دەكات، كە ئەم بەو شێوەیە خۆی بەتاڵ دەكات ئەوی تریش وەك سۆزانییەك بە پێوەری گڵۆپە سوورەكان ڕەحەت دەبێ و دەتریقێتەوە، گەمارۆدانی هەست و نەست، بەلەزەت كردن و گەورەكردنی ڕووەكانی غەریزە و چەواشەكردنی هزری ئینسانی بەم ستایلە و ڕۆچوونی كار بەم ئاقار و ڕەوشە یاری كردنە بە چارەنووسی خەڵكی و چینێكی شلۆق و نامۆ و بزاوتێكی بێ ئامانج بەرهەم دەهێنێ، كە ئاكام گوێبیستیان دەبین و سەگ ئاسا لە نووزەیەك بەو لاوە هیچی تریان لێ نابیستین، ئایا لێرەوە تراژیدیا نابێتە دەستپێكی نەهامەتییەكانی ئینسان و چەمكی تێڕوانین لای شاعیر فراوان ناكات، فەزای هۆنراوەكەی لە گشت دەركەوت و قۆناغەكاندا بە مۆركێكی ڕەش بارگاوی ناكات، چەمكەكان یەكن بە گوێرەی سەردەم و شوێن و تەنها ناوەكان گۆڕاون، لێرە شاری كاوبۆیانە، لە پشتی چیا شۆڕە سوارانی سەدەكانی ناوڕاستن، لە دەریاش چەتەكانی دەریان، چەمك یەك چەمكە، ئەویش چەمكی هێزی عەسكەرتارییەتە، كە هەموو بوار و لایەكانی گرتووەتەوە.

## حەفتاكان لە ترسی خاڵەكانی پشكنین

لەناو پێڵاوەکانما ئەشارمەوە و ڕێی ئەفسانەو

قەدیسە کۆنەکان ئەگرمە بەر:

هێڵی ئاسنینی بێکۆتایی،

تونێڵە تاریکەکانی یۆنان کۆڵ بە پشت و کیسە خەو و پێڵاوی

سێ حەرفەکە، فیقەی شەمەندەفەری سەدەی بیست:

کالیمێرا ئەسینا:

ئەچمە سەر گۆڕستانی خواوەندە دێرینەکان،

لە پاڵ دینگەکانی ئەکرۆپۆڵس دا،

لەگەڵ پەیکەر فەیلەسووفەکان سەمای زۆربایانە ئەکەین

شەوان خۆم بە بارێکی هەرزان یاخۆ ماڵێکی گڵۆپ سووردا ئەکەم،

لە پارکێکی سارد و سڕدا کارتۆنێ مقەبا بە خۆما ئەدەم.

ئەم ئەسینایە

نە چاخانەی مەچکۆی لێیە

نە گەڕەلاوژەکەی شێخەلا [18].

شاعیر ڕەهەندەکانی زەمەن دەستەمۆ دەکات لە هەناسەیەکی قووڵتردا خەستیان دەکاتەوە، جەستەی هۆنراوەکەی بە دوو زەمەنی جیاواز بارگاوی دەکات و هێز و توانای مانەوە فەراهەم دەکات، زەمەنی یادەوەرییەکانی نیشتیمان لە ساڵەکانی حەفتای سەدەی ڕابردوو بە سەدەکانی ڕابردووەوە تێهەڵکێش دەکات، هەوڵی هاوشێوە بوونێك دەدات، تەرزەکانی چەوساندنەوەی مرۆ بە درێژایی مێژوو ئاشکرا دەکات، لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا لە خاڵە دروست کراوەکانی گرتن و سەرنگوم کردندا چۆن تەکنیکی شاردنەوەی ئامرازەکانی مانەوە و بەردەوام بوون گرێ دەدات بە ڕەوتێکی مێژووییەوە، کاتێ دۆگمای ڕاستییەکان خود ڕەنگ ڕێژ دەکەن،

خـود لـە خاوەنەکـەی جیـا دەبێتـەوە و نامۆبوونەکـەی فەراهـەم دەکـات، بـۆ ڕزگـارکردنی خـۆی لـەو قەیرانـە ناچـار دەبـێ، وەك پەرچـەکردارێك هاوسەنگییەك ئامادە بکات، لەنێوان داکەوتەی خاڵی پشکنین کە باڵا دەستە و ئـەم بندەسـتە، ئـەوان دەسـەلاتن... ئـەم بەرانبـەریان پێڵاوەکـانی دەکاتـە سـەنگی مەحـەك، بـۆ شـکاندنی ڕێساکانیان ڕێگـە دێرینەکـەی ئەفـسانە و قەدیسە کۆنەکان دەکاتە ئەڵتەرناتیف بۆ ئێستای ئامادە، بە هەمان شێوە بـە گەمەی شاردنەوە بوێریی دەبێتە ئەڵتەرناتیفی ترس، ترس لـە شکستە یـەك لـە دوایەکـەکانی، و درك کـردن بـە نەخوێندنـەوەی شووناسـی کـورد و تـاکی کورد گەر لە دیدەیەکی ئەنترپۆلۆگییـەوە سـەیر بکـەین دەبینـین هـەر هێـزی ترسە وەك پێداویستییەکی هیراریشیە بـۆ پڕکردنـەوەی نادیـار و نـەزانراو، تێرمـی ئەفـسانە و قەدیـسە کۆنـەکانی بەرهـەم هێنـاوە، ئەمـەش دەمانگەیەنێتە خاڵێکی سەرەکی لە زانستی ئەفسانە، کە (بـە پێـی هەنـدێ لـە توێژەران لە دێر زەمانێکی دووردا مێژوو نەبووە بـە نووسـین ڕووداوەکـانیش بە سەرزارەکی لەناو نەوەکاندا گوێزراونەتەوە بـە هۆگـەلی جیـاواز و ئـاڵۆزوە نەتوانراوە هەواڵەکان ڕاستەوخۆ بگوێزێتـەوە، بۆیـە پـەنایان بردووەتـە بـەر سیمبول و نواندن)[19].

بـەم پێیـەش بـەلای کەمـەوە یـەکێك لـە مەبەسـتەکانی شـاعیر ئاشـکرا دەبـێ، پـێش ئاگـایی دەکـەوێت و بـە نەلکانـدنی ڕووداوەکـان بـە مێـژووی نەتەوایـەتیمان دیـاری دەکـات، یـان بـە دابڕانـی تـاکی کـورد لـە مێـژوو لـە سـۆنگەی نەنووسـینەوە و بـە دۆکیمێنـت نـەکردنی مێـژوو لەبـەر هۆکـاری جیاواز و ئاڵۆز، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە چ لەسەر تـاکی کـورد، چ لـە دیـد و بۆچـوونی شـاعیردا، درك کـردن بـەم نەهامەتییـەی، کـە درێـژەی هەیە و دەبێتە بەشێك لـە ناسـنامە و شـووناس و بـە ڕادەیـەك فـشار دەخاتـە

سەر کەسایەتییەکەی تا لە تاراوگەشدا ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە و بڕانەوەی نییە، خەسڵەتی تاریکی هەیە، بەکارهێنانی هێڵی ئاسنیین دەکرێ ئامرازێك بێ بۆ دەربازبوون، ڕێگایەك بێ بۆ پێداچوون و ڕۆچوون و ڕام کردنی ڕێگەکانی چارەسەرکردنی قەیرانی تاك مانایی و بوون و دەرچوون بێ لە گۆشەگیری، شکاندنی دووره پەرێزییە بە هەموو ڕێساکانییەوە، جێکەوتی داپچڕانێك بێ لە ئەفسانە و خەیاڵ، کوژانەوەیە، دوورخستنەوەی یوتوبیایە، ئاشکراکردنی نادیارە کە شاعیر بە بڕینی تونێلە تاریکەکان وێنای دەکات، جا با شوێن لە یۆنانیش بێ گرنگ نییە، بە نامۆ بوونی شاعیر شوێن کاڵ بۆتەوە و ناتوانێ بەرهەڵستی گۆڕانکارییەکانی ناو خودی بکات لە ئاست هەستی تەنیایی و نیگەرانی بەرابەر بە ڕوانگەکانی کرانەوە، کاتێ پابەند دەبێ بە فرە بۆچوون و فرە ڕەهەند گەر وێناکردنی تونێل کۆتایی دالەیەك بێ، وریابوونەوە و تێپەڕکردنی ماکی نامۆبوونەکەی، هەرەسهێنانی نەهامەتییەکەی لە ئەوروپا و یۆنان دا، ئەوا مەدلوولەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە ستایلێکی دیکە دادەڕێژێ و ڕووخسار و سیمای لە کەسایەتییەکەیدا بە (پشت کوڵ و کیس و خەو و پێڵاوی هەر سێ حەرفەکە) شووناس دەکرێن، دەشێ مەبەست لە پێڵاوی سێ حەرفەکە ئەو پێڵاوە شاخاوییە بێ، کە لە کوردستانی باکوردا بەناوبانگە و گەریلاکانی پەکەکە بەکاری دەهێنن، هەروەها زۆربەی کات بەکاردێت لەلایەن ئەو کوردانەی، کە بە ڕێگەی قاچاخەوە لە تورکیاوە دەچنە ناو خاکی یونان، یان دەشێ مەبەست و دروشمێکی سیاسی بە دواوە بێ هەرکامیان بێ لێرەوە لە قاڵبێکی شیرزەدا، لە وەستانێکدا، کە سیمبولە لەسەر ئاستی هۆشهاتنەوە بۆ بەرجەستەکردنی گوتەزای (ئیدی بەسە)، کە لە فیکەی شەمەندەفەرەکەدا خۆی دەنوێنێ زەنگی کرانەوە بە دیوێکی جیاوازدا دێتە بیستن، بە مانای

گەیشتن و سەلماندن و دۆزینەوەی بنەڕەتی چییەتی بوون بەوەی چیدی پێداویستەکانی دۆزی مرۆ بە دروشم و ئەفسانە چارەسەر ناکرێت، ئەمەش پێشهاتەکانی سەدەی بیستە و ڕەمۆکی بەردەوامە لە گۆڕانکارییەکانی هزر و بزاوتی ڕەوتەکانی ئینسان لەسەر بنەمایەکی زانستی کۆدیتایەکە و موژدەیەکی خۆشە بۆ ڕەوینەوەی تاریکی و دەرچوونە لە تونێلەکانی ئەفسانە، کاتێ شاعیر بە ئاشکرا و بە ڕاشکاوانە گوزارشتی لێدەکات کاتێ بە سادەیی و بە ناسکییەوە دەڵێت:" بەیانیت باش (ئەسینا)ی پایتەختی دنیای ژیاری"، لێرەوە دەتوانین خوێندنەوە بۆ زمانی سێهەمی بکەین، کە گوتاری هۆنراوەکە دەشکێنێ لە قاوغی نامۆبوونەکەیدا سەر دەردەهێنێ، پێگەیەکی نوێ پەراکتیزە دەکات لە خاڵی وەرچەرخاندا مۆڵەق دەبێ، هێز بە بوونیادی هۆنراوەکە دەبەخشێ، باهۆزێکە ئاسۆی هێمنی دەق دەخاتە لەرز، کۆدیتای ناوەوەیە لەسەر دەرەوەدا، پشت ڕاستکردنەوەی یوتوبیایە، باوەڕهێنانە بە مامەڵە کردنە لەگەڵ ژیاندا بە شێوازێکی پراکتیکی، پەرچڤەکردنی ئەو هەستانەیە بۆ کردار، کرانەوەیە بە ڕووی ژیاندا، گیانی مانەوە و هێزی زیندووبوونەوە دەخاتە بەر پەیکەری فەیلەسووفەکان، وەك کارەکتەرێکی ئەکتیڤ و زیندوو سەیریان دەکات و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، بەوەی کە هزری فەلسەفی نەمرە و تەنیا ڕاستی بەرهەم دێنێ، (زۆربا) ئاسا بە زمانێکی نا نەتەوایەتی بە جەستە و ئاماژە بە زمانی سەما دەتوانێ پەیامەکەی بگەیەنێ و لەیەك بگەن، یەکتر بخوێننەوە، ماناکانی گریان و پێکەنین و تووڕەبوون بگۆڕنە سەر زمانێکی دی، گوزارشت لە سەرجەم هەستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ بکەن، بە جووڵە و سەما هەموو سنوورەکان بسڕنەوە و هەموو زمانە جیاوازەکانی دنیا لە یەك نزیك بکەنەوە، زمانێك فەراهەم بکەن، کە کۆی هەموو زمانەکان بێ، ئەویش

زمانێکە، کە زۆربا بە هۆیەوە دەتوانێ هەستەکانی وەرگێڕێتە سەر جووڵە و سەما، زمانێکە ئەوەندە لەگەڵ ویست و ئارەزووکانیدا کۆك و تەبان، کە هیچ ڕێگرێك ئاکاری حەزە غەریزەکانی گل ناداتەوە، خاکییە هیچ حەشار نادات، تەنیا پاساویش بۆ ئەم بارە دەروونییە قوتاربوونە لەو تەنگژە ئەنتەلۆگییەی، کە بەرهەمی ئەوینێکی تاری دوورە دەستە و لەسەردەمی گەنجێتییەوە چەپێنراوە لە ناخیدا پەپکەی گرتووە، ئێستا وەك پەرچەکردارێك بە هەمان تینی عەشقەوە سزای خۆی دەدات و تۆڵەی ئەو نەبوونە و محرومیە دەکاتەوە، هەرچۆنێ بێ بە هەر نرخێك بێ دەیەوێت تەوژمی ئەو ئەوینە سەرشێتەی کەنارەکانی دڵی هێمن بکاتەوە، پاش بگرە و بردەیەکی زۆر و کێشمە کێشی دەروونی دەکەوێتە نێو تۆڕی داوەکانی جەستەوە، لەگەڵ ڕۆح و دڵیدا ناپاکی دەکات و لە سۆنگەی ئەوەی هەمیشە لە دادگای ئەویندا بێ داکۆکی کردن وەك تاوانبارێك خۆی هەژمارده دەکات، حیرسێکی مات بوون قۆرخی دەکات و بە بێدەنگی لە هەناویدا دەتەقێتەوە و بە ساردییەکەوە دەخزێت و داوێنپیسی ئەنجام دەدات، تا وا هەست بکات چیدی شایستەی ئەو ئەوینە پاکە نەبووە و نابێ، کە لە تاقی لاویدا بۆ یەکەم جار هەستی جیاواز و ڕەگەکانی نامۆبوونی تێدا چاند، هەروەك فلۆربنتینۆ ئەریتا پاڵەوانی ڕۆمانە نەمرەکەی گابریێل گاریسیا مارکیز (خۆشەویستی لە زەمەنی کولێرە )[20]، کە بەردەوام ڕاناندەکات بۆ هەڵاتن و خۆدزینەوە لە سزای دۆزەخی ئەو ئەوینە و دەیەوێت خۆی لەبیر بکات، بە مەی کاس و مەست دەبێ و لە ئامێزی سۆزانییە بێ دڵەکاندا چاوی بێ ئۆقرەیی دەنوقێنێ و شەو دەکاتەوە، وەلێ پەڕینەوە بۆ شوێنگای ئەو هەموو سۆزانییە و زامی گلۆپە سوورەکان لەزەتی گیانەلا بوونی خەونە

دێرینەکەی بەیەکگەیشتن بەسە بۆ ئەوەی گیانی یەکەم ئەوین، یەکەم هەستکردن بە ڕەگەزەکەی تر بە مانا ئینسانییەکەی کاڵ بکاتەوە؟

ئەم پرسیارە بە کراوەیی بۆ شاعیر بەجێدەهێڵین، لە دواجاردا دەبینین خۆی چۆن پێی لێدەنێت و بە چ جۆرێك گوزارشتی لێ دەکات.. ڕۆچوون و هەڵوەشاندنەوەی دینامیکی پەیوەندییە مرۆییەکانی هەردوو ڕەگەز تا ئەو ئاستەی سێکس پەرۆشی و جوانی لەدەست دەدات، ئیدی ئەو کارە چ تین و گەرمییەکی تێدا نامێنێ، ئەو ئامرازە باوانەی، کە نێرو مێ لە جێگەی نوستندا کۆ دەکاتەوە بایەخ و ماناکانی دەدۆڕێنێ و ڕەنگدانەوەی بێنرخ و سووك کردن بە سەریدا زاڵ دەبێ، بۆیە لەبری بەتانی و لێفە وەك تۆڵە و سووك کردنی خۆی کارتۆن و مەقەبا بەکاردەهێنێ و بە خۆیدا دەدات، لەنێو ئەم دووڕیانەدا، لەم زیندەخەوەدا جارێکی دی شاعیر وریا دەبێتەوە لە گلۆپە سوورەکانی ئەسینای پایتەختەوە و ئاوات دەخوازێ بێتەوە کوردستان و مۆڵگەی ئەوینی دێرین بێتەوە بۆ بنەما، بۆ ڕەگ و ڕیشە، لەبری دینگەکانی ئەکرۆپولیس و پەیکەری فەیلەسووفەکان بچێتە چایخانەکەی مچکۆ، کە زیاتر شوێن و دیدگای ڕۆشنبیرانە، چایخانەکەی مچکۆی پێ باشترە لە دینگەکانی ئەکرۆپولیس، یان حەز دەکات بچێتە بازاڕی شێخەڵلاّ، شوێنی ون بوونی دەنگەکان، کە بازاڕێکی میللی هەمە ڕەنگ و هەمە دەنگە، لەنێو ئەو هەرا و زەناو دەنگە دەنگە جارێکی دی شاعیر لە مۆڵگە و نیشتیمانی خۆیدا هەوڵی خۆ دۆزینەوەی وا بەباشتر دەزانێ، وەك ژیان بەسەربردن و ون بوون لە ئەوروپا و لە یۆنان، ئەمەش پارادۆکسێکە لە هەڵوێستی شاعیر لە گواستنەوەی چەمکی ون بوونەوە بۆ خۆ دۆزینەوە لە چەمکی ڕۆمانسی ڕۆژانی ڕابردوودا.

(کەسێك لەبەر دیدەی چاوەکانتدا ون دەبێ... گێتی لە چواردەورتدا لێدەکەوێت)[21].

ئەگەرێمەوە حەفتاکان،
لە بەردەم ئامادەییدا، لاوێکی ڕەشتاڵە و کچە هاوڕێکەی،
بۆرد و حەرف تییەکەیان
بە سینگەوە نووساندووە و چاوەڕێی پاس ئەکەن،
لێیان نزیك ئەبمەوە و دەمەتەقێ
ڕۆمانسییەکەیان لێ ئەبڕم
ئەمناسیتەوە؟[22].

کرانەوەی هەستی جوانی دڵداری شتگەلێك نییە بە ئاسانی لە نەستی شاعیردا کاڵ ببنەوە، ڕەهەندەکانی ئەو پەیوەندییە ئینسانییە بەتین و وردە کارییەکانیەوە ئامادەبوونێکی زیندووی هەیە بە ئەندێشە و خەیاڵی تازەوە، هەمیشە لەگەڵ ڕەوتە جیاوەزەکانی زەمەندا لە نوێبوونەوەدان، کاتێ خودی شاعیر لە جەستە جیا دەبێتەوە، لە ئەندێشە و زیندەخەونەکانیدا خود بەرجەستەی کەسایەتی شاعیر دەبێت و وێنای درامی خۆی لەناو تراژیدیای ئەو پەیوەندییەدا دەکێشێت، چەند بە ناسکی و شاعیرانە مامەڵەی لە تەکدا دەکات، ساتێ دەبینێت چۆن خود لەنێو پرۆسەی دڵدارییدا هەست بە نامۆبوونی خاوەنەکەی دەکات، وەك ئەوەی کەسێکی دیکە بێ، تێڕامان لە وێنەگرتنی تاسە و حەزی لاوێکی ڕەشتاڵە کە شاعیر خۆیەتی، لەگەڵ دولبەرەکەیدا، گەواهی خود جێکەوتی یەکەم کەوتنی شاعیرە لە بوونیادی یەکەم ژووانی دڵداریدا، سەرەتای ئاوێتەکردنی ڕەنگەکانی نامۆبوونە لەتەك درك کردن بە تام و کام و بۆن و بەرامی ڕەگەزەکەی تر، بڕوا ناکات

ساتەکانی چاوەڕوانی و بارستایی زەمەن چۆن خود لە خۆی جیادەکاتەوە، پیرۆزکردنی ساتەکانی ڕۆمانسیەت و ڕاڤە کردنیان چۆن ڕەهەندی ئەو هەستە قووڵانەی نەست بە لە یەك نزیکبوونەوە و بە چەند وشەیەکی کەم و لەیەك پچڕاو تێکدەشکێت، دەستەواژەی (دەمناسیتەوە) ئاماژەیە بۆ شکاندنی ڕەگەزی نێرینە بەو هەستە خەفەکراوەی ڕەگەزی مێینە، کە لە ئەویندا بەرجەستە بووە، لە هەمان کاتدا بە سەرسامییەوە پرسیارێك بەجێدەهێڵێ، بۆ کرانەوە لە تەنگژییەکان و خۆدۆزینەوە یارمەتی لە بەرامبەر دەوێت تا تێزی ئەو دیالۆگە ئەنجامبدا، کە نەهاتە بەر و لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیدا هەروا مایەوە و یادەوەری پێداچوونەوەی تام و بۆی مەست بوونی لە ساڵانی هەنووکەدا ڕادەگەیەنێت، پەیوەندی شاعیر بە ئەوینەوە پتر پەیوەندییەکی بوونگەرایی تاکڕەوە و لە نەستیدا جێگیرە، دابڕاوە لە پیادەکردنی فاکتەرە زیندووەکانی، پەرچڤەکردنی ئەو نەست و هەستە و بە وشە گوزارشت لێکردن و بەیان بۆ لە دەستدان و بەتاڵکردنی خەم و ئازاری عەشقی عوزری، کە ئەمی شاعیر حەز لە پاراستنیان دەکات، بە مانایەکی دیکە حەزکردن لای ئەم حەزکردنێکی پاکیزەیە و پەرۆش و تینووە، کراوەیە و سارێژ نابێ، زەمەن نایسڕێتەوە، پەیوەندییەکی ئاسۆیی ڕەهایە، هەڵگری خەمێکی قووڵی خنکاوە لە ژێر فشاری ئەتمۆسفیری یادەوەری و ڕۆمانسیەتدایە، بنبەست بوونی حەسرەتەکانی گەنجێتی دێرین لە هەنووکەدا، هەست کردن بە تەنیایی لە غوربەتدا کەفیلە بە ئامادەبوون و جوانکردنی وێنای ئەو نەفی کردنەی، کە هەرگیز شاعیر نایەوێت کاڵبێتەوە، پێداچوونەوەی مەستییەك، حەوانەوەیەك دەبەخشێ، کە تاقێکی ژیانی شاعیر ئاشکرا دەکات، کە کاتێ لە کۆتایی حەفتاکاندا قوتابی بووە.

ئەگەرێمەوە حەفتاکان؛

لە چایخانەیەکی خوار قەلأدا دەنگی هابە

لە تۆپ قاپی، حیلەی ئەسپەکەی ئاشوور بانیپاڵ...

ئێوارەیەکی یەسینینی بوو،

چرووت بە دەستێ لە مارکیز ئەچوو،

لە بەردەم کتێبخانەی

ئاسۆدا وەستابوو، وتیان ئەوە شێرکۆ بێکەسە،

تەمێ ڕژایە ئەو ناوە، پەڕ و توکی فریشتە

بارییە سەر شان و ملمان(23).

دووپات کردنەوەی ساڵەکان دەرنەچوونە لە خولگەی ئەو بیرەوەرییانەی، کە بەشێکن لە پێکهاتەی کەسایەتی شاعیر، شکۆفەیەکە بۆ خوێندنەوەی ئێستای، تاسەیەکی پڕ حەسرەتە بۆ ڕۆژانی بەسەرچووی تاقی بێ گوناهی، کە هەوێنی خەمێکی ڕۆمانسی خەست دەگرێتەوە، خەمێکی هەرزەکارانەی شیرین لە ڕابردوودا، دەکرێ ڕیشەی ئەم خەمە بکەینە بەشێکی گشتی لە پێکهاتەی خەمی بنەڕەتی لە کەسایەتی کورد دا، بەم پێیە دەتوانین لە چەند ئاستێکی جیاوازەوە لە مەبەستی شاعیر بکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بۆ بکەین، لەبەر ئەوەی تۆبۆگرافیای کەرکوك پێدەشتە و تەختاییە دەبینین چۆن ڕۆحی مێژوو لەسەر جەستەی جوگرافیادا شوێن پێ جێدەهێڵێ و برینداری دەکات و تا ئێستا خوێنی لێدەتکێ و سارێژ نەبووەتەوە، چۆن هەستی نامۆبوون مووتوربە دەکرێ و دەسەپێنرێتە سەر ڕووە ڕاستەقینەکەی شاری کەرکوك، کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی شێواندنی دراوە، بۆ بڕینی پارچەیەك لە جەستەی جوگرافیا، چۆن چاوبەستی دەکرێ لە ڕۆحی مێژوو، لە ڕووی شوێنەوار و کەلەپوورەوە هەر لە حیلەی

ئەسپەکەی (ئاشور پانیپاڵ)ەوە هەوڵی گۆڕین و سڕینەوەی سیمای شارەکە، کە لە دەروازەی تۆپ قاپی قەڵاوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە چەند سەدەیەك حوکمی کرد و کاری ڕاستەوخۆی کردە سەر هزر و کەلچەری گشتی، دەرهاویشتەی ئەم بارودۆخەی شاری کەرکوك ئاوێتەی خەمێکی کوردی، کە دەنگێکی تورکمانی بەرهەم هێنا، کە لە لاوانەوە و مەقاماتی (هابە)ی[24] سترانبێژدا ڕەنگ دەداتەوە، پووکانەوەی کایەی مێژووی کەرکوك لەوەوە دەست پێدەکات، کاتێ شار لە بەرزی قەڵاوە، کە هۆرییەکانی باوباپیرانی کورد دایانمەزراندووە، دێتە خوارەوە و دەبێتە چایخانە.

سەرەتا قەلا شاربووە .. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا شار دەبێتە چایخانەیەکی پەرپووت، لە مێژووی تۆکمەوە بۆ جوگرافیای چایخانەی هەمەڕەنگ و هەمە دەنگی و فرە نەتەوەی بێ سەروبەرە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شاعیر نارەحەت دەکات و ماکی نامۆبوونەکەی قورستر دەکات تووشی شۆك و پەشێوی دەکات، تەنگژەی شاعیر ژیارییە و لە پێناویدا شەڕ دەکات، شەڕی کەلچەر و جەنگی کەلەپوور دەکات، داکۆکی لە دەنگی مانەوە دەکات، وەستاندنی لێشاوێکە لە شێواندن،ن کە دەیەوێت سیمای ڕەسەنی شارەکە بگۆڕێت، بە دەڤەری گەرمیانیشەوە، سەدای هاوارێکە بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێم، (هەروەك لە سەرەتای نووسینەکەماندا ئاماژەمان بۆ کردووە)، بۆ دەروونی خۆی، شاعیر هەر زوو پێشوەخت جڵەو بۆ یادوەرییەکانی خۆش دەکات تا بە هێمنی پەردە لەسەر ئومێدێك هەڵگرێ و تۆزێ داساکێت، کاتێ خەمێکی هەستیار دەڵەمەی خەونێك دەکاتە سیمبولی ئێوارەیەکی نامۆ، دەیەوێت خۆی لەنێویدا بەدی بکات، دابڕانی ناوی شاعیرێکی گەورەی ڕووسی وەك یەسینین بە ساتە وەختی ئێوارەیەکی

کەرکوکەوە ڕەهەندێکی ئینسانی زیندووی پێدەبەخشێ، هەروەها ئاماژەیەك دیاری دەکات بە خەسڵەتەکانی نامۆبوون و کایەکانی ونبوون، چونکە سێرگی یەسینین ناسراوە بەوەی (نامۆیە بە جیهان بە خێرایی وا کە بەبیری کەسدا ناچێت و دەچێتە قۆناغی ونبوون)[25]. کەرکوکێ تەنیا و ئێوارەیەکی یەسینینی بەرخوازی شاعیرێکی نامۆ لە ئێستای هەندران و لە ڕابردووی نیشتیمان، شاعیر گێڕانەوەی یادەوەری دەکاتە ڤیزای داهێنان چونکە (گێڕانەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی داهێنان و خوڵقاندنی مانا ناسانە)[26]. کات ساڵی حەفتاکانە... سەرەتای چاوکردنەوەی شاعیرە لە دونیای شیعردا، چەکەرەکردنی هەستەکانی گەنجێتییە، فراوانییە دنیای خەیاڵە بە ناودێرکردن و دیاریکردنی ئێوارە بە ناوی یەسینین ئەوە دەگەیەنێ، کە تا چ ڕادەیەك شاعیر سەرسامە و خودی خۆی لە نامۆبوون و ونبوونەکەی یەسینین دا دەدۆزێتەوە، چۆن کایەی نامۆبوونەکی خۆی دەگوازێتە دەرەوە و دەیلکێنێ بە ئێوارەیەکەوە، سکاڵای دەروونی ناشارێتەوە، هەوڵی خۆ دۆزینەوە دەدات. چۆن یەسینین سەرسام بووە بە (پۆشکین، لیرمنتۆڤ، بلۆك)، ئەمیش بە هەمان ڕادە سەرسامە بە (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر[27]. چۆن بۆ خۆ دۆزینەوە و هێزی مانەوە شێرکۆ دەکاتە ئەڵتەرناتیڤی یەسینین چۆن نایچوێنێ بە گابرێل مارکیز گاریسیا نووسەری (خۆشەویستی لە زەمەنی کولێرە) پتر پێی لێداگرین خاوەن کەسایەتی (فلۆر بنتینۆ ئەریپا)، کە پێشتر سەلماندمان، کە چۆن شاعیر خودی خۆی لەو کەسایەتییەدا بەدی دەکات، ئەگینا چی ناوی ڕۆماننووس دەهێنێتە ناو شاعیران، ناوهێنانی مارکیز هەروا گۆترە نییە، لێکدانەوەی فراوانتر دەسەپێنێتە سەر بۆچوونەکانمان.. ئەو پنت و پێگانە چین، کە دیدگای شاعیریان دروست کرد لە وێناکردن و لێکچواندنی شێرکۆ و مارکیز، وەلی

دێوانــە و ئــازاد ئەحمــەد (فلــۆر بنتینــۆ ئــەریتا)، نــالی و شــێرکۆ (مــارکیز)، نیگاکــانی (ئۆرهــان وەلــی) و ئێــوارەی (یەســینین)ی. چــی وایکــرد، کــە شــاعیر هەڵوەســتە بکــات و لــە هاوکێــشەیەکی وادا خــۆی ڕەچــاو بکــات، چــی ئەمانــە بەیەکـــەوە کۆدەکاتـــەوە، دەرهاویـــشتەی چ خـــاڵێکی هاوبـــەش لای شـــاعیر دەخوڵقێنێ؟

ئازاد ئەحمەد بە نەهێنی و بە هاوکێشەیەکی شاراوە لە ڕێگـەی ئـەم ناوانـەوە لەگەڵ گوتاری هۆنراوەکەدا گەمەی خۆی دەکات و ژێـر بـەژێر هێـزی مانـەوە فەراهەم دەکات و لە دۆزینەوی خودیشدا سازش ناکات، بـۆ ئەنجامـدانی ئـەم کردەیـەش زیرەکانـە توانیوەیـەتی سـەرەتای هۆنراوەکـە پەیوەسـت بکـات بـە کۆتایی هۆنراوەکەوە و قفڵی بکـات، ئـەویش بـە پـۆلێن کـردن و گواستنەوەی پاژەکانی هزر و گەورە کردنی دیدەی بەهاکان و قـۆرخکردنی نامۆبوونەکـەی لـە ڕەهەنـد و مەبەسـتێکی پیرۆزدا، ئـەویش چـەمکی مانەوەیـە بەرابـەر بـە چەمکی گواسـتنەوە، پێـشتر گوتمـان کـە چـۆن شـاعیر خـودی خـۆی لـە (فلـۆر بنتینـۆ ئـەریتا)دا دەدۆزێتـەوە لـە هەسـتیدا لێکـچواندنێ فەراهـەم دەکـات، هـەوێنی ئـەو هەسـتکردنە چـۆن لـە نەسـتی شـاعیردا ماوتـەوە و دواجـاریش دەبێتە داینەمۆ لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەیدا، کـە لەسـەر بنـەمای نـامۆبوون و عەشقەکەی بەندە، بەم پێیەش لـە ئێـستادا مـارکیز (فلـۆر بنتینـۆ ئـەریتا) هەڵدەبــژێرێت، وەلــێ ئـــەو عەشـــقەی (فلـــۆر بنتینـــۆ ئـــەریتا) لـــە ڕووی نامۆبوونەکەیەوە ئەڵتەرناتیڤی عەشقەکەی وەلی دێوانە نییـە لـە ڕابـردوودا، کـە لـە سـەرەتای هۆنراوەکـەدا ئامـاژەی بـۆ کـردووە، کەواتـە وەلـی دێوانـە سەرەتایە و (فلۆر بنتینۆ ئەریتا) ئەنجامە، بۆیە ڕێکەوت نییە گەر لـە هـزری هەناوەکی شاعیردا پێگەیـەکی نـەبێ بـۆ بـەراورد نالێـت مـارکیز لـە (شـێرکۆ) دەچـێت، ئـەی ئـەوە "ئـازاد ئەحمـەد" نـەبوو، کـە خـۆی لـە (فلـۆر بنتینـۆ

ئەریتا) مارکیزدا بینی، هەر هێزی ئەو سیحرە نەبوو کە ناوی مارکیزی هێناو چوواندی بە شێرکۆ، ئەی ئەوە خۆی نییە لە دەرگای مارکیزەوە دەچێت لە پشتی شێرکۆوە دەوەستێت، لێرەوە بۆ ئێمە دژوار نییە ئەوە ئاشکرا بکەین کە (شێرکۆ)یش ئەڵتەرناتیفی (نالی)یە بەوەی هەردووکیان لە ڕووی نەتەوایەتییەوە هەڵوێستی دیاریان هەیە یەك لە ئێستای کوردستاندا ئەوی تریش لە ئیمارەتی بابان، بۆ پێداگرتنێکی زیاتر لە ڕوونکردنەوەی مەبەست لە گوتاری هۆنراوەکە، دەکرێ بڵێین شاعیر بۆ بەدەستهێنانی چەمکی مانەوە کردەی گواستنەوە بەکاردەهێنێ، هەر لە سەرەتای هۆنراوەکەوە کاتێ دڵدارییەکەی وەلی دێوانە دەکاتە نموونە و لە خودی خۆیدا بەرجەستەی دەکات، بەوەی باس لە ئەگەری ئەوە دەکات، گەر کەسێك لەپێناو نسکۆی ئەوینی ئافرەتێکدا نیشتیمان جێبهێڵێ، ئەوا نەك نیشتیمان، بەڵکو ئاسەوار و گۆڕیشی نابێ، گەر کەسەکە لە ناو دوو کەوان ئازاد ئەحمەد نەبێ، بەڵکو وەلی دێوانەی شاعیریش بێ هەر بە هەمان شێوەو هەمان چارەنووس نە بە جوگرافیا گۆڕی دەبێ نە بە مێژوو شوێنەواری دەبێ.

ئەی ئەوە لای شاعیر چەمکی گواستنەوە نییە، کە لە ئەوینێکی هەرزەکارانەوە پەل دەهاوێت بۆ ئەوینێکی کامڵ و هەراش و تۆکمەتر، بۆ ئەوینی نەتەوە، کە (نالی)ی شاعیر دەبێتە نوێنەری.. ئەی ڕەهەندی ئەم تێزە بە جۆرێك لە جۆرەکان پێمان ناڵێت، کە ئەشق لە ئافرەتەوە سەرچاوە دەگرێ و لە نەتەوە یاخود لە نیشتیماندا کۆتایی پێدێ، ئەی پشتکردن لە جوگرافیا شکستی مێژوو بە دوای خۆیدا ناهێنێ، ئەی ئەوە برینی قۆناغێك نییە لە دید و بۆچوونی شاعیر، کاتێ نالی هەنگاوێك دەخاتە پێش و دەبێتە ئەڵتەرناتیفی وەلی دێوانە و بەوەی ئەوین لە بەشەوە دەگوازێتەوە

بۆ گشت، لە ئافرەتەوە بۆ نەتەوە و بۆ نیشتیمان، لە سەرەتاوە بۆ ئاکام، بەلاّم سەرهەلگرتنەکەی نالی بۆ دەرەوەی کوردستان، ئیش نەکردنی لەسەر چەمکی مانەوە و گەڕانەوە نالی دەخاتە خانەیەکی نەگێتیڤەوە، بۆیە لە هەندرانیشدا بۆنی جامانەکەی نایە.

ئەی ئەوە ئازاد ئەحمەد نییە، کە هەلۆێست وەردەگرێ و ڕاستەوخۆ دەچێتە بەرەی پۆزیتیڤەوە و شێرکۆ دەکاتە ڕێناس بە دەستەواژەی (وتیان ئەوە خۆیەتی) ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمەش شتێکی شاراوەمان بۆ دەردەخات، کە شاعیر هەر لە سەرەتای شیعر نووسینییەوە لە ڕێگەی بیرەوەرییەکەوە بەهەستی نامۆبوونەکەیەوە سەرسامبوونی خۆی بۆ شێرکۆ و بۆ شیعرەکانی دەردەبڕێت.. گوتاری مانەوە هەڵدەبژێرێت، شێرکۆ لە شێوەی مارکیز دا، نامۆبوون و ونبوونەکەی یەسینین لە ئێوارەیەکی کەرکوکدا بەرجەستە دەکات، لە بەردەم کتێبخانەکەی (ئاسۆی کاك جەبار)دا[28]. خودی خۆی و نامۆبوونەکەی لەنێو ئەواندا دەدۆزێتەوە. ئەی ئەمە چەمکی ئامادەبوونی ئەوان فەراهەم ناکات بۆ ئیشکردن لەسەر چەمکی لابردن و مردنی بیری ڕۆمانسی دێرینی (وەلی دێوانە، نالی، ئۆرهان وەلی و یەسینین)، کاتێ مەرگی ئەوان دەبێتە تەم و دنیای ڕۆشنبیری و کتێب و جیهانی شیعر دەگرێتەوە و ئەوان بە فریشتە ناودێر دەکات، پەرتووکەکانیان دێنێتە سەر شان و ملی خۆی و شێرکۆ، مانەوەی ئاساری ئەوان لەسەر شان و ملی ئەمان هێمایەکە بۆ سەرکەوتنی ئەوان بە (سەرکەوتنێکی داخراو)[29].

بەمەش ئەرکی مانەوە و بەردەوام بوون چووە ئەستۆی ئەمان، گەیشتن بەم ئاکامە بێ بنەما نەهاتووە، چونکە شاعیر لە پێش ئەم گواستنەوەیە ئاماژەی بۆ کردووە، کاتێ بەرەی قەدیسە کۆنەکان چۆڵ دەکات و دەچێتە پاڵ فەیلەسووفەکان و لەوێوە درك بە دۆزینەوەی خودی خۆی دەکات،

خۆشییەك دەیگرێ و بە سەمایەکی زۆرباوییانە گوزارشت لە خۆی دەکات و پەیامەکەی بە جیهان ڕادەگەیەنێ.

ماوەتەوە بڵێم ئەم هۆنراوەیە بە یەك نەفەس نووسراوە، ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەم هۆنراوەیە بەبێ ناونیشانەکەی(137) دێڕە، بێ هیچ وەستان ناوبڕێك، ژیان ئاسا خەسڵەتی مانەوە و بەردەوامی بۆ خۆی هەڵگرتووە و هەڵی دەگرێت، چونکە (هەموو گەڕانێك بە دوای شیعردا، گەڕانە بەدوای خۆڵەمێشا نەك ئاگر)[30].

ژێدەرەکان:


1ـ بۆنی ئەم خاکەت لێ دێ ــ ئازاد ئەحمەد ــ چاپەخانەی الحوادث ــ بەغدا 1989ـ کۆمەڵە شیعر.

2ـ ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی - وەرگێڕانی - عەتا قەرەداخی - سلێمانی، لا (72).

3. ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی ــ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد - سلێمانی - 2006 - لا (75).

4. شەقامێ سەرەکییە نزیك بازاڕی ئەحمەد ئاغایە لە شاری کەرکوك.

5. الاغتراب - ریتشارد شاخت - ت - کامل یوسف حسین، مؤسسة العربیة للدراسات والنشر - ص 188 .

6. هەمان سەرچاوەی پێشوو (الاغتراب) وتەی هیراقلیتس لا (24).

7- گۆڤاری نەوشەفەق - ژ 75 سوودم بینیوە لە وتارەکەی کامەران تاهیر (ڕامبۆ دەمریت) لا (31).

8 - الاغـــــتراب- ســـــارتر لـــــه زمـــــانی لوريـــــست لزيـــــوس ل (53).

9ـ گۆڤـاری نـەوشـەفەق ــ ژمـارە 77 ـ شـیعر ـ ژیـانێکی ڕامبۆیانـە بـۆ هاوڕێـیانی شەقامی جمهوری ـ ل (82).

10ـ دەنگی بلورینی دەق ڕەخنـە و لێکۆڵینـەوە ـ عەبـدولخالق یـەعقوبی ـ2005 - وتەی (لیڤی شتراوس)ە .

11ــ ژ ( 41) گۆڤـاری گەلاوێـژ (ئـەدەبی پۆسـت مـۆدیرن و سـەرهەڵدانێکی تـر) ساڵەح سوزەنی ـ ساڵ 2006 .

12ـ دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی ـ مارف خەزنەدارـ 1977 دار الحریـة للطباعـة بغداد ل(9).

13ـ شاعیرێکی بەناوبانگی هاوچەرخی تورکی.

14ـ 15، 16، 18، 22، 23، هەمان سەرچاوەی پێشوو ژمارە ( 9 ).

17 ـ الاغتراب ـ هەمان سەرچاوەی 5، ل (22).

19 ـ عـد 54 سـنة 1979 الاسـطورة ـ د نبيلـة ابـراهيم ـ الموسـوعة الـصغيرة ص(9).

20 ـ حـب في زمـن الكوليرا ـ غابرييـل غ . ماركيزـ روايـة ـ ت عـن الاسـبانية صـالح علماني - 1986 .

21 ـ انثى ضد الانوثة ـ جورج طرابيـشي (لامـارتين )ـ دار الطليعـة بـيروت 1984 ص (131).

24 ـ سـترانبێژیکی میللـی تورکمانییـە، بـە نـەژاد کـوردە خـەڵکی کەرکوکـە نـاوی (عەبدولوەهاب)ە ناسراوە بە (هابە).

25 ـ يسينين قصائد مختارة، نقلها عن الروسـية حـسيب الـشيخ جعفرـ دار الرشـيد للنشر - ص (15).

26 ـ پۆل ریکۆر، لە( کتێبی زمانی گێڕانەوە)، هەمان سەرچاوەی ژمارە (10).

27 ـ لە ساڵی 1940 لە شاری سلێمانی لە دایکبووە یەکەم هۆنراوەی لە ساڵی 1957 لە ڕۆژنامەی (ژین) دا بڵاوکردووەتەوە یەکێکە لە دامەزرێنەکانی ڕوانگە، کە پێکهاتبوون لە( ئەنوەر شاکەلی، لەتیف هەڵمەت، جەلالی میرزا کەریم، عەبدوڵڵا پەشێو، جەمال شاربەژێڕی) .

28 ـ کتێبخانەی ئاسۆ لە شەقامی جمهوری کە کاك جەبار خاوەنییەتی، مۆڵگەی ڕۆشنبیران بوو لە کەکوك، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیرکرا لە دواییدا چوو بۆ وڵاتی سوید.

29 _ هەمان سەرچاوەی ژمارە (25) سەرکەوتنی داخراو، واتا (مردنی خاوەنەکەی و نەمری بیروباوڕەکەی) ل (9).

30 ـ موسوعة مصطلح نقدي: تصوير و خيال، ت عبدالواحد لؤلؤة - بغداد 1979 - ص (13).

# گەڕان بە دوای جوانییەکانی ڕابردوودا

ئەوەی مرۆڤ گرێ دەدات بە جیهانی دەرەوە، تێڕامانە لەو دەرکەوتانەی، کە بەرکەوتن لەتەك هەستدا دەکەن و جێکەوتی ئەزموونەکانیش ڕەنگی تێدا دەدەنەوە، لە ڕێگەی چەند وێنەیەکەوە، زمانی شیعری تێدا دێتە بەرهەم، بەپێی بنەماکانە لە چۆنیەتی تاوتۆکردنی لەگەڵ چەندایەتی بابەتە دەرەکییەکانە لە زەمەن و شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، ئەمەش لە دارشتنەوەی ئەو جیهانەوە دەست پێ دەکات، کە دەستی پێی ناگات لە خەیاڵگەدا کاری بۆ دەکات، بۆیە هەمیشە تامەزرۆی ئەو دۆخەیە و خەونی پێوە دەبینێ، بە پێوەری حەز و خولیا و تێڕوانین لە پێشینەی مەعریفە و ئەزموونەکانی بەردەستیدا، هەوڵ و تەقەلای بێ وچانی بۆ دەدات و بە ئیگۆیەکی ڕێژەدارەوە شیدەکاتەوە و تاوتۆی بۆ دەکات، هەوڵی ڕاڤەکردن و هەرسکردنی دەدات، تا ئاستێك بتوانێ بیخاتە دەرچەفەی ڕوانگەیەکەوە و داکۆکی بۆ خواستەکانی بکات و بەرجەستەی ئەو ژیانەی بکات، کە بە ئاواتەوەیە بۆی و خەونی پێوە دەبینێ، بەمەش لەگەڵ فاکتەرەکانی ڕیاڵدا جیاوازییەك فەراهەم دەکات، هەر لە سۆنگەی ئەمەشە، خەونی شاعیر ڕووبەرێکی فراوانتری هەیە، فرە ڕەنگێکی جوانتری لە خۆگرتووە، پەلکەزێڕینە ئاسا بەسەر ئاسمانی دیاردەکانا پەخش و بلاو دەبێ، بەتام و

ڕەنگێکی دی لەگەڵ خۆیدا ئاشنای هۆنراوەکەیمان دەکات و دەستمان دەگرێ بۆ تێکەڵبوونی جیهانەکەی.

(خوێندنەوەی ڕاستەقینە حەشار نەدراوە بە تەنیا بە کارێکەوە یەکچوونی ئەوەی کە دەخوێندرێتەوە، کە خۆمانی تێدا دەبینین لە جیهانێکی نامۆ، کە هەموو شتێ تێیدا ڕەسەن و نوێیە)[1] شاعیر خاوەن هەستی فراوانترە و ئەزموونی گەشترە، بە چاوێکی تیژتر دەڕوانێ، بۆشایی و پرسیار جێدەهێڵێت و بە وریاییەوە هەنگاوی بۆ دەنێت و هەوڵ دەدات شوێن پێیەکانی نەستی پڕکاتەوە و بەرەو ئاسۆ دەکەوێتە ڕێ.

ئاسۆ ڕەهەندێکی قووڵ و ڕەها لەخۆ دەگرێت، ئاسۆ بریتییە لەو هێڵە وەهمییەی، کە ئاسمانی هەست دەبەستێ بە دنیای مادەوە، گیان دەبەستێ بە جەستەوە، مێشك بە دڵەوە، دیاریکراو بە ڕەهاوە، هەر چۆنێ بێت، هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە، بۆشاییەکە پڕکردنەوەی دژوارە، لە هەنووکەدا قەبارەی پرسیارێکە، بەڵام لە ئایندەیەکی نادیاردا بە دوای وەڵامدا وێڵە، کاتێ خواستەکانی مرۆڤ لەبار دەچن و پەرچەڤەی ڕیاڵ نابن و وەك پێویست خوێندنەوەی بۆ ناکرێ، لەم ساتە وەختەدا بە پرتاو پرسیاری زیندوو لە جەستەی مردوو بێ وەڵام لە دایك دەبێ، ئەم بە دڵشکاوی و بە ڕاشکاوی ڕابردوو جێدەهێڵێ بەو هیوایەی بیگەیەنێتە وەڵام، وەڵامی ئەو هەقیقەتەی، کە وەك هەتاو لە دەروازەی ئاسۆوە چاو هەڵدەهێنێ و داینەمۆ دەبەخشێتە ژیان، ئەم بەتین و هاندانی خواستەکانییەوە هەنگاوی بۆ دەنێ، وەلێ کاتێ شاعیر بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە مێشکی لەبری ئەوەی وەڵامدەرەوەی پرسەکانی ناخی بێت و ئاو ئاسا تینویەتی بشکێنێ و ئاهێکی پێدا بێتەوە هەڵگری ژیان و ماناکانی بێ و وەڵامی پرسیارە زیندووەکان بێ

ڕادەمێنێ، کاتێ سەرنج دەدات، کە پڕە لە ئەگەر و لە نیشتەمەنییەکانی ئەندێشەی ڕابردوو..

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەندێشەدا وەك سێبەری تەنێك وایە هەقیقەت نییە و نایگەیەنێتە ئاسۆ، یان مراز، بۆیە وەك کاردانەوەیەك هەڵوێستێ پێچەوانە وەردەگرێ، لەبری ئەوەی بەرەو پیری بچێ بەجێیدەهێڵێ، بە توندی ناڕەزایی و تووڕەبوونی خۆی ئاشکرا دەکات، ئەوەی پێکیهێنابوو تێکی دەدات، لە بارودۆخێکی هستیریدا دەیدا بە ئەرزی واقیعدا و دەیشکێنێ، شکان واتا دەباز بوون لە کێشە و بگرە وبردە، واتە واتەکانی ناو ناخ و پابەندبوون بە بڕیار و لێکدانەوەی نوێ و چوونە نێو چوارچێوەی بابەتێکی تازەوە، لە هەمان کاتدا دەکرێ شکاندن ڕۆڵی ئەلتەرناتیف بگێڕێ بۆ بەرهەمهێنانی بار و هزر بۆچوونێکی نوێ، ئەوەتانێ بە ئاشکرا هەر لە سەرەتای هۆنراوەکەیەوە دەڵێت:

"بەرەو ئاسۆ
وا کەوتمە ڕێ
تا ڕابردوو بەجێبێڵم
گۆزەی مێشکی پڕ ئەندێشەم
بیدەم بە ئەرز و بیشکێنم " (2)

شاعیر بۆ ئەوەی دڵنیامان بکات، کە هەموو وەرگەڕانێك و وەرچەرخانێك لە هەنگاوێکەوە دەستپێدەکات، ئامادە نییە جارێکی تر بگەڕێتەوە دواوە، بەڵکو ڕابردوو دەکاتە پلیکانەیەك و ئەزموونەکانی پێ دەوڵەمەند دەکات، هەوڵی خۆ دۆزینەوە دەدات.

لــە ســـەرەتادا دەبیـــنین بەیـــداخی یـــاخیبوون هەڵـــدەدات و ڕابـــردوو بەجێدەهێڵێ، چونکە لە قەبارەی ئـەو ڕابـردووە هەست بـە لێپـچڕان و نـامۆ بوون دەکات، بۆیە بـەڕەنگاری دەبێـت و قـەڵەمبازی دەبێت دەیـدا بـە ئـەرزا و دەیشکێنێ، ئیستا فێرمان دەکات، کە چۆن متمانە بەخۆ بکـەین، جارێکی تـر لــە وێرانـــەکانی دەروونـــەوە ســـەر هـــەڵبڕین و ســـزای ڕابـــردوو بـــدەین و ئەڵقاوێزکەین و بۆ ئەوەی نەگەڕێنە دواوە شانبەشانی ڕەوتـی مێـژوو هـەنگاو بنـێین و هەسـت بـە نـامۆ بـوون نەکـەین، ئەڵقـەی نـامۆبوون فـڕێ بـدەین، ڕووبەڕووی واقیعی مـادی بینـەوە و بتـوانین بیگـۆڕین وەك هـەنگاوی یەکـەم ئابلۆقەی ڕابردوو دەدات تا بگەڕێتە دواوە ئەوجا ئـاوێزانی خەمـەکانی دەبـێ و دەیخوێنێتەوە، ئەڵقەی نامۆبوون تـووڕدەدات لـەو واهیمەیـە ڕزگـاری دەبـێ وەك دەبینین، کە دەڵێت:

"هەنگاوێکە بەرەو ئاسۆ
با ڕابردوو ئەڵقاوێزکەم
تا جارێ تر نەمگەڕێنێتەوە دوا
ئەڵقەی نامۆیی لە پەنجەم فڕێدەم " (3)

ئاسۆ چۆن زەوی و ئاسمان پێکـەوە گـرێ دەدات و تەواوکـەری یـەکترن، ئەڵقـە چارەنووسی دوو لایـەن گـرێ دەدات، یـان جیایدەکاتـەوە، لەکاتێکـدا یـەکبن .. گـەر بنـەمای پەیوەندییەکـە سـەخت و دڵـڕەق و بێبـەش بـێ لـە سـۆنگەی دیاردە دەرەکییەکان، ئەو هاوکێشەیە ئاڵۆزتر دەبێ و بـە پێـچەوانەوە تووشـی غوربەت و نـامۆبوونی دەکـات، لەگـەڵ جیهـانی دەرەوەدا، چـونکە ئـەو لایەنـە ڕوانگەیەکە کـە جیهـانی لێـوە دەبـینێ، بـە بـوونی هـەموو شـتێ ئامادەیـە بـە

نەبوونی لە خەمێ خەست بەولاوە هەموو شتێ بزرە و نییە، بۆیە شاعیر بەوەندەوە ناوەستێ و خەمەکانی قورس و شوومن، وەك قەلەڕەشکەیەك سەیریان دەکات، قەلەڕەشکە باڵندەیەکی کۆچەرییە بێ نیشتیمانە، بە هەموو جێگایەك نامۆیە، وەك خەمی هەمیشەیی شاعیرە، خەم بە زۆر سەپێنراوە بەسەر هەستی شاعیردا، بۆیە شاعیر نایەوێت لەگەڵ خەمدا گەشت ئەنجام بدات و بکەوێتە باڵەفڕکێ، بەڵکو ئەم هاتووە هەڵویستێ توند و تۆسەن وەرگرێ، باڵی قەلەڕەشکەی خەمەکانی بڕوتێنێ لە وێنەیەکی دزێودا نمایشی بکات، تا بۆی بکرێ تەنیایی تەریق بکاتەوە، قەترە قەترە شەرمەزاری بکات، ئەم خۆی دەزانێ کوشتەی دەستی کێیە ... چونکە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەر لەم ڕوانگەیەوە هەست بە مەزنی و گەورەیی خۆی دەکات و دەڵێت:

" هاتووم باڵی قەلەڕەشەکەی
خەمەکانم بڕوتێنم
تەنیایی تەریق بکەمەوە
قەترە قەترە
شەرمی لێ بچۆڕێتەوە
تا نەتوانێ جارێکی تر چاو بە ڕووخساردا
هەڵبڕی " (4)

(ئاوێزان نوری)ی شاعیر هەستدەکات دەگاتە ئاستێك، کە لەگەڵ دڵیدا ئاشنایيەك پەیدا دەکات، کە دەکرێ وەڵامی هەناوی ئەو هەقیقەتە بداتەوە، کە تییدا لەدایك دەبێ، لێرەشەوە دڵی دەکات بە هۆمایەك لەو سنوورە

وەهیمە دەردەچێت، لە ئاسۆوە بۆ ئاسمان، لە مێشکەوە بۆ دڵ، لە جەستە بۆ گیان، چونکە "چوارچێوەی ئازار شتێکی دروستکراو نییە، بەڵام دەورێکی گەورەی ڕاستەقینەی بینیووە و هاوجووتە لەگەڵ دەروونی شاعیر هیچ پێداویستیمان نییە بە پاساوی دەرەکی یان سروشتی "....[5]

بۆیە شاعیر زۆر بە جورئەتەوە ڕووی ڕەشی تەنیایی دەشکێنێ، بە سۆزەوە دڵی دەکاتە هۆمایەك، عەشق حەیران تێدا بلێت، گوزارشت لە هەستکانی بکات، بوونی خۆی وەك خود فەراهەم بکات و ئەوە پەنجەیەی دوای ئەوەی ئەڵقەی نامۆبوونی تێدا فڕێدا، ئێستا هەست بە نامۆبوونی ناکات و دەیکاتە خامەیەك، خوێنی سووری پڕ تۆڵە دەکاتە مەرکەبی شینی بەردڵ، هەستی شیعری دەکات بە ئەرخەوان، سەیر بکەن شاعیر چ وێنەیەکی شیعری جوانی کێشاوە، چۆن لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕەنگەکانەوە دنیایەکی فانتازی دروستکردووە، لەوەی تەنیایی لکاندوە بە ڕەنگی ڕەشەوە، کە دەربڕینی پرسە و نەهامەتییەکانی خودە بەرانبەر بە ئەوی نائامادە و ئەوی خەون و ئارامهێنی حەز و خولیاکانی، لە چوارچێوەی تۆڵەدا، خوێنی سووری هەڵچوون، پەیامی مانەوە فەراهەم دەکات، لە مەرەکەبی شین، ئێش و ئازاری ئەو خەمانە دەنووسێتەوە، کە نابینرێت و هەستی پێدەکرێت، لە تێکەڵکردنی ڕەنگی سووری مانەوە، ڕەنگی دۆکۆمێنتکردنی تۆڵە و نووسینەوەی خەمەکانیدا ڕەنگی شیعری ڕەنگی ئەرخەوانی بەرهەم دەهێنێ "بەم شێوازە نایاب و جوانەکە، هەڵگری جوانکارییە aesthetic function)بە هەست و سۆزێکی پڕ حەسرەت و خەمەوە "....[6]

دەڵێت:

"دڵم دەکەم بە هۆمایەك
لە ئاسمانی عاشقانا حەیران بڵێ
پەنجەم دەکەم بە خامەیەك
خوێنم ببێ بە مەرەکەب
شیعر دەکەم بە ئەرخەوان " (7)

شاعیر لێرەوە هەست بە دڵنەوایی و ئارامییەك دەکات، لێرەوە خاڵی وەرگەڕان ڕەنگ دەکات و خۆی دەناسێت و ڕزگاری دەبێ لە واهیمیە و دڵەڕاوکێی ئاسۆ، چونکە ئاسۆ خاڵی بەیەك گەیشتنە، لەقە نە ئاسمانە نە زەوییە، هێڵێکی وەهمیە لە نێوانیادا وەك ئەو هێڵەیە، کە لەنێوان ئەوین و ڕق یان ئاشتی وشەڕدایە، لێرەوە وشەی ئاسۆ لە هۆنراوەکەیدا دەکرێ لێکدانەوەی ئەوەی بۆ بکرێ، کە نە بەزەوییەوە بەندە نە لە حەلحەلەی ئاسمانیشدایە، بەڵکو قۆناغێکی هەستیارە لە گوێزانەوە و دەربازبوون لە توێکڵی زەوی مادییەوە و لێبوونەوەیە، بەرەو ئاسمانی دڵ و گیان، کە لەگەڵ دڵخوازەکەیدا هەنگاوی بۆ دەنێ، لە ناخیدا ڕق و قین جێی تێدا نابێتەوە، خەم تێیدا تواوەتەوە، بەرجەستەی ئەوین بووە، هەوای میزاج نایهێنێ و نایبا، وەك دەریایەك هێمن و ئارامە و ماڵئاوایی لە خەم دەکات، واتە لە خاڵی ڕاڕای و واهیمەی ئاسۆ نایەوێت لەمە زیاتر نغرۆ بێ، ئیمرۆ هاتووە ماڵئاوایی لە خەم دەکات بەرگی ڕەشی ئاسمانی ئافاتی دەدڕێنێ، لەگەڵ دڵخوازەکەیدا بەرز دەفرێ بۆ لە دایکبوون بۆ سەربەستی و ڕزگار بوون

تەنانەت لەو ئەسرینەی، کە لە چاویدا قەتیسماوە، بۆیە بە ڕوونی بە ئاشکرا پێمان دەڵێت:

"لە ناخمدا دەریایەکی بێ بن و بێ شەپۆل
کە هەر لە ئۆقیانووس ئەچێ
خۆم ئەزانم چی ئەڵێم و چی ئەنووسم
هەنگاوێکە و لەگەڵ ئەودا ئەینێم
ئەو ئەسرینەی لەناو چاوم قەتیس ماوە
ئەمڕۆ هاتووم بیبارێنم وەك باریزە و
ماڵئاوایی لە خەم بکەم " (8)

تا کۆتایی بە هۆنراوەکەی دێنێ بەم دێڕە قفڵی هۆنراوەکەی دەکات و دەڵێت:

"کۆتی دوا کۆیلەییم دەپچڕێنم" (9)

سەرچاوەکان

1 ـ مجلة الثقافة الاجنبية، عدد 2، نقد تشخيص ـ جورج بولية ترجمة، د ـ زهير مجيد منماس.
2 ـ هەنگاوێك بەرەو ئاسۆ، شیعری ئاوێزان نوری، ژ( 1)، پەرەموچ - ڕۆژنامەی هەواڵ (20) کانوونی یەکەم ساڵی 2003.
3 ـ هەمان سەرچاوە.
4 ـ هەمان سەرچاوە.
5 ـ مجلة اقلام ـ عدد 2، 1984ـ النقد الاكاديمي في مواجهة شعرنا الحديث ـ فاضل ثامر.
6 ـ مجلة الاقلام ـ عدد 2، 1984 ـ الشاعر العربي واللغوي العربي بقلم مستشرق انجليزي هاملتون أ . ر. كتب ترجمة ـ د عنان عزاوي.
7 ـ 8 ـ 9 ـ هەمان سەرچاوەی ژمارەی (2).

# تەنگژە و کەرتبوونی خود لە هۆنراوەی (ناتەواوییەکان)

ئاخاوتن لەسەر هۆنراوەی (ناتەواوییەکان)ی "گوڵاڵە نوری" کە (بورهان ئەحمەد)ی شاعیر لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوە، شایستەی لەسەر وەستان و تێڕامانە و دەکرێ خوێندنەوەی جدی بۆ بکرێ.. پیادەکردنی خوێندنەوەش لە ڕووی پراکتیکەوە ئاراستەی ئیشکردنمان لە دەرەوە بەرەو ناوەوەی دەق دەستنیشان دەکات، لەم دەروازەیەوە دەتوانین نەهێنییەکانی دەق ئاشکرا بکەین، چونکە (نەهێنی هەر دەقێ لە بۆشایی نێو دەقەکەدایە)[1].

تا فەزای مانەوە و گوتاری هۆنراوە ئاشکرا بکەین، ئەویش بە پراکتیزەکردنی لێکدانەوە و کێشانی وێنەی شیعریی لە دووتوێی چالاکییەك، کە بابەت و ڕەگەزە بەکاربردووەکانی تێکست بۆ وەرگر دابین دەکات، کە لە ڕاستگۆییەوە سەرچاوەی گرتووە و وێنەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، لە ئاست سنووری ئەو پرسیارانەی، کە لە ناخی مرۆڤدا کێشمەکێش دەکات تەقەلای لێڵکردنی سیما جوانەکانی سەردەمانێك دەکات، کە پڕە لە ڕاز و هەڵوێست و بێگوناهی، لێرەوەیە کە شاعیر لە ڕێچکەی بیرەوەرییەکانییەوە دەیەوێت ڕابردوو بە ئێستاوە بلکێنێ و بە ڕاشکاوانە ڕەگەزەکانی سروشت و توخمەکانی هەست تێکەڵ بە هزر بکات.

بەم شێوەیە لە ڕێگەی دەسەڵاتی زمانەوە گوزارشت لە وێنە و تراژیدیا و کارەساتی تەنیایی دەکات و دەتوانێ بێ ڤیزا بۆ نێو ناخی هەر یەکێك لە ئێمە ڕۆبچێت. شاعیر بە سەلیقەوە بەرجەستەی ئەو دۆخی ناتەواوییانە دەکات، کە ڕووبەڕووی دەبینەوە، چونکە (بوونی هۆنراوە هەمیشە لەو شوێنەدایە، کە لە نێوان خوێنەر و شاعیردایە)[2] کەواتە بۆ ئێمە دژوار نییە پردێ دروست بکەین بۆ گەیاندنی پەیامی شیعر و لێکدانەوەی بابەت و خود و کار و کاردانەوەیان بەرابەر بە تەنگژە و قەیرانی ناتەواوییەکان.

بۆیە قسەکردنی ڕاستەوخۆ لەمەڕ چەمکی ناتەواوییەکان بەبێ مکیاژ و ڕتووش بە شێوەیەکی هارمۆنییانە لە خودەوە دەردەچێت و هەوڵ دەدات لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگردا یەکانگیر بێ، بەمەش دەتوانێ مانا بۆ دەق بەدەست بهێنێ و لە ڕێگەی ئەزموونەوە جەخت لە هەستە جیاوازەکانی بکات.

لەسەرەتاوە دەبێ ئەوە بڵێین کە ناونیشانی هۆنراوەکە تەبا و یەك دەنگە لەگەڵ تیمەکەیدا **(theame)** و بە ئاستەم دەتوانین لە یەکیان دابڕین، بۆیە دەکرێ ببێتە شووناس بۆ جەستەی هۆنراوەکە و پەی بە چی گوتنی گوتاری هۆنراوەکە بەرین، کە چۆن ئیستاتیکای دەق پانتاییەك لە خودی وەرگر بەجێدەهێڵێ، لەسەر ئەو بنەماییەی، کە خود سەنتەری تێگەیشتنە و ئەڵتەرناتیڤە بۆ بەرهەم هێنانەوەی دەق، لێرەشەوە دەکرێ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقدا کار لەیەکدی بکەن، چونکە (خوێندنەوە ڕووپێوێکی تیوری دەق نییە و ڕاڤەکردنێك نییە بە پیت و وشە سەرسامان بکات، بەڵکو هەروەك نووسین کردەیەکی پایە بڵندە)[3].

بەم پێیەش بۆمان هەیە لە ئاستی گوتاری هۆنراوەکەدا ئەو پرسیارە بوروژێنین ئاخۆ ئەو کەموکورییانە چین، کە شاعیر مەبەستێتی و لە کوێدان، ئایا لە خودی خۆیدایە، یان لە خوێندنەوە و تێهەڵچوونێکی ئەپستیمۆلۆژییەوە سەری هەڵداوە، یان لە کەموکوڕی خودی بەرامبەردایە، کە پەی بە(ئەمی)ی شاعیر نابات یان قەیرانێکی ئۆنتۆلۆژییە و لە هەبوونی بەرامبەرەوە خۆی بەدی دەکات، یان ئاکامی بارێکی دەروونییە یاخود بە پێوەری بەراوردکاری سەرجەم ئەم کایانە نمایش کراون و هاوبەشن لە پێکهاتەی چەمکی (سەربەخۆیی دەق)، ڕەنگە ئەمەش وابکات کە ئەم دەقە لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە تایبەتمەندی هەبێت، ئەویش بەوەی کە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە قسە لەسەر ئەزموونێکی ناکۆك و زیندوو دەکات پتر لەوەی لەنێو دەقێکی وەستاودا مول بخوات و بابەتێکی بێ مانا بەرجەستە بکات.

بۆ ئەوەی ببم بە وەهم
چ ئامرازێکم بەدەستەوە نییە
یان ببمە قۆچی قوربانییەکی قرمزی
لەگای ورژاوی ڕۆحی خۆم.
لە ئامرازەکاندا کەم و کورییەکی تەواوم هەیە[4].

ئازار و حەسرەت، کەرت بوونی خود و هەڵوەرینی گەڵا حەز لە وەرزی نامۆبووندا، نیشتەمەنی ئەو بەسەرهاتەیە، کە باهۆزی پشتێکردن پەیڕەوی دەکات و جەستەی گوتاری شیعری پێ خەنی دەکات و تراژیدیای وێنەیەکی شکاو لە گەلەری دەقدا نمایش دەکات و دەرەنجام خەمێکی ئەبەدی فۆرمەلە دەکات .. خەمی ئەو ئەویندارى و خۆشەویستییە پاك و ناجێگرەی، کە لە

ڕوون نەبوونەوەی ڕەهەندەکانی پیادەکردنی ئەوین بەشێوازێکی ئەکتیڤ لە پەرچڤەنەکردنی ڕەوتەکانی ویست و حەز لێکردن و گەڕانەوە بۆ ناوەوەی خود و کاردانەوەی بۆ دەرەوە، ئەویش بە بەیانکردنی ڕووە نەگەتیڤانەکەی خۆشەویستی بە تاوانبارکردنی ڕەگەزەکەی بەرانبەر( دلدارەکەی) پاك ڕاگیری ناوەوەی (خود) بەرامبەر بە ناپاکی دەرەوە و کردنی بە بابەتێکی دەرەکی بە مەرجی مامەڵەکردنی هزر و ئاوەز لە تەك کایەیەکی وەکو (ئەوین) نائەقڵانی، کەواتە دەستپێکی ناتەواوییەکان لە قەیرانی هەستکردن بە دووفاقی لە خوێندنەوە و هەڵاتن لە خود و خۆ بەدەستەوەدانیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بارێکی نائارام بەرهەم دەهێنێ، کە لەژێر فشارەکانی ترسدا خۆی حەشارداوە، چونکە (ئەوینی ڕۆمانسیی وا لە ئاشقان دەکات، کە درك بە ترسی لەناوچوونی سەرجەم ساتی خۆشییەکان بکەن)..[5] بەڵام گەر ساتی خۆشییەکان لە ئێستادا کەلێنێکی تێکەوتبێ و بووبێتە ڕێگر لە بەرامبەر ڕابردوو بۆ داکۆکی کردن و دووبارە گێڕانەوەی خۆشییەکان هەموو ڕێگەکان والآ و کراوەیە بە ڕادەیەك، کە بۆ هەردوولای پەیوەندیدار ئاساییە و هەندێ جار لایەك بڕیاری سەخت و چارەنووسساز ئەنجام دەدا و لە دوالیزمەی پێگەی هەبوون لە ئێستا و ئایندەدا دەستپێشخەری دەکات و پرەنسیپەکانی پارادۆکس بەرهەم دەهێنێ، ڕابردووش بناغەیەکە خشتی ئەزموونەکانی لەسەر بنیاد دەنرێ، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەویندارى تەنیا فریودانێکە لەو پرۆژەیە مانەوە دەخوازێت، کە هەمیشە ڕوو لە نەوی بوونە لە ئاست ویستەکانی خودی خۆی، وا هەست دەکات تەواوییەکانی حەز و ئەوینیان بە تەواوەتی بێ دەسەڵاتە لە بەدەستهێنانی پێداویستییەکانیان، بەم پێیەش هاوکێشەکە بە نەمری و ناتەواویی

دەمێنێتەوە و بە تەواوبوونی سووری حەزیان کۆتایی پێدێ، کەواتە ئەمی شاعیر پێویستە بەهانەی مانەوە بۆ خۆی خۆش بکات لە هەمان کاتدا ڕستی ئەو پەیوەندییە، کە لە ئێستادا بووەتە ئەزموون و یادەوەری پێ قاش دەکات و وەرگر فریو دەدات و بەرانبەرەکەی دەکات بە وەهم و خۆیشی ئاراستەیەکی پێچەوانە وەردەگرێ و ڕێگەی پاکانە بۆ خودی خۆی دەگرێتەبەر و بە ڕاشکاوانە دەڵێت بۆ ئەوەی ببم بە وەهم، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی، کە ئەم نەبووە بە وەهم و بەڵکو قوربانییەکە و دەستخەڕۆ کراوە و هیچ ئامرازێکی بەدەستەوە نییە لەوە زیاتر ئەو بکات بە وەهم، چونکە وەهم لە کردەی ئەویندا لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بەرامبەر (دڵدار) دەست هەڵگرێ لە ئەوین، کە گەوهەری بوونە و بیکاتە بابەتێکی دەرەکی بە بەڵگەی ئەوەی (دولبەر دەست لە خەسڵەتی بابەتی خۆشەویستەکەی خۆی هەڵدەگرێ کە تێیدا نییە، ئەم وەهمە ناکرێ بەری ئەویندار بێ، بەڵکو لە ڕاستیدا لە بێ دەسەڵاتی دڵدارەوە سەرچاوەی گرتووە لە ڕزگاربوونی لە هزر و ئاوەز و سۆز و بایەخدان وەك کەس)[6].

کەواتە لێرەوە دەتوانین بگەین بەو ئەنجامەی، کە لەیەکپچڕانێکی ڕۆحی و دابڕانێکی ڕیالی لە ئارادایە، کە بێ ویژدانی دروشمێتی و تۆڵەکردن یەکتری تەزاندن شووناسێتی، بەمەش ئاسۆکانی ئەوین دەکەونە ژێر هەڕەشەی دڵڕەقیی و توندوتیژی، ئیتر زەمینەی هیچ هاوکێشەیەك نامێنێ کۆیانکاتەوە.

گەر تیشك بخەینە سەر تیۆرەکەی ڕێنییە جیرار، کە دەڵێ:" (کۆمەڵگا بە دوای گوناهبارێکدا دەگەڕێت، بە دوای یەکێکدا تەواوی گوناهەکانی بکاتە مل کەسێك و بیکاتە مایەی دەرد و بەڵاکان)[7].

ئێمە دەکرێ ئەم تیۆریزە لەسەر ئاستی تاکدا پراکتیزە بکەین لەسەر ئەو بنەمایەی، کە تاك بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵ و ئەمی دولبەریش لە دەنکەکەی زیاتر کەس نابینێ، بۆ ئەوەی گشت گوناه و هۆکاری نەهامەتییەکان و نامۆبوون وێرانکارییەکانی ئەوین بە پێوەری ڕێختەری نەستی بخاتە ئەستۆی بەرامبەرەکەی (دڵدار)ەکەی، چونکە ئەم وەك ئافرەتێ ڕۆژهەڵاتی پاشکۆی کەلتوورێکی باوکسالارییە( پاتریاکی)ەو ڕۆڵێکی نائەکتیف دەگێڕێ، چونکە مۆڕاڵی کۆمەلگایەکەی هەر لە سەرەتاوە فێری ئەوەیان کردووە، کە بەرپرسیاری و دەستپێشخەری لە بڕیاردان و دیاریکردنی شتەکان پتر لە ئەستۆی پیاودایە، بۆیە ئەم وەك بێگوناه، وەك قۆچی قوربانی سەیری خۆی دەکات و بە دوو دیوی جیاواز لێکدانەوەی بۆ دەکات، یەکەم بە دیوی دەرەوە وەك کردەی فرامۆش کردن شرۆڤەی بۆ دەکات، ئەو بە بێدەسەڵات و لاواز تاوانبار دەکات، دووهەم ئەو دەسەڵات و هێزەی، کە لە دەرەوە لە لای ئەو دەستی ناکەوێت کاردانەوەکەی بەپێی یاسای کار و کاردانەوە بەهێز و دەسەڵاتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەوەی (خود)، کە بە گای ورژاو ئاماژەی بۆ دەکات و ناسەنگی و کەموکوڕی ئەوینێك بە دیوی ناوەوە فەراهەم دەکات، مادام هەوێنی لە یەك نەگەیشتنێك لەئارادایە بەوەی پرۆژەی ئەوین پرۆسەیەکە بە ناتەواوییەوە خۆشنوود کراوە جەنگێکی مەحاڵە بۆ گێڕانەوەی خودیی بەر لە ئەزموونی خۆشەویستی گەر بشگەڕێتەوە لە دوای ئەزموون ئەوا بێشك بە زامداری دەگەڕێتەوە و دەشێ هەر یەك لەوان بە لای خۆیەوە ببێتە قۆچی قوربانی، یان لایەکیان خۆی وەك قۆچی قوربانی تەمەشای خۆی دەکات و بەرامبەرەکەی بە گای وروژاو شووناس دەکات.

لە دواجاردا شاعیر لەدووتۆی گوتاری هۆنراوەکەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە چۆن قۆچی قوربانی دەبێتە جەلاد و جەلاد دەبێتە ئەلتەرناتیڤی قۆچی قوربانی، تۆڵەی ئەو خۆشەویستە بەتینەی شاعیر لە ڕیاڵ و لە دەرەوەدا ونی کردووە، دەکرێ لە ناوەوە بەم جۆرە دەستی بکەوێت، یان دەکرێ لە گۆشەنیگای سایکۆلۆژییەوە خوێندنەوەیەکی دی بۆ بکەین، بەوەی ئەمی شاعیر وەك مێینەیەك (ماسۆکییە)ە و حەز دەکات بەرامبەرەکەی ئازاری دەروونی بدات و لە تەنگژەی ئازاردا خودی خۆی بسەلمێنێ، یان ئەم بێگوناهە و بەرامبەرەکەی (سادی)یە و حەز لە ئازاردانی ئەمەکات، یان بە پێچەوانەوە خۆی (سادی)یە بەرامبەرەکەی (ماسۆکییە)ە یان ئاوێتەیەکە لە(سادۆ- ماسۆکی)و جیاکردنەوە و پۆلێن کردنی دژوارە و ئەم ناتوانێ بە تەواوەتی دەستنیشانیان بکات، بۆیە لە پەنایەکی ترەوە بە تێڕوانینێکی جیاوازەوە و بە بوێرییەوە پێ لە کەم کوڕییەکانی دەنێ و دەڵێت:

"من کەم و کوڕیم هەیە
بۆ ئەوەی ڕۆژانە چڵێك
لە درەختی ترس بقرتێنم
پەڕەگەلێکی زۆرم پێ نییە
تاکو ناپاکی لە خودی خۆم بکەم" (8)

"گوڵاڵە نوری" شاعیر بە ڕاناوی کەسی یەکەمی قسەکەرەوە تارمایی لەسەر وێنە شیعرییەکان لادەبات و لە تەمومژ ڕزگارمان دەکات، دووبارە بوونەوە و پێداگرتن لە کەم و کوڕییەکان خۆی لە خۆیدا سەلماندنی گوناهە، لە هەمان کاتدا دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکە بۆ خەفەکردنی گوناه، ئەویش بە دەرکردنی لە کلاوڕۆژنەی پێڵێنانەوە، کە تەسکینی و ڕووسوورییەك بۆ

خۆی دەخوازیت، زیرەکانە باری خۆی سووك دەکات و لەگەڵ دەرخستن و پاراستنی ڕووە ئینسانییەکەی، کە هەر لە سەرەتاوە پێ لە ڕاستییەکان دەنێ و ئەوە ئاشکرا دەکات، کە لە ڕووی بەراوردکارییەوە دووچاری دابڕینێکی ئەپستمۆلۆژی هاتووە، خاوەن مەعریفەیەکی تەواو نییە و پەڕەگەلێکی زۆری پێ نییە، بۆ ئەوەی خودی خۆی بهێنێتە دی و کەموکوڕی هەیە، بەڵام ئەمە تا چ ڕادەیەك دەتوانێ چاوشارکێ لە تەك وەرگردا بکات؟

ئەی ئەوە گوڵاڵە نوری خۆی نییە بە ڕووخسار و پۆشاکێکی تازەوە دێتەوە وێزەمان و بەپێوەری جیاوازەوە گوزارشت بۆ کەم و کوڕییەکانی دەکات و هەڵکشان و مانەوەی خۆی هەڵدبژێرێت، بەکارهێنانی کەموکوڕییەکان گەمە و چاوبەستنێکی تێدایە، شاعیر لێزانە و دەزانێ چی دەڵێت و چۆن دەیڵێت، خۆ دەیتوانی لەبری کەموکوڕی بڵێت (ناتەواوییەکان)، وەك لە ناونیشانی هۆنراوەکەدا بە ستایلێکی گشتگیرییەوە هاتووە بەدەرە لە دیاریکردن.

بەڵام لێرەدا لەبەر ئەوەی تایبەتمەندە و دیاریکراوە، بۆیە (کەم و کوڕی) هەڵدەبژێرێ، هەروەها بۆ هەڵنەبژاردنی پاشینەی ناتەواوییەکان دەگەڕێینەوە سەر ئەو ڕاستییەی، کە ناتەواوی بە ڕای ئێمە زیاتر بە ڕەهەندێکی سایکۆلۆژییەوە پابەندە، ئینجا دەکرێ ئەو ڕەهەندە (سایکۆز) بێت یاخود (نێرۆس) بێت، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی ئەم هونەرمەند و شاعیرە، گەر شاعیر نەبا ئەوا بێ یەك و دوو نێرۆس دەبوو، چونکە (نێرۆسیس هونەرمەند دروست دەکات و هونەریش لەو نەخۆشییە چاك دەکاتەوە)[9].

کەواتە پەیام لە نووسینی ئەم هۆنراوەیە بە پلەی یەکەم خۆ دەربازکردنە لە نێرۆسییەت و دەرکردنی چەمکەکانی ناتەواوییە لە قەد و لە جەستەی گوتاری هۆنراوەکە و سەرباری ئەمەش پرەنسیپەکانی هەڵکشان و خۆبینین

لە خۆی دەگرێ، بەوەی ئەمی شاعیر ناکرێ ناتەواو بێت، بەلایەوە ئەغزەدان بە ناتەواوییەکانی بنێ، چونکە مەغزای شکاندنەوەیەکی بووناگەرایی قورس بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بەلام ئەهوەنە کەموکوڕی هەبێت، بە بەهانەی کەم و کوڕییەوە داکۆکی و پاکانە بۆ خۆی دەکات، کە ناپاکی لە خودی خۆی ناکات، بە دیوێکی دیکەدا پێچەوانەکەی دەسەلمێنێ، کە ناپاکی لە بەرامبەرەکەی دەکات، بێگومان ئەمەش هەروا بە ئاسانی نەهاتووەتە پیلانی جێبەجێ کردن، دەڵێم پیلان.. چونکە بە دەرئەنجام لە ڕوانگەی هزر و لۆجیکەوە مامەڵە لە تەك پرسەکانی ئەویندا دەکات، مادام ترس بیرکردنەوە فەراهەم دەکات، ئیتر چی تریش وەك کردار بیری لێناکاتەوە، بەمەش دروێنەی فاکتەرەکانی ترس دەکات بە هەلاتن لە بەشداری کردنی ئەکتیڤانە لە پێوەندی ئەوینداری، جەوهەری ترسەکە ترسی لەدەستچوونی خودە، بیرکردنەوەکەشی کۆششی ڕۆژانەیە و بەردەوامە بۆ گێڕانەوەی خودی لەدەستچوو.

تۆ جیهانێکی تەواو کەم و کوڕیت هەیە

تاکو ببیتە شەهید و جاویدان

دەشێ، وەك شریتێکی ڕەشی لارەوەبووی قەراغ

وێنەیەکی کاڵ داتبنێم

تاکو هاوەڵە گوشادە نوێکانم بە ساردییەوە سەرخۆشیت لێبکەن.

سەرئەنجام شیفات لە مندا نییە(10).

کاردانەوەی ڕەنگەکانی فانتازیا لە هزر و ئەندێشە دووبارە بوونەوە و زیادکردنی تێگەیشتنەکان نییە لە خودی شاعیر، بەڵکو هەڵسانە بە ڕووپێوکردنێکی تۆبۆگرافی پەیوەندییەکانی لە تەك ڕەگەزی بەرامبەردا،

وەرگـرتنی هەڵوێـستەکە تـەمی یەکلاکـەرەوەی خـستووەتە سـەر کەرنـەڤاڵی دەنگـە جیاوازەکـانی هەسـت و خوسـتی، ئـەو دەنگـە جیاوازانـە لـە ئاسـت بینـراوی هۆنراوەکـەدا دەشـێ بـە دوو دەنـگ هێڵکاری بـۆ سازکەین، دەنگێـك خـەیاڵ دەکاتـە ئەڵتـەرناتیڤی ڕیـاڵ کـە لـە چـەقگەرایی خـودەوە سەرچاوەی گرتووە، خود باڵادەستە و ڕیاڵ نۆکەرە و لـە خزمـەتیدایـە، بـەم بۆچـوونەش ئەمی ئافرەت کەم و کـوڕی نییـە، گـەر هەشبێ لـە پیـادەکردنی ئامرازەکانـە، کە بە دەستیوە نییە تا بیکاتـە وەهـم، کـە نزیکـە لـە خەیاڵـەوە، کـە ئەمـەش گریمانێکـە هــەرگیز پێـی ڕازی نابێـت، وەك لــە دەسـتپێکی هۆنراوەکـەدا ئاماژەی بۆ کردووە، کەواتە بوونی کەم و کوڕی لە گەوهـەری خـودەوە نییـە، بـەڵکو لـە نـەبوونی ئامرازەکاندایـە، کـە وابەسـتەی ڕیـاڵن، بـەم پێیـەش بـێ تاوانی بۆ خۆی مەیسەر دەکات و شەقڵێکی کەمتر لە گوناهـەکان هەڵدەگرێ، بەم جۆرە بۆ دەربازبوون، دەبێ پـەنا بەرێتـە بـەر دەنگـی دووهـەم، کـە ڕیـاڵ دەکاتە ئەلتەرناتیڤی خەیاڵ، کـە بـەبێ دەرهاویـشتن بەرانبـەر بـە جیهانێکی تەواو لە کەم و کـوڕی پێناسـەی دەکـات بـەوەی ڕیـاڵ باڵادەسـتە و خـەیاڵ لـە خزمەتیدایە، لە ڕوانگەی ڕیاڵەوە دیسانەوە بەرامبـەر تاوانبـار دەکـات بـەوەی پەیوەنـدی ئەوینـداری وەك بابـەتێ دەرکـی سـەیر دەکـات نـەك وەك گەوهەریکی ناوەکی خۆشنود، بۆ هێشتنەوە و پاراستنی خـود لـە ئەگـەری لـە ناوچـوونی هەسـتی پـیرۆزی عەشـقی یـەك لایەنـە ژیانـەوەی لـە بازنـەی دەرکەوتەکانی فەلسەفەی بووناگەری دەبێ ڕیاڵ بکوژێت و تـا ژیـان و مانـەوە و چـەمکی خۆشـنودی (قدسـیەت) بـۆ خـۆی بخـوڵقێنێ، ئـەویش بەشـەهیدکردنی بەرامبەرکـەی و گێڕانـەوەی خـودی زەلیلکـراو دێتـە بـەر، کەواتـە خۆشەویـستی لای ئـەمی شـاعیر جـەنگێکی پـیرۆزە لـەپێناوی ئـازادی خوددایە، ئەمەش بە شەهیدکردن و قوربانیدانی بەرامبـەر نـەبێ نایەتـەدی،

کە لە ڕیاڵدا بوونی هەیە و هەڵگری گشت تاوان و نەهامەتییەکانی ئەمن، لەبەر ئەوەی خۆیشی بە ساغ و سەلامەتی لێوەی دەرناچێت و نیشتەمەنی زامەکانی ئەو ئەزموونەی هەر ماوە و بە ئاسانی سارێژ نابێ، چونکە (دەگمەنە مرۆڤ بتوانێ ڕابردوو لە بیرەوەرییەکانیدا ڕامالێ)[11].

دڵشاد و گوشادە بەوەی دەتوانێ تەنیا خودی خوی بگێڕێتەوە و ناتوانێ خودی بەرانبەر دەستەمۆ بکات، ڕام نەکردنی بەرامبەریش شکستییە بۆ ئەمی شاعیر و سەرکەوتنە بۆ ئەوی دڵدار، کێشەکە گرفتی ئەویندارییە و گرد کردنەوەی پارچە پەرتکراوەکانی ئەو پەیوەندییە، کە نە دەتوانێ وەك یەکەمین جار کۆیکاتەوە نە دەتوانێ دەستبەرداری بێ، قەیرانێکە بە نامۆبوونەوە دووگیانە و کەرتبوونی خودە و بە شێوەیەکی سروشتییانە چاو هەڵناهێنێ و لە دایك نابێ، بۆیە ناچارە نەشتەگەری قەیسەری بۆ دەکات بە مەرجی مانەوەی خۆی و لە ناوچوونی ساوای ئەوینیان، ئەویش بە مردن و شەهیدکردنی بەرامبەر دێتە ئەنجام، هەر لە سۆنگەی بیرەوەری گەرمی ئەو ئازارەوەیە بە ساردییەوە بە دڵێکی شکاوەوە لە کێشی ئەزموونەکە کەمدەکاتەوە و بەهاو نرخی ئەویش بە کەم سەیر دەکات ئەو هەستەشی لێ زەوت دەکات وەك پیاوێك بە خۆیەوە بنازێت، کە ئافرەتێکی گیرۆدە کردووە، ئەم زووتر لێی دێتە دەست و تەفر و توونای دەکات و کاڵی دەکاتەوە بەوەی دەڵێت" لەوانەیە وەك شریتێکی ڕەش و لارەوەبوو لەسەر وێنەی ئەم ئەزموونە داتنێم، چ ڕقێکی پیرۆز پەیرەو دەکات، کاتێ بە ساردییەکەوە سەرخۆشی لێ دەکات خۆی لە مردنەکەی نەبان دەکات، ئینجا بەوپەڕی دڵڕەقییەوە بە زمانی عەقڵەوە لە پرسەی ناوەختی ئەویندا لە تراژیدیای لەیەك دابڕاندا، لە خوێن بەربوونی خەیاڵدا لەسەر جەستەی ڕیاڵدا بە ناچاری پشت لە هەموو شتێ دەکات و لە قوربانییەوە دەبێت بە

جەلاد و دەڵێت" شیفات لە مندا نییە. بە روویەکی تر تۆیش خۆت لەودا دەبینییەوە شیفات لەودا نییە و تۆڵە لە خودی خۆیت دەکەیتەوە و ئەمەش دووفاقی و ڕووە نامۆبووەکەی ئەوینە، پەردەپۆشکردنی خەیاڵە لە ئاست پێدراوەکانی هەنووکەدا..

تۆ ناتەواویت هەیە لە ئەندازیاری دەربازبوون و
هێمنی ئاشتی کە دەمێ دەگەڕێمەوە
ناو خەیاڵکانت [12].

شاعیر بە دریژایی هۆنراوەکە لە چوار وێنەی جیاوازدا بۆ خودی خۆی تەنیا کەم وکوڕی بەکاردەهێنێ، کە ئەمەش بڕوانامەیەکە دەشێ هەندێ جار شانازیشی پێوە بکات، لەبەر ئەوەی کەم و کوڕی بەلای ئەمی شاعیرەوە سروشتە و لە گوناە بەدەرە و شوێنی لە خەیاڵ و دڵدایە و ئامرازەکانی ڕیاڵی بەدەستەوە نییە تا سەربەستانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، پێچەوانەی ناتەواوی کە شاعیر لە سێ وێنەی جیاوازدا ڕووبەڕووی دڵدارەکەی دەکاتەوە تا پتر لە تاوانەکان بیگلێنێ بەوەی پیادەکردنی چەمکی ناتەواوی لە ڕیاڵەوە سەرچاوەی گرتووە بە ئایدلۆژیەتێکی باوکسالارییەوە گەمارۆ دراوە، نەك بە خەیاڵ و خورپەکانی دڵ، کە لێرەدا ئەوین دەتوانێ بە گیانێکی مەعریفی ڕەهاوە گوزارشتی لێ بکات. پشتبەستن بە ئایدلۆژیا و ڕەهەندەکانی ڕیاڵ، واتە جێ لەفکردنی پێگەی ئەوینە، کە لە خەیاڵدایە و لە ڕیاڵدا دەستەبەر ناکرێت و لاقەکردنی هەستە پیرۆزەکانیەتی شەڕی ئەمی شاعیریش داکۆکی کردنە لە هەستی پیرۆزی ئەوین، بۆیە راستەوخۆ بە ڕووتەقی پێی دەڵێت تۆ ناتەواویت هەیە نەك بە درك نەکردن و نەخوێندنەوەی ئەو هەستە، بەڵکو بە پیلانگێڕی و هەوڵدان بۆ خۆ ڕزگارکردن و پێشێلکردنی ئەو

هەستە، کە تێیدا سەرکەوتوو نیت و نابیت، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەی کە ئەزموونی ئەوینداری بە هزر و ئاوەز لە بێژنگ دەدەیت و ڕیاڵ سەر دەخەیتە سەر خەیاڵ، بەڵام کاتێ لە خەیاڵەکانت ورد دەبیتەوە، کە منی بۆ دەگەڕێمەوە ئەوسا هەست بە سەرفرازی و هێمنی دەکەیت، هەڵگرتنی ئەزموونەکانی ڕابردوو لە خەیاڵدا هەنگاوەکانی هەنووکە لەبار دەبەیت، نۆژەن نەکردنەوەی تۆڕی پەیوەندییەکانە بە ئاشت نەکردنەوەی بەرامبەرەکەی، قایلکردنی خود و شکاندنی تینوێتی خۆشەویستی بە ئاوی تۆڵە، سزایەکی تاك ڕەهەندی هەڵدەگرێت، بەوەی نایەتەوە ناو ئەرزی ڕیاڵ و تەنیا دەیەوێت لە خیاڵدا گوزەران بکات و ببێت بە وەهم و سەرێشەیەکی بێ شیفا، یان شیفایەکی بەسەر ئێشە، لە تیشکۆسازی گێڕانەوەی ئەم ئەوینەدا دەتوانین لای خۆمانەوە بگەینە ئەنجامێك، کە گوڵاڵە نوری تا سەر ئێسك پیادەی ئەوینێکی بووناگەرایی دەکات، بەوەی وەك تاك ئەوینداری بەلاوە گرنگە، چونکە ئەم ئازادە لە پیادەنەکردنی ئەوین بە جۆرێکی پراکتیکی ئەم تەنگژەی بەرانبەری بەلاوە گرنگ نییە بە هەڵواسراوی بیهێڵێتەوە، ئەم مریدی (سارتەر)ە و گوتەزاکەی بەجێدەگەیەنێ، کە دەڵێت" (من خودی تۆم خۆشدەوێت، تۆ پەیوەندیت چییە)[13]. ئەمەش لووتکەی ناتەواوییەکانە، کە هۆنراوەکەی کردووەتە هۆنراوەیەکی بازنەیی و لە دەوری ئەم هەسارەدا بەردەوام دەخولێتەوە.

**ژێدەرەکان:**

1 ـ ئـەزموونی خوێندنـەوە چـەند لاپەڕەیـەکی ڕەخنـەیی ـ نـەوزاد ئەحمـەد ئەسوەد ـ لا 28 سلێمانی - 2006.

2 ـ ت س اليؤت ـ ترويض نـص ـ حـاتم الصطر ـ ص 52 هيئـة عامـة للكتـاب المصرية — 1998.

3 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ـ لا 52.

4 ـ هۆنـراوەی ناتەواوییەکان ـ گولاڵە نوری ـ وەرگێڕانی بورهان ئەحمەد.

5 ـ مشكلة الحب ـ د زكريا إبراهيم ـ مكتبة مصر ـ ص 258.

6 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ـ لا 540.

7 ـ ئیمان و جەنگاوەرانی ـ بەختیار عەلی ـ لا 38.

8 ـ هەمان سەرچاوەی ـ ژ 4 .

9 ـ لە نێوان بلیمەتی و شێتیدا ـ هاشـم ساڵح و نـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد لا (4) سلێمانی — 2002.

10 ـ هەمان سەرچاوەی ـ ژ 4.

11 ـ انثي ضد انوثة ـ جۆرج ترابيشي ـ ص 203.

12ـ هەمان سەرچاوەی ـ ژ 4.

13 دراسات حول فلسفة وجودية ـ د عبدالرحمن بدوي/ 1980- لبنان.

# جێکەوتی چییایەتی خود
# لە یادگای کچێنیدا

گوزارشت کردن لە شیعر گوزارشتکردنە لە ژیان بە هەموو پێدراو و شتە شاراوەکانییەوە، ئاشکراکردنی سیحر و جوانییەکانە، شیعر زمانی هەست و خوستە لە ڕێگەی درك کردنی دەرکەوتەکانی دەرەوە پەرچەڤە دەبێتە ناو خود، سیمایەکی تاك ڕەهەندی لەخۆ دەگرێ و خەسڵەتی ئەزموونی تاکمەندی دەپارێزێ، بە جێکەوتی داکەوتەکانی ڕیاڵ لە هەنووکەدا تەلرێژ دەکرێ، چونکە" ئەگەر بمانەوێت شیعر شتێکی مەزن بێت، بابەتەکەی هەرچییەك بێت، پێویستە پەیوەندی بە ئێستاوە هەبێت، لە زەیندا گوزارشت لەو شتە زیندووە بکات، کە لێوەی دەردەچێت، ئەو زەینەش کە وەریدەگرێت، جەستەی لە هەر شوێنێك بێت دەبێ گیانیشی لەوێ بێت[1].

کەواتە دەکرێ بڵێین کە دەقی شیعری پێگەیەکی فراوانتر لە خۆ دەگرێ بە بەکارهێنانی خوازە (میتافۆرم)و لێکچواندن تا مانایەکی زیندووتر و ڕوویەکی درامی ببخشێتە دەرهاویشتەی بابەتە دەرکییەکان، کە بەر دەرکەوتەکانی هەست و نەست دەکەون، ئەمە جگە لە لکاندن و ڕام کردنی بابەتە ناوەکییەکان، کە وزەی خەیاڵ جۆش و خرۆشی دەکات، بەم کردەیەش وێنەی شیعری فەراهەم دەکات، نیشتەمەنی زامی هەستە

هەڵپساردراوەکانی نەست سارێژ دەکات، بێ لە چاوخەڵتاندن بە سەلیقەوە مەبەستە شاراوەکان ئاشکرا دەکات، کێشانی وێنە لە شیعردا لەپێناو کارتێکردنێکی باشترە لە تەك ئەو دەرکەوتانەیە، کە ڕووبەڕووی خود دەبنەوە، لە سۆنگەی ئەوەی "شیعر بیرکردنەوەیە بە وێنە"[(2)].

یەکەم هەنگاو لە ئەفراندنی وێنە ئەوەیە، کە شاعیر خۆی گرێدات بەو شتانەوە، کە خولیای هەستەکانییەتی، تەبا و ئاشناو وەڵامدەر بێت لە چوارچێوەی ڕۆنان و ئەجینداى هزریی، دۆزەکان هەر شتێ بێ شاعیر دەتوانێ وێنە دروست بکات، بەو مەرجەی ئەو شتە وەك پێویست ناسنامە و هەلگری خەیاڵەکانی بێت، تێڕوانینی شاعیر چارەسەرێکی خەیاڵییە بۆ هەژموونی کەرەستە و پرەنسیپەکانی بیرکردنەوە.

شاعیر شت وەك خۆی نابینێ، ناتوانێت سەرنجەکانی چڕ بکاتەوە، گەر هەستی وابەستە نەبێ بەچڕکردنەوەی پەیوەندییەکان و خوێندنەوە و ڕاساندنی پێدراوەکان، گشت ئەمانە پێداویستییەکی هاندەرانەیە بۆ بەکاربردنی خوازە، تا شاعیر بتوانێ بە ئازادی گوزارشت بکات لە پەیوەندی نێوان خودی خۆی و هەست و نەستەکانی، بەم کردەیەش وێنە تەنیا بابەت دروست ناکات، بەڵکو بابەتێ فۆرمەڵە دەکات، کە پێکهاتە بێ لەناو یادگاە و ئەزموونێکدا، کە شاعیر لە نێویدا گۆش کراوە.

کتێبی "غەمە چەتراوییەکانی باغچەیەك هەنار و کچێنی"[(3)]، کە لە دوو کۆمەڵە شیعر پێکهاتووە، بەناوەکانی "نامیلکەیەك بۆ خەیاڵە ڕاماوەکان"[(4)]. "پیاڕسکەی کچێنی و ئاوێنەی شەرمێك"[(5)]. (هەوار خزرزادە " شەڤگەش")ی شاعیر نووسیویەتی و لە (121) لاپەڕەی مامناوەند پێکهاتووە، شیعرەکانی بە زمانێکی تۆکمە و پوخت لە ڕێگەی وێنەی شیعرییەوە بە سەلیقەی هەستێکی بێ غەش و غایلەوە گوزارشت لە جیهانە

داخراوەکەی ڕەگەزی مێینە دەکات، لە ڕەنگدانەوەی ئەو فاکتانەی، کە بووەتە ئەو پێدراوانەی، کە پارادۆکس لە ئایدەفۆنی باوکسالارییدا دروست دەکات و شەرمەزاری دەکات، شاعیر بە وێنەی سەیر و بە هێماو بە دەرچەی خەیاڵێکی قووڵتر لە ناو کۆی گێڕانەوەدا نەسکێك لە بیرۆکەی نارۆشن بێ پاساو بەکاوە خۆ لە دەلاقەی هەستەکانییەوە ڕەتی دەکات، ئێمە بۆ ناساندن و ئاشنابوون لە نزیکەوە دەکرێ وەك نموونە چەند کۆپلەیەك لە شیعرەکانی وەرگرین، لە سەرەتادا لە "نامیلکەیەك بۆ خەیاڵە ڕاماوەکان"دا دێینە ویزەی چەند گرتەیەك لە هۆنراوەکە، ئەوەی دیارە ئەم هۆنراوانە لە چەندین گرتە پیکهاتووە، کۆی گرتەکان (62) گرتەی جیاوازن، هەر گرتەیەك وێنەی خەیاڵێك ڕووماڵ دەکات، ڕووپێوکردنی ئەم گرتانە لە (2) گرتەوە دەست پێدەکات تا گەورەترین گرتەی، کە خۆی لە (16) گرتە دەدات و بە (7) ناوبڕ سەرجەم گرتەکان گرێ دەدات بە ناونیشانەکەوە.

ناونیشان یەکەم بەرکەوتن و پەیوەندی لە تەك وەرگردا دروست دەکات، کلیلە بۆ کردنەوەی دەروازەی دەق، ناسنامە و شووناسە بۆ چوونە نێو جیهانی فاکتە هەمەڕەنگەکان، ڕاییکردنی خەیاڵ و ڕووماڵکردنییەتی بە نادیارێکەوە، کە شاعیر بە (ڕاماو) ناوی لێدەنێت، بەمەش وەرگر بە تەوژمێکی لاپەرەسەنەوە کەمەندکێش دەکات، شاعیر زیرەکانە توانیویەتی لە ڕێچکەی لێکچواندنی وێنەیەکی سروشتییەوە پەیامێکی خودی بگەیەنێتە وەرگر، هەستکردن بەو وێنەیە وابەستبوونێ لە نێوان دوو ڕەگەزدا فەراهەم دەکات، یەکەم لە ئاست هەستکردن و هێز و ڕەقایی ئەو بارودۆخە، کە خودی شاعیر وەك ئافرەتێ پێوەی دەناڵێت لە سۆنگەی هەستکردنی بە نامۆبوونێکەوە، کە مەحاڵە بەرکەوتن لە تەك دەرکەوتەکانی دەرەوەی خۆیدا بکات، ئەم وەك بوونەوەرێکی هەستیار و بەخشندە وەك ئافرەتێ

خۆی بە زەوی چوواندوە، بەرابەر بە ئاسمانێکی دڵڕەق و نادادوەر و گیر، کە وەك هێمایەك بۆ نمایشکردنی ڕەگەزی نێر بەکاری هێناوە، کاتێ ئاسمان دەکاتە دالەیەك بۆ نامۆبوونی ئەمی ئافرەت، کە مەدلولی پاشینەی قوربانی هەژموونێکی سپێنراوە، کە لە دەستی ئەمدا نییە و هەرگیزیش لە یەك ناگەن، دوو دنیای جوودان دەکرێ لە ڕووی سوبیکیتەوە تەواوکەری یەکتر بن، وەلێ لە ڕووی ئۆبیگتەوە مەحاڵە تەبایی و ئاشنا بوون لە نێوانیاندا پەراکتیزە بکرێ، دوالیزمەی ئاسمان و زەوی زەفکردنەوەی جیاوازییەکانیان، دەکرێ لە گۆشەنیگایەکی تاك ڕەهەندییەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین، بەوەی نامۆبوون خۆی لە خۆیدا حاڵەتێکی تاکاندن پەیڕەو دەکات، لە یەك نەگەیشتنی لێدەبێتەوە، ئەم لەیەك نەگیشتنە و بەیەکداچوونەی ئەم دوو جیهانە هەرچەندە تەواوکەری یەکترین، هاوکێشەیەکە بە هیچ نۆرمێك پۆلێن و بژار ناکرێ، لە ئاستی دووهەمدا جێکەوتی ئەو بارە دەروونییە لە وێنەیەکی باودا زیندوو دەکاتەوە و پاساو و پاکانە بۆ تێڕوانینەکەی دەکات، هاوبەشێکی گەردوونی بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، خەیاڵی دەخاتە گڕ و لە ئاقارێکی گەورەتردا ڕایەڵەی ڕەنگەکان بە دوای خۆیدا دەهێنێ ڕەتووشی دەکات، بەوەی شاعیر وەك بوونەوەرێکی خود ویست (نرجسی)ی تەشەر لە سەرجەم تیڕوانین و ئەفسانە دێرینەکانی پێشینان دەدات و یاخیبوون و نامۆ بوون لەگەڵ کەلتووره کۆنەکاندا ئەنجام دەدات، بەوەی ئەم وەك ئافرەتێ هەڵساوە بە پرۆسەی ڕەخنەگرتن ئەو تێڕوانینە باوەی، کە لە میراتی زۆربەی کەلتوورەکاندا هاوبەشە بە ستەم کردن بە بەرامبەر بە ئافرەت، کاتێ ئافرەت وەك بوونەوەرێك بە زەوییەوە دەچوێندرێ و پیاویش بە ئاسمانەوە، یان بەوەی ئافرەت بوونەوەرێکی مادییە و پیاویش بوونەوەرێکی هەواییە، بەم پێیەش بەهای پیاو بەرزترە و نزیکترە لە

پێمێرد و فریشتەکان و سەراپا گیرە، پێچەوانەی ئافرەت کە لە زەوییەوە نزیکە و نسکەیەکە لە سەراپاگیر، یان لە پیاو، (هەوار) وەك داکۆکیکەرێکی ڕەگەزی مێینە بە ناچاری پێ لەم چەمکە دەنێ، بە کردەی هەڵمژین مامەڵە لەگەڵ دەقی دیکەی نا ئامادە دەکات و بە جۆرێکی تر بیرۆکەکانی پێش خۆی دەخاتە ڕوو و دەقاوێزان ئەنجام دەدا، بەوەی ئافرەت زەمینە و بەشە و ڕەگەزی نێر گشتە، وەك چۆن زەوی لە هەناوی ئاسماندایە، ئاوهاش سەرجەم نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ئافرەت لە هەناو یان لە ملی پیاودایە.

هەر لە سۆنگەی ئەو بۆچوونە چەوتەشدایە بە ئاشکرا هەستی نامۆ بوونەکەی دەتەقینێتەوە، لە وێنەیەکی هەمیشەیی و زیندوودا چڕی دەکاتەوە، وێنەیەکە کە هەرگیز هیچ لایەکیان بە هیچ پێچێك بە لایەکەی تر ناگاتەوە، نە زەوی بە ئاسمان نە جیهانە داخراوەکەی ئەم بە کرانەوەی جیهانە داخراوەکەی دەرەوەییدا، ئەم تۆراندن و دابڕانەی خود لە ناوەوەدا ڕاساندنی ڤیزای نامۆ بوونەکەیەتی بەرامبەر بە پێدراوەکانی دەرەوەی سنووری خۆی.

ستەمکاری ڕەگەزی نێر بێ ئومێدییەکی وای سەپاندووەتە سەر ڕەگەزی مێ، بە چەشنێك تووشی ڕەشبردنەوە و بێهوودەیی بێ بڕوایی هاتوون، گەر بە ئاستەم چاکەیەك یان میهرەبانییەك بنوێنن، مەحاڵە هەر دەبێ وەك دەرئەنجام لە دواجاردا قێزەوەن و لە ناو ناشیرینیدا نوقمی بکەن، هەر لە هەمان شیعردا لە دوای ناوبڕێکەوە دیسانەوە دێت لە وێنەیەکی شیعری تردا گەمەی خوی دەکات، هێڵکاری هەردوو ڕووی وێنەکە لە تابلۆیەکدا کۆدەکاتەوە.

لە یەکەمدا هەستێکی خودی نەبینراو، وەلێ درك پێکراو پەرچەڤە دەکاتە سەر وێنەی دیاردە بینراوەکانی دەرەوە، تا وەرگر نزیك بکاتەوە لە بنەماکانی چەمکی تێگەیشتن و ڕۆچوون بۆ ئاشنابوون و بەکاربردنی دالەکان و پەراکتیزەکردنی مەدلوولەکان لە چوارچێوەی کێشانی وێنەی نامۆبوونەکەی.

لە وێنەی دووهەمدا پەردە لەسەر نزیکترین ئەو ئامرازانە لادەدات، کە وێنەی دیاردەکانمان بۆ دەگوازێتەوە، کە چۆن وەك دەرئەنجام دووچاری نارەحەتی و ئازار دەبن، وێنەکە بارگاوییە بە کۆمەڵێ ڕەهەندی تراژیدی، گەر خوێن بەربوون فاکتەر و نیشانە بێت بۆ بریندار بوونی جەستە، ئەوا بە هەمان شێوە فرمێسك ئاماژەیە بۆ برینداربوونی هەست و ناشیرین کردنی گرتەکانی دەرەوە، پەیامێکە بەدوو دیودا، دەکرێ پۆلێنی بۆ بکەین، یەکەم بە گەیشتنی لووتکەی درك کردن بە خۆشییە چاوەڕوان کراوەکان، دووهەم بە گەیشتن بە لووتکەی خەمەکان، دوالیزمەی خەم و خۆشی دوو دیوی دراوێکن و بە دوو ئاراستەی جیا دژە یەك کار دەکەن، بە پێی تیۆرەکانی دەروونناسی لە لووتکەدا دەبنەوە بە یەك سەرچاوە، بەڵام ئەوەی جیاوازی فەراهەم دەکات لەناو کۆی دەقدا ڕێگەیەکی دیکەمان بۆ خۆش دەکات و تێڕوانینمان بەرەو ئاراستەیەکی دیکە دەبات، ئەوەیە (هەوار) بۆ ئەوەی ئەو وێنە ڕاستەقینەیە بەرجەستە بکات، جگە لەو ڕاستگۆییەی کە ئەرکی دوو ڕوویەکەی سپاردۆتە فرمێسك و نۆرمێکی تر بۆ باڵای دەق، دەگرێ دەروازەیەکی دیکمان لە بەردەمدا والا دەکات، ئەویش بە وێناکردن و لێکچواندنی خەمە، کە وەك فلتەرێ وایە بۆ پاك کردنەوە و جوانکردنی مرۆڤ، مەبست وێنەی شیعریی لێرەدا زیاتر لەمەڕ بەهاو پایەی مرۆڤە، نەك جوانی لە سەر و ڕووخسار، چونکە شاعیر بیرۆکە ناهێنێ تا بۆ

وێنەیەکی شیاو بگەڕێت، بەڵکو لە ڕێگەی وێنەوە بۆ فۆرم بیرۆکەی جوان دێت، بەهەر حاڵ چۆن ئاسن بە ئاگر خۆشدەکرێ، مرۆڤیش کە خەم بەهاکانی جوانکرد خویشی جوان دەبێت، هەر ماکی ئەم خەمە پیرۆزەیە، کە ئازار دەبەخشێتە ئافرەت و زۆربەیان دەکاتە ئەوەی لە هەڵگرتنی خەسڵەتی (سادینیزم) وە لە ناوەوە و لە ڕوخساردا سیحری جوانییەکەیان بپارێزن.

لە هەمانکاتدا گەر ئافرەت سیمبولێك بێ بۆ چاو، کە دنیای لێوە دەبینرێت و بینایی هەیە و پێوەرێکە بۆ ناساندن و گەشەکردنی کۆمەڵگە، ئەوا بە ستەم و خراپەکاریی ئازاردانی ناوەکی و دەرەکی ئەو وێنەیە شوێندراوە و لێڵ کراوە لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە، کە بە لاچەنگ ئاماژەی بۆ کردووە، لە ئاست پراتیکدا پارادۆکس پیادە دەکات، پەیوەندییەکی پێچەوانەوە دوور لە لێپرسینەوە ئەنجام دەدات، بەوەی ئافرەت چەند زیاتر نسکۆ و چەوساوە بێت ئەوەندە پیاو گەشە دەکات و کەیفساز دەبێت و گۆشت دەگرێ بە ئازاردانی توخمەکەی دیکە کە ئافرەتە، کە دەبێت هاوبەش و هاوڕێی پیاو بێت، لە ئاستێکی دیکەدا، (هەوار) چونکە خۆی (سادینیزم)ە، بە شیوازێکی تر پێمان دەڵێت کە سەرجەم ڕەگەزی نێر(ساشیۆلیزم)ە و بە لەزەت لە ئازاردانی بەرامبەرەکەیان هەست بە بوونی خۆیان دەکەن، گریانی ئەوان خۆشی ئەمانی لێدەکەوێتەوە و بەپێچەوانەشەوە هەر تەواوە، پەیوەست کردنی پەیوەندی نێر و مێ و گرێدانی بە هاوکێشەیەکی داخراو، کە دژە وابوون بنەمایەتی و هیچی نەهێشتووەتەوە بۆ ئەگەری سێیەم، کە لە دڵنەوایی و ئاشتبوونەوەی هەردوو ڕەگەزدا بەرجەستە دەبێ، بەڵام گەر ئافرەت چاو بێت و ڕوانینی لێوە ئەنجام بدرێ، پیاویش لاچەنگ و ڕووگە و ناسنامەی ڕووە، ئینجا سەرنج بدە بزانە سروشت چ وێنەیەکی فانتازی

فەراهەم دەکات، چ سیحر و ئاشتەواییەك بەرهەم دەهێنێت لە ڕوانین و ڕووگە، ئایا دووانەی چاو و ڕوو بێ یەك هەڵدەکەن!

یان چەندایەتی و چۆنایەتی خەم و خۆشییەکان ڕێك دەخەن، هەر وەك ئەوین چۆن پەیوەندی نێر و مێ لە چوارچێوەیەکی مرۆییدا ڕێك دەخات، بەهەر حاڵ ئەم شیعرە بە سەرجەم داتا و پێوەرەکان سەرکەوتووە بەوەی قسە لەسەر خەم دەکات، هەروەك هاوسمان دەڵێت: "گرنگی شیعر لەوەدایە خەمەکانی جیهان ڕێکدەخات"(6).

نامۆم

چەندە نامۆم

لەو ئاسمانیانەی کەوا لەسەر زەوین

تاکو دڵۆپە بارانێکیش نوقم کەن

***

چ ئەسرینێکی دووڕوویە

کە چاوەکان لێڵ و لێڵ تر و

لاچانگ ڕوون و گەش تر

لە بەشی "پیاڕسکەی کچێنی و ئاوێنە شەرمێك" پارچە شیعرێك وەردەگرین و دەیکەینە ئامانجێك بۆ گەیشتن بە مانا و چەمکی وێنەی شیعریی، شاعیر خەیاڵ دەکات و دەنووسێت و وێنە دەکێشێت تا پەنجەنۆمای دیار بێت لە گۆڕینی دیاردەکان لە سروشتەوە بۆ دەق، ئەمەش لە ڕێگەی زمانەوە بە سێ جۆر پەیڕەو دەکرێت، گوزارشت، نواندن یان بە گەیاندن ئەنجام دەدرێت، هەندێ جار لە ئاستێکی دیکەدا، دەکرێ مانایەکی نوێ پێ ببەخشێت جیا لەو مانایەی، کە لە سیستمە ڕەسەنەکەی پێشوودا

هەیبووە بەم کردارەش شاعیر پەنا بۆ (کۆد) یان بۆ (خوازە)دەبات تا ئەرك و فەرمانێکی تر بخاتە ئەستۆی ڕەگەزێك و بیکاتە هێما و گوزارشت لە بۆچوونەکانی بکات، تەتەڵەی هەستەکانی بکات و ئەو بارگرژییەی دەروونی خاوبکاتەوە و لە ڕێگەی خوازە و زمانی شیعرییەوە پەیامەکەی بگەیەنێتە وەرگر، چونکە"خوازە خەسڵەتێکی بنەڕەتی زمانی شیعرییە"[(7)].

شاعیر هەر لە دەستپێکی شیعرەکەیدا ئاماژە بە وشەی شەو دەکات، وشەی (شەو) خواستراو و بژێرێکی بێ پاساو نییە، بەڵکو بانگشەیەکە، کە دەکرێ لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوە تێوەی بگلێین، گەر ڕۆژ دالەیەك بێت بۆ بینین و ئاشکراکردنی دیاردە و پێدراوەکان، ئەوا شەو مەدلولێکە بۆ شاردنەوە و نەبینینی دیاردە و پێدراوەکان، شەو دوا وێستگەی لێپێچوونەوەی بەسەرهاتەکانی ڕۆژە لە بێژنگدان و پۆلێن کردنی خولیا و حەزە چەپێنراوەکانی ڕۆژە، پێداچوونەوەی خودە و دەرخستنی سەرجەم حەزەکانی مرۆڤە، لە ساتەوەختی شەودا لە تەنیاییدا، کاتێ شاعیر هەست بە نووتەك و تاریکایی دەرەوە دەکات و لە وێنەیەکی شیعریدا چڕی دەکاتەوە و لەگەڵ خودی خۆیدا بەراوردی دەکات و تەباییەك و هاوپەیمانێك لە هەردوو وێنەی دەرەوە و ناوەوەدا فەراهەم دەکات، هەر ئەمەشە ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات بڵێین ئەو شەوەی شاعیر باسی لێوە دەکات شەوێکی ئاسایی نییە و ئەرکێکی مەزنی پێ سپاردووە، شەوی لابردنی پەردەیە لەسەر شتە نەهێنییەکان و چێژ وەرگرتنە لە خاڵیکردنی ویستەکانی خود، پێلێنانە بە یادگای لەزەتی ئەوینێکی بەسەرچوو، تام و کامی جەستەیی، کە دەرئەنجامی ئەزموونی خۆشەویستییە، لای شاعیر پاکترین شەرمە بە شکاندنی ریتواڵە باوەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی، پەراکتیزە نەکردنی خەون و حەزەکان لە دەرەوەدا جێکەوت و پێگەیەك لە

ناوەوە دروست دەکات و بەم پێیەش دەکرێ پەیوەندی ئەو ئەوینە بە ڕامکردن و سەپاندنی دەسەڵات لەناو کایەی خود دا قەبارەیەکی گەورەتر لە خۆی وەرگرێ، وەك پەرچەکردارێك خاوەنەکەی تووشی بەدگۆڕان بکات، بە سڕینەوەی خۆی لەناو ئەوی بەرامبەردا، ئەوی دڵداردا، ئاشکرا بوونی خود لە بەرامبەر ئەوی دڵدار بەوەی بووەتە بابەت، هەستکردن لەم گۆشەنیگایەوە ڕایەڵەی شەرمکردنی توندتر پتەوتر دەکات، شیمانەی درك کردن بە هەبوون بنبڕ دەکات، لە ئاستێکی دیکەدا بە دەنگەوەچوونی داکەوتی ئەم ئەوینە هەوینی کێشەو دژەوابوون لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێ، نا لە سۆنگەی ئەوەی هەڵە و شتێ نابەجێی ئەنجامداوە، بەڵکو کردەی ئەوین خۆی لە خۆیدا دەستکورتە بە کاڵفامی حاڵی نەبوون تێنەگەیشتن لە بوونی من وەك مرۆڤ و وەك ئافرەتێ، هەست کردن بە چەمکەکانی بەهای بوون و ستاتیکای خوێندنەوەی وێنە و فاکتەکانی دەرەوە، پەرچەڤەکردنی لە ناوەوەدا دەکەونە ژێر فشار و هەڕەشەی سڕینەوە و خاڵی بوون لە ماناکانی بوون، کاتێ وەك سەراپا خۆی ڕادەستی ئەوی دڵدار دەکات، چونکە" بوونی خۆی کردە قوربان ئەوی تر"[8].

بە مانایەکی تر بە ئامادەبوونی ئەوی دڵدار هەست بە مانای بوون دەکات، هەبوونی ئەو سەلماندنی ئەمە، بە نەبوون و نا ئامادەبوونی ئەو ئەم بوونی نییە و نەك ئەوە، بەڵکو سەراپا دنیاش بوونی نییە، بەئامادەبوونی ئەو مانا بۆ شتەکان دەگەڕێتەوە بە نا ئامادەبوونیش شتەکان مانای خۆیان ون دەکەن، "کەسێك لەبەر دیدەی چاوەکانتدا ون دەبێ. گێتی لە چواردەورتدا لێدەکەوێت"[9].

ئەو دڵەڕاوکێیەی ئەوی دڵدار دروستی دەکات لای ئەمی دولبەر، بە سەرجەم ڕێساو پێوەرەکان پەشێوییەکی ئەنتەلۆژییە، بە ئامادەبوونی دڵدار دەتوانێ

ڕیالْ لە وەهم، ڕاستی لە گومـان جیابکاتـەوە، دوورکەوتنـەوە نـا ئامـادە بـوون ئەوی دلْدار لەسەر شانۆی هەستی ئەمی دولبەر جارێکی تر بێـدەنگی کانگـای خـودی وشـك و بـێ گیـان و بـێ نـاوەڕۆك دەكـات، وا دیـارە (هـەوار) وابەسـتبوونێ لـە نێـوان ڕەگـەزی هەسـتی لـە هێـز و توانـای وێنەیەكـدا بەرجەسـتە دەكـات، گـەر لـە ڕوانگـە و دەرکەوتـەکانی دەرەوەدا خـۆی وەك جەستە بە تابلۆیەكی بێ ناوەڕۆك بێمانا سەیر بكات، لە ناوەوەیشدا بـە درك كردنـەكانی خـود خـۆی بـە ئاوێنـە دەچـوێنێ، ئـەوەی لـە بزاڤـی مانـەوەدا ماوەتـەوە پـەرە بـە ژیـانی دەدات و لـەنێو خـەون و خـەیالْی بـە یەكگەیـشتن دەیهێنێ و دەیبا جێكەوتی ئاساوەرێکی پڕ لـە سـیحر و نـەهێنی ڕامووسـانێکە لـە یادگـای کـچێنیدا وەك جۆلانـە دێـت و دەڕوا، ئـەمینێ و نـامێنی دەیشاریتەوە و ئاشکرای دەكات، بـە نـەهێنی و سـەمای مـەرگ و مانـەوەی بـۆ دەكات، لە ئاستێكی دیكەدا (جۆلانە) سیمبوولێكە بۆ نـەبوونی سـەقامگیری و ناڕەحەتی، ترسـە لـە چاوەڕوانی و نـا دیـاری ئایندەیـەكی ناڕۆشـن، ترسـە لـە دوارۆژ، کـە هـەر تـەنیا و بـە تـەنیا بمێنێتـەوە، بـێ ئـەوەی بگـات بـە دلْخوازەکـەی و هاوسـەرگیری ئـەنجام بـدات، فاکتـەری سـەرەکی ترسـەکەی لـە هەسـتکردنە بـە تـەنیایی و بـە پـرۆژەی خۆشەویـستی، چـونکە "مـرۆڤ تـەنیا نەبێت ئاشق نابێت"[10].

ئەم شیعرە چیرۆكی ئەوینێكی ئاسایی نییە بە دەرهاویشتەی نـا ئامـادەبوونی دلْدار(هەوار) تەنگژەیەكی بووناگـەری فەراهـەم دەكـات، تەنگـژەی چیيایەتی خودی لەدەستچووە، پتر لەوەی تەنگژەی سۆز و هەست بێت.

جیـاوازی لـە تێڕوانینـەکانی کـوڕ و کـچ لـەوەدا پـۆلێن دەکرێـت، کـە "لـە گۆشـەنیگای ئافرەتـەوە ئـەوین بەختـەوەری و سـەقامگیری و ئاشـنای دەگەیەنێ، لە کاتێكدا لـە گۆشـەنیگای پیـاوەوە چـرکە لـەزەتێکی خێرایـە، لـە

ڕاستیدا پیاو (دینامیکیە) ئیرادەیەکە بەرەودوای بۆ نییە، نازانێ ئەمەك چییە، بۆیە سەیر نییە ببینین، کە زوو ئاشق دەبێت و زووش دەستبەردار دەبێ و واز دەهێنێ، لە کاتێکدا ئافرەت زۆر بە گرانی دەتوانێ پشت لە دڵخوازەکەی بکات و وازی لێبێنێ"[11].

ئەم شەو پاکژانەترین شەرمم

لە بێ وێنەیی تابلۆیەکی

بێ ناوەڕۆکدا

کە تەنیا و تەنیا

لە خۆم و ئاوێنەکەم دەچوو

بە قژی ئاڵەوە داچۆڕاو

نەهێنیترین چێژی لێوەکان

لە رازگەی* کچێنی

بە چرپەوە سەمای

ژێدەرەکان:

1. سي دي لويس ـ الصورة الشعرية. ترجمة د. أحمد نصيف الجنابي. مالك ميري. سلمان حسن ابراهيم/ الوزارة الثقافة والاعلام دار الرشيد ص 112.

2- الولي محمد. الصورة الشعرية في خطاب البلاغي والنقدي ـ طبعة الاولى 1990ـ الناشر مركز الثقافي العربي. الحمراء شارع جاندارك، خلف البنك العربي، بناية مقدسي. بيروت لبنان / أوكست ويليهام سليميل.

3 ـ هەوار خزرزادە "شەڤگەش" . غەمە چەتراوییەکانی باغچەیەك هەنار و کچێنی. چاپی یەکەم 1389 فارسی. چاپەخانەی ناسینح. تاران/ ئەم کتێبە لەلایەن موحتەرەم مەحەمەد ـ کراوەتە زمانی عارەبی بەناوی ـ الهموم المخيمة.

4 ـ هەمان سەرچاوەی ژمارە 3 / لە شیعری نامیلکەیەك بۆ خەیاڵە ڕاماوەکان. لا (56).

5 ـ هەمان سەرچاوەی ژمارە 3/ لە شیعری پیاڕسکەی کچێنی و ئاوێنەی شەرمێك لاپەڕە( 94 ).

6 ـ هەمان سەرچاوەی ژمارە 1 / هاوسمان لا (38).

7 ـ هەمان سەرچاوەی ژمارە 2/ جان کۆهین لا (273).

8 ـ مشكلات فلسفية ـ 5 ـ مشكلة الحب ـ د زكريا ابراهيم ـ مكتبة مصر ـ ص( 301).

9 ـ انثى ضد الانوثة ـ جورج طرابيشي (لامارتين ) ـ دار الطليعة- بيروت - 1984 . ص (131).

10 - هەمان سەرچاوەی ژمارە 8 - ریلکە- ص (306 ).

11 ـ هەمان سەرچاوەی ژمارە 8 - ص (289) .

★ ـ جۆلانە.

# نۆتەکانی تەنگژەی بوون

بەرایی..

"حەسەن جومعە" یەکێکە لەو شاعیرە گەنجانەی، کە بە هەست و نەستێکی شارستانییەوە مامەڵە لەگەڵ داکەوتەکانی ڕیاڵدا دەکات، بە ئایدەفۆنێك گوزارشت لە گۆشەنیگایەك دەکات، کە بارگاوییە بە تەنگژە و دژە وابوونییەکانی سەردەم، ڕاساندنی ئەمی شاعیر لەگەڵ دنیادا لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە وەك هیگڵ پشتڕاستی دەکات و دەڵێت:" لەگەڵ زیادبوونی ستەم و نالەباری و بڵاوبوونەوەی فێرکردن و گەشەسەندنی هۆشمەندی خود، نامۆ بوون زیاتر دەبێت[1]. ئەم نامۆ بوونە یەکێکە لەو خەسڵەتانەی، کە مرۆڤی ئاسایی لە مرۆڤی بەهرەمەند جیادەکاتەوە، بە تێڕامان و ورد بوونەوەی ئەمی شاعیر خوێندنەوەی بۆ ڕیاڵ، کە خوێندنەوەیەکی سەقامگیر نییە، تەماوییە بە کۆمەڵێ ڕەهەند و ئایدەفۆن و هزر و کاردانەوەی نەستی بەرامبەر بەو پێدراو و دەرکەوتانەی، کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، هەر جارە و بە هەستێکی نوێیەوە بە حەزو کام و خولیاوە هەوێنی گۆشەنیگای شیعرێك دەگرێتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە دەکرێ ئەوە بەرهەم بهێنێ کە خوێندنەوەی ڕاستەقینەی دەقی شیعریی تەنیا لە دەرگیری و یان هاوڕایی لە تەك ئەوەی دەخوێنیتەوە تەبا نەبێ، بەڵکو دۆزینەوەی خودە و تێڕامانە لە جیهانێکی نامۆ کە سەرجەم شتەکان تیایدا

ڕەسەن و تازە و پڕ لە سیحرە، شاعیر تەنیا کەسێکە دەتوانێ پارادۆکس یان بۆشایی و پرسیار لە کانگای دڵماندا یان لە دەرکەوتەو پێدراوەکانی دەورماندا وێنەیەکی سەرنج ڕاکێش فەراهەم بکات، شاعیر لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشە و گوزارشتکردن بە ستایلێکی خاکەڕایی و سروشتیانە دەتوانێ پێگەی خۆی لە پەنجەرەی دڵی وەرگردا بکاتەوە، هەر وەك پۆل دیمان دەڵێت" لە ڕێگەی خوێندنەوەوە بەرەو هەناوی دەق ڕێ دەبڕین، ئەو دەقەی لەگەڵ یەکەم هەنگاودا لەگەڵماندا نامۆ بوو، هەناوی دەق بە شکورانەی تێگەیشتن دەبێت بە سامانی خۆمان[2]. واتە دەبێ بە سامانی گشتی، بۆیە نابێ ئەدەب بە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە پەیوەست بکرێ، وەك ڕەنگ دانەوەیەکی ڕیالیستی ئەپستراکێت، چونکە ئەدەب لە بواری مەعریفەدا ئیش دەکات و ڕەهەندێکی ئاسۆیی فەراهەم دەکات، پێچەوانەی ئایدۆلۆژیایە کە لە ڕەهەندێکی ئەستوونیدا خۆی نمایش دەکات و بە ئاوەزێکی دیارکراوەوە پەیوەستە، ئەدەب و بە گشتی و شیعر بە تایبەتی خەیاڵ و فانتازیا شتی خودی دەخاتە سەر داکەوتەکان، شتێکی تازە ئافرێندە دەکات، بەم پێیەش ئەدەب نابێتە کۆپی ڕیاڵ، بەڵکو دەبێتە کردەیەکی هونەری و ستاتیکی، گەر لە بارێکشدا ببێتە مۆتیف بۆ خوێندنەوەی ڕیاڵ، ئەوا بە زمانێکی زیندووتر و گەشترو کاریگەرتر لە خودی ڕیاڵ خۆی ئەو کارە ئەنجام دەدات، کە بە ئەدەب شوناس دەکرێ، ئەدەب ڕیپۆرتاژ نییە. نۆرمی ئەدەب لە سەر ڕووبەری دەق و پێگەی هەستدا دەبێ، زەمینەو سیمای ستاتیکی لەسەر بوونی پانتاییەکانی ڕابردوو لکاندنی بە ئێستاوە بۆ سازدەکرێ، ڕەگەزەکانی سروشت، هەست و نەست، ڕابردوو، مرۆڤ، ئەوین و مێژوو دەکاتە بنەما و سەرچاوەی ئیلهام. لە ئاستی گووتراوی هۆنراوەدا، ڕوانین و هەڵوێستی خۆی بۆ خوێنەر بەرز دەکاتەوە،

لە ڕێگەی وێنەی شیعرییەوە بە ڕوونی و بەتاڵ و خاڵی لە گشت ئالۆزییەك، فەزا بۆ دەنگە جیاوازەکان فەراهەم دەکات و شوێن بۆ فرە دەنگی و فرە ڕەنگی خۆش دەکات، هەروەها سەیری ئایندە و پێش و پاش خۆی دەکات، نەخش و ڕەنگی تایبەتمەندی خودی دەخاتە سەر، بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری پێنووس کە تەشەرە لە جوانی و سروشت دەدات، ئەوەی داکۆکی لە ناسکی پێنووس دەکات و دەیهێڵێتەوە زمانی شیعرییە"زمانی شیعریی هەمان ئەو شتەیە کە دوێنێ پێی دەوترا میتافۆرم (مجاز)[3]. هەر لێرەشەوە "حەسەن جومعە" تا ئاستێکی دیار توانیویەتی سوودمەند بێ لە زمانی شیعریی و وێناکردنی گرتەکانی نەستی، بە ڕووتەقی و بە خەیالگەیەکی فراوانەوە گەمەی خۆی و گوزارشت لە بۆچوونەکانی دەکات، ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند هۆنراوەیەکی هەڵبژێرین کە جیاوازی دروست دەکات لە مانای شیعریی و وێنەیەکی جیاواز و شیاو دەڕەخسێنێ لە گواستنەوەی پەیام و گوتاری شیعریی، کە ئەمەش پابەندە بە هەڵماڵینی پەردە لە مەڕ کاریگەری دیاردەکان و خوێندنەوەی ماهییەت و ڕووپێو کردنی دەرکەوتەکانی هەست و هزری شاعیر، لەگەڵ ڕاستگۆیی لە دەربڕیندا، خەسڵەتی زۆربەی هۆنراوەکانی شاعیر کورت و تۆکمە و پتەون، مامەڵەی وشەو پەیڤ لای شاعیر وەك مامەڵەی پارەو پوول و بازرگانی کردن وایە کەمترین وشە زیاترین مانا، ئەمەش بە قازانجی دەقی شیعریی دا دەکەوێتەوە بە کورترین ڕێگەو بە کەمترین وشە مەبەست دەگەیەنێت بۆ نموونە لە هۆنراوەی (دڵم شکاوە!) گۆشە نیگای سەرەکی شاعیر بەرامبەر بە داکەوتەکانی شار هاوکێشەی پارادۆکسێ فەراهەم دەکات، لە وێنە شیعرییەکەیدا ڕادەستی فاکتەرەکانی ڕیاڵ نابێ، کە ئەمەش زەمینە بۆ هەڵوێستێکی نەرێیی خۆش دەکات، سڕینەوە یان ڕەشبردنەوەی خودە و

هەستکردنە بە بچووکی، بە مێگەل کردنی تاکە بەرامبەر بە گەڕەلاوژەی کۆمەڵ، مەرگە بە ڕێسای داخستن. خەسڵەتێکی ئەرێی هەڵدەبژێرێ بە دارشتنی ئەجێندای خۆ ڕاگرتن، یان بەرگری کردن و داکۆکی کردن لە خۆشنوودەکانی خودو خۆماڵی کردنی دۆزەکانی مانەوە، ئەو کردەیەی شاعیر دەیکات لە خۆ لادانێك زیاتر هیچی دیکە نییە لە سەرجەم جۆرەکانی قەڵەم بازی، ڕەتکردنەوەی ئەو هۆکارانەیە کە ئەو فاکتانەیان بەرهەم هێناوە، نۆستالجیایی هیچ ئەوینێکی تیا بەدی ناکەین، کە بۆن و کامی ژیانی لێبێ، بە پێچەوانەوە بە دەساورد نیکرۆفیلیایەکی سەپێنراوە لەسەر خودی شاعیر، ئەوەی بە های شیعرەکەی کرپیوەتەوەو لەنگەری پێ گرتووە.. شاعیر بە گریمانە کارەکەی ئەنجام دەدات و دەڵێت ئەگەر بڕۆم، ئەم دراوەش بە مانای مانەوەیەتی لە هەنووکەدا، گوزارشت کردن لە تێزی ڕۆیشتن، کردەی پرۆسەکە فەراهەم ناکات، بەڵکو ئاگاداری پێشهاتە نەخوازراوەکانی دەکات، بۆیە پێچەوانەی داواکراوەکەی دەیسەلمێنێ بە نەڕۆیشتن و مانەوە و بەرهەڵستی کردن، لە لایەکی دیکەوە دەتوانین ڕایەڵەی بۆچوونەکانمان فراوان بکەین بە ئاشکرا کردنی دوالیزمەی ڕۆیشتن و مانەوە، هەرچەندە ڕۆیشتن گریمانەیەو وەلێ پیادەکردنی مانەوە فەراهەم دەکات هەستکردنە بە خودو بە توانای ئەو برپارانەوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان بە چارەنووسی مرۆڤەوە بەستراوە، ئەم شیعرە پابەندە بە یەکێتی بابەتەوە بەوەی ئەگەر تەنیا وشەیەك دەرکەیت دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ماناو سرپینەوەی گوتاری شیعریی، ئەوەی گوتاری شیعریی جوانکردووە ڕامکردنی ئەگەرەکانە، بەوەی ڕادەستبوون و بەوەی کە هەیە لە جووتێ پێڵاو بەو لاوە هیچ شوێنەوار و ئاسەوارێك لە دوای خۆی بەجێناهێڵێ، ئەمەش ئەوپەڕی نامۆبوونی مرۆڤە لە کەمکردنەوەی پرەنسیپەکانی بەهای مرۆیی.

ئێمە لە سەرەتای بۆچوونەکەمان ئاماژەمان بەوە دا کە شاعیر هاوکێشەی پارادۆکسێکی ئەنجامداوە بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەو بۆچوونەمان دەکرێ بڵێین theama ی هۆنراوەکە ئاکامی نیشتەمەنی شوێنکاتێکە لە یادگای شاعیردا، گوزارشتکردنی حاڵەتێکی تراژیدییەو لە مانەوە پتر هیچ چارەسەرێکی پێ نییە، لە کاتێکدا تۆ بە ڕاستی دڵت بشکێ و بە خەیاڵ و بە گریمانەی "ئەگەر" بڕۆیت و بەرامبەر هیچ بکەیت و لە ڕیاڵیشدا مانەوەو بەردەوامی دیسپلین بکەیت، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پیادە کردنێکی پراکتیکی پارادۆکس بەرهەم دەهێنێ.

ئەگەر لەم شارە
بڕۆم..
تەنها و تەنها
پێڵاوەکانمی تێدا جێدەهێڵم.

لە ڕێگەی وێنەوە شیعر دەتوانێ هزرو ئاوەز بنوێنێ و داکۆکی لە هێزی خۆی بکات، نەك لە زێدەڕۆیی لە پیاهەڵدان و مۆڵ خواردن لە دەور فاکتێکی چەق بەستوو، شاعیر بە گرتنی وێنەوە هەوڵ دەدات پەیامێك بە وەرگر بگەیەنێ، بە ڕێکخستنی وشەو دروستکردنی ڕستەو ماناو دەلالەت بۆ زمان بگێڕێتەوە، وەرگر بەخۆیەوە گرێبدات و جێی بایەخی بێت و بزوێنەری هەستەکانی بێت چونکە"خوێندنەوە ڕووماڵێکی سەرپێی دەق نییە، بەڵکو کردەیەکی داهێنەرانە و پرۆسەیەکی دینامیکی گووتارەو بزاڤێکی ئاڵۆزە[4]. هەر لێرەوە دەکرێ بڵێین وێنە لای شاعیر ئامرازێکی هونەریی بنەڕەتییە بۆ گواستنەوەی ئەزموونی بەشێك لە ماناوە بۆ گشت

مانا، نواندنی هەستی ئەزموونی شیعرییە بە جیاوازی هەستەکانەوە، بە مەرجێ تەبایی بوون لە تەنیشت بیرۆکەی گشتی سۆزی تایبەتی کە لە تاکمەندی شاعیردا یەق دەداتەوە. شیعری "پرم کە لە نۆتەکانی دڵت" یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی "حەسەن جومعە"، هەر لە ناونیشانەکەیەوە کە هەڵگری ناسنامەی شیعرەکەیەتی، بە 13 کۆپلەوە بە ڕێچکەی دواندنی هەستەکانییەوە بە وشە نۆتەی شیعرەکەی ڕێکخستووە، بە وەرگرتنی گرتەیەکەو لە دەرکەوتەکانی دەرەوەیدا کە هەڵگری خەسڵەتێکە بە بەکارهێنانی بابەتێکی دیکە پەیوەندییەکانی لە نێو وێنەیەکدا ڕەتووش دەکات و هارمۆنی مۆسیقایەك لە ڕەگەزەکانی زیندوو کردنەوەی هۆنراوە فەراهەم دەکات، لە کۆپلەی یەکەمدا شاعیر بە گریمانەیەك دێتە ناو ویزەی زەمەنەوە بە پێگەیەکی ستاتیکی ڕووبەری وێنەیەك دەسازێنێ و پێکهاتەیەکی زیندوو دەخاتە سەر هەر بەشێك و ئەرکێکی پێدەسپێرێ بەم کارەش ڕەگەزەکانی یەکێتی بیرو یەکێتی هەست و یەکێتی بابەت لە تابلۆیەکدا فەراهەم دەکات، شاعیر لە یەك کاتدا لە ڕێگەی دالەکانی زمانەوە کە بەڵگەیە بۆ ئاماژە پێدراوەکانی زەمەنی هەستێکی زیندوو بەرامبەر بە شتێك کە لە دەرەوەی پێدراوەکانی زەمەنێکی مادییە کە ئەویش وشەی گۆڕستانە، وشەی گۆڕستان خوازەیە metaphor دەکرێ چەند لێکدانەوەیەکی جیاوازی بۆ بکەین، لە ئاستی یەکەمدا گەر گۆڕستان بەدیوێکدا وەك دەرئەنجامی کۆتایی ژیان بێت و وەستانی زەمەن بێت ئەوا بە پرەنسیپی دژە وابوون ژیان بەردەوام بوونی زەمەن ئەنجام دەدات، هەبوونی یەکێکیان ڕەتکردنەوەی ئەوەی دیکەیە وەلێ لە سۆنگەی ئەوەی شاعیر پیادەی ئەوینێکی ڕەها دەکات و ئومێدی بە ئەگەرەکانی مانەوە زیاترە دەگمەنە ئەوینی ڕاستەقینە لە دوالیزمەی ژیان و مردندا چاو

هەڵبهێنێ چونکە بە پێی یاسا بڵندەکانی "ئەوین یان هیچ نییە یان هەموو شتەکانە[5]. لێرەوە دەگەینە ڕاستییەك کە سەرجەم سیحری ئەوین لە کرانەوەی زەمەنەوە سەرچاوەی گرتووە پێچەوانەی مردنە کە لە داخستنی زەمەنەوە ئەنجام دەدرێت، شاعیر لەبەر ئەوەی پراکتیزەی دۆخەکە ناکات بۆیە ڕاستەوخۆ بە مردنەوە گرێی نادات و بەرامبەرەکەی دڵنیا دەکات و گریمانەیەك دەرەخسێنێ و دەڵێت" گەر جەستەی نزیك بێ لە دوا مەنزڵگا کە گۆڕستانە تەنانەت لەو ساتە ناجێگرەشدا ئەم هەر دڵی لای کەسی مەبەستدارە کە دولبەرەکەیەتی چونکە ئەم خواستە لای ئەوی شاعیر وەك خەون وایە، مەحاڵە دەستەمۆ بکرێ، بۆیە لە ویستەکەی دێتە خوارێ و بە ئاسەواری دولبەرەکەی ڕازییە کە لە باخچەی ماڵەکەیاندا خۆی دەنوێنێ و لە بەهایەکی دنیاییەوە دەچێت بۆ بەهایەکی بەرزترو بڵندتر هەر وەك شیلەر دەڵێت "ئەوین کردەیەکی دینامیکییە لە بەها دنیاییەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بەها بەرزەکان[6]. بە مانایەکی دیکە دەکرێ بڵێین ئێش و ئازار کە بەڵگەی هەبوونی ئەوینە، دورخستنەوەشیان مانای خاڵیبوون و نەمانی ئەوینە، هەر لەبەر ئەمەشە هەمیشە ئەوینی صوّفی یا خود ئەوینی ڕۆمانتیکی زیاتر ئاوێتەی ئازارو ئەشکەنجە دەبێت، بە ڕادەیەك لە مردنەوە نزیکترە وەك لە ژیان. گەر لە گۆشەنیگایەکی خودییەوە سەیری بکەین، دەبینین کە وێناکردنی جەستە وەك گۆڕستانێك وایە کە هەڵگری ناتەواوییەکانی ڕۆحە، لە کاتێکدا ڕۆح لە لایەن دولبەرەوە ڕامکراوەو خاوەندارییەتی خۆی لە دەستداوە، هەوڵ و کۆششی ڕۆح شکاندنی ئەو لەمپەرەیە کە پێی دەڵێن جەستە، گەڕانەوەیە بۆ گیانی سروشت و دۆزینەوەی نیوەکەی دیکەی ڕۆحە کە لە دڵدا خۆی دەگەیەنێتە نیوەکەی تر.

گەر زەمەنێك دراوسێی گۆڕستان بم
دڵم هەر لای باخچەکەی ماڵی
ئێوەیە دەبێت.

لە کۆپلەیەکی دیکەدا شاعیر فاکتەکانی مانەوە، ڕەگەزەکانی هەستکردن بە بوون، لە ڕێگەی سەلماندنی بەرامبەرەوە فەراهەم دەکات، واتا لە ڕێچکەی دەرکەوتەکانەوە درك بە بوونی حاڵەتێکی ئەنتەلۆژی دەکەین کە شاعیر گیرۆدەی بووە تووشی قەیران و تەنگژەیەك هاتووە، پۆلێن کردنی ئەو بارە دەروونییە لە کۆنترۆڵ کردنی خودی لایەکە بەرامبەر بە لە دەست چوونی خودی لایەکەی دیکەوە ئەنجام دراوە، هەر ڕایەڵەی ئەم ناهاوسەنگی و ناتەواوییە وا دەکات پابەند بێت بە بەردەوام بوون، بەبێ هیچ مەرجێك، چونکە پەیوەندی ئەوین و ڕێساکانی هەرگیز بە تەگبیر کردنێکی مامناوەندی ڕازی نابێ و دان بە سنوورەکاندا نانێت، ناتوانێت لە نێوان ئەرێ و نەرێ تەباییەك پیادە بکات، ڕام نەکردنی ئەم ناتەباییە بە ڕەوتێکی بابەتیانە ڕێگە خۆش دەکات بەوەی شاعیر ڕاشکاوانە پێ لەو ڕاستییە بنێ کە فاکتەرەکانی قووتار بوون لە سەر دوو ئاستدا هەوێنی ئەو پەیوەندییە دەگرنەوە، یەکەم لە لێکچواندنی و گرێدانی وێنەی حاڵەتەکەی خۆی، پەرچەڤەکردنی هەست و ئەزموونێکی خودی بۆ دیاردەیەکی سروشتی، تێڕامان و کۆکردنەوەی دوو وێنەی ئاوها لە تابلۆیەکدا لە خەم و ئازارو حیرسێکی مرۆیی گەورەوە سەرچاوەی گرتووە ئەویش کاتێ جەستەو لاشەی بێ ئەوین دەشوبهێنێ بە بەفرەوە، خەسڵەتی خۆڕاگرییەکی فشڵی پێ دەبەخشێت، بەلام بێ گیانە وەك مردن وایەو زستان و ژیانێکی سەختە

لە مردنەوە نزیکترە وەك لە ژیان، ژیان لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە جەستەی کۆنترۆڵ کراو ئازاد بێت، لە ئەگەر و ترسی لەبارچوون و مردنی خەونەکان، کە لە ڕێگەی سۆما و نیگای دولبەر دەگەڕێتەوە بۆ بەر دڵ تا جارێکی تر بە ستایلێکی دیکە ئەجێندای پەیوەندی ئەو حەزە بنووسێتەوە، یان لە لووتکەی گۆشەگیرییەوە بتوێتەوە بۆ دامێنی ئەو خوولیایەی کە نامۆ بوونی خۆی تێدا دەبینێ، لە ئاستی دووهەمدا بەکارهێنانی (دەست) وەك هێمایەك سەلماندنە بۆ دەسەڵاتی لایەك و جێکەوتە بۆ سڕینەوە یان بە دوو فاکتەر ڕادەست بوونی لایەکەی بەرامبەر فەراهەم دەکات، یەکەم لە کردەی ئەویندار هەستکردنیەتی بە توانەوە لە نێو خودی بەرامبەردا، دووهەم ناکرێ ئەویندار بم و هەست بە بوونایەتی خۆم بکەم وەك خودێکی ئازاد، کەواتە لە ئاقاری ئەم دوو هەڵبژاردنەدا دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێ، یان هەبوون و کایە بە بێ خۆشەویستی، ئەوەش بەفرو زستانێکی سەختە یان خۆشەویستی بەبێ بوون، ئەوەش مەرگ و توانەوەیە لە سەرەتای بەهاری تەمەن دا، بەم هاوکێشەیەش لە ناو کۆی دەقی شیعریدا نۆتەکانی تەنگژەی بوون، هارمۆنی خەم و ئازار و تەنیایی دەنووسێتەوە.

کاتێك (مردن)

دەیەوێت دەست بۆ (دڵم) ببات

لێمەگەڕێ....

با وەك کلووە بەفرێك

لە نێو

دەستە نەرم و نۆڵەکانی تۆدا بتوێمەوە.

**ژێدەرەکان:**

1_ ريتشارد شاخت، الاغتراب، ت: كامل يوسف حسين، اصدار المؤسسة العربية للدراسات والنشر/ بيروت_ ط 1، لسنة 1980 ص55.

2_ عەبدولخالق یەعقوبی، دەنگی بلورینی دەق - ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، چاپی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان - هەولێر، ساڵی 2005.

3_ أدونيس، الثابت و المتحول بحث في الاتباع و الابداع عند العرب، صدمة حداثة الطبعة الثانية بيروت، 1979، ص293.

4_ حاتم صگر، ترويج النص، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1998.

5_ د. زكريا ابراهيم، مشكلة الحب، مكتبة مصر، ص 234.

6_ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا239.

# دۆزی شکست و تەنیایی لە هۆنراوەی
# (سپییەك ڕەش چوون ئاوێنە)

هـۆنـراوەی زینـدوو بریتـی نییـە لـە دیـاریکردن و ئامـاژە پێکردنـی هەنـدێ هەست و نەستی سەرپێی، یان هەڵڕشتنی نیـشتەمەنییەکانی ئـەو داکەوتـەی، کە توێژە قووڵەکانی نەست ڕەنگیان پێوەگرتووە.. شـاعیری خـاوەن ئـەزموون بـەتوانا و وریاییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ پێـدراو و دیاردەکـانی دەوروبـەری خـۆی دەکـات و دەیکاتـە لێکەوتـەی بازنەیـەکی کـراوە، کـە هـەڵگری ڕەهەندێکـە و پابەنـدە بـە ڕەوشـێکی ئینـسانی و شـایەدحاڵی ئـەو قۆناغەیـە، کـە دەتـوانێ پرسیاری فەلسەفی لە دەروونی وەرگر بوروژێنێ و لە ڕێگەی وێنەوە، کـە هـزر بونیـادی دەنێـت ڕەنگێکـی گەشـتر و خـەمێکی جـوانتر دەخاتـە سـەر ئـەو ڕەنگانــەی، کــە ســیما یــاخود شووناســی ســەردەمەکەیان پێوەیــە.. وێنــەی شــیعریی هــەر وەك درایــدن (DRAYDEN) دەڵــێ: نــەمری و ژیــانی هۆنراوەیە[1].

مـادام شـاعیر توانیویـەتی ڕۆح بـە وێنـەکان ببەخـشێت و زیندوویـەتی دەق بپـارێزێ و بـە بەرجەسـتەکردنی کۆمـەڵێ پرسـیار، کـە لـە کێـشەی بـوون و خۆدۆزینەوەوە سەرچاوەیان گرتووە تیشك دەخاتە سەر نەهامـەتی و تەنگـژە ڕامیارییــەکان و بــەدوای تێــز و ماناکــانی بــوون و ماهیــەتی کێــشەکاندا دەگـەڕێت و بەشـێوەیەکی ئەبـستراکت ڕاستی شـتە مادییـەکان دێنێـدی و لـە

جوگرافیای دەروونـدا یەکالآبوونـەوەی گومـان بەرجەسـتە دەکـات، ئەوسـا هەڵوێست و تێڕمانێك لـە نـاوەوەی خۆمانـدا بەدڵسۆزی ڕاسـتگۆیانە ڕەنـگ و بۆ رووخساری سەردەمەکەیمان نیشان دەدات.

"لەتیف فـاتیح فـەرەج" ئەوەنـدەی کـە ڕۆژنامەنووسـە هـەر بەهـەمان ڕادە و بێ زیاد بێژی شیعری جوانیشی هەیـە، یـەکێك لـەو شـیعرە جـێ سـەرنجانەی هـۆنراوەی (سـپییەك ڕەش چـوون ئاوێنـە)یـە[2]. کـە لـە کۆمەڵـە شـیعری (ئێوارەیەك نایەمـەوە)دا بلاوکراوەتـەوە، ئـەم هۆنراوەیـە لـە سـاڵی 1999 دا نووسـراوە و گـەواهی سـەردەمێکە هێـشتا مرۆڤـی کـورد هەسـت بـە پارچـە پارچـە بـوون و کـەرت بـوون دەکـات، چ لـە ئاسـت چـارەنووس و دۆزینـەوەی ناسنامەی نەتەوایـەتی، یـاخود هەڵوێـستی نێودەوڵـەتی هـەر لـە ناونیـشانی شـیعرەکەوە شـاعیر وەك بکـەرێکی ئـەکتیف و مرۆڤێکـی هەسـتیاری ڕاز و گلـەیی و سەرسـامی جێکـەوتی پرسـیارێك دەکـات و لەسـەر ئاوێنەکەیـدا نمایشی دەکات و دەیکاتە دەستپێکی هێما ئـامێزی هۆنراوەکـەی، بـەکارهێنانی ڕەمزی ئاوێنە مانایەکی فرە ڕەهەنـدی ئـەو سیاقە گشتییەیە، کـە گوتـارێکی داهێنەرانـە لـەخۆدەگرێت، لـەوێوە لەسـەر ڕووی ئاوێنەکـەوە ڕاسـتییەکان بـەدیار دەخـات بـوار بـۆ وەرگـر دەڕەخـسێنێ، بـۆ ئـەوەی بـەدوای نەهێنییـە شـاراوەکانی ئـەودیوی دەق دا بگـەڕێت، ئـیتر لێـرەوە وەرگـر بەگرێـدان و بەستنەوەی دەق بە کۆد و ئابلۆقـەدانی گوتـاری هـۆنراوە بـە تاکـە مانـا و بـۆ ڕاوبۆچـوون و نیگایەکـەوە پابەنـد نابێـت، بـەڵکو ئاوێنـە دەبێتـە یەکەیـەکی دەلالـی بۆچـوونە نێـو (ثیمـة - THEMA)ی[3]. هۆنراوەکـەوە، ئـەویش بـە وێناکردنی چەند وێنەیەك لەناو فـەزای هۆنراوەکـە و کارێکی وا دەکـات، کـە

وەرگــر لــە پڕکردنــەوەی کەلەبــەر و بۆشـاییەکانی نێـو دەق بەشـدار بـێ و ئاسۆی چاوەڕوانی[4]. لەلادا دروست دەکات..
هــەر لــە ســەرەتاوە سەرســامی و وەســتانێك لــە ناونیـشانی هۆنراوەکــەدا ڕاماندەگرێت و دەبێتە کلیلێك بۆ کردنەوەی دەرگاکانی دەق لێوەی دەچێتە ناو ئاوێتەی پڕ سیحر و جوانی ئەو ئاوێنەیەیەی، کە شاعیر مەبەستیەتی و درکی پێ کـردووە، ئـەوەی ئاشـکرایە شـاعیر مەبەسـتی ئـەو ئاوێنـە ئاسـاییە نییە، کە تەنها وێنە و فۆرم (FORM)ی بێ نـاوەڕۆك لـەخۆ بگـرێ، بـەڵکو ئاوێنەیەکـە لـە هـەر یـەکێك لـە ئێمـەدا بـوونی هەیـە، ڕەنگدانـەوەی هەیـە، کۆمـەڵێ هەسـت و نەسـت و دۆزی لـەخۆگرتووە، هەڵبـژاردنی ئاوێنـە تـەنیا هەوڵدانێکـە بـۆ دۆزینـەوەی ڕوانگەیـەك بـۆ ئاشـکراکردنی ژان و کردنـەوەی مانا، چوونە نێو هێماکانی بۆ پۆلێن کردن بابەتە دەرەکییەکان..
ڕاڤـەکردنیش یـەکانگیری خـودی شاعیر بـووە و ئـەویش کـە لەگـەڵ ئاوێنـەدا پێکەوەیان گرێ دەدات، جگە لە خەسـڵەتی ڕووتـەقی و ڕاسـتگۆیی هیـچی تـر نییـە، جگـە لەمـە لـەنێوان چـاوی شـاعیر و ئاوێنـەدا جـۆرە پێوەندییـەکی فیزیکـی هەیــە چـاو لــە دەرەوە بــۆ نــاوەوە وێنــە وەردەگرێــت و ئــەوجا هەستبەری دەکات و لـە توێـژو چینە قووڵـەکانی نەستیدا جێگیر دەبێت و ئیتر لە ڕێچگەی بوونەوە پێناسە و خوێندنەوەی بۆ دەکات و هـۆ و مەبەسـت لە بوونیش دیاری دەکات.. خود ئاگـایش هەمیـشە بنەمایـە بـۆ درك کـردن و جیاکردنەوە و پۆلێن کردنی شتەکان بەشێوازێکی هەنووکەیی بـەواتای بـوون لە ئێرەدا، بەڵام لە ئاوێنەدا پێچەوانەوەیە هەنووکـەیی نییـە، وێنـە لـەناوەوە (ناو ئاوێنە)وە پەخش دەکاتە دەرەوە بەمانایەکی دی لـە بابەتـەوە بـۆ خـود کەواتە دوو فاکتەر لە ئاوێنەکەدا دەرسکێت:

فاکتەری یەکەم:

وەك کردارێکی ئازادانە لەڕووی ئەوانەی خاوەن دەسەلاتی و بڕیارن قەتماغەی برینەکانی هەڵدەکەنێ بە گلەیی و گازندەیە، ڕەخنەی توندیان لێ دەگرێ و بەدوای وەلامدا وێڵە و وێنەکان وەکو خۆی بەرجەستە دەکات و لە دوای ناشیرینی شتەکانەوە و ڕەش چوونی ئاوێنەوە بە دەنگێکی نەرم بەبێ ئومێدییەوە پاشەکشێ دەکات و بەحەسرەتێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا تا بۆ دنیایەکی تر لەدایکبوونێکی جوانتر لەئامێز بگرێ، دنیایەك زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەی لێ بێبەری بێت.

فاکتەری دووهەم:

لە پاش کردەی پاشەکشێ هەمیشە بە مەنەلۆج خۆی دەجوێتەوە و لە ئاکامی نەگەیشتن بەو ئامانجەی، کە لەپێناویدا تێکۆشا .. کەواتە خەمی گشت دەگەڕێتەوە بۆ بەش، خود و ئاوێتەی نەستی دەبێ و نیشتەمەنی سەرجەم ڕووداوەکان تاوتوێی دەکات لە چوارچێوەی ناخیدا نمایشی دەکات، تا دەگاتە ئامانجێك و هەست بەخەتەرناکی ئەو قۆناغە دەکات کە پێی گەیشتووین.. ساتێ دالەکانی دەرەوە سنووری مەدلوولەکانی ناوەوە کاڵدەکاتەوە و دەیکاتەوە هێمایەك، ئەوسا دەربازبوون دەرچوون تێیدا دژوار دەبێ و دەبێتە دۆخێك شکست بە دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ دێنێ و هۆشدارکردنەوە دێنێتە زەنگ بەخۆی و مەردووم ڕادەگەیەنێ، ئومێدێك هەبوو مرد، مۆمێك هەبوو کوژایەوە، سپییەك هەبوو ڕەش چووەوە، ئاوێنە و بەیداخی سپی و شەوێکی نووتەك!، دەنگی شاعیر و بێ گوێی سیاسەت!، مرۆڤ و ئاوێنە.. ئاوێنە تەنها ڕوو دەردەخات، قووڵایی و ناخ و ویستەکانی مرۆڤ ڕووپێو ناکات هەروەك سیاسەت.

ئـەوەی باسمـان کـرد تـەنها سـەرەتایەك بـوو بـۆ کردنـەوەی ناونیـشانی هۆنـراوەکە، بـەڵام بـۆ ئاسـانکاری و گەیـشتنی بەمەبەسـت و ئامـانجی گوتـاری هۆنـراوەکە و پەی بردن بـە جیهانەکـەی و خوێندنـەوەی گوتـاری هۆنـراوەکـە دەتوانین هۆنـراوەکە بۆ سێ قۆناغ پۆلێن بکەین.

1- قۆناغی گەڕانەوە و شکست:

پـێش ئـەوەی بـاس لـە گەڕانـەوە بکـەین، دەبـێ بەئاراسـتەیەکی دیـاریکراوی کردەی ڕۆیشتن هەبێ، بەڵام ئایا لە پـاش کـردەی ڕۆیـشتن و گەڕانـەوە گـۆڕان ڕوو دەدات؟ یـاخود چـۆن ڕۆیـشت بەهـەمان شـێوە گەڕایـەوە! ئایـا هەڵپـەی ڕۆیشتن بەهەمان خێرایی کردەی گەڕاوەیە؟

یاخود گەڕانەوە خاوتر و بێ تاقەتترە لە ڕۆیشتن، ئەگەر وایشە بۆچی؟

شـاعیر لـە ڕووبـەری ئەزموونەکانییـەوە بـە مەنـەلوج دەکەوێتـە گێڕانـەوە و هەست و نەستەکانی واڵا دەکات، درك بە نیـشتەمەنی و یـەك ڕەنگییـە دیـوی ژیان دەکات، کە هـەر لـە سـەرەتاوە بـە ڕەنگـی ڕەش نـاخی ڕەنگڕێـژ دەکـات.. شـەو دەکاتـە دەروازەیـەك بـۆ ئـەو بـێ ئومێدیـەی، کـە تووشـی نیگـەرانی و خەمێکی لەبن نەهاتووی کردووە، خەمێك کـە پەیوەسـتە بەبوونیـەوە، کـاتێ کە دەبینێ ڕەوتی ڕووداوەکان پێش ئەم کەوتوون، ئـیتر ئـەم چـیتر دەسـەڵاتی بەسەردا نامێنێ، بۆیە دەستەوسان ڕادەوەسـتێ و پاکانـە بـۆ ئـەوە دەکـات، کـە نیـشتمان بـچووك یـاخود دایـك بۆچـی بـەر لـە گەڕانـەوە و بڕیـاری ئـەم هۆیەکانی ژیان و بەختـەوەری خـۆی ون کـردووە، کەواتـە ڕۆیـشتنەکەی وەك ڕووداوێك گەر لەئاستی تاکیشدا بێ نەیتوانی گۆڕانی ڕەچاو بکات، بۆیـە هـەر لەسەرەتاوە گەڕانەوە دەبێتە بڕیاری.

بەر لە گەڕانەوەی من دایکم ئەو شەوە مووروەکانی
بەختەوەری خۆی ون کردبوو[5].

بێگومان سەرەتایی هۆنراوەکە بە گەڕانەوە دەستی پێکرد، کە (من)ی بکەر خاوەن هیچ دەسەڵاتێك نییە لە ڕەوتی ڕووداوەکان، هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد، چونکە بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ جەوری شەڕ و ئاشووبەی بەسەردا سەپێنراوە و مافی پێشێل کراوە و بەختەوەری لێ زەوت کراوە، بەختەوەری کاتێ دەستگیر دەبێ، کە مرۆڤ خاڵی بێت لە گشت جۆرەکانی چەوسانەوە.

بەڵام دایکێك بەزۆرە ملێی سیاسی جگەرگۆشەکانی لێ دابڕاون، نیشتمانێك پارچە پارچەکراوە و شەڕ لەپێناوی مانەوەی خۆی دەکات، هەستکردنێکی باڵایە.. خۆشەویستییەکە بۆ گەڕانەوەی مێژووی دایك بۆ جوگرافیای باوك وەك دەسەڵات. وەلێ دەسەڵات خۆی لە خۆیدا بریندارە و لە قەیراندایە، شەڕەکە بۆ دەرچوونە لە شکست.. کەواتە ون کردنی بەختەوەری دۆزینەوەی نەهامەتییە و گەڕانەوەیە بۆ داکەوتێکی (واقع) ڕەش پۆش، کە بەسەریدا سەپێنراوە و بەناچاری دەگەڕێتەوە بۆ ناوەوە، بۆ خود، دەرگا لە خۆی کڵۆم دەدات وەك ڕەنگدانەوە بۆ هەڵوێستێك ڕوو لە ئاوێنە ڕەش چووەکەی ناخی دەکات و شەو دەبێتە لانەی هەمیشەیی و حاڵەتی ڕاهاتن بەرجەستە دەکات و عاشقی دەبێ.. عەشق بە مانا مازۆخییەکەی، واتا حەزکردن بە ئازاردانی خود و لەززەت وەرگرتن لە وێناکردنی تراژیدیایەك، کە ڕەنگی سپی بەرەو ڕەش چوونەوە دەبات، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ نائارامی و ڕاڕای و نیگەرانی بۆ خەفەکردن و چەپاندنی ئەو نائارامییەیش خۆی دەهاوێتە نێو جوانترین شەڕ.. جوانترین شەڕ و پیرۆزترین شەڕ، ئەو شەڕەی، کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا بەرپای دەکات، تا بە ئارامی و هەقیقەت بگات.

قاچی چەپی باوکم بە برینداری لە شەڕکەی شکست گەڕابووەوە
من ئەو شەوە لە ئامێزی شەڕێکی جوانترەوە گەڕامەوە

باوکم تۆڵەی شکستی هەمیشەیی خۆی
بە شکستی دایکم پینە دەکرد[6].

دیارە شاعیر توانیوەتی یەکێتی بابەت بپارێزێ و خەم و ئازاری تاکگەرایی ڕام بکات، بەڵام لەکردەی گەڕانەوەدا پاکانە بۆ خۆی دەکات و بێ گوناه خۆی دەردەخات هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بەو چەکە دەکات، کە هەقی پێ دەسێندرێ و شەوی تاریك ڕووناك دەکاتەوە، ئەو چەکەیش پێشوەخت دراوە بەو ئێوارەیە، کە هەواڵی هاتنی شەوی پێیە و تەسلیم بوونە بە تاریکی و چارەنووسێکی نادیار و نەزانراو، بەڵام بڕیاری تەسلیم بوون لەلای ئەمی پاشگرەوە نییە، بەڵکو لەلای خاوەن دەسەڵاتەوەیە و هەر لە سۆنگەی ئەوانیشەوەیە، کە شاعیر تووشی دووڕیانی ئەم نەهامەتییە هاتووە و کردەی شکست، دەرەوە و ناوەوە دانانی چەك و ئیتر تەواو لەسەر لاشەی گوڵەکان نووسی (سەرکەوتن).

بەر لە گەڕانەوە من
باوکم تفەنگەکەی بەخشییە ئەو ئێوارەیە
شۆڕش لە نامەیەکدا بۆی نووسیبوو ئیتر تەواو[7].

چەسپاندنی کات و نەگۆڕانی زەمەن خۆی لە خۆیدا ڕەشبینییە، چونکە کردەی تێدا نییە و گەر تیایشیدا بێت مادام لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەبزوێ، ئەوا بێ ئەنجامە، چونکە سنوور بەزێن نییە، سنوور لێرەدا سنووری شکستە، شەوەکە شاعیر هەرگیز نایبەزێنێ و ئاستەنگەکانی تێدا ساغ دەکاتەوە، بۆیە ژیان هەر مردنە و کاتیش هەر شەوە، ئەگەر شوێنەکەیش بگۆڕێ ئەوا گۆڕان لە ڕێگاکەوە دەست پێدەکات.

ڕێگا دوو شوێنی جیاواز بە یەك دەگەیەنێ، شاعیر لێرەدا شوێنێکی جیاواز و وێنەیەکی جیاوازمان دەداتێ، وێنەیەکی تراژیدی جەرگبڕی پڕ لە کارەسات، وێنەیەك ناسك، کە ویژدان بە توندی ڕادەوەشێنێ و برینداری دەکات، (مەریەم)یش هێمایەکە بۆ پاکدامێنی و بێگەردی (مەریەم)ەکانی جیهانگەلێك زۆری، هەروەها نیشتمانێکی زۆریش هەیە.. زوڵم و ستەمیش بەڕادەی جیاواز هەیە.. وەلێ هیچ زوڵم و ستەمێك ناگات بەو زوڵم و ستەمەی، کە بەسەر (مەریەم)ەکەی شاعیردا هاتووە... هێشتا لە ڕێگەدایە و هەنگاو دەنێ و نەگەیشتووەتە جێی مەبەست و تامی ژیانی نەکردووە، کەچی پرسیاری مردن دەکات و لەسەر لاشەی ژیان مردن دەخوازێ، چونکە ئێمە (عیسا)یەکمان نییە ڕزگارمان بکات تا لەسەر لاشەی مردن ژیان بخوازێ و دروستی بکات.

ئەو شەوە من گەڕامەوە
لە ڕێگا مەریەمێکم دی چەند گوناە بوو
پرسیاری مردنی دەکرد(8).

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنج و تێڕامانە هەموو دیدەکان بەندن و دەگەڕێنەوە بۆ دیدە سەرەکییەکە و گوزارشت لەوە دەکەن، کە هەر لە یەکەم ئەفراندنی بوون و دنیاوە.. شەو دەستپێکە و بنەمایە بۆ لەدایکبوونی ڕۆژ شەو گشتە و ڕۆژ بەشە، چونکە لە دەرەوەی ئەتمۆسفیرکردەی ڕۆژ نییە و گێتی هەمیشە هەر شەوە.. واتا دەتوانین بڵێین ئەتمۆسفیر سنوورێکە لەنێوان شەوێکی ئەبەدی بەواتای (مردن) و ڕۆژێکی سەرمەدی بەواتای (ژیان)، بەڵام ئەتمۆسفیری ئاوێنە یاخود سنووری ئاوێنە (بەمانایەکی دیکە ژیان و مردن) لەلای شاعیر لە کۆییەوە دەست پێدەکات.. ئایا ون بوون و وێڵ

بوونی مرۆڤ هۆیەك نییە بۆ بەزاندنی ئەم سنووره و تێکەڵبوونی خود و بابەت، ئاوێنە و جەستە، سپی و ڕەش و ڕەش چوونی سپی، سەرکەوتن و دۆزی شکست؟ بێ دەسەڵاتی و سەرلێشێوایی و بێ بەرنامەیی، واتا کات ژیان و مردن جێگۆڕکێ بکەن..

لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە لە دروستبوونی تەنگژەی هاوکێشەیەکی ئاواوە وا ناکات، کە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ ناو شۆڕش، یاخود خەم و ئازارەکانی میللەت، بەڵکو ئاوارە ئاسایەك بەناچاری پەنا دەباتە بەر حەقیقەتێکی نەگۆڕ و ڕەها، کە هەر ئەو دەتوانێ بەکاری مەزنەوە سەرقاڵ بێ و تا ڕەش لە سپی، مردن لە ژیان ڕاست لە درۆ، دروشم لە کردار دۆزەخ لە بەهەشت جیا بکاتەوە، بۆیە سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سنووری شەو دەبەزێنێ، وەکو زاهیدێك بۆ لای خوا بگەڕێتەوە ئەم دەست لە دنیا شۆردنەیش بە هەر چ هۆیەك بێ دەرئەنجامێکی ئەکتیڤی هەیە، لەسەر ئاستی تاك و ئاستی کۆمەڵیش زیانبەخشە، چونکە بە ڕەهەندێکی چارەنوسسازییەوە بە نیشتمانەوە پابەندە.

شاعیر کەمتەرخەمە بەرانبەر بە دایك، گریانی دایکیش داواکردنە بۆ بازدان لە نەگتیڤەوە بۆ پۆزەتیڤ. ئەم گریانە گریانی تەسلیم بوون نییە بە قەیران، بەڵکو گریانی دروست کردن و هەڵسانەوەیە لەسەر بنەمایەکی نوێ، گریانێکی نیگەتیڤە بۆ زیندوو بوونەوەیەکی پۆزەتیڤانە، ئەمەش لە سیاقی هۆنراوەکەدا سەرەتایە بۆ خاڵی وەرچەرخان.

ئەو شەوە گەڕامەوە
خوا سەرقاڵی کارێکی هێجگار مەزن بوو
وتم ڕەنگە من دروست کا

دایکم گریاو[9].

## 2- قۆناغی وەرگەڕان:

هەرچەندە هـزری شکست بەسـەر ڕووبـەری هۆنـراوەکـەدا زاڵـە، بـەڵام شـاعیر زیرەکانــە ڕەهەنــدی هاوکێــشەکان بــە ئاراســتەیەکی دیکــەدا دەبــات و لــە ڕوانگەیەکی دیکەوە لێی دەڕوانێ، گەرچـی دیـاردە سـەرەتاییەکانی لـەتردان و کەوتن زەقـە، بـەڵام هێـشتا ئومێـدی دوارۆژێکـی ڕوونـاك لەئارادایـە... شـاعیر ئامــاژە بــە نیــشانە ســەرەتاییەکانی پیربــوونی دەســەڵات دەکــات، کــە وەك پێویست تەگبیرێکی جدییان پێ نییە بۆ چارەسەرکردنی ئـەو قەیرانـەی، کـە نیــشتمانی تێــوەی گــلاوە و دەســەڵات لــە ئامادەباشــییە بــۆ بیرێکــی نــوێ و ئەوینێکی نوێ، کە نیشتیمان و شاعیر چاوەڕوانین بۆ ڕزگاربوون لـە مێـژووی شکست لە جوگرافیای شەوێکی تازە، کە جیـاوازە لـە شـەوەکانی تـر و مـژدەی کازیوەی پێیە.

باوکم یاریی بە تاقە مووی سپی دەکرد
دایکم سەیری سکی خۆی کرد [10].

## 3- نامۆ بوون:

جەســتەی نیــشتیمان و پارچــە پارچــە بــوونی شــایەدحاڵن لەســەر مێــژووی شکستی شۆڕشە یەك بەدوای یەکـەکانی و ئەمـەش ڕەنگدانـەوە و کـاری خـۆی هەیــە، لــە ئــەدگاری کاراکتــەری مرۆڤــی کــورد، بۆیــە هەســتکردن بــەم دۆز و کەرتبوونــە هــەر لــە جوگرافیــادا نییــە، بــەڵکو شــۆڕبووەتەوە بــەنێو دەروونــی هەر تاکێك، بەمـەش کـاری بـە یەکگەیـشتن و نـەمانی سـنوورەکان ئەسـتەم و

دژوار دەکات، نەك لە دنیای دەرەوە و لەسەر جەستەی جوگرافیا، بەڵکو لە دنیای ناوەوەش..

من و خۆم لە یەك دادەبڕێت هەستی نامۆبوونمان تێدا دەخەملێنێ.. گردەی نامۆبوون دەستبەردار بوونە لە پێوەندییەکان و ئەو خاڵانەی، کە سەری جەمسەرەکان بە یەکتر دەگەیەنێ، مەلایەکە شەرعی نیگەرانی و تەنیایی دەکات، ئەو نامۆبوونە بە جۆرێ لای شاعیر تۆخ و زەق دەبێتەوە و گەمەی چاوەڕوانی و تەنیایی لەگەڵدا ساز دەکات.. تەنیاییەکە کوشندەیە هەستی بێکەسی تێدا دەجوێت ئامادەباشی تێدا ڕەچاو ناکرێ و بە پێویستی نازانێ من و خۆم، ئاوێنە و من، ڕەش و سپی لە یەك شەقامدا بە یەك دەگەیەنێ...

ئەم خۆی تەنیایە و لە دنیایەکی تاق و تەنیادایە، بەڵام ئایا بەم نامۆبوون قەیران دەتوانێ دەنگی ناوەوە و زایەڵەی ویژدانی بچەسپێنێ!

ئایا هەرا و زەنای ویژدانی هەر لەسەر هەمان ڕیتمی نامۆ بوون یاخود چاوەڕوانی ئاوازێکی جیاوازە پیرۆزە و گینگڵی پێ دەدات و پەیامێکی نیشتیمانییە، پەیامێکی ئینسانییە پڕە لە ئومێد، هەر بەردەوامە ناوەستێ.

دایکم گریا و باوگم بە قاقا چوو بە پشتا
منیش لەگەڵ تەنیاییدا یاریم دەکرد
ئاو هەر ئاو بوو نەم خواردەوە
گوڵ هەر گوڵ بوو بۆنم نەکرد
ژیان.. هەر.. ژیان... بوو
وتم چیتر پیاسەی شەقام پێویست نییە
ئەو شەوە

**منێکی تەنیا و**

**باوکێکی تەنیا و**

**دایکێکی تەنیا**

**بیرمان لە یەکتر دەکردەوە**[11].

**ئەوەی ڕاست بێ ئەم هۆنراوەیە دەشێ شتێ زیاتر لەخۆ بگرێ، بەڵام ئەم خوێندنەوەیە بیرۆکەکەی بە هەوڵێکی خاکییانە بوو بۆ بەرجەستەکردنی هۆنراوەکە، کە خۆی لەسەر ئەو وێنانەدا بنیات نابوو، کە لە ڕووبەری نووسینەکەدا ئاماژەمان پێداو خستمانە بەر تیشکی لێدوان.**

ژێدەرەکان:

1- الـصورة الـشعرية. تـأليف سـي. دى. لـويس. ترجمـة: د. أحمـد نـصيف الجنابي، مالك ميري، سلمان حسن ابـراهيم. وزارة ثقافـة والاعـلام دار الرشـيد 1982 ص 20.

2- ئێوارەیەك نایەمەوە. لەتیف فاتیح فەرەج. یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکووك - ساڵ 2005. هۆنراوەی سپییەك ڕەش چوون ئاوێنە- ل 110.

3- ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەی. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد. (ثیمة - THEMA)، بەمانای جەوهەری بابەت دێت، لەگەڵ بابەتدا جیاوازە و یەکەیەکی دەلالیە لەناو بواری ئەدەبدا دەکەوێتە نێو دەق. ل 69- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ پەخشی سەردەم- سلێمانی 2006.

4- هەمان سەرچاوەی پێشوو. (ئاسۆی چاوەڕوانی) بریتییە لە کۆی ئەو نەریت و پێوەرانەی لە کایەیەکی ڕۆشنبیریی دیاریکراودا لەلای خوێنەر دروست دەبێ. ل (35).

(5)، (6)، (7)، (8)، (9)، (10)، (11). ئێوارەیەك نایەمەوە. لەتیف فاتیح فەرەج — یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکووك — ساڵ 2005. هۆنراوەی سپییەك ڕەش چوون ئاوێنە- ل 110.

# مردنی خود و ڕەشبردنەوەی ڕیاڵ
# لە هۆنراوەی ڕاهێنان لەسەر تەلی ستاتیکا

یەکێك لە خەسڵەتەکانی شیعری سەرکەوتوو چڕبوونەوەی هزرە لە بەرجەستەکردنی تێزی ئەزموونەکانی هەست و ڕۆچوونە بە دوای دۆزینەوەی جوانییەکانی ڕۆح و داتاشینی ڕووە دزێوەکانی ڕیاڵە، کە جار جارە بە ئاشکراو بە نهێنی دزە دەکاتە سەر درزەکانی بوون لە هەنووکەدا، درك کردن بەم دۆخە پیاچوونەوەیەکی تراژیدی دەخوازێت لە دوالیزمەی داکەوتەکانی ڕیاڵ و یەقدانەوەی تێڕوانینەکانی شاعیر.

لێرەوە فاکتەرەکانی دەق بە ئاستی ئەدەبەوە پەیوەست دەکرێ و پەیوەندی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆك دیاری دەکرێ، بۆیە دەتوانین بڵێین" کە هۆنراوەی "ڕاهێنان لەسەر تەلی ستاتیکا""[1]. تێڕامانە لە ستاتیکا و گەڕانە بە دوای ماناو شووناسی تازە، دەربازبوونە لە چەمکی دیارو ناسراو، تا ڕادەیەك بنووسی هۆنراوەکە کە "بورهان ئەحمەد"ی شاعیرە توانیویەتی سەرپێچییەك لە نێوان مەودای دەق و مەزندەی وەرگردا دروست بکات، لە دووتوێی پارادۆکسدا گوتاری شیعری بەرهەم بهێنێ، ئەم هۆنراوەیە لە پانزە پەرەگرافی جیاواز ڕەنگەکانی نەخش و پەخش دەکات، بورهان ئەحمەدی شاعیر لە تابلۆیەکی سوریالیدا سەرجەم وێنەکان بە یەکەوە گرێ دەدات و چەپکێکی تراژیدی فەراهەم دەکات، بە دید و بۆچوونێکی جیاوازەوە

وێنەکان دەخاتە ڕوو، ڕاستەوخۆ دەتوانێ بیانهێنێتە گۆ، ئاخاوتن لەگەڵ وەرگردا ئەنجام بدا، لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بە شێوازێکی جیاواز سنوورەکانی دەق دەگوشێ و بە کورترین ڕێچکە، دوور لە چاو خەڵەتاندن دەرچەی هەڵکشانی درامی دەپێکێ و بەستەی مەبەست بەدەست دەهێنێ، زۆر بە ڕاشکاوانە و دوور لە زێدەڕۆیی و ڕازاندنەوە مەبەستی خۆی لە جەستەی هۆنراوەکەدا هەڵدەکۆڵێ، هەرچەندە ئەم شیعرە لە پەرەگرافی بچووک پێکهاتووە، زۆربەی دێڕەکانی لە پێنج وشە زیاتر نییە، تا ڕادەیەك دەتوانین بڵێین" ئاسۆی چاوەڕوانی دەقی شیعری لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگردا ناکۆکن و پێگەی جیاواز لە دیدو بۆچوون دروست دەکەن، وەلێ دونیایەکی جیاواز، جوانییەکی نادیار لە پێشهاتەکانی دەقدا مسۆگەر دەکەن، لە ڕیزبەندی درامای شیعریدا درێغی ناکات، شاعیر بۆ قۆرخ کردن و چەسپاندنی گوتاری هۆنراوە ستایلی چڕوپڕ بە کورتکردنەوەی ڕستەکان فرە ڕەهەندی مانای وشەکان و گرێدانی بە یەکێتی بابەتەوە دەتوانێ خەسڵەتێ گرنگ بۆ فرە ڕەنگی پەرەگرافەکان مەیسەر بکات، ڕووپێوی گوتاری شیعرەکەی پێ خەنی بکات، چەمکی ڕاستەوخۆی دەق بەرجەستە بکات.

شاعیر بە شێوازێکی نوێ بونیادی هۆنراوەکەی دادەڕێژێت و بە شەپۆلێکی تازەگەرییانەوە خۆی نمایش دەکات، ئەو شەپۆلانە، کە بە هێمنی و خێراییەوە بە هەڵچوون و داچوونیانەوە لە قووڵاییەکانی هۆشەوە دەست پێدەکات و دەکشێت تا لە ئاوێتەکردنی ڕەنگ و وردەکارییەکانی هەستدا هارمۆنییەکی قەشنگ و خەمبار بسازێنێ و لە کەنارەکانی دەربریندا کۆیان بکاتەوە، بە دەنگ و میلۆدییەکی خاکەڕاییەوە ناونیشانی هۆنراوەکەی پێ

فۆرمۆڵە دەکات و دەیکاتە شووناس بەوەی (مانای ڕستەی ئـەدەبی لـە شـێوەی دەربڕیندا کۆدەبێتەوە)(2).

بـۆ یەقدانـەوەی هەسـتە جیاوازەکـان لـە لێکدانـەوە و پەرچـەڤەکردنی جوانییـەکانی ڕۆح، "بورهـان ئەحمـەد"ی شـاعیر بـۆ ئـەو مەبەسـتە لەسـەر تەلەکانی ستاتیکا ڕاهێنان دەکات، بـە پیـانوی هەسـتەکانی میلۆدییـەکی نـۆی لەسەر تەلەکانی ستاتیکا کەشف دەکات، لـە هـەر سـات و ئانێـك لـە ئـاوازێکی جیـاوازدا لـە هـەوێنی خـەمێکی بێهوودەییـدا دەتوێتـەوە، لـەنێو پێکهاتـەی چـەمکی دووانـەیی هـەوڵی دەرخـستنی دوالیزمـەی وێنـە جیاوازەکـان دەدات، بەم جیاوازییەش لە گواستنەوەی وێنەکانـدا پـەیامی شـیعری ئامـادە دەکـات، کـە ئەمـەش پابەنـدە بـە ئاشـکرا کردنـی کاریگـەری دەرکەوتـەکان و خوێندنەوەی ماهییەتی دەق، چونکە (بابەتی هۆنراوە ئەستوونگەیەکە، کـە بیرۆکـەی هـۆنراوەی لەسـەر بەنـدە )(3). مەبەسـتی شـاراوەی شـاعیری تێـدا ئاشکرا دەبێت بەوەی شاعیر ( لە دەرەوەی دەقدا نییە )(4).

ڕووناکی
ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی لەیاد کرد
لەم چوارچێوەیەدا
ئەوەی سوودمەندە
شەمشەمەکوێرەیە (5).

شـاعیر بـێ ئامـادەکردنێکی پێـشوەخت وەك تـەماشـاکەرێکی بـێ لایـەن بـەبێ بەرایی بە دووانەیەك بە ئاشکرا کردنـی دیوێـك و شـاردنەوەی دیوەکـەی تـر بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یەکـسەر بـە کردەیـەکی پراکتیکـی ڕووبـەڕووی تراژیدییـەکمان دەکاتـەوە، لـەپڕ گریمانەیـەك دەخـولقێنێ و ئەگـەری ڕۆنـانی

لایەنە ڕاستەقینەکانی ئایدۆفۆن لە ئێستاو ئایندەدا بنبەست دەکات، ئەویش کاتێ ڕەشکردنەوەی ئیشە سەرەکییەکەی ڕووناکی بە سەرمانا دەسەپێنێ، بە بەهانەی ئەوەی کە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی لەیاد کردووە، بەمەش ڕەهەندی نائەکتیڤی نەیار دەبەخشێتە پرۆسەی ڕووناکی، کە بە ئاستەمیش بوار ناهێڵێتەوە، جگە لە دابینکردن و ئامادەکاری بۆ دەرخستنی هاودژەکەی کە تاریکییە، هەرچەند شاعیر ڕاستەوخۆ ناوی لێنانێ، وەلێ کاتێ کردەی ڕووناکی وەك بکەرێك ئەرکی خۆی بەجێناهێنێ، ئەوەی ماوەتەوە هەرچەندە لە ئاستی گوتراوی هۆنراوەدا ئاشکرا نەکراوە لە تاریکی بەولاوە هیچی تر نییە، کەواتە دەکرێ بڵێین ئەوەی کاری بۆ کراوە لە بونیادی هۆنراوەکە بریتییە لە دووانەی ڕووناکی و تارکی، بە کردەیەکی ڕاستەوخۆ کە ڕووناکییە بە پەنهانی بە تاریکییەوە گرێدراوە، لەم حاڵەتەدا دەشێ شرۆڤەکردنێکی فراوانتر بە کێشمان بکات بۆ بەرجەستەکردنی دووانەی سوود و زیان، یاخود باش و خراپ بەوەی ئەوەی سوودمەندە و لە تاریکیدا گوزەران دەکات شەمشەمەکوێرەیە.

لێرەدا کردەی باش و چاکەکاری بە گوێرەی شەمشەمەکوێرەوە چووەتە بەرەی تاریکاییەوە، کە شەمشەمەکوێرە تیایدا سوودمەندە، بەلام زیان و خراپی لە تاریکیدا بەشێکی براوەی ئەوانی دیکەیە، کە ئاشنا و ڕۆشنای ڕووناکین، پێچەوانەی ئەمەش دروستە، بێگومان شەمشەمەکوێرە سیمبولێکی ئاشکرایە بۆ شتی خراپ، بۆیە شاعیر بێ ڕوخسەت دەسەڵاتی شیعری خۆی دەسەپێنێتە سەر ڕستی بیرکردنەوەمان، بەناو دەمانخاتە بەردەم ڕووناکییەکی پەتی (ئەپستراکێت) لە ڕووناکی، بە مانایەکی تر پێناسەی تاریکیمان بۆ دەکات، لە ئاستێکی تردا گەر سەرنج بدەین، کاتێ شاعیر ڕووناکی دەکاتە دەسکەلا و لە ئەرکەکەی دایدەماڵێت، ڕەچاوی هیچ

زەمەنێکی دیاریکراو ناکات، ڕەهەندەکانی زەمەن بە داخراوی بەجێدەهێڵێ و لەبری ئەوەی ڕایەڵێکی ئاسۆیی پێ ببەخشێت، لەپڕ بەرمان لێدەگرێت و بە شوێنێکی نا جوگرافی دیارەوە کە بە (چوارچێوە) ناودێری دەکات دامان دەکوتێت و بە ڕەهەندێکی ئەستوونییەوە پابەندمان دەکات، ئەویش کاتێ زەمەنی مێژوو شکست دەهێنێ، کە خەسڵەتەکانی ڕووناکی پشتگوێ دەخرێن، بەهاو ڕەوشەکانی مرۆڤایەتی فەراموش دەکرێن، بە پێشێلکردنی ئەرکەکانی ڕووناکی، دیوە هاودژ و دزێوەکەی تری دیوە تاریکەکەی مرۆڤمان بۆ دەردەخات، جگە لەمە شاعیر لە سەرئەنجامەوە دەست پێدەکات، چونکە ڕووناکی ئەنجامە و چاووگ و سەرچاوە نییە، بەمەش پشت لە هۆکار و چاووگ دەکات، ئەو هۆکارانەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە، کە بۆچی ڕووناکی ئەرکی خۆی لەیاد کرد، ئەی دەبێ ئەو ئەرکانە چی بن کردەی چ پاڵنەرێك وایکرد، کە ڕووناکی ئەرکی خۆی لەیاد بکات، لەگەڵ ئەوەی شاعیر دووانەی ڕووناکی و تاریکی وەك بوونەوەرێکی زیندوو سەیر دەکات، بە کەمتەرخەمی و لاواز کردنی ئەرکی لایەکیان، میکانیزمی لایەکەی دیکەیان بەهێز دەکات، وەلێ کۆی ئەو فشارانە نانێژێ تا ئێمەی وەرگر بەری ئەو لە یادکردنەی ڕووناکی بدورینەوە، کە بۆتە داهاتی بونیادی هۆنراوەکە و جیاوازییەکانی زەق کردۆتەوە، بەم شێوەیە شاعیر لە بێهوودییەوە ڕاهێنان و ئیش لە ئەنجامەکاندا دەکات، لە سۆنگەی ئەوەی (ئێمە لە بێهوودەییەوە فێری شێوازەکان دەبین)[6].

سێبەر و ڕۆشنایی
بەرانبەر یەکیان گرتووە
سەرئەنجام
پەپوولە باجەکەی دەداتەوە[7].

شاعیر بەردەوامە و گەمەی خۆی دەکات، لە پەرەگرافێ یەکەمدا دوانەی ڕووناکی و تاریکی بەکارهێناوە، بەڵام لە ئێستادا دەیەوێت خوێنەر بە فریو بدات لەبری ڕووناکی ڕۆشناییمان پێ ئاشنا دەکات، سێبەری کردۆتە شوێن تاریکی، کەواتە خولگەی بیرکردنەوەی شاعیر تا ئاستێ هەریەك خولگەیە بە مووتربەکردنی هەندێ جیاوازییەوە بە ڕەچاوکردن لە پاراستنی یەکێتی بابەت لە بونیادی هۆنراوەکەدا شاعیر لە دووانەی سێبەر و ڕۆشنایی دا، هەوێنی تەنگژەیەکی مەعریفی دەگرێتەوە، کاتێ ڕووپێوێك لە پێدراوەکانی هۆنراوەکەدا بکەین، دەکرێ خاڵی هاوبەش و لەیەکچواندن لەنێوانیاندا بدۆزینەوە وەك ڕووناکی/ڕۆشنایی، تاریکی/ سێبەر، بەڵام ئەمجارەیان شاعیر لە تەنیشت بەکارهێنانی دووانەی سێبەر و ڕۆشنایی دا لەئاست نەگوتراوی هۆنراوەکەدا بێ ئەوەی ناوی بهێنێ ڕەگەزی سێیەمی تێ ئاخنیوە، کە هۆکاری دروستبوونی سێبەرەکەیە، کەواتە دەبێ لەمپەرێك یاخود هۆیەکی دەرکی هەبێ، تا بەر لە ڕۆشنایی بگرێ و لە ئەنجامدا سێبەری لێبکەوێتەوە، بەمەش دەگەینە ئاکامێك، کە سێبەر ئەنجامە و ئەنجامێکی گەورەتریشی لێدەکەوێتەوە، ئەویش باجدانی پەپوولەی بێگوناهە لە سوود وەرگرتن لەو ڕۆشناییە، وەلێ دەبێ ئەو هۆکارانە چی بن کە دەبنە ئاستەنگی ڕۆشنایی؟ دەبێ مەبەست چی بێت لە ئەفراندنی ئەم وێنە شیعرییە؟

وێنەی شیعری بەشێکی دانەبڕاوە لە گەشەکردنی هەستی شاعی رو پێودانگێکی بنەڕەتییە لە ئاست ناساندن هەڵبژاردنی ئامرازەکانیدا، ئێمە لای خۆمانەوە دەکرێ لە دوای کردنەوەی کۆدەکان بچینە دیوە شاراوەکەی دەقەوە، گەر ڕەگەزی سێهەم وەك سیمبولێکی چەواشەکەر و کاسەلێس شووناسی بۆ بکەین، کە ئەمەش پێگەیەکی جوگرافێ نالەبار بەرهەم دەهێنێ، کە شاعیر بە سێبەر ناودێری دەکات، بەڵام ئەوەی ڕایەڵەکانی

وێنەکـەی شـپرزە کـردووە ئەوەیـە بـە دەرکـردن و شـاردنەوەی هۆکارەکـە، ڕۆشنایی و سـێبەر بەرامبـەر یـەکیان گرتـووە پارسـەنگەکەی پەپوولەیـە، کـە دەتوانین بیانـچوێنین بـە کەسانی سڤیل و بێدەسـەڵات کـە دەبێ باجەکـەی هـەڵگرن، لـە کاتێکـدا دووانـەی ڕۆشـنایی و سـێبەر بـە پێـی لۆژیـك و زانـستی فیزیـك کـارو کاردانـەوە نییـە، بـەڵکو سـێبەر لـە ئـەنجامی کاردانـەوەی ئـەو هۆکارو ئاستەنگانە دروست بووە کە بەر لە ڕۆشنایی دەگرن، بەمـەش سێبەر و ڕۆشنای گەر تەواوکەری یەکتر نـەبن ئـەوا پێچەوانەی یـەك نـین وەك ئـەو پێچەوانە زەقەی کە لە نێوان دووانەی ڕووناکی و تاریکیدا هەیە.

بورهان ئەحمەد هـەتا خـۆی لـەو قەیرانـە مەعریفییـە ڕزگـار بکـات هـاتووە ئەو بکەرە لە وەرگر دەشارێتەوە کە سێبەری فەراهـەم کـردوە کـە پێـشتر بـە ڕەگەزی سێهەم ناوزەدمان کرد، گـەر سیـستەمی فیزیکی پەرچـەڤەی ڕێزمـان بکەین دەتوانین بـەم جـۆرە ریزبەنـدی بـۆ ئـەنجام بـدەین: ڕۆشـنایی کـردارە، ڕەگەزی سێهەم بکەرە کە (شاراوەیە)، سێبەر بەرکارە، کەواتـە بـۆ ئێمـە دژوار نییە ڕاستی بکەینـەوە بـەم سـتایلە کورتـە بینووسـین (کـردار بکـەر بـەرکار)، بـەڵام ئـەوەی لـە چـەمکی هۆنراوەکـەدا هـاتووە بـەم جۆرەیـە کـە (کـردار بـەرکار) بەرامبـەر یـەکیان گرتـووە پەپوولـەش لـە دەرەوەی کەوانەکەدایـە و باجەکەی دەدا، گەر لە گۆشـەنیگای کەڵچەرییەوە خوێندنـەوەی جیـاوازی بـۆ بکـەین دەکـرێ بڵـێین، کـرداری ڕۆشـنایی هێمایەکـە بـۆ هـاتن و پیـادەکردنی مەعریفە، ڕەگەزی سێهەمیش (چەواشـەکەر و کاسـەلێس) بکـەر و ڕێگـرن لـە هـاتنی ئـەو مەعریفەیـە، ئـەنجام بەرهـەم هێنـانی جوگرافیـای پێگەیەکـە تەنراوە بە سێبەر، کـە دەکـرێ بڵـێین (وڵات)ە یـاخود شـوێنە، کـە بەرکارێکـە دوورە لە پرەنسیپەکانی مەعریفە لە( کردار) کە هەڵگری ڕووداوە، بـەڵام بـە پێـی لێکدانـەوەی پێـشووترمان کـە شـاعیر هێڵـەکانی بـۆ کێـشاوە (کـردار و

بەرکار) بەرامبەر یەکیان گرتووە، کەواتە بە لە جیاتی دانان ئاساییە بڵێین مەعریفە و وڵات بەرانبەر یەکیان گرتووە، لەم کێشەو بردەیەدا ئەوەی ئاشکرایە هاووڵاتی باجەکەی دەدات، کە لە پەپوولەدا خۆی نمایش دەکات و هیچ ڕۆڵێکی ئەکتیقی نییە، بەوەی بەدەرە لە ڕووداو هەروەها لە دەرەوەی کەوانە و لە دەروەی سیستەمی بەڕێوەبردن دایە، بەمەش شاعیر حاڵەتێکی نامۆبوون دەوروژێنێ، کە قوربانی دەستی نیشتیمانێکی بێ مەعریفەیە.

شەڕ و پێکدادان
کەوتۆتە نێوان
هەتاو و باخچەوە
لەم نێوەندەدا
نێرگز زەرەرمەندە
زیان بەر گوڵاڵە دەکەوێ[8].

شاعیر بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی و باڵابوونی گوتاری شیعری بە نۆڕەهاتن کردەی گێڕانەوە ئەنجام دەدات، بە مەرجێك پلەکانی گەشەکردنی درامی دەبڕێت، کە هەر پێدراوێکی بەرجەستەکراو، کە ڕووداو لە دووتوێی دەقدا دروستی دەکات، لە دوای بەجێهێنانی ئەرکە دیاریکراوەکەی، ئەو ئەرکە دیاریکراوەی پێش خۆی ڕەتدەکاتەوە و پیادەی ڕۆڵێکی پێشکەوتوتر دەکات، بێ ئەوەی ڕێگە بە هەڵوەشاندنەوەی چنینە درامییەکەی بدات، لەم گۆشەنیگایەوە گەر پێداچوونەوەیەکی خێرا لە کێرڤی گێڕانەوەدا بکەین، بۆ پۆلێن کردن و ڕوونبوونەوە دەتوانین کردەی بەراوردکاری بە پێی سێ قۆناغ دابەش بکەین:

قۆناغی یەکەم :

ڕووناکی بەهۆی لەیادکردنی ئەرکەکەی، لە ئاست نەگوتراوی هۆنراوەدا بە پێوەرێکی جەبری تاریکی فەراهەم دەکات، وەك ڕووداوێك تەنها لە وێنەیەکی ناهەڵوێستدا یەق دەداتەوە و بێلایەنی لێدەکەوێتەوە، ڕووداو نائەکتیڤە و دەسەڵات بە تاریکی دەدات، لەم چوارچێوەیەدا لە پارسەنگی هاوکێشەکەدا ڕێگە بۆ سوودمەندی شەمشەمەکوێرە خۆش دەکات، لێرەدا بوونەوەرێکی خراپ وەك هێمایەکە خەڵات دەکرێ، ڕووناکیش هۆکارە.

قۆناغی دووهەم:

ڕۆشنایی دەبێتە ئەلتەرناتیڤی ڕووناکی، لە ئەنجامی شاردنەوەی بەربەستی بەر ڕۆشنایی، لە ئاست نەگوتراوی هۆنراوەدا، سێبەر پەیدابووە و لەگەڵ ڕۆشناییدا بەرانبەر یەکدەگرن، بەمەش بەرەوپێشچوونێك دێتە ئاراوە و بارێکی گەشتر ڕەهێڵە دەکات و هەڵوێست وەردەگرێ، لە کردەی ڕووبەڕووبوونەوەدا پیادەی ڕووداو دەکات، سەرئەنجام لە حاڵەتی ئەکتیڤدا، بوونەوەرێکی بێگەردی وەك پەپوولە چۆن باجی چاکەکەی دەدات و دەبێتە ئەلتەرناتیڤی بوونەوەرێکی خراپی وەك شەمشەمەکوێرە، دەبینین چۆن باش لە ڕۆشناییدا باجی لێدەسەنرێ و دەبێتە ئەلتەرناتیڤی خراپ، کە لە تاریکیدا خەڵات دەکرێ و سوودمەند دەبێ.

قۆناغی سێهەم :

دەکرێ بە قۆناغی لووتکەی ناوزەدی بکەین، سەرنج بدە چۆن هەتاو بۆتە ئەڵتەرناتیڤی ڕۆشنایی و بەمەش زیاتر کێرڤی درامی بەرزکراوەتەوە، هەتاو

کـە سەرچـاوەیەکی بنـەڕەتی دەسـەڵاتی ڕوونـاکی و ڕۆشـنایيە ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ دیاردەکان مامەڵە دەکات، ئیـدی چیتر پێویـستی بـە بەربەسـت نییـە، کە لەمەوبـەر گوتمان بەربەسـت ئاماژەیـە بـە چینی نـەزان لـە هـەمان کاتـدا هـەتاو وەك دەسـەڵات خراوەتـە کـار و درك بـە نـاوکۆیی هێـز دەکـات، بـەم جۆرە پارسـەنگی هاوکێشەکە قەوارەیـەکی فـراوانتر بـە خۆیـەوە دەبینێـت و هێز ڕاستەوخۆ ئامبازی سروشت دەبێت، کـە شاعیر بـە باخـچەیەك نـاودێری دەکـات، لـە کاتێکـدا سروشـت وەك دایکێـك دەبێتـە ئەڵتـەرناتیڤی گـشت بوونەوەرەکان بە باش و خراپییەوە هەموو لـەخۆ دەگـرێ و شـەڕو پێکـدادان ڕوو دەدات، دەبیـنین چـۆن لـە هەنووکـەدا شـەڕ و پێکـدادان بووەتـە ئەلتەرناتیڤی بەرامبەرگرتن بەیەك بە هـەمان شـێوە ئـەمیش ئەڵتـەرناتیڤی کەمتەرخەمی و بێلایەنی و بێ هەڵوێستی یەکـەم جار بـوو، کەواتـە دەکـرێ لێرەوە بگەین بە ئاکامێك کـە سـەرەتاو بنـچەی هـەموو شـەڕ و کێشەیەك لـە کەمتەرخـەمی و بـێ هەڵوێـستییەوە دەسـت پێـدەکات و دەبێتـە داینـەمۆی سـەرجەم گۆڕانکارییـەکان، لـە کۆتاییـشدا وەك گوڵـە نێرگـز مرۆڤـی جـوان و ناسـك و پـاك زەرەرمەنـد دەبێـت. بـەلای ئێمـەوە شـاعیر مـادام توانیویـەتی مەبەستەکەی بگەیەنێت گـەر دوا دێـڕی کۆپلەکـەی نەنووسیایە کـە دەڵێـت" (زیـان بـەر گوڵاڵـە دەکـەوێت) باشـتر دەبـوو، چـونکە ئـەم دێـڕە زیـادە، هـیچ خزمەتێ ناخاتە سەر بونیادی هۆنراوەکە، ئەم زیادەیە وەك کەمکردن وایە.

ئاوێنە
پۆشاکی ڕەشی پۆشی
کە زانی ئێمە
درۆی سپیمان
لەبەر کردووە (9).

شاعیر بۆ تەتەڵە کردن و شرۆڤەکردنی داکەوتەکان، خستنەڕووی تراژیدیای مەرگەساتی بەهاکانی مرۆڤ، لە چوارچێوەی ئەو پێدراوانەی، کە لە هەنووکەدا لە چینە شاراوەکانی نەستیدا درکی پێ دەکات، لە دەروونـدا یەق دەدەنەوە، بەمەش شاعیر سیمای وەرگر بە گوتاری هۆنراوەکە بارگاوی دەکات و ڕێگە خۆش دەکات بۆ بەیەك گەیشتنی ئاسۆی چاوەڕوانی لە نێوان دەقی وەرگرداو دەیخاتە ژێر کاریگەری ڕەهەندە جیاوازەکانی دەقەوە، ڕایەڵەکانی لە یەکگەیشتنی پێ دەناسێنێ، زیرەکانە بۆ ریسوا کردن و ئاشکرا کردنی نیشتەمەنی کۆی ئەو خو و نەرێتە ناشیرینانەی کۆمەڵ، کە بۆتە مۆڕاڵی گشتی، کە کار لە خود دەکات و لە خودەوەش هەناردەی دەرکەوتەکانی دەرەوە دەکرێت و لە خولگەی بەرژەوەندی گشتیدا دەخولێتەوەو لەژێر ناونیشانی درۆی سپیدا مۆڵ دەخۆن یەکتری تەواو دەکەن و وێنەکانی تراژیدیایی و پرس نەهامەتییەکانی دەروون لە گەلەری ڕیاڵدا نمایش دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر بە ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆ دێتەگۆ و بیردەکاتەوە لە دۆزینەوەی دەرچەیەك کە بتوانێ ئاستی ئەو پووچگەراییە گشتییە ئاشکرا بکات، کە هەریەکێك لە ئێمە ئەبلەق دەکات بەو لیرکەی، کە بە خەم و ئازارەوە ڕەنگرێژ کراوە، بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستەش ڕوودەکاتە ئامرازێکی مردوو، کە وەك بکەر دەیکاتە گەواهی و ئاستی چالاکی خۆی تێدا بەدی دەکات، ئەویش ئاوێنەیە، کاتێ خەسڵەتی زیندووی پێ دەبەخشێ، لێرەوە لووتکەی کارەساتی درامی بۆ ئێمە دەگەیەنێتە بنبەست بەوەی ئاوێنە وەك بابەتێکی دەرەکی کە ڕەنگدانەوە و درك کردنی خود لە خۆیدا هەڵدەگرێ، دەکرێ وەك داکەوت بەکردەی پەرچەڤەکردن و ئاشکراکردنی جەفەنگی و درۆ سپییەکانی خود ڕووبەرێکی ڕەش دەپۆشێت و مەرگی فەلسەفی خود ڕادەگەیەنێ، بە جۆرێکی

دی مردوو هەڵوێستی زیندوو وەردەگرێ و مردنی زیندوو بە مردن کەشف دەکات، دەکرێ بە دیوێکی تردا ڕاڤەی بۆ بکەین پشتکردن لە بەها جوانەکانی مرۆڤ و تەسلیم بوون بە دیاردە خەڵەتێنەرەکان، نەك تەنیا دەبێتە هۆی مردنی خاوەنەکەی بە مردنێکی هیچگەرایی، بەڵکو ئەو داکەوتەش شەرمەزار دەکات و ڕووی ڕەش دەکات، دەشێ مردنی فەلسەفیانەی خود و هەست کردن بە ستاتیکای هیچگەرایی گەیشتبێتە ئاستێ ترسناك، گەر لە ڕوانگەی ڕاستگۆییەوە تەماشای بکەین دەبێ لەبری ئەوەی ئێمە ڕەش پۆش بین، بە بەرئەنجامی جوانکردن و شاردنەوەی کردەوە ناچێزەکانمان، ئێمە ئەوەندە ناشیرینین، ئەوەندە ناشیرینین نیرۆسییەت ڕێگەمان نادات پێ لە تاوان و نالەباری خۆماندا بنێن، بۆ ڕوو سووربوون و پاکانەکردن تاوانێ دیکەی بۆ زیاد دەکەین و بە دەستەواژەی درۆی سپی خۆمان ڕزگار دەکەین لە بەها و ئەرکی بە مرۆڤ بوون بە کورتی بۆ چاکەکردن خۆمان خراپ ناکەین، لە بەرامبەردا لەژێر فشاری ئێمەدا لە ڕەنگدانەوەی دەرەوەماندا ڕیاڵ بە مردنی خود، کە ڕووبەری جەستە بە کفن فەراهەمی دەکات یان بە درۆی سپی پێناسەی بۆ دەکات، هەر لەبەر ئەمەشە ڕەش دەپۆشێ و پرسەی بۆ دەگرێت، لە ڕەنگدانەوەی ناوەوەشماندا دەکرێ بڵێین پرسەی ناخە بۆ مردنی جەستە، لە لێکدانەوەی هەردوو بارەکەدا سەراپا داکەوتێکی ڕەش چاوەڕوانمانە تا ئەو دەمەی درۆی سپی ڕەشبکەینەوە، بە ڕاهێنان لەسەر تەلی ستاتیکا ڕیاڵ سپی بکەینەوە.

ژێدەرەکان:

1_ بورهـان ئەحمـەد لـەدایکبووی شـاری کـەرکوك 1958، سـێ نامیلکـەی شیعری بەچاپ گەیاندووە، بەم ناونیشانانە،(کۆچی هـەورەکان سـاڵی 2000- ئۆپەرێتـەکانی هـەزارەی سـێیەم چـاپی یەکـەم 2002، چـاپی دووەم 2005 یەکێتی نووسەرانی کورد/لقی کـەرکوك- هەرِشـەکانی ژنێـك، زنجیرە کتێبی نەوشـەفەق، دەزگـای ئـاراس- بـازارِی نـاوخۆیی، رِۆمـان، محەمـەد شـوکری، وەرگێرِان لە عەرەبییەوە.

2 _ یاکۆپسن/ دەنگی بلـورینی دەق و رِەخنـە و لێکۆڵنـەوە - عەبـدولخالق یەعقوبی 2005 .

3 _- الصورة الشعرية. تـألیف سي. دی. لـویس. ترجمة: د. أحمد نـصیف الجنابي، مالك میري، سلمان حسن ابـراهیم. وزارة ثقافة والاعلام دار الرشـید 1982 ض 20 لا125

4 _أدۆنیس / صوفیة و سریالیة ـ بیروت ـ دار الساقي ـ 1994 ص 125.

5 _ ، 7، 8، 9، هۆنراوەکە .

6 _ئەمپیسۆن/ هەمان سەرچاوەی ژمارە 2 - ل 111.

# ئەوین وەك بەرگری
# لە کەساندنی نیشتیماندا

ئـەوەی جوانـە کە هـەرگیز کـاڵ نابێتـەوە لـە یـادەوەری وەرگـردا بـە نـەمری دەمێنێتەوە، هەمیشە لە خۆ تازەکردنەوەدا گەشە بە مانـەوەی خـۆی دەدات، ئـەو دەقانەیـە کـە لـە قـووڵایی و نـاخ و کانگـای گەلـەوە هەڵـدەقوڵێ، لـە قۆنـاغێکی مێـژووی دیـاریکراودا دەبنـە جێـی سـەرنج، تەگـەرەکانی بێـدەنگی دەشـکێنن، گوزارشـت لـە خـەم و ئـازار و دەنـگ و ڕەنگـی دیاردەکـانی ئـەو سـەردەمەیان دەکـەن، بـە تەلیـسمی مانـەوە کـۆی خەونـەکانیان ئاوێتـەی ڕەگـەزەکانی خۆشەویـستی دەکـەن، گـەورەیی خۆشەویـستی لـە بـوێری کاڵبوونـەوەی سـنوورەکانی خـود پەرسـتییە، ئەپـستراکتە لـە گیـانی هەڵمەتەکاسیی، گیان فیداییە بێ بەرامبەر، هەستکردنە بە خۆشنوودی لە ئاست شکاندنی سنوورەکانی تـرس و سـڵمینەوە، شکاندنی تـرس.. خـۆی لـە گەوهـەردا تەواوکارییـە بـۆ بەدەسـتهێنانی بـیری ئـازاد و هـزری دروسـت، هاوڕازە لە ڕاساندنی پەیامە پیرۆزەکـەی مرۆڤایـەتی، لـە سـەلماندنی هـەبوونم وەك فەرزەنـد و خـودێکی ئـازاد، هەڵبـەت لـەژێر چـەتری ئازادیـدا هـەلی ڕەخساندنی سەرکەوتن پتر بـە دیاردەکـەوێت، وەلـێ کاتێـك بـە شـێوەیەك لـە شێوەکان ئەم ئازادییە هەڕەشـەی لێـدەکرێ، دژایـەتی دەکـرێ، بـە سـڕینەوەی ناسـنامەی نەتەوایـەتی و کـەلتووری و ڕۆشـنبیری ڕاسـتەقینە، بـەم جـۆرە هـەوڵی ئـەوە دەدرێـت کـە مانـای مرۆڤبـوونی لـێ زەوت بکـرێ، لـەم

سەروبەندەدا، ئامبازی چەمکەکانی چەوسانەوە دەبین، زۆر سەخت و دژوارە کە دەسەڵات بتوانێ ئەو دەنگە ڕاستەقینانە کپ بکاتەوە کە دوورەپەرێزن لە لادان و شێواندنی ڕاستییەکان، هەرچەند تایبەتمەندی دەقی ئەدەبی ئیشکردنە لەناو خودی تاك، گوزارشتکردنە لەو جیهانە کە هەستی پشت ڕووداوەکان دەستەبەر دەکات، پێچەوانەی تێزەکانی مێژووە، کە تەنیا لە دەرەوە کەف ماڵی ڕووداوەکان دەکات، هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە پەیامی ئەدەب کاریگەرتر و بەتینوتاوترە لە هەژموونی مێژوو، دەقی ئەدەبی دەخزێتە ناو خانەی مەعریفەوە، دەکرێ چەندین خوێندنەوە بە دوای خۆیدا بهێنێ، بەردەوام خۆی لە قاپۆری تازەبوونەوەدا بەدیدەکات، بەوەی هزر و نووسین وەك مەعریفە لە شوێنێکدا ناوەستێ و ئۆقرە ناگرێ بە پێی داتاکانی سەردەم گۆڕانکاری بەسەردا دێ، بەم پێیەش پێگەی نووسەری بە سەلیقە شووناسی ئەو دەقانە دوور ناخاتەوە کە لە هەستی میللەت و کۆمەڵگا و مافەکانییدا یەقیداوەتەوە، لەناو داکەوتەکاندا گۆیکردوە بە هەموو توانایەکەوە بەرهەڵستی ئەو هێزە چەواشەکارانە دەکات، کە تووشی دەردی چەقبەستن و دۆگما بوونە، بەم پێیەش درمی فاکتەرەکانی بڕوبیانوو، خۆلادان لە مەترسی بنبڕ دەکات، کوناودەر بە سەربەرزییەوە لێی دێت دەرێ، دوور نییە نووسەر لەپێناو پرەنسیپەکانی نووسیندا تووشی گوشاری دەروونی و دەرەکی بێت، پەڕاگەندەی هەندران بێت یان دووچاری گرتن و بەندکردن بێ، یان لە شوێنی خۆی دووریخەنەوە، بگرە هەندێ جار دەگاتە ئاستی قوربانیدان بە خۆی بە مردن، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە بە نەمری و گرەوی میژوویی بردووەتەوە لەناو خزێنە ڕەهاکەی ئەدەبدا جێی پەنجەی دیارە و یەکێکە لە جێندەرەکانی ئەدەب، ئەویش خودی دەقەکانی ئەدەبی بەرەنگارییە، بەرەنگاری شێوازی جیاجیا لە خۆدەگرێ هەر لە

پێـداگری و ئـیرادەی ژیـان و بـەرخوازی لـە بەدەسـتهێنانی سەربەسـتی و بەرخودانی و ڕاست ناسی هەست و ئاوەز تـا دەگاتـە شانازی کردنـە بـە مافـە ڕەواکـانی میللـەت، مـەرج نییـە چـەمکی بەرەنگاربوونـەوە تـەنیا لـە ئەدەبـدا هـەبێت، بـەڵکو ئامـادەگی لـە گـشت ڕەگـەزەکانی تـردا هەیـە وەك (هونـەری تەشکیلی، وێنە و فیلم، زنجیرەی درامی، گـۆرانی، میوزیـك، شانۆ، نوانـدن) و سـەرجەم ڕەگـەزە ئەدەبیـەکانی دیکـەدا، هەڵبـەت مەبەسـتی سـەرەکی لـە بایەخدان بـە ئـەدەبی بـەرەنگاری لـەوەدا خـۆی دەبینێـت، کـە بـە دەساوەرد پرۆژەیـەکی سەرتاسـەرییە، بـۆ سـەرکەوتن و مەرجـە بـە بڕواهێنـان بـە تواناکانی گەل بەرانبەر بـە داکۆکیکردنێکی ڕەوا بـۆ بەدەستهێنانی گیانێکی نوێی خەبات و تێکۆشان، بۆ ئەجینداکانی مانا بەخشین بـە بـەهاکانی مـرۆڤ، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەدەبی گشتی بەرەنگاربوونەوەدا ئامـانجی پـەیامێکی نـوێ دەخاتــە ســەر چــەمکی گیــانی کوردایــەتی و نەتەوایــەتی، تــا درێژبوونـەوەیان دەگاتـە ئاست ناسـاندنی زێـدو نیـشتیمان. پـەیامی هـۆنراوە دەسـتکورت نییـە، بـەهیچ کلـوجێ پاشـکۆ نییـە، لـە بەرهـەمهێنانی ئـەم جێندەرە، هەر وەك دکتۆر عاتف عێراقی دەڵێت" گوزارشتە لە ماقولّ"[1]، بۆیـە قـسەکردنی ئێمـە لەمـەڕ سـێ شـاعیرە کـە هـەر یـەکیان خـاوەن خەسـڵەتێکی جیـاوازن بـەلاّم لـە سـەنگەری بەرگریـدا هاوشـانی یـەکن، هەرچەندە شاعیری دیکەشمان هەیـە، لێرەدا ناویـان نـەهاتووە ئەمـەش ئـەوە ناگەیەنێ، کە ئەمان لەوانی دیکە دەستڕەنگینترین، وەلێ پـۆلێن کردنـی ئـەم سێ شاعیرە لەسەر چەند ڕەهەندێ پەسەند کراوە.

یەکەم (بێکەس)ی شاعیرە کە جیهانی بەندیخانە لە دوو سـەرەوە مـاڵی بـووە لە خود و لە بەرکەوتەکانی دەرەوەیشدا.

دووهەم (هێمن) مووکریانی شاعیرە، کە پەراگەندەی زێدی بووە.

شاعیری سێهەم (لەتیف هەڵمەتە)، هەڵبەت دەکرێ ئێمە وەك بەرایی لە (بێکەس)ی شاعیرەوە بچینە نێو باسەکەمان کە چۆن بێکەس لە گۆشەنیگایەکی نیشتیمانییەوە دەرچەی ئەوین دەکاتە دەروازەیەك بۆ دۆزینەوەی خود، لە ساتە وەختێکی بێدەنگیدا ڕادەمێنێ لە ترۆپکی ناخۆشی ئازاردانی جەستەییدا لە هەوڵدان بۆ ڕەشبردنەوە و هەرەسهێنانی گیانی نیشتیمان پەروەری و ڕادەستبوونی جەستەیی و دەروونی لە کاردانەوە و پیادەکردنی رق و بوغز بەرانبەر بە چەمکی بەند و کۆت کردندا، لەم ساتە وەختە نالەبارەدا لە پەراکتیزە کردنی دووانەی ئەوین و تیرکی مانەوە، کە لە ناخی ئەمی شاعیردا یەقدەداتەوە، ڕق کە بەرانبەر بەم ئەنجام دەدرێ، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ململانێ و کێشبەندی مانەوە و خۆبەدەستدانەوە، شاعیر لە یەك کاتدا گۆشەنیگای خۆی لەنێو دەقی شیعریدا ئاشکرا دەکات، لە هەمان کاتدا شتێکی ناو ناخ کە ڕووبەرە شیعرییەکەی والاّ دەکات، واتە ئەوەی لە دەقدا دەیدۆزێتەوە هەمان یان هاوشێوەی ئەو شتەیە، کە لە خودیدا ئۆقرەی گرتووە، ئەو سۆز و هەستکردنەی بە نوستولۆژیاوە دەقی گرتووە، لە یەکەم دێڕدا درکی پێدەکەین، هیچی لە نیشتمەنیەکانی خودی کەمتر نییە، کە بە خۆشەویستی نیشتیمانەوە گۆشکراوە و خاوەن میژوویەکە و ئاینەدەی لەئامێز گرتووە، چەند بە نەرمی و جەسارەتەوە گوزارشت لەو پەیوەندییە ڕەهایە دەکات کە بێهوودەیی ڕەتدەکاتەوە، " بە کورتی ئەوەی کێبڕکێی لەسەر دەکەین ئایندەیە نەك ڕابردوو، چونکە هەر ڕوانینێك بۆ مێژوو گۆشەیەکی ئایندەخوازی تێدا نەبێت، ڕوانینێکی بێهوودەیە "[(2)]، ڕووتەقی بێکەس یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە جوانەکانی، بۆ گەیشتن بە مەوداکانی خۆشەویستی نیشتیمان، هیچ ناوبڕێك یان هێڵ و سنوورێك لە نێوان مرۆڤ

و خاکەکەیدا ناهێڵێتەوە، لە وێنەیەکی زیندوودا چەند لە پرۆسەی نووسینەوە نزیکە بە هەمان شێوە ڕاستەوخۆ لە ماناکانی رووخساری درێژەپێدانی مرۆیی لە هەر نسکێکی پێکهاتەی خاك نزیك دەبێتەوە، بەخوێن و گیانەوە یادی خاك و نیشتیمان دەکات، برین و زامەکانی سارێژ دەکات، خاك لە یادەوەری دڵدا دەرمانی گیانە، ئاوێتەبوونە، توانەوەیە بۆ نێو جومگەکانی ژیان و بەخشینی  مانایە، خەسڵەتی ئەم بە ماناکردنە کارایە بۆ ڕۆنانی گیانێکی خوڕاگر و جەربەزە و خودئاگا، کە تا مەبەست نەپێکێ هەرگیز چاوی دڵنەوازی لێك نانێ، ئازاد نابێ، بۆیە هەرگیز غافڵ نەبووە و نابێت، ئەمەش لە ڕێگای سیستەمی وێناکردنێکی ڕیالیستییەوە لەناو کۆی دەقی شیعریەوە سەردەکات و خود دەکاتە سەنتەر بۆ هەرەسهێنانی دیوارەکانی بێدەنگی، لەهەمان کاتدا ئاشتبوونەوە و ڕەزامەندی خودە بە گۆڕینی دەرکەوتەکانی دەرەوە لە ڕێگای کارکردن لە نەستی دەقدا بۆ پەردە هەڵماڵین و ئاشکراکردنی خەونە چەپێنراوەکانی دەرەوەی خۆی، کە بە سیاسەت بارگاوی کراوە، کردەی ئەم چڕکردنەوەیە، گواستنەوەی هەقە لەسەر ناهەق، گەر پێدراوەکانی ڕیاڵ فاکتەرێ بێت بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەقی ئەدەبی دەرخستنی ئایدەفۆنێك، کە نادیار لە ئەنجامی ئەو فاکتانە، کە گوزارشتکردن دەکاتە دەسکەلایەك بۆ خاڵی وەرگەران لە تاودان بە ڕەنگ کردنێکی پتر لە تابلۆکانی بەرهەمهینانەوەی گوتاری شیعری بە زەفکردنەوەی چەند دیدە و جەمسەرێکی هاودژ، دژەوابوونی ئەو کێشبەندییە لە ستاتیکای وشەدا ڕەوشێ دیالێکتی لە رووبەری هۆنراوەدا ڕێکدەخات، چونکە " هەموو گوتارێك لە چەند جەمسەرێکی دژ بە یەك و پێچەوانە دروستبووە، خود، بابەت، نێرەر، بۆ نێردراو" (3).

ئـەم هۆنـراوەیـە ئەوەنـدەی لـە ڕیـاڵ نزیـك دەبێتـەوە لـە خورپـەكانی ژیـان دوورناكەوێتــەوە، لــە هــەمان كاتــدا بــە گــشت قــەوارە و خەســڵەت و ڕەهەندێكەوە جووتە، هەماهەنگە، بە یەكداچووە لە تـەك كەسایەتی خـودی شـیعریدا، سروشـتی شـاعیر لـە گۆڕەپـانی خەیاڵـدا وێنەیـەكی خاكـەرایی ڕیالیستی لە هزری وەرگـردا بەجێدەهێڵێت، بـەوەی بـاس لـە پەیوەندییـەكی نێـوان خـود و دەركەوتـەكانی دەرەوەی خۆیـدا دەكـات، لـە ڕێگـای سـتاتیكای وشـەوە دەتـوانێ جیهانـە سـیحراوییەكەی ئـەودیوی دەق ئاشـكرا بكـات، كـاتێ وەك بەندەیــەكی دڵــسۆزی هــەڵپرووكاو ڕووی دەمــی ئاراســتەی نیــشتمان دەكـات، وەك ئـەوەی نیـشتیمان كەسـێك بێـت ئاخـاوتنی لـە تەكـدا دەكـات، بەخشینی خەسڵەتی كەساندن بە نیشتیمان لە گەوهەردا كردنـەوەی دەرگایـە بـۆ ئاخــاوتن دیــالۆگ لــە نێــوان قــسەكەر و قــسەبۆكەر خــۆ ئەگــەر بــە مەنــەلۆژیش ئەنجامبــدرێت هــەمان كــارتێكردن دروســتدەكات، گیــانی پەیوەندییـەكان زەقدەكاتـەوە لـە بەرەوپێشچوونی ڕووداوەكـان و گەیانـدنی مەبەست، شاعیر بە دەستەواژەی مەفتوون بە ئاشكرا ئاماژە بـەوە دەكـات، كـە كەساندنی نیشتیمان بە ڕەهەندەكانی نـاوەو دەرەوەدا، وێنەیـەكی زینـدوو لـە درێژەدان بە مۆركێكی كاریگەر، لەسـەر دوو ئاسـتدا كـار لەسـەر ئـەمی شـاعیر دەكات، لە ئاستی یەكەمـدا گوزارشـتكردنە لـە دەرگیرییـەكانی نـاو خـود، درك كردنە بە لە دەستچوونی ئازادییـەكانی خـود، كـە پابەنـدە و پەیوەسـتە بـەو داكەوتانــەی، كــە مانــا دەگێڕنــەوە بــۆ خــود وەك هــەبوون بــە شــێوەیەكی ســوبیگیت و ئــەریی، بــە ئامــادەگی ئــەوان لەســەر ئــەم خــود ئاســا خــۆی دەســەلێنێ، كاریگـەری ئـەوان لەسـەر ئـەم، گێڕانـەوەی ئەمـە بـۆ خـۆی وەك خودێكی ئازاد و داهێنەر، سەرسامبوونی ئەم بـە هیرارەشـی ئـەو عەشـقە، كـە لـە دەرەوە نەخـشەی خـۆی لـەناو ئـەمی شـاعیردا كێشاوە، ڕۆنـانی ئاراسـتە و

بۆچوونەکانی دیاری دەکات، گیرۆدە بوون بە ماکەکانی ئەوین جۆریکە لە بەندکردن و دەستبەسەراگرتنی خودە لە ناوەوەدا، گەڕان و مشوور خواردنە بە دوای بەها هەرە بەرزەکانی مرۆڤ، چونکە "ئەوین کردەیەکی دینامیکیە لە بەهاکانی دنیاوە دەگوێزرێتەوە بۆ بەها بەرزەکانی شکۆ"[(4)]، هاوشان لەگەڵ ڕەنگکردنی ئەم حاڵەتەدا، بەرپەرچدانەوەی بۆ دەرەوە، دەکرێ ئاستی دووهەم ئاشکرا بکەین، چونکە هەر کردارێك لە ناوەوەدا ڕوودەدات بەهەمان ڕێژە کاردانەوەی پێچەوانەی دەبێت لە دەرەوەدا، بە (کونتراست) سەیری بکەین ڕاستە، هەرچەند لە ڕەگ و بنچەدا هەردوو کردارەکە بنەماکەیان بەندکردن و دەستبەسەراگرتنە، وەلێ لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی ڕیشەییدا، دەتوانین پۆلێنیان بکەین، بەوەی ئەوەی یەکەم سوبیگیت و ئەرییە، خۆشەویستیی و قوربانیدان و بەرگرییە بۆ مانەوە، داکۆکی کردنی ناسنامەیە، ئەوەی دووهەم ئوبیگیت و نەرێیە ڕق و کینیە و نووچدان و نسکۆیە ڕادەستبوون و مردەلۆکییە ونکردنی ناسنامە و سڕینەوەیەتی، دەکرێ ئەوەی یەکەم کە خۆشەویستییە ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئەوەی دووهەم، کە ڕقە بەوەی ئەوەی یەکەم ڕووە گەش و ڕووناکەکەی مرۆڤە، پێچەوانەی ئەوەی دووهەم ڕووە دزێو و ناشیرین و تاریکەکەی مرۆڤە، نەگەیشتن بە چینە قووڵەکانی خۆشەویستی خۆی لە خۆیدا تاودانێکی بەردەوام و ڕەها بەرجەستەدەکات و وەڵامدەرەی نەهێنیەکانی بوونە، پێچەوانەی گەیشتنی ڕقە بە کلۆمدانی دەرگایە لەسەر پرسیارە نەزۆکەکان، یادکردنەوەی ڕیتواڵەکانی بەرگری لای شاعیر لە مەفتوون و شێوە و زیکر و غافڵ نەبوونەوە دەستپێدەکات، بۆ نوێ کردنەوەی ئیمان و خەباتی بۆ دەرخستنی ڕووە جوانەکانی ئەو عەشقە بێ پایانەیە، کە لەگەڵ ئازاردانا ئەم پتر پێدەگات، هەر لە تەق و کۆت و حەپس و تێهەڵدان تا

دەگاتە ئـەوەی سـوێند دەخـوات و بـە یـەك و نابێتـە دوو تەحـدا دەگات بـە نەكوژانـەوەی خۆشەویـستی وەتـەن، لـە پرۆسـەی كەسـاندنی نیـشتیماندا، لـە هاوكێشەیەكی تەواو كۆییدا كە هەرگیز دامركاندنەوەی نییە.

"ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیركەوتەوە
وەختی بەندی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و كۆتەوە
من لە زیكر و فیكری تۆ غافڵ نەبووم وا تێ نەگەی
حەپس و تێ هەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە
بەو خودایەی بێ شەریك و مەكانە و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری كردۆتەوە
ئاگرێكی وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنیتە سەر
قەت گڕ و گڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەكوژێتەوە"...

گەر كەساندنی نیشتیمان لە هۆنراوەی (ئـەی وەتـەن)[5] (بێكـەس)ی شاعیردا بەشێك بێت لـە باگراونـدی وێنـاكردنی یەكتاخـستنی ڕەهەنـدەكانی ئـەوین و نیـشتیمان لـە فاكتـەرەكانی ڕیاڵدا، ئـەوا فـراوان بـوونی جەسـتەی هـۆنراوە و ڕووە شاراوەكەی لە دابەشبوون و هاوشان بـوونی دەنگەكانـدا ڕۆڵێكـی بێهاوتـا دەگێڕێــت لــە بــەڕێوەبردن و گەشــەكردنی نــاوكۆی هــۆنراوەی (ناڵــەی جـودایی)[6] هـێمنی شـاعیردا، بونیـادی ئـەم هۆنراوەیـە پێكهـاتووە لـە تێكهەڵچوونی دوو دەنگـی جیـاواز، لـە تـەك ڕەچـاوكردنی پاراسـتنی تێركـی دەنگەكان، لە دوو تـەوەری جیـاوازدا، ئەمـە جگـە لـە دەرخـستن و ڕسـكاندنی نــسكی دووهــەمی زەمینــەی هۆنراوەكــە، كــە دەبــڕان خــاڵێكی وەرگــەڕانی سەرپاگیری لە گوتاری هۆنراوەكە فەراهەم دەكات، ئامـانجی هـەرە گـەورە ئـەم

وەرگەڕانە ئاماژەکردنە بە خەمی ڕاستەقینە، دەربڕینی ژانوژۆی دێرینی مرۆڤی کوردە، پێدانی ڕایەڵەکانی مافە بە خۆ و ڕزگارکردنی مرۆڤە لەو پێدراوەی کە دەسەلأت لە پشت دەمامکێکی سیاسییەوە پیادەی دەکات و سیستەمی چەوسانەوە و کۆیلەیەتی ڕایی دەکات، کارکردن لە ڕۆشنکردنی بیرۆکەی شیعرەکە لەنێوان برگەکاندا هاندەرێکە بۆ گەشەکردن و پێهەلگرتنی وەرگر بۆ بەدواچوون و شووشتنەوە و ڕتووش کردنی وێنە شیعرییەکان، " بوونی هۆنراوە هەمیشە لە شوێنەدایە کە دەکەوێتە نێوان شاعیرو خوێنەر"[7].

خودئاگایی لە تیۆری وێنەسازیدا ڕۆلێکی گرنگ دەگێڕێ بۆ گەیاندنی مەبەست لەسەر ئاستە جیاکانی دەقدا، لە ئاستی یەکەمدا شاعیر لە ڕێگای کەلکەبوونی بێدەنگییەکی زۆرە و لەژێر فشاری دەرکەوتەکانی دەرەوەدا کە ئامبازی بەرکەوتەکانی هەستی دەبنەوە نایەتە گۆ، تا بەکاوەخۆ بەرجەستەی حاڵەتەکە بکات، بەڵکو بەوپەڕی تووڕەبوونەوە ڕاچەنینێك لای وەرگر ئەنجام دەدات، نەك بە دڕینی پەردەی بێدەنگی و بەس، بەڵکو بە بڕواهێنان بەهێز و پێگەی تاك لە بەرزکردنەوە و گۆڕینی دەنگ بۆ هاوارکردن و لاوانەوە بە دەنگی بەرز، هەرچەند تەنیایە، وەلێ هەرگیز بێ کاریگەر نییە، مادام لە نمایشکردنی وێنەیەکدا دەتوانێ لە سەنترگەرایی خودەوە سەرەتاترین شێوازەکانی بەرگری پیادە بکات و دەنگی نارەزایی لەسەر داکەوتە سیاسییەکان بەرزکاتەوە بەوەی" سیستمی وێناکردن لەو حاڵەتی بەرگرییەوە هەڵقولاوە، کە مێژووی سەختی ئەم سەدەیە بەسەر ئێمە سەپاندوویەتی"[8] شاعیر دەتوانێ لە هەر شتێ بێت وێنەیەك دروستبکات، ئەویش بەو مەرجەی، کە وەك پێویست پاسیڤی خەیاڵەکانی بێت، هەتوانێ بێت بۆ سارێژکردنی فرە برینەکانی، بە مەرامێك، کە دەرچە

بێت بۆ دۆخ و بارێکی نوێ، لە سایەیدا بتوانێ وێنەکانی دیکە بخاتە جوولە و لە پێکهاتەی دەنگەکاندا، گیانی نوێبوونەوە فۆرمەڵە بکات، لە خولینکەی چەق بەستن خۆی کەلا بخات، بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر لە ئاستی دووهەمدا میتافۆڕم بەکاردەهێنێ، میتافۆرم بە هیچ کلۆجێ ڕەگەزێکی زیاد نییە، بەڵکو تەنیا دەرەتانێکە بۆ دەسکەوتێك، ئەمەش بە چەندین ڕێگا ئەنجام دەدرێت، یەك لەو ڕێگانە لەسەر بنەمای هەستە، کە لێکچواندن بە هەستێکی دیاریکراو دەکات بە بەراورد و درك کردنی بە هەستێکی دیکە، گۆڕینی هەستەکان ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گەیاندنی پەیامەکەی بە بەجێهێشتنی ئەسەر و شقلێکەوە بێت، گەر ئەو گەیاندنە، لە ڕێگای زمانیشەوە نەبێت، تەنیا لە ڕێگای دەنگەوە بێت، گوزارشت لە هەمان هەستبکات، وەك ئەوەی لە هونەری میوزیکەوە بێت و نەی هەمان ڕۆڵ و مەبەستی ناڵەی پیاوێ دەربەدەر بپێکێت، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی نەی یاخود هونەری میوزیك هونەرێکی ئەبستراکتە و بە زمانی هەست قسان دەکات، کە زیاتر زمانێکی ناسکە و ناسنامەی چەوساندنەوە هەڵناگرێ، هەروەها میوزیکی نەی پتر میوزیکێکی ڕۆژهەلاتییە هێمنە و خەسڵەتی سرکردنی هەیە، دەکرێ لە ساتەوەختی گوێگرتندا، لەسەر ئاستی چەمکی تێگەیشتنی تاکدا، بە گوێرەی تێرکردنی خەمەکانی تاکاندن، ڕاڤەی جیاوازی بۆ بکری، وەلێ ئەمە لە تەك هزر و هەستی شاعیر یەکنایەتەوە لەگەڵ بونیادی هۆنراوەکەدا، پارادۆکس دروست دەکات، چونکە خەمەکانی شاعیر زۆر لەوە گەورەترن، خەمی تاقە کەسێکی دەربەدەر نییە، یاخود خەمی تاکێك نییە، کە بە کردەی جێکەوت لە گەرووی (نەی)یدا تێپەڕێ، بەڵکو خەمی نەتەوەیەکە، خەمی ساغکردنەوەی ناسنامەیە، داکۆکی کردنە لە مانەوە، پێچەوانەیە لەگەڵ چەمکی میوزیك و هەستی تەنیایی و

دەربـەدەری، دەنگـی ئـەم ناڵەیـە بـە چـەمکەکانی یـاخی بـوون و تووڕەبـوون جیاوازیی فەراهەم دەکـات، ڕەتکردنـەوەی چەوسـانەوە ئـەنجام دەدات، زمـانی ئـەم زمـانی پڕکردنــەوەی بۆشـاییەکانی نێـو ڕیاڵـە تـەختکردنی کەنـد و لەندەکانییەتی، " زمان ماڵی بوونە، زمان ئەرکێکی هێرمۆنیتیکی هەیە"[(9)]، دوور لـە هەسـتی سـڕکردن، زمـانی ئـەم وریابوونەوەیـە، یـەك مانـا دیـاری دەکـات، کـە وابەسـتبوونی ئـازادی تاکـە لـەناو ئـازادی کۆمەڵـدا، بـەوەی" تـاك هـەرگیز نابێـت بـە کـەس گـەر لـە کۆمـەڵگادا نـەبێت"[(10)]، بـەکاربردنی دوالیزمەی دژایەتی بـە هـاودژبوونی دەنگـی نـەرمی میـوزیکی نـەی و دەنگـی زبـری ناڵـە، ئـەم جیاکارییـە و پرۆسـەی لابردنـی گرتەکانـە، ئـەم دابڕانـە، لەپێناو پێشکەش کردنی وێنەیەکی جوانترە بـۆ دەرخستنی ئەجینـدای ماکـە سەرکییەکەی، کە هانـدەرە لـە بەرهـەمهێنانی دەقـی شـیعریدا، چـونکە گشـت وێنەیــەکی ســەرکەوتوو، دیــدگای پەیوەندییــەکی ســەرکەوتووە لەگــەڵ حەقیقەتدا، لێرەوە دەرگـا کراوەیـە بـێ سانسـۆرە، لـە تـەهی دڵەوەیـە بـۆ دڵ، ڕووتەقانـە خـۆی لـە دەسـت و پەیوەنـدەکان ڕادەتـەکێنێ، بێمنـەتیان دەکـات، هەیبــەت و شــکۆیان دەشــکێنێ ڕیــسوایان دەکــات و لــە شــوێنی خۆیانــدا ڕایاندەگرێت، وەك قسەبۆکەرێك گوزارشت لە لووتکەی باوەڕ دەکات بـە ژیـان و جوانییەکانی بە سۆزی دەروون، لـە هـەمان کاتـدا لـە وێنەیـەکی فانتازییـدا سـەرجەم ڕایڵـەی گرتـەکان لـە هاوێنەیەکـدا کۆدەکاتـەوە، بـە کردەیـەکی خودئاگاییەوە شتێکی درك پێکـراو پەرچـەڤەی ڕووداوێکـی سروشـتی دەکـات، لە یـەك مەبەسـتدا کۆیـان دەکاتـەوە، بـۆ ئـەوەی بەسلیقەی زمـانی شـیعرەوە گوزارشتی لێ بکات، کاتێ خۆی وەك دارێکی پـایزیی نمـایش دەکـات و وەریـنی گـەڵاکانی وەك فرمێـسك تەماشـا دەکـات، کـە لـە سـۆز و دەروونـەوە سـەریان کردووە، دیارە ئـەم گریانـە لـەپێناو داوایـەکی ئینـسانییە، بـۆ ڕاسـتکردنەوەی

ئەو ناسەنگییە کە دووچاری خۆی و نەتەوەکەی بووە، قەبلاندنی ئەمانە و هەلگرتنی خەمی میللەت و نەتەوە لە گریان شیوەنی خود دا، لە چرکەساتی مەرگدا وێنە و مانا نادۆڕێنی، لە دایکبوونی هیوا بە دوادا دێ، داواکردنە لە درێژەپێدانی خەباتی کەسایەتی کوردە، بۆ گەڕانەوەی مافەکانی و پێداگری و داکۆکی کردن لە کورد بوون و لە گەڕانەوەی خاکەکەی، ئەمەش نایەتەدی تەنیا بە نەمانی داگیرکاری و بەدەستهێنانی ئازادی و فراوانبوونی ئاسۆی هزر و گیانی زیندووی شیعر، کە لە سایەی زوڵم و ستەمی زۆرداراندا دبێتە ئاگر و پشکۆ.

نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر
بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی نەکردووە
لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون
لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون
شیوەنی من شیوەنی ئینسانیە
بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییە
شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە
با لە زارم بێتە دەر پشکۆی شیعر
با فراوانتر بکەم ئاسۆی شیعر

تەوەری بنچینەی لە هۆنراوەدا دەربڕینی هەست و پێزانینە بە دەرکەوتەکان، خوێندنەوەی گۆشەنیگا و سەرنجی تایبەتییە بە شتە

گشتییەکان، یان بە پێچەوانەوە، شاعیر لە ئەزموونی شیعریدا سەرکەوتن بەدی ناهێنێ، تا ئەودەمەی بیرو هزری خودگەرایی نەکاتە بابەتێك تێیدا رابمێنێ، ئەمەش بە زیندووکردنەوەی مانا دێت لەنێو زماندا، بارگاوی کردنی زمان بە مۆسیقا و لەزەتێ دیکە دەبەخشێتە فۆرمی هۆنراوە، ئەمە جگە لە ئاماژەسازی و فراوانکردنی پێگەی خەیاڵ، کە یارمەتیدەرە بۆ گەیاندن و تێرکردنی مەبەست، شوبنهاور واتەنی کە دەڵێت: " خەیاڵ یەکێکە لەو کەرستانەی، کە هەرگیز هونەرمەند لێی تێر نابێت، چونکە ئەگەر بە یارمەتی خەیاڵ نەبێت، هونەرمەند ناتوانێت تێروانینی خۆی بۆ شت و ڕووداوەکان لە وێنەی بەهێز و زیندوودا گەلاڵە بکات"[11]، بایەخدان بە ڕایڵەکان توندوتیژی لە سەروبەرکردنی تیۆری ئاگاییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەم دەرچەیەوە شاعیر بە ستایلی هاودژەکان وێنەی شیعری دەکێشێت، بە باڵادەستی دەنگی ناوەوە، بە منی قسەکەرەوە نهێنییە شاراوەکانی ناخی خۆیمان بۆ باس دەکات، بە ویژدانێك و پتەوکردنی گیانێك، کە پڕە لە متمانە و باوەڕکردن بە خۆ، بە پەیامێکی نیشتیمانییەوە ئاماژە بەوە دەکات کە گووتاری ئەم هۆنراوەیە ڕامیارییە، بابەتی لێڕاست بوونەوە و لکاندنی خود و پابەندبوونیەتی بە خۆشەویستی نیشتیمانەوە، کە لە درێژبوونەوە و تێپەڕاندنی داکەوتەکانی مێژووەوە کۆمەك و پشتڕاست کراوەتەوە، لەپێناویدا لە گشت بزاڤێکدا خوێن دراوە و تەوەری شووناس و ڕوخسارمان بووە، مێژوو لەگەڵ زەویدایە و ماڤی مرۆڤە لەسەر زێدی باوباپیری، بەگشتی ڕۆنانی بونیادی خود پێکهاتووە لە مێژوو، ئێستاو ئاییندە، زەوی بەبێ مرۆ ناتەواوە، کەسایەتی بەبێ نەتەوە مانەوە وەرناگرێ.

لەسەر ئەم بنەمایانە شاعیر لە بەرایی هۆنراوەی "بارانی ئاگر"دا [12] بە پەیوەندییەکی دیالێکتی نێوان ئاسمانی بێدەر و بێ سنوور و زەوی بەرداخراو و سنووردار، دەروازەی دەق والا دەکات، بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێوانیان شاعیر جەستەی دەکاتە بارامتەی جیاوازییەکان، گەورەی مرۆ نیشان دەدات، بەوەی تاکە فەرزەندە کە دەتوانی پەرجۆ ئەنجام بدات و مەحاڵ بهێنێتەدی، بە بەستنەوەی زەوی بە ئاسمان، بە گەیاندنی خۆشەویستی بە ڕەگداکووتانی بە خاك و مێژووەوە، فەراژەبوونی بە مەراقەوە، هەمیشە خۆی لە تازەکردنەوەی ئەو پەیوەندییەدا نمایش دەکات، گەر لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە سەیری بکەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم وەك تاکێك شووناسی خۆی دەکات چەند پێی زیاتر بە نێو خاکدا ڕۆبچێت بەهەمان ڕێژە سەری بەرز دەبێت، بە پێچەوانەوەش لەق بوون و دوورکەوتنەوە لە خۆشەویستی خاك دەرچوونە لە ڕیزی میللەت و نیشتیمان لە هەنووکە و لە یادەوەریدا شکست و سەرشۆڕییە، دادگایی کردنی هەڵوێستە لە تەهی خوددا، چونکە بە گۆڕینی ڕۆڵی شوێنەکان بەهاو ڕێز و حورمەت کەم دەکرێتەوە، ئەویش بە دانواندی سەر بۆ سەر زەوی، گەر بتەوێت کەسێ سووك و ڕیسوا بکەیت، ئەوا سەری لە زەوی دەدەیت، کەواتە لە نێوان وێنە جیاوازییەکاندا، شاعیر لە توانایدا هەیە لە ڕوومالکردنی بڕوایەکی ڕەهاوە بە گەل و نیشتیمان، ئازادی و سەربەرزی بسەلمێنێ، بۆ زیاتر پێداگری و بنبەستکردنی سێبەرکانی گومان لە ڕاساندنی گیانی دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی، لە ڕێگای دەقئاوێزانەوە لە تەك دەقی قورئانی پیرۆزدا " ئەگەر حوشتریش بە کونی دەرزیدا بچێ" [13] بە شێوەی هەڵمژین تەنیا بە گۆڕینی وشەی "حوشتر" بە وشەی "فیل"، هەمان بیرۆکەی پێشووی دووبارە کردووەتەوە، بەبێ گۆڕینی هیچ مانایەك نە لە

نـاوەڕۆك نـە لـە فۆڕمـدا، ئەمـەش وەك جۆرێـك لـە سـوێند خـواردن بـۆ بنبڕكردنـی شـتێك یـان بـەدیهێنانی مـەحاڵ بـەكاردەهێنرێت، چـڕكردنەوە و تیـژكردنی هەڵوێـست بـە سـوێند خـواردن لـە ڕۆژە ڕەشـەكانی خەباتـدا، هاندانـە، بـە درێژەپێـدانی بەرهەڵـستی لـە دژی زۆرداری، ئەلتەرناتیڤـە و جێگـای دڵـەڕاوكێ و شـیمانە دەگرێتـەوە، خۆشەویـستییە، بـە ئاوێتـەبوونی لەگـەڵ خاكـدا، كـە بـە هـیچ شـێوەیەك لێـی جیـا نابێتـەوە، وەك حـیرس و خوویـەك بـۆی ماوەتـەوە، بەمـەش نـەك سـەرجەم كۆچكردن و ڕاگواسـتن و پـەرتبوون ڕەتدەكاتـەوە، بـەڵكو ڕێگـا بـە بیركردنەوەشـیان نـادات، ڕمـۆكی خۆشەویـــستی و پەیوەنـــدیكردنی دروســـت بـــە جـــەماوەرەوە دەكاتـــە ترادیـسیۆنێك بـۆ جووڵانـدنی هەسـتی نەتەوایـەتی و گیـانی كوردایـەتی، كـە هێزی دڵنەوایی و بەقا ئەنجام دەدات، هـەژماركردنی هەنـدێ لـە ڕەگـەزەكانی سروشت بە جیاوازییەكانییەوە یەكخستنیان لە چوارچێوەی یـەك نیـشتیمان و یـــەك پێـــوەردا لـــە خوێندنـــەوەی ڕیالـــدا، بـــە مەبەســـتی نەهێـــشتنی دژەوابوونیانـەوە نیـشاندانی ئەمەكـە، نوانـدنی یەكـسانییە، تەماشـاكردنی سـەرجەم ڕەگەزەكانـە بـە هـەمان چـاو و هـەمان بـەها، پێكهاتـەی ئـەم نیشتیمانە هەرچی بێ لە دار و بـەرد و چـەم و چیا.. هتـد لای ئـەمی شـاعیر بـەنرخ و خۆشەویـستە، لـە پەیوەنـدێكی درەوشـاوەی بەردەوامدایـە لەگـەڵ هاونەتەوەكەیدا.

بـەدیار كـەوتنی خەسـڵەتی شـاعیری بـەم ڕووتەقیـە و دووبارەبوونـەوەی مـن شـاعیرم شـاعیر، لـە ڕووی خـۆ بینینـەوە قـەوارە و خەسـڵەت بەخـشینە بـە ڕەهەندێك، كە جـووت و هەماهەنگـە لـە تـەك كەسایەتی خـودی شـیعریدا و تواناكـانی سـەقامگیرە بـۆ بەڕەنگاربوونـەوە، خـاوەن مـۆركێكی كاریگـەرە، داكۆكی كردنی لـە خـود، داكـۆكی كردنـە لـە نیـشتیمان، بـەوەی هـەردووكیان

چوونەتە ناو یەك و ئاوێتەی یەكتر بوونە، هەر دەستدرێژییەك ئاراستەی یەكێكیان بكرێ ئەوەی تریش دەگرێتەوە، لە ئاستێكی ترەوە گەر سەیری بكەین شاعیر ئەو كەسەیە لە گۆڕەپانی خەیاڵدا وێنەی ڕیالْ دەگرێت، یان هەڵدەستێ بە گواستنەوەی خەون و خەم و ئازاری كەسێكی ڕاستەقینە بۆ كەسێكی شیعری، لەبەر ئەوە ئەو هۆنراوەیەی دەیبینین لە ڕیالْدا بەدی دەكەین، بۆیە دوور نییە شاعیر بكرێ بە نوێنەری خەڵك لەنێو داكەوتەكاندا گوزاشتیان لێ بكات، لە كاتی ئاسایی و سەقامگیری، بە سیحری وشە پتەو بە پرۆسەی ئاشتی ئەنجام بدات، تام و كام بە وشە بدات، شیعر زمانی لە یەكگەیشتن و نزیك خستنەوەی نەتەوە جیاوازەكانە، نەرم كردنی زبرییەكانە، دەرمانی ماك و دەردەكانە، چۆن شیعر دەتوانێ ببێتە هاندەرێ بۆ دابینكردنی ئاشتی بەهەمان شێوە بە هەمان هێز لە زەمینەیەكی ڕەخساودا دەتوانێ لەسەر دوو ئاستدا ببێت بە فاكتێك بۆ دروستبوونی شۆڕش، ئاستی یەكەم بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتكراوەكانە، وەك مرۆڤ و هاوولاتی لە دابینكردنی یەكسانی و ئازادی و سەرفرازی، لە ئاستی دووهەمدا ڕاگرتنی زۆرداری و دانانی سنوورە بۆ دەستدرێژكردن، لەناو كایەی بووندا، بەرامبەر ناچار دەكات، كە پێداچوونەوە لە هەڵوێستی ڕابردوویدا بكات، ڕامكردنی تیژە تێكدەرەكانە، كەواتە گرنگی شۆڕش لە وەدایە، كە لە دوو سەرەوە داكۆكی دەكات، یەكەم داكۆكی كردنە لە گێڕانەوەی بەهاو ڕێز بۆ مرۆڤ بوونی خۆی و هاوریزەكانی، دووەم داكۆكی كردنە لە دوژمن بە گەڕانەوەیەتی بۆ شوێنی سروشتی خۆی وەك مرۆڤ هەڵسوكەوت بكات، گەرچی بەزۆرەملێیش بێت، لەگەڵ موتوربە و گەشەكردنی ئایدەفۆنی مرۆیی، ئایدلۆژیایی كۆلێنیالی ڕوو لە وشكبوون و نەمان دەكات، لەیەك كاتدا كە تۆی شۆڕشگێر سەوزی دەڕوێنێ لە هەمان

کاتیشدا پووش و پەلاشی لەناو دەبەیت، لە یەك کاتدا کە تۆ بارانی ڕەحمەت و بارانی تووڕەبوونت دەبارێنی بۆ سەوز بوونی داهاتوو و ئایندەت، خۆشی دەگێڕیتەوە بۆ سروشت بۆ مرۆڤ، لە هەمان کاتدا دەبیتە ئاگر و بروسکە بۆ سووتانی دڕك و دالّێ، کە نیشتیمانێ جوان دلّێ سەوز و زیندووت لێ داگیر بکات، لە کۆتاییدا بە دوا لیزمەی باران و ئاگر لەتیف هەلّمەت توانیویەتی وێنەیەکی جوان پێشکەش بەو دیوی دەق بدات.

من سەرم وا لە ئاسماندا و
پێشم لە بن قولایی ئەم خاکەدایە
ئەگەر فیلیش بە کونی دەرزیدا بچێ
من پێم لەم خاکە دەرنایە
من لە باوك و حەفتا هەزار باپیرمەوە
بۆم جێماوە. خۆشەویستیی
ئەم گشت: دار و. بەرد و. هەرد و
چەم و. چۆلّ و. کانی و. چیایە..!
من شاعیرم. شاعیر. شاعیر
وشە دەکەم بە کۆتر
وشە دەکەم بە شەکر
بەلام ئەگەر نیشتیمانەکەم بدزن.
دەبم بە بارانی ئاگر.

## ژێدەرەکان

1 ـ مجلد 33 ـ مجلة عالم فكر، دور الفكر المستنير في معركة الحرية، د عاطف العراقي .

2 ـ مجلة المدى ـ الفرد والجيل : حداثة الادبية في العراق بين جيلين ـ د مجيد الرازي ـ العدد 23 ـ لسنة 1999 ـ ص134 .

3 ـ لە دیارەوە بۆ نادیار ـ بەرگی دووەم ـ بەختیار عەلی، غریماس ـ ئەندێشە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، ساڵ 2011 ـ ل 60 .

4 ـ مشكلات فلسفية، مشكلة حب ـ د زكريا ابراهيم، شيللر ـ مكتبة مصر ـ ص 239.

5 ـ دیوانی بێکەس، مەحەمەدی مەلا کەریم ڕێکی خستووە، هۆنراوەی ئەی وەتەن ـ کتێبخانەی الطليعة لە کەرکووك بلاوی کردووەتەوە ـ ل 55.

6 ـ ناڵەی جودایی، شیعر، هێمن ـ لە چاپخانەی علاء لە چاپ دراوە، بەغدا 1979 ـ ل 13 .

7 ـ ت، س، اليوت، فائدة الشعر و فائدة النقد، ترجمة يوسف نور عوض، بيروت 1982، ص28 .

8 ـ هەمان سەرچاوەی ژمارە 3 ـ ل 39 .

9 ـ ڕۆژنامەی چاودێر، هانس گیورگ گادامەرا، هیرومونتیك و گفتوگۆ لەگەڵ دەق ـ وەرگێڕانی بەڵێن مەحەمەد عەبدوڵلا ـ ڕەخنەی چاودێر ـ ژ 468 ـ 2014/5/19 .

10 ـ انسان من هو، قاسم حسين صالح ـ ادلر ـ منشورات وزارة الثقافة واعلام، سلسلة دراسات 363 ـ ص 67.

11 ـ اللغة الشعرية في خطاب النقد العربي ـ محمد رضا مبارك ـ بغداد، 1993 ـ ص165.

12 ـ وشەی جوان گوڵە گوڵ ـ لەتیف هەڵمەت، هۆنراوەی، بارانی ئاگر ـ چاپخانەی الحوادث، بغداد ـ 1979 ـ ل 45 .

13 ـ قورئانی پیرۆز، سورەتی الاعراف ئایەتی 40 ـ ل 155.

# بەشی چیرۆك

# خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمان گەوهەر

باسکردنی ڕۆمان کارێکی سانا نییە، بەو پێیەی ڕۆمان هەلگری کۆمەڵێ پەیام و هەڵوێست و فرە خوێندنەوەیە، کە لە بۆچوونی جیاواز و فرە دەنگییەوە سەرچاوەی گرتووە، لە ڕێگای زمانیشەوە ڕۆدەچێتە نێو کردەی گێڕانەوە، لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە مانا و دیدەیەکی دیاریکراو دەخاتە گڕ و بە پردێکی ستاتیکی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ وەرگردا فەراهەم دەکات، بنووس لەم ڕۆمانەدا ڕێگایەکی ناوەکی گرتووەتەبەر بە ستایلێك و بە دیویێك گەمەی خۆی دەکات، کە هەر خۆی ئاراستە و جووڵەی کارەکتەرەکانی دیاریدەکات، بەمەش هەوڵی ئەوە دەدات بە خواست و ئارەزووی خۆی کەسایەتییەکان لەناو خۆیدا کۆپی بکات، بە داخراوی سێبەری تێڕوانین و ئەزموونەکانی و گۆشەنیگای لە نێوان ئێمە و ڕووداوەکاندا دەهێڵێتەوە، بەگشتی پرۆسەی گێڕانەوە لە ڕۆماندا بە دوو شێوە پۆلێن دەکرێ، یەکەم خوودییە، کە جێناوی قسەکەر فەراهەمی دەکات، دووهەم بابەتییە کە لە ڕێگای ئاماژەکردنە بە گێڕەرەوەی هەموو شتزانەوەیە دەسەبەر دەکرێ و سەرتۆپی ڕیزبەندی ڕووداوەکان لە ئەستۆ دەگرێ، لە ڕێگەی دەرکردنی بریار و چنینی چیرۆکەکەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنیان دەدات، بەبێ دوودڵی و ڕاڕایی بە خواستی خۆی بەرێوەدەچێت، لێرە گێڕانەوە لە هەموو شوێنێکدا هەیە و هەستی پێدەکرێ و دەبینرێت، لە سۆنگەی ئەوەی کاك عوسمان دەروێش بابەتیانە ڕەوشی

ڕووداوەکان دادەتاشێ، بۆیە جێناوی نائامادە دەکاتە دەسکەلایەك و دەتوانێ گەمەی خۆی تێدا بکات بە ئاراستەی ڕابردووی تێپەڕ یان بە شێوەیەکی کراوە بە چەند جۆرێ لە دەرەوە بۆ دەرەوە، یان لە دەرەوە بۆ ناوەوە یاریدەکات، هەروەك ڕۆلان پارت دەڵێت: "بۆ ڕۆمان جێناوی نائامادە گونجاوترە لە جێناوی قسەکەر" ..[1] هەروەها کاك عوسمان بۆ ئەوەی ئاسۆکانی گێڕانەوە بەرفراوانتر بکات، ڕکێفی ڕووداوەکان لە دەست نەدات، بە شێوەیەکی سەرەکی جێناوی کەسی سێهەم یان جێناوی نائامادەی بەکاردەهێنێ، ئەمەش ئامرازێکی باشە بۆ ڕەتکردنی ئایدەڤۆن و بیر و ڕێنوما، کە گێڕەرەوە لە دواوەوەیدا وەستاوە، هەڵبژاردنی ئەم جێناوە بۆ خۆ پاراستنە لە تەڵەکانی بالأڕۆی و خوودگەرایی، کە بۆ لە یەك نەگەیشتن لە کاری گێڕانەوە بە جێناوی منی قسەکەر، کە هەر باس و ڕازی خۆی بەکێشمان دەکات، هەرچەندە هەندێ جار ڕۆماننووس بە زمانی کارەکتەرەکانییەوە بە جێناوی منی بگۆوە قسە دەکات، ئەمەش لە پێکانی ئەو مەبەستەوە سەرچاوەی گرتووە، کە توانای یەکخستنی هەیە لە گیانی بنووسدا و توانەوەیەتی لەنێو کاریتەکانی زەمندا، ئەمە جگە لە لابردنی جیاکارەکانی گێڕانەوە لەنێوان بگێڕەرەوە و کارەکتەرەکەوە، لە کاتێکدا گەر سەرەنجی وێناکردنی بگێڕەرەو بدەیت، کە چەند شاعیری و ناسکە هەر لە جۆگەلە، ڕوون، کانی، بارین، گوڵ، گۆنا و ئاونگ، لە بەرامبەردا سەیری ئەو بارە دەروونییە سەختە بکە، کە کاریکتەر تێیکەوتووە، چەقاندنی چاو، بێتاقەتی، هەڵکێشانی هەناسەیەکی سەهۆڵاوی، ئینجا خۆدواندن تێڕامان و پرسیار دروستکردن لەنێو فەزایەك، کە بە دەساوەرد لە ڕەقاییەکانی پارادۆکسدا مەلەی خۆی دەکات..

"دوو جۆگەلـە ئەشـكی ڕوون لـە كـانی چـاوەكانییەوە دابارینـە سـەر گـوڵی گۆناكانی، وەك ئاونگێك كەوتبێتە سەر سێوە لاسورەیەك بـە ڕوومەتـەكانیاوە گیرسانەوە، چاوەكانی لە بنمیچی ژوورەكـە چـەقین، باڵـەكانی سـەر ئـەژنۆیان بەرنــەدابوو، لەگــەڵ هەڵكێــشانی هەناســەیەكی ســەهۆڵاویدا كەوتــەوە خــۆ دوانـدن: خوایـە گیـان تـاوانی مـن چییە؟ بۆچـی منـت دروسـتكرد، بـۆ ئـەم دەردەسـەریە، لـەپای چـی ئـەو هـەموو ئـازارە بـچێژم، بۆچـی خوێنـدنی مـن دەبێت بە مایەی شەرمەزاری باوكم"..[2].

دەكرێ بڵێین شێوازی گێڕانەوە كە" پیرسی لۆبۆك"..[3] ئامـاژەی بـۆ كـردووە لەم پەرگرافەدا درامی نییـە، بـەڵكو پانۆرامیـە بـە گێڕانـەوە دەسـتپێدەكات و بینین بە دوای خۆیدا دەهێنێ، وەلێ درامی نمایـشكردنە و بیـنین لەتەكدایـە، لـە رووی پراكتێكـەوە ڕۆمـانی (گەوهـەر) بـە زمـانێكی شـیعری نووسـراوە و سۆز و هەستێكی قووڵی تێدا ڕەچاو دەكرێ، ئەمەش هـەڵاتن نییـە لـە زمـانی لۆكـاڵی، بـەڵكو هەوڵدانـە بـۆ ئاشـكرا كردنـی نهێنییـەكان و بەخـشینی تینـە، فــشارە لەســەر وەرگــر بــۆ بــەردەوام بــوون و بەدواداچــوونی ڕووداوەكانــە، نووسەر لەناو كۆی ڕووداوەكانـدا لـە ئاسـت ڕێساكانی گێڕانـەوەدا نـەیتوانیوە ئاسـتی جیـاواز لـە تێگەیـشتن و جـۆری بیركردنـەوە لـە كەسـەكاندا فەراهـەم بكـات، لـەرووی تەمــەن و ئاســتی ڕۆشــنبیری و ئاســتی خوێنــدەواری هــیچ ئاماژەیــەكی ئــەرێنی پــێش وەخــتی بــە دەســت نــەهێناوە تــا وەرگــر لــە بۆچـوونەكانی قایـل بكـات و ڕاسـاندنی پـێ ببەخـشێت و هاوسـەنگییەك دروست بكات، بیروڕا و ئاخاوتن و بارگاوی نییـە بـە داتاكانی دژەوابـوون، كـە لــە بنەڕەتــدا بزوێنــەری پەیوەندییەكانــە، نۆژینكــەرەوەی بۆشــایی و خواسـتەكانە لـە دوالیزمـەی خودئاگـای و پەیوەنـدی ئەوینـدا، سـەرجەم بـە یەك زمـان و بـە یـەك ئاسـت كـردەی دوانـدن ئـەنجام دەدەن، بـە تایبـەتی لـە

کـاتی نامــە گۆڕینــەوەی هــەردوو کارەکتــەری سـەرەکی ڕۆمانەکـە عــەلی و گەوهەر دا ڕوون دەبێتەوە، کە هـەر یـەك كـەس بنووسـییەتی، ئەمـەش ئـەوە دەگەیــەنێت، کــە پابەنــد نییــە بــەوەی ڕێــز و جیــاوازی نــاو پێگــەی دەق بپارێزرێــت، چــونکە " کــاری ئــەدەبی ڕەچــاوی زمــان و شــوێن و ژینگــەی کارەکتــەرەکان و ئاســتی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایــەتی و فیکریــان بکرێــت"..[4]

بێگومان ئەمە سەرەتای یەکەم نامـەی (عـەلی)ە بـۆ گەوهـەری دولبـەری، کـە بە کۆمەڵێك هەستی پـاکی شـاعیرانە نووسـراوە" بـەناوی خـوای گـەورە .. بـۆ ئەو کەسەی چەند ڕۆژێکە وەکو موگناتیس دڵمی بـەرەو لای خـۆی ڕاکێـشاوە، جەسـتەی ناشـادمی بـەبێ دڵ هێـشتووتەوە، بـۆ ئـەو کەسـەی بـەبێ ئاگـاداری خـۆم بردوومــی بــۆ خــۆی، بــۆ ئــەو پەرییــەی ڕۆژێ لــە ڕۆژان بـیرم لێــی نەکردبۆوە ببێت بە شیرین و منیش فەرهاد، ئاسا کێوی دڵمـی بـۆ هەڵکـەنم، بـۆ ئـەو کەسـەی زیـاتر لـە جوانیەکـەی سـەرنجی ڕاکێـشاوم، گەوهـەر گیــان ..".[5] بە هەمان هەست و پاڵنەریش گەوهەر بە تـرس و حەزێکـەوە وەڵامـی دەداتــەوە، بـەبێ ئامـاژەکردنێکی پـێش وەخـت و ئامـادەکردنی ڕەهەنـدەکانی ئەو ئەوینە ڕەخساندنی ئەم جۆرە پەیوەندییە، کە لە یەکەم نیگـاوە دروسـت بــووە" بــۆ ئــەو کەســەی .. بــۆ یەکــەمین جـار لــە دەرگـای دڵـی دام، منــیش دەمەوێ دڵم بکەم بە هێلانەیەك بۆ پشوودانی تۆ، لەناو دڵمدا هـەڵتبگرم بـۆ تاهەتایە، تا لە لێـدان دەکـەوێ، مـن بەوپـەڕی خۆشـحاڵییەوە داواکـەتم قبـوڵ کرد، ئێستا وا دووبەشی شـەوگار تێپـەڕیوە، نامـە پیرۆزەکـەتم بەدەسـتەوەیە، دەیان جار خوێندمەوە، هەرچی دەکەم تێر نابم لە وشەکانی "...[6].

هەرچـەندە زمـانی گێڕانــەوە بــە وردی بـۆ شـتەکان چـووە و ڕۆنـانی سـۆزی کردووەتە مۆتیف بۆ مۆنۆپۆلکردنی هەستەکانی ناوەوە، بـۆ جوڵانـدنی وێنـە گرتــەی جــوانی کێــشاوە لــە لێکــچواندن، پەخــشکردن، دابەشــکردن و

ئاوێتەکردنی سروشت لە تەك دڵڕەقی دەرەوە بەرانبەر بە پرەنسیپەکانی گەرمی ناوەوە، هەر لە خورپە و ترس و تەنگژەی بوون لە ساتەوەختی عەشقدا و لە هەستی سێکسی قۆناغی هەرزەکاری، کە زووتر پەرچەڤە دەبنە چێژی جەستەیی و دابینکردنی داواکانی لەش و جەستە، ڕادەستبوونی گەوهەر بەم خێراییە زیاتر لە ونبوون و نەبوونی ئەو سۆز و خۆشەویستییەوە هاتووە، کە لەناو خانەوادەکەیدا بەدی ناکات، لە هەمان کاتدا پەرچدانەوەی ئەو توندوتیژیەیە، کە لەلایەن مەجیدی باوکییەوە و ئەحمەدی برایەوە ئاراستەی دەکرێ، ئەمە جگە لەوەی وەك تەنیا ڕێگایەك بەکاری دەهێنێت بۆ تۆڵەکردنەوە بەرانبەر بە ستەمی خانەوادەکەی، قەیران و لاسەنگی لە بەهاکانی هەست و سۆزی مرۆیی برەو بە داواکانی جەستە زیاد دەکات، کەمبوونی لایەکیان زیادکردنی ئەوی تریانە "هەندێ جار بۆ پشوودانی دڵی خۆی دەستێکی دەخستە سەر نامەکە و کەمێ مەمکەکانی گورج دەکردەوە، نامەکەی بە دەست و پەنجەی عەلی دەچواند لە باخەڵیدا، لەگەڵ بزواندنی خۆیدا نامەکە ختۆکەی دەدا زیاتر هەستی دەجولاند، کاغەزەکەش توند باوەشی بە گۆی مەمکیا کردبوو ساوا ئاسایەك دەیویست تێر بەدڵ گۆیە دەنکە نوقڵیەکەی لە دەم بنێت"..(7) .

لە ڕۆماندا هێنانی هەر کارەکتەرێك دەبێ سێبەری لەسەر فاکتەکاندا هەبێ، چونکە بوونی هەر کەسایەتییەك لە کانگای ئێمەدا جێگای خۆی دەکاتەوە، لە ڕۆمانیشدا دەبێ ڕۆڵی خۆی بگێرێ لەو شوێنەی، کە نهێنی نووسەر و جیهانی وەرگر ئاشکرا دەبێت، گرێبەستی نووسەر و کارێکتەر لە ڕێککەوتنی نێوان خەون و خاوەنەکەی دەچێت، بە هەمان شێوە پەیوەندی نێوان کارەکتەری ڕۆمان و وەرگر ئاشکراکردنی نهێنی بوونیەتی و هۆی ئامادەبوونیەتی، ڕۆڵێتی لە چوارچێوەی ڕەوت و ئاشکراکردنی شتە

نادیارەکان، هەر لە سۆنگەی ئەم بۆچوونەوە دەکرێ پرسیارێ بکەین لە هێنان و باسکردنی هەر بابەتێ کە دوور و نزیك وەك تێز و ڕۆڵێك هیچ مەبەستێ ناپێکی لە بەرەو پێشچوونی بونیادی ڕۆمانەکە، بە لایەنی کەمەوە دەبێ جێی پەنجەی دیار بێ لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کارەکتەرەکاندا، گەرنا زیادکردنی هەندێ شتی لاوەکی، کە هیچ ڕۆڵ و ئەرکێکیان نییە، جگە لە ورژاندنی هەستی سێکسی و هەندێ گرێ کوێرەی کۆمەلأیەتی، کە لە خزمەتی گەشەکردنی هیرارشی جێندەرەکانی گێڕانەوە و بونیاد و گۆشەنیگای ڕۆمانەکەدا نییە، وەك باسکردنی کەسایەتی عەبدوللاّ، هەروەها گەلە و خاوەری خوشکی، کە دوو قەیرە کچن و هاوسێی ماڵی ڕێزانی خوشکی عەلی بوون، عەبدوللاّ ژنی مردووە، جووتە خوشکەش شێتی هاوسەرگیرین و حەسوودی بە هاوسەرگیرییەکەی ڕێزان دەبەن، ئەم پتر ڕۆچوونە کە زۆربەی بەشی شەشەمی ڕۆمانەکەی داگیر کردووە بە دیوێکی نەرێ دەشکێتەوە سەر ڕووبەری گێڕانەوە لە ڕۆمانەکەدا، پێموایە بە لابردنی ئەم بەش و باسە هیچ لە گۆشەنیگای ڕۆمانەکە کەم ناکاتەوە، بە پێچەوانەوە ڕەنگە جوانتری بکردایە، "هەر یەکێ لەو دوو کچە بچوایەتە حەمامەوە بۆ سەرشتن.. دوو کاتژمێر کەم بوو بۆ سەر شۆردنێکیان، مەگەر هەر خوا بیزانیبایە چی دەکەن و بۆ ئەوەندەیان پێ دەچێ.

(گەلە)ی خوشکە گەورە ئالۆشی گیانی هەراسانی کردبوو خۆی بەدار و دیواردا دەسوو، لە غەفلەتێ دەگەڕا و چاوی کەسی بەسەروە نەبوایە زوو لە پێچپێکێدا بە دەست و پەنجە لە خۆی بەردەبوو"..[8]. دیالۆگ یەکێکە لە خەسڵەتە گرنگەکانی ڕۆمان، دیالۆگ کێشە و ئایدەفۆنە جیاکانی نێوان کەسەکان ئاشکرا دەکات، هێڵی بەیەکگەیشتنی دەنگەکانە، گوزارشتکردنە لە

رادەربڕینێکی ئازادانـە بـەبێ دەستێوەردانی نووسـەر، ڕۆمـان ئـەوە نییـە کـە هـەر تـۆی قـسەکەر بـۆ مـنی قـسەبۆکەر بئاخفیـت، بـەڵکو چـڕکردنـەوەی داکەوتەکانــە لــە چوارچــێوەیەکی ســتاتیکی، فانتــازی خــەیاڵ ئــامێزدا، دەستکورتی لە بەکاربردنی دیالۆگ لە پرۆسەی بەشداربوون و خوێندنـەوەدا بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان هەناسەسـواری لـەتر بـە وەرگـر دەدات، هەڵپـەی بەدواچوونی خاوەدەکاتەوە و تینوویەتی ناشکێنێ، هەرچەندە ئـەم ڕۆمانـە لـە ڕێگـای گێڕانــەوەدا بـاس لـە چـیرۆکێکی ئەوینـداری دەکـات و لـەو ڕێگایـە چووەتە ناو بەشێك لە مێژووی شاری کـەرکووك، هـەر لـە کۆکردنـەوەی پـارە و ئـاڵتوون بـۆ ڕژێـم و کـە بـە زۆرەملـێ بـوو، ڕاگواسـتنی ماڵـە کوردەکـان بـۆ دەرەوەی شـاری کـەرکووك و تـەعریبکردنی شـارەکە و بەنـدکردنی گـەنجانی کـوردی شـارەکە و گوللـەباران کردنــی کۆمــەڵێك گـەنجی کـورد لـە ئیـدارەی مەحلی و کۆڕەوەکەی ساڵی 1991، کە بە مردنی گەوهەر کۆتـایی دێ، وەلـێ ئەماژەکردن بە مێژوو لە ڕۆمانـدا بـە گێڕانـەوەی مێـژوو وەك خـۆی ئـەنجام نــادرێ، چـونکە ئـەوە مێــژووە لـە دەرەوە ئـیش دەکـات و دەرئەنجامــەکان پەیوەســت دەکـات بــە قۆنــاغێکی دیــاریکراوی بەسەرچــووی تێپــەڕدا کــە خوێندنـەوەی خـۆی هەیـە جیایـە لـە خوێندنـەوەی ئـەدەب، کـە لـە نـاوەوە کاردەکات و باس لە ژانـوژۆی تـاك دەکات، ئـەوە تاکمەندیـە هـەلگری ئـێش و ئـازاری سـەردەمەکەیەتی شـایدحاڵی بـار و فاکتـەکانی ئـەو قۆناغەیـە، ئـەوە کارەکتـەرە گوزارشـت لـەو خـەون و خەیاڵـە دەکـات، کـە لـە ڕیاڵـدا دەسـتی ناکەوێت، ئـەوە ئەدەبـە چـێژ دەبەخـشێت و بابەتـەکان ڕەنگاوڕەنگدەکات بـە فـر ەدەنگـی قـسە دەکـات و بیروبۆچـوونی جیـاواز فەراهـەم دەکـات، ئـەوەش میـژووە کـە بەیـەك ڕەنـگ و بـە یـەك زمـان قـسە دەکـات دوور لـە خەونـە سـادەکانی تــاك و بــێ ڕتــووش کــردن شــتەکانی دەرەوە دەگێڕێتــەوە، بــە

داخستنی دەرگایەك كە مێژوو وەك خۆی باس بكەین، لە ئەدبدا هەزارەها دەرگای دیكەمان بۆ دەكرێتەوە، چونكە دەروون و گیانی مرۆ خەزێنەیەكی لە بن نەهاتووی معریفەیە، بۆ خوێندنەوەی جیاواز و نەهێنی تازەی تێدا كەشف دەكات و فانتازیا پەیڕەو دەكات.


ژێدەرەكان:

1- في نضرية الرواية/ بحث عن تقنيات السرد/ د. عبدالملك مرتضى/ عالم المعرفة 240 ديسمبر 1998 / ص 162.

2 - ڕۆمانی گەوهەر/ نووسینی - عوسمان دەرۆیش / ل 4 .

3 - تقنيات السرد واليات تشكيله الفني/ د. نفلة حسن احمد العزي/ دار الغيدا للنشر- عمان، ط 1 /2011 / ص 116 .

4 - تەكنیكی گۆشەنیگا لە ڕۆمانەكانی ( بەختیار عەلی)دا/د. مستەفا سالح مەستەفا خرواتانی/ چ 1 - 2013 / یەكێتی نووسەرانی كورد مەڵبەندی گشتی 86- ل 145.

5 - هەمان سەرچاوەی ژمارە 2 / ل 37 .

6 - هەمان سەرچاوەی ژمارە 2 / ل65 .

7 - هەمان سەرچاوەی ژمارە 2 / ل62 .

8 - هەمان سەرچاوەی ژمارە 2 / ل 43.

# ئەڵتەرناتیڤی مەرگ
# و دۆزینەوەی خود

ئەزموونی خوێندنەوەی دەقی (نامەی بیرمەندێکی مردوو)[1]. لە ڕوانگەی هزرەوە چەند دەروازەیەکی ئەپستمۆلۆجی دەخاتە سەر پشت و بە زۆرەملێ پابەندی تەنگژەی بوون دەبینەوە بێ گومان کێشەی بوون (کە من هەم ) لەگەڵ هزردا، یاخود بیردا کێشەیەکی ئاسۆیی بەرفراوان و فرە ڕەهەند دەهێنێ لە نێو کایە فەلسەفییەکاندا، پەرچەڤەکردنی فەلسەفە بۆ کارێکی هونەری وەك هونەری چیرۆك نووسین بە پلەی یەکەم پابەندە بە ڕەچاو کردنی زەمەن نەك شوێن، بۆیە ئەوەندەی زەمەنی گێڕانەوە گرنگە لە متنی چیرۆك شوێن ئەوەندە گرنگ نییە، هەر لەبەر ئەمەشە دەتوانیت چیرۆکێ بنووسیت بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ شوێنێك بدەیت و دەتوانیت لەیەك چیرۆکدا چەند زەمەنێکی جیاواز بەکاربهێنی بۆ بەدەستهێنان و پێکاندنی مەبەستی خوازراو، چیرۆکنووس زیرەکانە توانیویەتی قۆرخی ئەم کایانەی سەرەوە بکات کە ئامەژەمان پێیدا، ئەم چیرۆکە بە گریمانەیەك دەست پێدەکات ئەویش لە ڕێچکەی خودەوە بە مەنەلۆج زەمینەی چوونە ژوورەوە خۆش دەکات، بۆ پاراستن و مانەوەی دەق لە مامەڵەکردنی پێشهاتەکاندا هاوشان لەگەڵ تیژی هزردا هەنگاوی لەزگین دەنێ، بەکاربردنی گریمانە خۆدەربازکردنە لە شووناسی ڕاستەقینە و بە ئەگەری

گومـان ڕەنگڕێـژ کـراوە نـاجێگیری ناسـنامەیەتی، بـە مانایـەکی دیکـە لـە مانەفێستی گومانەوە دەیەوێت بگات بە بنەما مەعریفییـەکان، بـە گریمانـەی (بە زیندوویەتی بوون) بیر و هزرێك دادەسـەپێنێ، بـۆ پیـادەکردنی کایـەیکی تەیار و ئامادەکراو، بەمەش نووسەر مەبەسـتێ تایبـەتی پراکتیـزە دەکـات بـە بوونی معریفە و بە ڕێساکانی فەلسەفەوە دەیـەوێت ئەڵتـەرناتیڤێ بـۆ مـەرگ دەسـتەبەر بکـات، نووسـەر بـە مـنی بگـۆوە دێتـە قـسە و دەڵێـت:" ( مـن نەمویست بەو دۆخەوە پابەند بم)، بەلاّم بـە ناچاری دەبیـنین چۆن پابەنـد بوو پەپوولەی کردە هێمای گیانێکی پاکیزە و سـیمبولێکی ئۆرجینـاڵ و سـادە بـۆ نمایـشکردنی پرەنـسیپەکانی ژیـانێکی سـەرەتایی و سـواو هـەلاّتن لـە گیروگرفتـەکانی بیرکردنـەوە و ئاڵۆزکارییـەکانی ژیـان و ڕەهەنـدە گیرەکـانی فکر، بەلاّم ئەم پابەندی فکرەو نایـەوێت، نـاکرێ بـە بـوون و فکـر ببێـت بـە پەپوولە تا ئاستەنگەکانی مردن ئاسان بکات لەگەڵ بـوونی فکـرو ئامادەسـازی ئەنجامەکانی فکر، مردن شکست دەهێنێ بە شکستی مردن سیماکانی ژیـانیش دەگۆڕێ و گورێك دەدات بـە نووسـەر تـا بـاك راونـدێك بکـات و بـۆ سەرچـاوە بگەڕێتەوە بنەمایەك بکاتە دەسکەلا پارسـەنگییەك پەیـدا بکـات بـۆ تێرامـان و ڕاڤـەکردنی هـەوێنی بۆچـوونەکانی و ژیـان بخاتـە بـەر مردنـی سـاڵەکانی ڕابـــردوو، وێنـــەکردنی ژمارەکـــانی ســـاڵ بەخـــشینی زیندگییـــە و مانایـــە و زۆرانبازییـە لـە تـەك ئاسـتەنگەکان، هەوڵدانـە بـۆ گەیـشتن بـە هەقیقـەت دەرچوونە لـە دۆگمـای ژمارەکـان، کـە تاقـەتی هەڵپڕوکانـدووە، هەڵپڕوکانـدن لـە ئـەنجامی کـردەی سـوووتانەوە دێ، درك کـردن بـەم ئـازارە بەرانبـەر بـەو کەسانەی، کە گرەو لە مێژوو دەبەنەوە و دەبنە مۆمێـك و دەسـووتێن و ژیـان لە ئێـستادا ڕوونـاك دەکـەن، دەیخاتـە بـارێکی دەروونییـەوە و تووشـی ئیرەیـی دەکـات، بـەم پێیـە ئـەم خـۆی وەك کەسێکی بـچووك نیـشان دەدات لـە ئاسـت

گەورەبوون و بە دیارکەوتنی ئەو کەسانەی، کە ئاساواریان لەسەر مێژوودا هەیە، بۆیە بە ڕاشکاوانە دەڵێ (ئیرمییان پێ دەبەم)، لە هەمان کاتدا دەکەوێتە گومانەوە لە بوونی ئەو خەڵکە زۆرەی، کە لەو جیهانەی مێژوو دروست دەکات و هزر بەرهەم دەهێنێ و کەلتوور فەراهەم دەکات، هیچ ئاساوار و شوێن پەنجەیەکیان لە شارستانییەتدا دیار نییە، ئایا ئەمانە کە لە ژیاندا بوون بە هەبوون دێنە هەژمار کردن؟ یاخود بە ڕستەکانی نەبوون پێوانەی بۆ دەکرێ، نووسەر هەڵوێستی خۆی لەمەڕ ئەو کەسانە ئاشکرا دەکات، کە شووناسی هزر و ئاوەزیان لە خولگەی تەسکی ئەزموونی تاکە کەسییەوە زیاتر تێناپەڕێت، دووربین نین لە بەرابەر بە جیهانبوون، نابینان و ئەوسەری ڕێگە نابینن و بە ونبوویان دەزانێ، لە ڕووی بچووکی و ناکاریگەرییەوە بە پەپوولە سەیریان دەکات، نووسەر لە سەرەتاوە دەڵێت: (نامەوێت پەپوولە بم)، پەرچدانەوەی نووسەر بە بوونی پەپوولە ئاسا و پێشخستنی ئایدیا بەرابەر بە بوونی هەنووکەی پەلکێشمان دەکات، بۆ تێرمی فەلسەفەی عەقلانی، کە دیکارت ڕابەرایەتی دەکات و دەڵێت: (من بیردەکەمەوە کەواتە هەم)، ئەمەش پێچەوانەی فەلسەفەی بووناگەرییە، کە دەڵێت:" من هەم کەواتە بیردەکەمەوە"، بوون پێش هۆش دەکەوێت و دیاری دەکات، وەلێ شاکەسی نووسەر ئایدلیستیانە بیردەکاتەوە و لە ڕێگەی منی ئامادەوە هەوڵی سەلماندنی بوونی خۆی دەکات و خودی بە مرۆڤ بوون هەڵدەبژێرێت بە مانا فەلسەفییەکەی نەك بە مانا فەسەلۆجییەکەی، بۆ ئەم مەبەستەش هەنگاو دەنێت و فاکتەرەکانی گواستنەوە لە ناوەوە بۆ دەرەوەی خۆی فەراهەم دەکات و ئەو ئاستەنگانە دەخاتە بەرچاو، کە پێوەی دەگلێ و تاوتۆی دەکات و پێشبینی لە ڕەوتی کایەکان دەکات، وەك خوازیارێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، دەکەوێتە گوزارشت کردن و

پرسیارکردنی ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی دەروونی دەبێتەوە، ئەو ئامرازانەی کە ئاراستەی دەکەن بەرەو هەڵدێری ئەو هاوکێشەیە دەیبەن، کێشەیەك موتوربە دەکات، کە بە جەلاد ناودێریان دەکات، کە چۆن هزر و بیر دەبنە سوڵتانێك و خود دەبێتە کۆیلە و لە مێشکی سەریدا مۆڵ دەخۆن و نیشتەمەنی هەستەکانی دەبێتە ڕستی دەسەلاتێکی فراوان و ستەمکار و بەتەمای قۆرخکردنی سەرجەم ڕەهەندی بیر و بۆچوونەکانی گێتی لەخۆ دەگرێ، بەلام ناچارین بە ڕوونکردنەوەی خالێك، کە دەربارەی تەنگژەی فەلسەفەیە، بێگومان ئەم چیرۆکە بە ڕاشکاوانە دەیەوێت خۆی بە فەلسەفە بارگاوی بکات، لە تەتەڵەی هەستەکانییەوە تێرمی نامۆبوونی هزرێك بەرجەستە دەکات و گلەرییەکی هەمە چەشن نمایش دەکات لە تیۆرە فەلسەفییەکان، کاتێ بە دەسکارییەوە گوتەزایەکی فەلسەفی دەکاتە ڕێسایەك و مۆرکی خودگەرایی تێدا ئاوێتە دەکات و دەڵێت: (هەموو بوونێك ئامرازێکی بەرەو نەبوون بردنی لە ئارادایە)، لێرەدا نووسەر دەیەوێت لەسەر ئاستی قەیرانی ئایدلۆجیا بە زمان گەمەی خۆی بباتەوە، کاتێ بوون دەکاتە ئامرازێ بەرەو نەبوون لە هەمانکاتدا وەرگر بە فریو دەدات دەگەڕێتەوە بە گۆڕینی وشەی بوون بە وشەی هاتنە (ئاراوە) نەبوون دەکاتەوە بە بوون، دەکرێ لە دیدگەیەکی دیکەی فەلسەفەوە لێی بڕوانین و بڵێین، کە هەموو بوونێك لە ناوەخنیدا تۆی نەبوون هەڵدەگرێ، چونکە بوون و نەبوون تەواوکەری یەکترین، هەریەك سەلماندنی ئەوی دی فەراهەم دەکات و لە یەکتر دانابڕێن و دوو ڕووی یەك پوولن، بوون هەرگیز نابێتە ئامراز، بەڵکو بوون بکەرێکە هەوێنی نەبوون یاخود دەرهاویشتەی نەبوون هەڵدەگرێ، ئینجا بوون مەبەستی نووسەر(خاوەن هزر)، یاخود خودی هزر

خۆی دەبێتە جەلاد بە هێلکارییەکی دیالێکتییەوە هەوێنی لەناوچوون و کوێلەبوونی خۆی هەڵدەگرێ.

ئەو فاکتەرانەی کە هزر دەکەنە جەلاد هەمان ئەو فاکتەرانەن بە دیوەکەی تریدا، کە جەلاد لەنێو دەبەن و خاوەنەکەی دەکەنە کۆیلەی ڕێساکانی دیالێکت، بۆیە پیادەکردنی خەون بۆ دۆگما کارێکی دژوارە و بە ئاسانی دەستەمۆ ناکرێ، لە سۆنگەی ڕامنەکردنیدا ئەو داگەوتە دەسەپێنێتە سەر نووسەر و خاترجەمت ناکات و دەڵێت:"خۆزیاربووم بڵێم ئەمنیش هەم".

ئەم چیرۆکە شەڕی مانەوەی هزرە و هەڕەشەی مردنە بە وەستانی زەمەن، شەڕی قۆرخکردنی کایە مەعریفییەکانە بەرامبەر بە دکتاتۆرییەتی مردن نەرە و ناڵەی مەعریفەیە، ڕاڤەکردنی خەسڵەتەکانی ئەپستمۆلۆژیاو دەسەڵاتەکانی مەعریفە لە گێڕانەوەی ڕەهەندەکانی زەمەن و بەرجەستەکردنی لە سنوورەکانی کەلتوور و بازدان لەنێو پاژەکانی و گواستنەوە لەنێو قۆناغەکانی دیالێکتیکدا بنەمایەك دەخوازێت بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی هزر خاوەنەکەی فریو دەدات لەبەر نەبوونی لێکدانەوەی پێویست و سەلمێنراو، بۆیە بەر لە ئەزموون هزر هیچ شرۆڤەیەکی پێ نییە بۆ فاکتەری ڕووداوەکان، هەر لەبەر ئەمەشە هزر لە سەرەتاوە بە ڕێچکەی ئەفسانەوە دێتە پێشەوە ئەفسانە دەبێتە هێماو نڤیسیار لە ئەتمۆسفێری ئەفسانەکانەوە خوازیارە لەسەر زەوی خۆی بدۆزێتەوە و کۆشش بۆ خوێندنەوەی خود دەکات و بەتەمای خۆ دەربازکردنە لە دەرکەوتەکانی نامۆبوونی خود بەرامبەر بە دیاردەکانی بوون و خۆ سەلماندنی (منیش هەم)، بەڵام بێ ئەوەی ئەو دیاردە و هۆکارانە ڕوون کاتەوە، کە دەسەڵاتی هزر چۆن دەبێتە (ئیمپراتۆر)، یاخود خۆی کردە (ئیمپراتۆر) لەمەڕ ئەمێ کە بۆ خۆی دەگەڕێ، قسەکردن لە

**قۆناغەکانی مێژوو پاڵپشتییە بۆ پتەوکردنی کەسایەتی و سەلماندنی خودە و لاگیرییە بۆ بڕوا هێنان بەخۆ تینێکە بۆ گەیشتن بە هەقیقەت، بەلام چ هەقیقەتێ تاڵ کە نیوەی تەمەنی ڕاپێچاوە ئەم هێشتا پێی نەگەیشتووە، پۆلێن کردن و گۆڕینی شوێن (کۆلان و زۆرگ و نشێو و هەوراز و دەشت) لەسەر ئاستی زەمەن هیچ ناگۆڕێ لە بۆ دۆزینەوەی خود، بۆیە دەڵێت (چی هەیە لێرە من هیچ نابینم) ئەوەی نووسەر ڕزگار دەکات لە هەنووکەدا ئەڵتەرناتیڤی ڕابردووە، هزرە لەنێو خەیاڵدا خودە لە جەستەی سوکراتدا، قوربانیدانە بە جەستە بەرانبەر بە ژیان و مانەوەی هەقیقەتە ئاشکرا کردنی مردنە لەلایەن جەلادەکانەوە، گەڕانەوەی جەلادەکان ئاماژەیە بە درێژبوونەوەی زوڵم کردن لە فکر و لە هەقیقەت بە ڕادەیەك کە دەست لە پێغەمبەرانیش ناپارێزێ تا دەگاتە ئەو ئاستەی بە پەندە دێرینەکەی لە خاچدان هۆشداریمان دەداتێ، ململانێی دۆگمای جەلادەکان و ئەڵتەرناتیڤی هەقیقەت بە تۆقاندن و مردن و بە فریودانی دۆزینەوەی خود پەنتایی ڕێگەیەکی دیکەمان لێدەگرێ، ئەویش گاڵتەکردنە بە تواناکانی مرۆڤ و بە چاو سووك سەیرکردنی ئامرازەکانییەتی گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر بۆ ژیانێ، کە من نیم و نەبووم و نابم، بۆ ژیانی پەپوولە، کە وەك (هەوڵەکان دۆنکیشۆت) ناوزەدی دەکات، خاڵی گرنگ ئەم چیرۆکە نەی کردنی ژیانی بێ ناوەڕۆکە و تاوانبارکردنی ئەو جۆرە ژیانەیە بەوەی ئەو بەرهەم هێنی جەلاد و دکتاتۆرەکانە و دروستکەری شەڕ و جەنگی جیهانین، ستەم و کوشتنی خاوەن فکر و ئەندێشەن، لە هەمان کاتدا بوێری و بەرنگاربوونەوەی هزر نیشان دەدات، بەرانبەر بە زوڵم و ستەم کە لە جەلاد دا خۆی نمایش دەکات هەتا مردنی جەستەشی بە دوا وادە بێ، ئەم**

بەردەوامە بێ سلّکردنەوە هەر پرسیاری خۆی دەکات، کاتێ دەڵێت: (ئەو دەمەی جەلادەکان ڕووە و ڕووم بوونەوە نەترسام و نەشڵەژام).

چیرۆکنووس لە زاری شاکەسەکەیەوە لە کۆتاییدا پرسیارێك دەورژێنێ و دەپرسێت بۆچی کوژرا مەبەست لە کوشتنی چی بوو؟ وەلێ بە وەڵامێکی چاوەڕوانەکراو، کە بۆنی مازوخییەت و تامێکی تاڵی گەڕەلاوژەی ژیاری پێوە دیارە، بوار بۆ پەسەندکردنی ئایدلۆژیا ناهێڵتەوە بە ئاستەم ڕۆشناییەك بەدی ناکەین بۆ پەرەپێدانی ژیان و فکر و دۆزینەوەی خود، بەوەی جەلادەکان وەڵامی دەدەنەوە، کە ئەوان تەنیا مەبەستیان لە کوشتنی فکرە ڕزگارکردنی خاوەنەکەیەتی لە کۆیلەبوونی فکر، ئەمەش بە خاڵێکی لاواز هەژمار دەکرێ لە بنیاد و ڕوانگەی چیرۆکنووس بەرانبەر بە پێشهاتەکانی ئایندەی مرۆڤ، تراژیدیای نەهامتییەکان و خەمەکانی مرۆڤ لە پنتێکەوە سەرچاوە دەگرێ، کاتێ ئەو هزرەی کە بەها و شانازی مرۆڤە بە پێڵاو ڕیسوا بکرێ، فاکتەرەکانی و ڕەبەردان و نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێ بۆ ڕێگە چارەی سێیەم، کە لە دۆزینەوەی خود و هزردا بەرجەستە دەبێ، ڕۆڵی دۆشداماوی مردن فەراهەم دەکات، لە هەمان کاتدا قەیرانی ئەو هێزەی، کە دەرەقەتی بەرامبەر نایە لە ناوەوەی خۆیدا و پەنگی خواردۆتەوە، وەك کاردانەوەیەك بە هەمان هێزی جەلادەکان بەرەو ناوەوەی خۆیدا دەگەڕێتەوە، بەڕادەی تاوانی جەلادەکان خۆی بە تاوانبار دەزانێ، بەم پێیەش حاڵەتێکی هاوسەنگی لە ناوە و دەرەوەی خۆیدا دروست دەکات و جیاوازییەکان لەنێو دەبات، کە ئەویش حاڵەتی مردنە، چونکە هەستکردن بە جیاوازی و ناتەواوی تەنیا لە ژیان و ئەوین و هزردا بەدی دەکرێ، ئەم بە ئاماژەی جەلادەکان تاوانبارە، کە ڕووی ڕاستەقینەیان ئاشکرا دەکات، ئەوانیش ڕێگە بە گەڕانەوەی ژیانی دەدەن بە مەرجێ مردنی بیر و هزر و

شاردنەوەی ڕووە ناشیرینەکەیان مسۆگەر بکات، لە دوا جاردا وەك لە پێشتر گوتمان ڕێگەی سێیەم لە بەردماندا والا نییە، یان دەبێ بمرێ و لەپێناو زیندوویەتی هزر و بیر ببێتە قوربانی، یاخود سوڵتانی بیر و هزر بکوژرێت و بگەڕێتەوە بۆ ناو ئێمەی زیندوو.

ژێدەرەکان:

1 ــ (یادنامەی بیرمەندێکی مردوو ) نەوزاد کاکەیی - دەق - گۆڤاری نەوشەفەق - ژ 82 ـ ساڵ 2011 .

# دەقاوێزان لە چیرۆکی (شەیتانە کۆسە) و (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر)دا

تا چ ئاستێ جێکەوتی دەرکەوتەکان دەتوانێ ڕۆڵ ببینێ لە پێگە و هزر و دەروونی نووسەردا؟ ئایا گۆڕینی بابەت و دیاردە و دەرکەوتەکانی دەرەوە و ناوەوە دەتوانێ جەخت و فشار بخاتە سەر نووسەر تا لە خولگەی تایبەتی خۆیدا مۆڵ بخوات، لە هەساری نووسینەوەی دەقە جیاوازەکاندا لە تاقە مەدارێکدا بسووڕێتەوە؟ ئایا دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات لەو خولگە و مەدارنەی دەقەکانی پێش و پاش خۆی، یاخود تەقەلای ئەوە دەدات دابڕان فەراهەم بکات، لەگەڵ ئەزموون و بیرۆکە و ئایدەفۆنی دەقەکانی پێش خۆی؟ کە نووسین بناغەی دەق بێت هەر وەك پۆل ریکۆر دەڵێت:"دەق هەر گوتارێکە کە بە یارمەتی نووسین جێگیر کرا بێت"[1]، کە وابوو دەکرێ لە ڕێچکەی نووسینەوە بگەینە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی دەقی ئەدەبی، یان دۆزینەوەی خاڵی بە یەك گەیشتنی پردە جیاوازەکانی دەق، کە دەق دەروازە بێت ئەوا هەر نووسەرێکیش دەتوانێ ستایلی تایبەتی خۆی هەبێ و لە مەملەکەتی نووسین و دەقدا ڤیزا بەدەستبهێنێ، بەمەش پرۆسەی ڕێگەخۆش کردن ئامادە دەکات، بۆ چوونە ناو جیهانە سیحراوییەکەی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی و ناساندنی دەقەکانی تر بە جێگرکردنی لەناو کۆی دەقەکانی پێشتر و پاشتری خۆی، چونکە هەناسەی دەق هەمیشە لەنێو

ئەو ئەتمۆسفێرە ڕۆشنبیرییەدا هەناسە دەدات، کە نووسەر تێیدا ژیاوە، هەوێنی هەستەکانی لە بەردەم کۆمەڵێك دەرکەوت و پێدراودا دەدۆزێتەوە، وەك کەلتووری و ئاینی و مێژوویی..هتد.

لێرەشەوە ئەمانە تێکەڵی هزر و ئەزموون و قسەکردن و هەڵوێست وەرگرتنی نووسەر دەبن و ئاوێزانی دەق دەبن، بەم کارەش نووسەر لەنێو بوارەکانی دەقدا گەمەی خۆی دەکات چ وەك دەق ئاوێزانی دەرەکی یاخود ناوەکی...هتد. لەژێر چەتری یاساکانی دق ئاوێزانیشدا هەر لە هەڵمژین و جوینەوە.. هتد ڕێگەی جۆراوجۆر دەگرێتە بەر لە هزر و فەلسەفە و خەون و سروشت و هیچگەرایی و ...هتد، ئەمە بێجگە لە بونیاد و تەکنیك و شێوازە جیاوازەکانی دەق و چەمکەکانی ئاین و کەلتوور و ئەوانی دیکە، بەم پێیەش دەتوانێ دەقێکی نوێ بەرهەم بهێنێ، دەلالەتی نوێ داتاشێ، چونکە "هەر دەقێك بریتییە لەیەك گرتن و کارلێك کردنی نێوان کۆمەڵێك دەق بەهۆی ئەم کردارانەشەوە دەقێکی نوێ بەرهەم دەهێنرێت، بۆیە دەق قەوارەیەکی دابڕاو نییە، ئەمەش هۆیەکی گرنگە لە کۆتایی نەهاتنی"(2).

دیاردەی دەق ئاوێزان باشترین ئامرازە بۆ بەدواچوونی بەرهەمە ئەدەبییەکان و بەراورد کردنی بە بەرهەمەکانی پێش و دوای خۆی، یان بەرجەستەکردنی یادگا و توانەوەی لەنێو دەقێکی نوێدا، کە لە گۆشەنیگایەکی تازەوە بانگەشەی بۆ دەکات.

دەق ئاوێزان بۆ یەکەم جار لە ساڵی (1966)دا لە ڕێگای نووسینەکانی "جولیا کریستیڤا"وە دەرکەوت، کە لە گۆڤاری "تل کل"* و گۆڤاری "کرنك"دا بلاوکرایەوە، هەروەها لە کتێبی "دەقی ڕۆمان"و لە نووسینی پێشەکی کتێبی دۆستۆیڤسکیی باختین دا دەرکەوت. لەمەوە بوو فرە دەنگی و دانوستان و دایەلۆگ داهات، بێ ئەوەی زاراوەی دەق ئاوێزان بەکار

بهێنرێت، دەقاوێزان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بەرهەم هێنانەوەی دەق بە ستایلێکی نوێ چ وەك بیرو باوەڕ یان بگرە و بردەی ئایدلۆژیا و گۆڕانی کەلتووری و خستنە ڕووی دەربڕینی نووسەرەکان، بەم کارەش هەر دەقێك سوود لە دەقەکانی دیکە دەبینێ و پەیوەستە بە دەقەکانی پێش خۆی, دەق ئاوێزان زیاتر خۆی لە هەڵوەشاندنەوە گەراییدا دەبینێ، چونکە بە پێی ڕەوتی هەڵوەشاندنەوە گەرایی دەق هەڵدەوەشێتەوە و نەك لە چوارچێوەی زماندا دەق ببەستێتەوە، وەك ئەوەی لای بونیاد گەراییدا بەدی دەکرێ، چونکە "دەق ئاوێزان چەمکی بنیادی داخراو ڕەتدەکاتەوە و دژی بونیادگەرییە، کە لە دەقەوە دەست پێدەکات، بە دەقیش کۆتایی پێ دێت، بەو مانایە دەق بەرهەمێکی نەداخراوە نە دەقێکی کۆتاییە و دەتوانرێت شیکردنەوە و ڕاڤەکردنیشی لەژێر تیشکی پەیوەندییەکانی دەق بێت"[(3)].

"جەلیل کاکەوەیس" وەك چیرۆکنووسێکی دیار لە بواری چیرۆکدا تا ئاستێکی باش توانیویەتی لە ڕێگەی دەقەوە مەبەستەکانی بپێکێ، بە زمانێکی ئازاد و خەیاڵگەیەکی داهێنەرانەوە ڕوو لە مێژوو و کەلەپوور و خەوەن و کۆمەڵێ شتی تر بکات، لە ڕێگەی دەق ئاوێزانەوە تێهەڵکێشی دەقی بکات و یادگا و سەرنجی تایبەتی خوێندنەوەی بۆ ئێستا و داهاتوو دەخاتە سەر کۆمەڵێ کێشەی کۆمەڵایەتی و بابەت و قەیرانی ڕامیاری و تەنگژەی دەروونی، بەم پێیەش ڕوانگەی بنووس لە ناوکۆی دەقدا لە ڕێگای گێڕانەوەدا ڕوون دەبێتەوە و دیاردەکانی باڵا بوونی ئەو پەردە وەهمییە فەراهەم دەکات، کە دەتوانێ پەیام و مەبەست بگەیەنێتە وەرگر.. ئەوەی لای وەرگر پەنەهانە و خەریکە کاڵ دەبێتەوە، ئەم ئاشکرا و تۆخی دەکات، ئەو کەلێنانەی کە شوێن کات جێی هێشتووە ئەم ئاماژەی پێ دەدات، ئەوەی نەگوتراوە ئەم دەیلێت" پرسیار دروست دەکات، لە ڕووی تیۆرەکانی

ڕەخنەی ئەدەبییەوە چیرۆکەکانی "جەلیل کاکە وەیس" گەلێ هەلومەرج و قسە هەڵدەگرێ، بۆ نموونە ئیشکردنی ئێمە لەمەڕ دەق ئاوێزانە لەسەر دوو چیرۆکی (جەلیل کاکە وەیس)ە، کە ئەویش چیرۆکی (شەیتانە کۆسە)[4].

هەروەها چیرۆکی(خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەرە)[5]. لە ڕووی مێژووی نووسینەوە چیرۆکی (شەیتانە کۆسە) بەر لە چیرۆکی (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر) نووسراوە، کەوایە دەکرێ لە ڕوانگەی دەق ئاوێزانی ناوەکییەوە کاریگەری دەقی یەکەم لەسەر دەقی دووهەمدا ئاشکرا بکەین، پێش ئەوەی بچینە سەر باسەکە هەوڵ دەدەین بە کورتی باسێکی ئەم دوو چیرۆکە بکەین، خاڵە هاوبەشەکانیان دەقاندن و بەراورد پەنجە نۆما بکەین، لە ڕووی کەسایەتی و ئاوەزەوە چیرۆکنووس بە زۆری لەسەر سێ تەوەر چیرۆکەکانی ئەنجامداوە، یەکەم لە ئاست ئاگاییە کە لە خزمەتکردنی تێڕوانینەکانی تاکی کارەکتەرە بەرانبەر داکەوت و بەرکەوتەکانی دەرەوەی خود، دووهەم لە ئاست ئەو دیوی ئاگایی واتە ئەو ڕووبەرە دەگەیەنێ، کە لەنێوان ئاگابوون و نا ئاگابوونە، ئیشکردن و گێڕانەوەی یادگایە بۆ ئاگایی، سێهەم بێ ئاگایی واتا پاڵنەرە بنەڕەتییەکانی هەر کەسێك لە ڕق و کینە و خۆشەویستی.

لە چیرۆکی (شەیتانە کۆسە)دا کارکتەری سەرەکی ئازادە، بنووس دەخڵی ناکات، ئاوەز و خەیاڵی خەزێنەیەکە لە بیرەوەری و بەسەرهاتی ڕابردوو لە هەنووکەدا زیندوو دەکاتەوە، هەر لە کارەساتەکانی ئەنفال و گوند سووتاندن و ئەتك کردن و لاقەکردن و یاری کردن بە چارەنووسی خەڵکی هەژار و سیڤیل...هتد، ئەم هەرجارەی لە پەنای خەیاڵێکدا مامەڵە دەکات و دەگەڕێتەوە سەر ڕیاڵ و خەیاڵ دەکاتەوە لە ڕێگەی گێڕانەوەدا هەواڵێکی نوێ ڕادەگەیەنێ، هەندێ جار بیری بۆ لای ئەو ڕۆمان و چیرۆکانە دەچێت،

کە کاریان لێ کردووە و شوێنیان لە دەروونیدا جێ هێشتووە، وا هەست دەکات کە خۆی ڕۆڵی شا کەسەکەی تێدا دەبینێ، "ئاخر نێوی سەرم بووەتە هێلانەی کەسانی ناو چیرۆك و ڕۆمانی ئەم دنیایە دوور نییە هەر ڕەنگدانەوەی ئەوانە و لەنێو کاسەی سەرمدا دەنگ دەدەنەوە"[6]. واتا زۆرن ئەو کەسانەی کە ئەم پێیان سەرسامە، بەلاّم زۆرترین کەسیان ئەو کەسەیە، کە دژەوابوون لە تەنیشت ئەمدا دروست دەکات، ئەم لە خەیاڵ کار دەکات پێچەوانەی (زۆربا)یە[7]، کە بە لای خەیاڵدا ناڕوات و پراکتیکانە کارەکانی ڕایی دەکات، ئەوەی زۆربا دەیکات ئەمی کارەکتەر پێی ناکرێ، بۆیە ئاخی بۆ هەڵدەکێشێ و وای وای بۆ دەکات بە هەموو هێزێکییەوە حەز دەکات ئەو بێت، بەلاّم ئەمیش هەروەکو هاوڕێکەی زۆربا کە (گێڕەوەی) ڕۆمانەکەیە هەر لە خەیاڵ تیۆردا دەمێنێتەوە و لە ئەرزی واقیعدا هیچی بۆ ناکرێ "زۆربا ڕابەری گوێ نەدەران. وەی عاشقی خودا و ژن و خواردن. وەی بە هەموو هەڵموتێکدا هەڵگژا و تۆ لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵم دایت. لەنێو کاسەی سەرمی وەی زۆربا_ وەی "[8].

ئەم دەقە لەگەڵ جووڵانەوەی کارەکتەردا، لە پێدراوەکانی گێڕانەوەی دەقی بەرهەم هاتوودا، خەسڵەت و ڕەفتارەکانی زۆربای بەدی نەهێناوە, بۆیە ئەم دەقە بە کردەی یەکتر بڕین دەق ئاوێزانی ناوەکی ئەنجامداوە هەڵساوە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی پێش خۆی، لە هەمان کاتدا ئەم دەقەی، کە وەك بەرنگاری باسی زۆربا دەکات، وەك ئەزموون بە شێوەیەك لە شێوەکان پارادۆکس فەراهەم دەکات، لەگەڵ ڕەهەند و تێڕوانینەکانی کافکا و کامۆ یەك ناگرنەوە، کە مرۆ بەبێ هوودەیی و بێ دەسەلاّتی مەحکوم دەکات، هەروەك لە چیرۆکەکەدا ئاماژە دەدات بە (مەحەمەد زفزاف)ی چیرۆکنووسی مەغریبی و دەچێتە هەمان خانەوە و دەڵێت" ئەو خەڵتە

مرۆییانەی کە مەحەمەد زفزاف لە چوار قوڕنەی دنیاوە کۆی کردووەتەوە و چ ئەرکێکی پێ نەسپاردوون و تووشی نەفرەتی کردن، نە کەسێك بە هاواریانەوە چووە نە کوڕوزانەوە و گازەندەیان گەیشتە کەس" (9). ئەم دەقە لە دوو لاوە دەق ئاوێزانی ناوەکی فەراهەم کردووە، یەکەم بە یەکتربڕین لەگەڵ ئەو دەقەی کە باسی زۆربا دەکات و شانازی پێوە دەکات و باسی دەکات و بەرنگارە و بە هەموو هەڵموتێکدا هەڵدەگژێ و بە هاواریانەوە دەچێ، کەچی ئەم لەم دەقەدا بە خەڵتە بە ڕادەستی و باس نەکردن و بە هاوار نەچوون، بەیەکداچوون لەگەڵ ئەو دەقەی یەکەم هەڵوەشاندنەوە بەدەست دەهێنێ، دووهەم لەگەڵ دەق و ڕەوتی گێڕانەوەدا ڕاساندنی چیرۆکەکە یەکانگیرە و بە جوینەوە دەق ئاوێزانی ناوەکی ئەنجامداوە و جیاوازی دروست ناکات بەوەی هەردوولا باسی دەرهاویشتە ناشیرینەکانی سیاسەت و شەڕ دەکەن، لێرەشدا خەیاڵ داینەمۆی گێڕانەوەی دەقە و کارەکتەریش بەدوایدایە و شوێن پێی هەڵدەگرێ و شەیتانیش هاندەرە، بە ڕۆنانی پێکهاتەی دەق لە هەڵکشانی درامی پەیوەندی نێوان ئەمی قسەکەر و ئەوی کارەکتەر پەیوەندییەکی دیالێکتییە، بەوەی خەسڵەتی بێگەرد و هەڵوێستی هەلاتن هەلگری دژەکەیەتی لەگوناە و لە بەیەك گەیشتن، بەمەش ڕستی بەردەوامی خۆی لەناو کۆی دەقدا بە شێوازێکی پاسیڤ پراکتیزە دەکات، وەلێ بەگشتی ئەم چیرۆکە لەگەڵ چیرۆکی (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر)دا، تەنیا بە گۆڕینی خەیاڵ بۆ خەون بە یاسای جوینەوە دەق ئاوێزانی ناوەکی ئەنجامداوە، (میران)ی کارکتەر لەبری خەیاڵ ئەم خەون و خەوبینین ڕابەرایەتیەی، لێرەشدا بەهەمان شێوە کارەکتەر داینەمۆی دەقە و لە یەکەمدا بەدوای خەیاڵەوەیە لە دووهەمدا بە دوای لێکدانەوەی خەونەکانیدا سەرقاڵە وێڵە و بە دوای

خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەردا دەگەڕێت، بە مانایەکی دیکە وێنەکەی یەکەمی ئاوەژوو کردۆتەوە، وەك دیارێك بە دوای ڕاڤەی دیاردەی نادیارێکەوە وێڵە و بۆی دەگەڕێت، کە لێرەدا لە خەوندا بەرجەستە بووە، لە چیرۆکی شەیتانە کۆسەدا لە شەیتاندا فۆرمۆڵە بووە، لە یەکەمدا جێناوی کەسی یەکەم نادیار بە دوای کارەکتەری دیاردا ڕادەکات، لە دووهەمدا کارەکتەری دیارە بەدوای نادیاردا ڕادەکات، لە دووهەمدا لە جیاتی شەیتان دانیال پێغەمبەر هاندەریەتی، دیسانە و ئەمە دەق ئاوێزانی ناوەکییە تەنیا بە گۆڕینی هاندەرەکان ئەنجام دراوە، لە چیرۆکی (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر)دا هەوێنی نادیار خەونە و ڕزگارکەریش خەوننامەیە و ئامانج لە گەڕانیشی دەربازبوونیەتی لە نووقڵانەی شووم، لە پاکژکردنەوەیەتی لە گوناه، کە لە خەوندا دەیبینێ، بەلام لە چیرۆکی (شەیتانە کۆسە)دا، هەوێنی نادیار کە جێناوی کەسی یەکەمە زایەڵەی شەیتانە و بەشداری کردنیەتی لە شووم و گوناه، لە ڕیاڵدا هاندەریەتی، مامەڵەکردنی هەر یەکێکیان بە کردەی دوالیزمە، ئەم بە خەیاڵ و ئەو بە خەون لەگەڵ داکەوتەکاندا دەقاویزانی خودی ئەنجام دەدەن و لە هەمان کاتدا بە بەراورد لەگەڵ یەکتردا تەنیا بە گۆڕینی دیار بۆ نادیار، خەیاڵ بۆ خەون بە یاسای جوینەوە لەگەڵ یەکتردا دەق ئاوێزانی ناوەکی بەدەستدەهێنێ و پارادۆکس لەگەڵ یەکتردا بەرهەم دەهێنێ و بە هەمان شێوەی چیرۆکی شەیتانە کۆسە بە شێوەیەکی دیکە لە ڕێچکەی ئەدەبەوە باسی ئەنفال و کەرکوك و ڕووداوەکانی دیکەی کوردستان دەکات و کەمتر دەچێتە ناو جیهانی چیرۆك و ڕۆمان، ئەم لە گەڕانەکەی بەردەوام دەبێت تا دواجار دانیال پێغەمبەر پێی ڕادەگەیەنێت "واز لە خەونەکان بێنێ، چونکە بۆ لێکدانەوەی خەونەکەی ئێوە نابێ"(10). لەم چیرۆکەدا دانیال پێغەمبەر ڕووداوەکانی

شاری لە خەوننامەیەکدا ئەرشیف کردووە، بەلأم لە چیرۆکی شەیتانە کۆسەدا کارەکتەری سەرەکی کە لە زمانی چیرۆکنووسەوە قسە دەکات ئەو لە خەیالگەدا ڕووداوەکانی ئەرشیف کردووە، لە هەردوو چیرۆکدا بە ڕێگەی خەون و خەیاڵ دەق ئاوێزانی خودی بەرامبەر بە ڕووداوەکان دیسپلین دەکەن، کارەکتەر کەسێکی نا ئەکتیڤە و گۆڕانکاری و جیاوازی دروست ناکات، کارەکتەر دەبێت بکەر بێت لە ڕووداودا، نەك پرچەکرداریێ نەرێی ڕووداو بێت گێرۆدەی دەمی باهۆزی چارەنووسی ڕەشی ڕووداو بن، لە هەر دوو چیرۆکەکەدا کارەکتەرەکان سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، چونکە لە چیرۆکی شەیتانە کۆسەدا خەیاڵ ئەلتەرناتیڤی ڕیاڵە لە دەرەوەی خۆیدا ئیش ناکات، لە چیرۆکی خەوننامەی دانیال پێغەمبەردا پشت بە خەون دەبەستێت و بە دوای خەوننامەیەکدا دەگەڕێت، کە تەگبیر و لێکدانەوەی سەردەمی خۆی نییە، خوێندنەوەکان یەکن لە هەردوو چیرۆکەکەدا و هەوێنی حاڵەتێکی نامۆبوون دەگرنەوە، بەر لە هەموو شتێ نامۆ بوون ڕاهاتن و گونجاندنە لە دابڕان و پشت تێکردن لەگەڵ پێدراوەکانی کەتوار، کشانەوەیە بۆ جیهانی ناوەوە، بۆ کۆمەك کردنی هێز و توانای خود، بۆیە هەمیشە لە هەوڵدانێکی ناماقوڵدایە بۆ بەدەستهێنانی یوتوبیا، بەهیچ شێوەیەك سەقامگیر نین، لەگەڵ گۆڕینی هەر شوێنێکدا بەرکەوتنی هەستەکانیان دەگۆڕێت لە یادگا و کارەسات لە داکەوتەکان، ئەمە بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە بە بەڵگەی ئەوەی لە جێگایەك ناسرەوێن و هەمیشە لە جوڵە و گەڕاندان ئەمەش لەسەر دوو ئاست پەیرەو دەکەن، یەکەم لە ڕووی خودییەوە لە چیرۆکی (شەیتانە کۆسە) جارێك کارەکتەر کەسێکی خراپ لە خەیاڵیدا دانوستان لەگەڵیدا دەکات نایناسێت و نازانێت کێیە دوای لەناو ئەو ڕووداوە و گێڕانەوەدا تێهەڵکێشی ڕووداوی دیکەی دەکات، واتا بە بڕینی

خەیاڵێك دەچێتە خەیاڵێكی دیكەوە لە یادگا و ئەزموون و كارەساتەكانی ڕیاڵ، بۆ دەربازبوون دەچێتە ناو ڕووداوێكی دیكە كە لە دەرئەنجامی خەیاڵێكی خواستراو لە كەسانی ناو چیرۆك و ڕۆمانەوە ئاشنای بووە و فریادرەسێكە بۆ ئارام گرتن و هاوسەنگی وەرەی كارەكتەر لەم حاڵەتە و خەیاڵە خۆشەدا دیسانەوە ترس و ئەگەری گەڕانەوەی ئەوەی یەكەم هەر بەردەوامە و بگرە و بەردەی لە تەكدا دەكات و بیرەوەرییە دڵتەزێنەكانی دێتەوە یاد وەك ئاساوارەكانی ئەنفال و دیمەنەكانی بیابان و دەست بردن بۆ ناموس و كوشتن و بڕین و سیخوڕی... هتد، تا لە دواجاردا دەڵێت:" چیرۆكێكی لە بیركراو و نە نووسراوم دێتەوە یاد، كە كاتەكەی ڕێبەندانێكی تووشە و شوێنەكەشی ناو دڵمە، بوونەوەرەكانیشی بریتین لە ژنە زەیستانە خڵتان خوێن بووەكەی بن لێفە كون كونەكە و هاوار و ناڵەی نەبیستراوی خواكەرم و زمان بە زەویدا خشانەكەی"[11].

بەڵام لە چیرۆكی (خەوننامەكەی دانیال پێغەمبەر)دا كارەكتەر (میران) خەونی بینیوە بە دوای خەوننامەیەكی وەهمیدا وێڵە، خەون لە دوای خەونەوە هەژمار دەكات، لێرەدا گێڕانەوە لە ڕێگەی خەونەوە دەچێتە ناو ڕووداو و مێژوو، نەبوونی و برسێتی تا ئەو ئاستەی دەڵێت:" نانیان بە دۆ ناگات"[12]. ئەم دەقە تەنیا بە گۆڕینی وشەی ئاو بۆ دۆ بە یاسای جوینەوە دەق ئاوێزانی ناوەكی لەگەڵ ئەم دەستەواژەیە ئەنجام داوە، "نانی بە ئاو ناگات"[13]. دوایی خەونەكانی وەك ڕۆمانێكی ئاڵۆز سەیر دەكات لێرەشدا بەهەمان شێوە سەر ڕووداوێك دەبڕێ تا بچێتە ناو گێژنەی ڕووداوێكی تر، كە لە خەیاڵدا ئەنجام دەدرێت و بیر لە (مینا) دەكاتەوە، كە كچێكی جوانی سەردەمی خۆی دراوسێیان بووە و پیشەی مامۆستا بووە و داوای دۆزینەوەی (سارای) كچی لێ دەكات، بێگومان ئەمە هەمووی بە مەنەلۆجی ناوەكی ڕوو

دەدەن دابڕانێك دەكات و دەچێتەوە ناو ڕیاڵ و دیسانەوە دەچێتەوە ناو، بەم جۆرە بەردەوامی دەدات بە گێڕانەوەی پەیامەكەی، بە هەمان شێوە لە هەردوو چیرۆكەكەدا مەبەستی دەرخستنی بەشێكە لە مێژووی شاری كەركوك لە كۆتایی سەدەی بیستەمدا، هەروەها هەردوو كارەكتەر هاوبەشن لە بێ هەڵوێستی و بێلایەنی تەنیا پەیامیش نمایش كردنی بەشێكە لە چەپاندن و ژان و ژۆی ناوەوەی كارەكتەر بەرانبەر بە دەرەوە، بەركەوتنی هەستەكانی ناوەوەیە بەرامبەر بە دەركەوتەكانی دەرەوە، پێداچوونەوەی نیشتەمەنییەكانی ڕابردووە لەسەر هەنووكە، لە ئاستی دووهەمدا لە هەردوو چیرۆكەكەدا كارەكتەر هەستی نامۆبوونی خوودی بە كردەی دەرهاویشتن پەرچەڤە دەكاتە دەرەوە بۆ شوێن، نامۆبوونی دەرەكی فەراهەم دەكات لە شوێنێكدا ئۆقرە ناگرێ هەمیشە لە گەڕاندایە لە چیرۆكی (شەیتانە كۆسە)دا شوێن هەولێرە لە بازاڕی سیروانەوە دەست پێ دەكات بۆ پشت قەلا گەیشتە بەر ماڵ بەرەو بازاڕ شۆڕ بۆوە، لە حەناس تاجریان .. فەرش فرۆشەكان, مچكۆ, شان بە شانی قەلا، دوا شت گوتیار بە كارەكتەر دەڵێت:" سەرێ لە هاوارگەی گیوی ** بدە. بەلام لە چیرۆكی (خەوننامەكەی دانیال پێغەمبەر)دا داینەمۆی خەون و خەیاڵ بەم جۆرە ئاراستەی شوێنەكانی كارەكتەر دەگۆڕێ و دەیبات بۆ شاری كەركوك لە پیاسەی گەڕەكی عەرەفەوە دەست پێ دەكات ئینجا كارگەی كۆلا، شەقامی باوەگوڕگوڕ، كلكەی قەلا، گوزەری مامر فرۆش و قازانچییەكان، پردی یەكەم، قەلا، هەوارگەی خەیام, گۆڕینی شوێن و قرتاندنی ڕەوتی گێڕانەوەو بەردوەام بوونی دەق بۆ ئاشكرا كردنی پاشخانی هزرو یادگای نووسەر كە هەمیشە پشت قایمە بە ئەزموون و بە دەقەكانی پێش خۆی، یەكێكە لە خەسڵەتە گرنگەكانی دەق ئاوێزان بەوەی ڕێگرە لە بەرێوە چوونی دەق بە

تـاك مانـایی و تـاك ڕەهەنـدی، بەمـەش بنكـەی دەق فـراوان دەكـات بـۆ دەوڵەمەندی دەقی بەرهەم هاتوو، كە لە هەردوو چیرۆكەكەدا بـە سـەلیقە و دەستڕەنگینییەوە ئەنجام دراوە، تا كۆتایی هەردوو چیرۆكەكە، گۆڕینی شـوێن لای هەردوو كارەكتەرە سەرەكییەكە لـە بەرچاوە كـەس بـە كـەس، شـوێن بـە شـوێن، هـەواڵ بـە هـەواڵ، ئەمـەش نایـابترین جۆرەكـانی دەق ئاوێزانـە، كـە دەقی پێشوو نادیارە ئاماژەكانی دیارە، هەروەك (میـشیل فۆكـۆ) پـشت ڕاسـتی دەكات و دەڵێت"ئەو شـتەی لـە خـۆوە لـە دایـك بـبێ بـوونی نییـە، بـەڵكو لـە ئامادەبوونی چەند دەنگێكی كەلەپووری زنجیرەیی و بەدوای یەكدا هـاتوو لـە دایك دەبێت"، لەبـەر ئـەوە دەق ئـاوێزان بـەلای ئـەوەوە پەیوەنـدی هەیـە بـە پرۆسەی هەڵمژین و گۆڕانی ڕیشەیی، یان پاژەیی لە چەندین دەقـی كـشاو بـە پەسەندكردن، یان ڕەتكردنەوە لە تەونی دەقێكی ئەدەبی دیاریكراودا"[14].

چـیرۆكی (شـەیتانە كۆسـە) بـەدەرە لـە گرتـەی خـەیاڵی ڕۆمانـسی، پەیوەندییـەكان زەق و دزێـون هـەر لـە لاقـەكردن و پـەلامارانی سێكـسی و ناشـیرین كـردن و خوێنـاوی كـردن و خوێنبـەربوونی شـتە جوانەكانـە و تێكدانی پاكدامێنیە، شێواندنی كـەلتوورە هـەر لـە وێنـەی كچە كافرۆشـی تـا دەگاتـە پەڕینـەوەی سـنوورەكانی دەرەوە و تـا دەگاتـە شـاكیلەی گـۆڕانی بێـژ، شـتێكی بێگـەرد نـامێنێ وەك ئـەوین، ئەمـەش لـە سـۆنگەی خراپـی بـەكارهێنانی هەژموونـەكانی پیـاوە بـۆ بـەرەلا كردنـی هەوەسـەكانی، لێـرەدا مامەڵـەكردنی خـەیاڵ تـەنیا لەگـەڵ جەسـتەدایە و كوشـتنی ڕۆحـە، لـە لای بكـەر تێركردنـی داواكـانی جەسـتەیە بەرانبـەر بـە بـەتاڵ كردنـی ڕۆح، تۆڵەكردنەوەیە لە خـودی خـۆی ئینجا لـە دەوروبـەر، بـە مانایـەكی دیكـە تـا بەها مرۆییەكانی خۆت ئەتك نەكـەیت ناتوانیـت بـەها مرۆییـەكانی یـەكێكی تر ئەتك بكەیت هەتا گەر پـەیامی رامیـار و عەسكەرتاریـشی بـە دواوە بێـت.

**بەلأم لە چیرۆکی (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر) دا، دەبینین ڕووداوەکان بەدەر نییە لە گرتەی ڕۆمانسی و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و ڕۆژانی گەنجێتی و لێك چواندنی (مینا) کە لە ئێستادا بەدگۆڕا یان ڕۆحە لە (کچە کافرۆشی)دا دەیبینێ، (مینا کافرۆشی) پتر وەك هێمایەك بەکارهاتووە لەبری (کچە کافرۆشی)، چونکە هەم لە جوانی و لە نازناو و لەوەی هەر دووکیان خەڵکی شاری کەرکوکن و بەشێکن لە مێژوو و کەلەپووری شارەکە، هەردووکیانیش هاوبەشن بەوەی بە زوڵم مردوون، هێما مانایەکی دینامیکی هەیە و پابەندی لۆژیك نییە و ئیش لە دیاردەدا دەکات و گوزارشتی لێ دەکات، هێما پەیوەندییە جوداکانی مرۆ و بوونەوەر دەخاتە ڕوو "هێما بە خۆشاوی ماناو تەگبیردا دەمێنێتەوە"[15]. کەس نییە لە ئێمە وێنە و باسی (کچە کافرۆشی)[16]. نەی بینیبێ یان نەبیستبێ، شتێك لە چیرۆکەکەی نەزانێت، کە کچێکی چەند جوان و قەشەنگ بووە " لەبەر جوانی و تەری خەڵکی گەرەك بە مینا کافرۆشی ناویان دەبرد"[17]. ئەم دەقە لە ڕێگەی هەڵمژینەوە لەگەڵ چیرۆکی(کچە کافرۆشی)، کە هەم مێژووییە هەم فۆلکلۆرییە، دەق ئاوێزانی ناوەکی فەراهەم کردووە، لەگەڵ بوونی هەندێ جیاوازی لە کارەکتەر و لە شێوازی مردن، ڕاستی چیرۆکەکە تا ئێستا بە تەواوی بۆ هیچ لایەنێك ڕوون نەبۆتەوە کەی و چۆن تابلۆیەکەی کێشراوە، ئەم کیژە کێیە، سەرچاوە کوردییەکە باس لەوە دەکات لە پاش داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، پیاوێکی ئینگلیز بەرێکەوت چاوی بە کچە کافرۆشی شۆخ دەکەوێت و دەیرفێنێت، کچە نووچ نادات و مەردانە لەو فرۆکەیە پێیان دەگواستەوە خۆی هەڵدەداتە خوارەوە و دەمرێت، ئەوجا لە ئاکامی ئەم ڕووداوە ئەو پیاوە کە ئاشقی بووبوو فرانی نیگار کێشەیش بوو، لە تابلۆیەکدا وێنەی دەکێشێ و بڵاوی دەکاتەوە، گەر (میران)، کە**

کارەکتەری سەرەکییە لە چیرۆکەکەدا گەر جار جار بە ڕێکەوت خەیاڵی بۆ کاری سێکسی بچوایە ئەوا (مینا)ی دڵخوازی ئاگاداری دەکردەوە ( واز لەو لێکدانەوە حەلەق و مەلەقان بێنە خۆ تۆ نە نووستوویت)[18]. ئەمەش ئەوە بەدەستەوە دەدات، کە تەنیا لە بێ ئاگاییدا لە کاتی خەوتندا مەرەخەسە تا بەو جۆرە بیربکاتەوە لە هەمان کاتدا پەلارێکە بۆ میران کە لە کاتی ئاگاییدا بوێر نییە، لەدەستدانی بوێری بەرچەڤەکردنی هەست ئەوین بۆ خەون و خەیاڵ جۆرێکە لە نامۆبوون و خاڵێکە لە پرەنسیپەکانی ئەوینی عوزری و مامەڵەکردنە لە پەنای خەیاڵ و درك کردنە بە ڕۆح و ژیانەوەی ڕۆحە بەرانبەر بە مردنی جەستە، ئاسەواری جوگرافیایە جەستەیەکی زامارە لەسەر بەسەر کردنەوەی ڕۆحێکی لەبارچوو، نیشتەمەنی ئەوین و سۆزی زیندووە لەسەر کەسێکی مردوو کە (مینا کافرۆشی) یە، نەگەڕانەوە و زیندوو نەبوونەوەی مێژووە بۆ شوێن و لانەی سروشتی خۆی، بۆیە لە ڕووی لۆژیکەوە ناکرێ ئەو پەیوەندییە وەك جەستە پەرچەڤە بکرێ لە پێگەی ڕیاڵدا و هەر لە خەوندا ماوەتەوە و دانپێنانی (مینا)ش ئاشکرای دەکات، لێرەدا مامەڵە لە تەنیشت ڕۆح و خەونە، لێکدانەوەشیان لای دانیال پێغەمبەرە، لای هەقیقەتە.

لە چیرۆکی (شەیتانە کۆسە)دا مامەڵە لەگەڵ جەستە و خەیاڵ و شەیتانە، لە هەردوو چیرۆکەکەدا theama ی چیرۆك لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگردا یەك دەگرنەوە دەق پابەندی ناو نیشانەکەیە.

دەقاوێزان و پرۆسەی ناونیشان:

پرۆسەی ناولێنان کردەیەکی ئاسان نییە، بایەخی خۆی هەیە، ناولێنان چڕکردنەوەیەکی ئەکتیڤانەی بابەتی چیرۆکە و کلیلی دەقە و یەکەمین

پەیوەنــدی لەگــەڵ وەرگــردا دروســت دەکــات یەکــەمین چــێژە و یەکــەمین بەرکەوت و ژووانە کە لە یادگای وەرگردا دەمێنێتەوە، کۆدێکە بۆ چوونە نـاو جیهانـە ئەفسووناوییەکەی نیـو دەق، لەم دوو چیرۆکەی (جەلیل کاکە وەیس)دا ناونیشان بارگاوییە بە کۆمەڵێ ڕەهەند و تێڕامانی جیاواز، لە هەر دووکیانـدا هەماهـەنگ و هاوکـاری دەقـن لـە ئاشـکرا کردنـی دەلالـەت، لـە ناونیــشانەکەوە وەرگــر دەتــوانێ ســیمبوولەکانی نــاو دەق بکاتــەوە و سەرنجەکانی یـەکالا بکاتـەوە. چیرۆکی یەکەم(شـەیتانە کۆسـە) ناونیـشانەکە سەرسوورمانێك لای وەرگر بـەجێ'دەهێڵت و دەمانخاتـە بـەردەم پرسـیار و بەدواداچـوون بـە پـەیبردن بـە نەهێنییـەك، کـە نەناسـراوە لـە چـۆنییەتی مامەڵـەکردنی لـە ئاسـت ڕووداوەکـان و ڕەوتـی درامـی چـیرۆك و خوێنــەر پـەلکێش دەکات بـۆ ناسـینی، پرسـیارێکە لـە نـاو دەقـدا بـۆ وەڵام دەگـەڕێت، هـەوڵی پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییانە دەدات، کـە لای وەرگـر دروسـت بـووە، خەسڵەتی خراپەکاری و گوناە و ڤێزوەنی دیوەکەی دیکەی مـرۆڤ لـە بـەردەم خۆری وێژداندا عـەیان دەکات، ناونیـشانەکە لـە دوو وشـە پێکهاتووە، یەکـەم وشە ناوە هەڵگری سیمایەکی مێژوویيە سیمبولێکی ئاینیـشە بـۆ بـەدڕەفتاری و دوژمنکارە و هاندەر بۆ گوناهەکانی مرۆڤ، وشـەی دووهـەم ئاوەڵنـاوە زیـاتر وەك خەســڵەتی بــێ تــووکی بــەکارهاتووە نــەك وەك پیــشە، بەچــاو گێڕانەوەیـەك دەتـوانین کارایيـەك بکـەین و لەیەکـچواندن ئـەنجام بـدەین، (جەلیل کاکە وەیس) یەکەم و دوا کەس نییـە، کـە بـەم شـێوازە ناونیـشانی هەڵبژاردووە، چەندین چیرۆکنووس پێش ئەم هەمان شـێوەیان بـەکارهێناوە، بـۆ نموونـە چـیرۆکی(مـۆرنی بـەراز)[19]. چـیرۆکی (پیـاوێکی ئاسـایی)[20]. چیرۆکی (بەرمیلە بچکۆلەکە)[21]. بەڵام لـە چـیرۆکی (خەوننامەکـەی دانیـال پێغەمبەر)دا، چیرۆکنووس هەر لە سەرەتاوە وەرگر ناچار دەکات شوێن پێی

دەق هەڵگرێ، تامەزرۆی گەڕانی دەکات هەتا بە دوای نەهێنییەکدا بگەڕێت، ئێستا بە ڕابردووە پەیوەست دەکات، لە دوو ئاستەوە پاشکۆ بە بکەرەوە گرێ دەدات، لە ئاستی یەکەمدا وەك بەش وەرگر پاشکۆیە بەدوای زانینی خەونامەکە دەگەڕێت، لە ئاستی دووهەمدا جیاکارییەك لە خەونامەکە دروست دەکات، تایبەتمەندییەك فەراهەم دەکات، بە کردەیەکی خودکارییەوە لکاوە بە (دانیال پێغەمبەر)ەوە، بەمەش دەیەوێت خۆشنوودی و گەورەیی و ڕاستگۆییەك ببەخشێتە ناوەڕۆکی دەق و متمانەی وەرگر مسۆگەر بکات، پەسەندکردنی کۆدەکانی دەق و کرانەوەی هەروا بە خاکەڕایی ئەنجام نەدراوە، خەونامە وەك پێدراو کردەیەکی پراکتیزی نییە، دەکرێ بە چەندەها شێوە ڕاڤەی جیاوازو لێکدانەوەی بۆ بکرێ، گەر خەون کردارێك بێت بۆ ئەو شتانەی کە مرۆڤ لە ڕیاڵدا دەستی ناکەوێت، ئەوا خەونامە ئەرکی هەتوانێك دەگێڕێ بۆ سڕکردنی ئەو بارە نالەبارەی، کە کارەکتەر گیرۆدەی بووە، پردێکی پەڕینەوەیە لە جیهانی ناوەوە بۆ جیهانی دەرەوە... خۆ ڕزگارکردنە لە دنیای عەقڵ و هەژموونی دەرەوە، بە مانایەکی دی پەنا بردن بۆ خەونامە و پشت بەستن بە خەون چ نییە، جگە لە چپاندنی ویست و حەزەکانی کارەکتەر و لەقبوون و کەوتنی کاریتەکانی عەقڵ، دروستکردنی داکەوتێکی تر لە ڕێگەی پشت بەستن بە خەون و خەیاڵ، هەبوونی خەیالگە چاوگێکی ترە، یارمەتیدەرە بۆ شکاندنی ڕێساکانی ڕیاڵ، دەکرێ بڵێین ئەمە یەکێکە لە خاڵەکانی سووریالیزم، کە خەون وخەیاڵ و ستاتیك دەکاتە ئەڵتەرناتیڤی جیهانی ڕیاڵ. بۆ سەلماندنی بۆچوونەمەکەمان ئەوەتانێ هەر لە ڕاستی ناونیشانەکەوە بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ کردووە، کە کردار تێدا نییە و پێکهاتووە لە (ناو+ ناو+ ئاوەڵناو) بەر لە (جەلیل کاکە وەیس) چەندەها چیرۆکنووس ئەم ڕێچکەیان گرتۆتە

بەر بۆ نموونە چیرۆکی (هەگبەی پیاوێکی پیر)[22]. چیرۆکی (پرۆژەی کورتە چیرۆکێك)[23]. چەندەها چیرۆکی دیکە، وەلێ (جەلیل کاکە وەیس) توانیویەتی جیاوازییەك دروست بکات، بە ڕەهەندێکی قووڵ و فەلسەفییەوە بیروژێنێ و بە کۆمەڵێ چەمکەوە گرێی بدات و بە چەمکێکی ئاینیەوە، بە دانیال پێغەمبەرەوە پەیوەستی بکات و دوور دەستییەك یان دژواری و ناسەقامگیرییەك بە بەراورد لەگەڵ ئێستادا بەرجەستە بکات، ئەم چیرۆکە بە ناسنامە و پێ لێنانی ناونیشانەکەی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەپەنای خەون و خەیاڵدا دەکات، لەگەڵ خەسڵەتی بێگەردی و بێ گوناهیدا کۆك و تەبایە پێچەوانەی ناونیشانی چیرۆکی یەکەمە (شەیتانە کۆسە)یە، کە ئاماژەیە بە بەدکاری و دەرخستنی کاری ناچیز و ئاشکرا کردنی پیسییە لەناو جیهانی دەرەوەداو گۆشەنیگای هەڵماڵینە لەسەر شتە دزێو و ناشیرینەکان، هاندانی ناوەوەیە بۆ ئەنجامدانی بەراوردکاری ناوەوەی مرۆڤ لە تەنیشت کاری خراپ و بەدرەفتاری و پیسی دەرەوە. خود نیگەران و چاودێرە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕابردوو و لکاندنی بە ئێستاوە.

<u>دەقاوێزانی دەرکی:</u>

دەرچەی گێڕانەوە لە پێکهاتەی بونیادی چیرۆك پەیوەستە بە گەشەکردنی ڕەوتی درامی لە دامەزراندنی پەیوەندییەکانی بنووس لە تەك دەقی نائامادە (غائب) و سوود وەرگرتن لە ڕووداو و بەسەرهات و بابەتی مێژوویی، ئایینی، کەلتووری و کۆمەلآیەتی...هتد، بەمەش چەمکی دەق دروست دەبێت و نووسەریش ڕزگاری دەبێت لە هەژموونی تاکە کەسی و تاك ڕەهەندی.

جەلیل کاکە وەیس لە چیرۆکی (شەیتانە کۆسە)، کە دەقێکی هاوتەریبە paratexete ئاماژەیە بۆ ڕاساندنی ناونیشانەکە لە چوونە ژوورەوە بۆ نێو جیهانی دەق و پەیوەست کردن و دۆزینەوەی پەیوەندییە لەگەڵ سەرجەم ڕووداوەکانی ناو دەق، ئەم چیرۆکە لە ڕێگەی دەق ئاوێزانەوە توانیویەتی پەیامێك بە وەرگر بگەیەنێ، بەسەرهاتی مێژوویی بکات بە تێکستێ ئەدەبی، ڕایەڵەی وردەکارییەکان ئەدەب لە گوتارێکی نوێدا بەرجەستە بکات و ئاماژە بە چەند دیاردەیەك بکات و گوزارشت لە پێدراوەکانی ڕیاڵ بکات، ئەویش پەیوەندیکردنی نێوان ئەدەب و دەرەوەی ئەدەبە، هەر لێرەوەش دەتوانێ دەق ئاوێزانی دەرەکی لە نێوان گوتاری ئەدەبی و دەقی ئایینی دامەزرێنێ، لە چیرۆکی (شەیتانە کۆسە) دا بەم جۆرە دەست پێ دەکات "بینایی ئەوە گوێت لێم نییە؟ ئاخر دەمێکە من بەدووتەوەم و ئاوڕێك نادەیتەوە، منێك لە دەماری لا ملت لێت نزیکترم، کەچی وا خۆت نیشان دەدەیت دەنگ و ڕەنگیشم نا ناسیتەوە، من ئەو کەسەم دەمەوێ لە خولیا و گوناە و تەنانەت لە تووڕەهاتەکانیش هاوبەشم بیت"[24]. ئەم دەقە سوودی بینیووە لە دەقی ئاینی پێش خۆی، هەرچەندە لێرەدا ناوی ناهێنێ، وەلێ ئاشکرایە ئەم دەقە لە قورئانی پیرۆزەو وەرگیراوە "(ولقد خلقنا الانسان و نعلم ما توسوس بە نفسە و نحن اقرب اليە من حبل الوريد)"[25]. کارتێکردنی دەقی سەرەکی لەسەر دەقی بەرهەم هاتوو بە ئاسانی لەسەر خوێنەری وریادا تێ ناپەڕێ، مادام کردەی دەق ئاوێزان لە قۆناغەکانی هەڵوەشێنەوەگەراییدا ئەنجام دەدرێت مەرج نییە دەقی دووهەم هاوشێوەی دەقی یەکەم بێت, لەوانەیە لە مانا و مەبەستدا ڕەتی بکاتەوە و لە ڕێگەی کردەی هەڵمژینەوە دانوستانی لەتەکدا دروست بکات بە گوێرەی چەمکی چیرۆکەکە دەلالەتەکان بگۆڕێ بە شێوازێکی دیکە ڕاڤەی بکات و لە

گۆشـەنیگایەکی تـرەوە دەقـێ نـوێ فەراهـەم بکـات، جیـاوازی لەگـەڵ دەقـی سـەرەکی(دەقـی یەکـەم)د، دروسـت بکـات، بـەوەی فـەرمودەی دەقـی یەکـەم دەڵێت:" کە خودای گەورە خـاوەن مەعریفەیـەکی ڕەهایـە و ئەوەنـدە نزیکـە ئاگـاداری سـەرجەم ئـەو جووڵـە و ئـەو گۆڕانکاریانەیـە، کـە لـە دەروون و دونیـــای نـــاوەکی ئێمـــەدا ڕوو دەدەن چـــییەتی و ئاکـــام و وەلاّمـــی شـــتە شـاراوەکانی پێیـە، لێـرەدا بـالاّ دەسـتی و بـڕواو متمانـە و دڵنـەوایی بـەدی دەکرێت، پێچەوانەی دەقی بەرهەم هاتوو، کە بـە پرسـیار و گلـەیی دەسـت پـێ دەکـات و نـەبان و نەناسـینەوەی ئەنقەسـت لـە بـێ بـاوەڕیی و نـەبوونی متمانـەوە سەرچـاوەی گرتـووە، هـەوڵی لـە خـشتە بردنـی مرۆڤـی تیـا بـەدی دەکرێت، بۆ سەلماندنی لـە دەست دەرچوون و یـان دۆڕانـدنی بـەهاکانی ئـەو جـۆرە مرۆڤـە، کـە دوایـی ڕێنومایـیـەکانی شـەیتان کـەوتوون، نووسـەر بـۆ ناســینەوە و جیاکردنــەوەی لــە کەســی ئاســایی ســیمبولێکی بــایۆلۆژی بەکاردەهێنێ، بـەپێی ترادیـسیونی بـاوی کۆمەلاّیـەتی، وەك فـۆرم هەڵدەسـتێ بە لابردنـی بەشـێك لـە خەسـڵەتە ناسـراوەکانی پیـاو، ئـەویش بـە نـەبوون و یـان دەرنەچـوونی ڕدێـن و سمێـڵ لـە قۆنـاغێکی دیـاریکراوی تەمەنـدا و لـە ڕووی کۆمەلاّیەتییەوە بەشێکە لە پەشم و نەنگی، تەشـەرێکە لـە کەسـی پیـاو و ناوێکی دزێـو هەڵدەگرێ، کـە بـە کۆسـە نـاوزەد دەکـرێ، لێکدانـەوەی ئێمـە هەرچییەك بێت هیچ جیاوازییەك لای وەرگر دروست ناکات، گەر ئـەو کەسـە کە کارەکتەر بیری لێ دەکاتەوە مـرۆڤ بێـت و خەسـڵەتی شـەیتانی هـەڵگرتبێ و بـە کۆسـە نـاودێری کردبـێ، یـان ئـەوە خـودی شـەیتان خـۆی بێـت، گـرنگ ئەوەیە هەتا ئەم هـەبێ ئـەو لەگەڵیدایـە و دەتـوانێ دوالیزمەیـەك لـە خـودی کارەکتەر دروست بکات، بە هاودژ بـوونی چاکە و خراپـە، ئاماژەکاری مـرۆڤ بە دیوە باش و جوانەکەی، شـەیتانیش بـە دیـوە ناشـیرین و خراپەکـەی، ئـەم

بگـره و بردەیــە بەردەوامــە تــا دەگاتــە ئــەوەی دەڵێــت:" دادت نــادات مــن ســێبەرتم و لێتنابمــەوە"[26]. ئــەم دەقــە نووســینەوەی دەقــی پێــشووە و پەسـندی کـردووە و بـە شـێوازێکی نـوێی دایڕشـتووە و بـە یاسـای هەڵمـژین دەقاوێزانی لەگەڵ " داوم لە داوی نابێتەوە"[27]. دروستکردووە لـە شـوێنێکی دیکـەدا چیرۆکنووس بـە زمـانی کەسـی یەکەمـەوە کـە شـەیتانە کۆسـەیە، بـە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ پاکانـە بـۆ خـۆی دەکـات و ئۆبـاڵی خراپەکارییـەکانی دەخاتە ئەستۆی نەفس"من دەزانم لای تـۆ لـە شـەیتانێکی پـەتیارە پـتر نـیم، بەلاّم منیش نەفسم هەیە"[28].

ئــەم دەقــە لــە ســێ لاوە دەق ئــاوێزانی دروســتکردووە، یەکــەم لــە ڕووی ئاینییەوە دانووسـتانی فەراهـەم کـردووە بـەوەی شـەیتان بەرانبـەر بـە مـرۆڤ نەفــسی نییــە، بــەڵکو هانــدەری نەفــسی مرۆڤــە بــۆ بــەرەڵایی و کــۆنترۆڵ نــەکردنی غـەریزەکانی، ئەمـەش دژەوابـوونی پرەنـسیپەکانی ئەقڵـە، چـونکە دوالیزمی نەفس و ئەقڵ لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، کـە زیـاد ڕۆیـشتن لـە یــەکێکیان لــە کــەم کردنــەوەی ئــەوەی دیکەیانــە و دەســتەبەر دەکــرێ، بەندکردنی لایەکیان لەسەر بـەرەڵا کردنـی ئـەوەی دیکـەیان دەکـەوێت، کـاتێ دنیا دەبێتـە دنیـای حـەز و خولیـا دەبێتـە بەهەشـت بـۆ مریـدەکانی شـەیتان بەرانبەر بـەوە دەبێتـە بەندیخانـە بـۆ بـاوەڕدار و خـاوەن ئـەقڵ، هـەروەك لـە فــەرموودەی پێغەمبــەر(د.خ) دا هــاتووە "(دنیــا ســجن مــؤمن و جنــة کـافر)"[29]. لـە ئاسـتی دووهەمـدا لـە دەقـدا بـە شـێوەی هەڵمـژین لەگـەڵ فەلـسەفەی بونیادگەرییـدا دەق ئـاوێزانی دروسـتکردووە بـەوەی "بـوون بـۆ خود هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی بوونـە لـەناو خـود"[30]. سێهەم ئـەم بوونـە لەبـەر ئــەوەی پــەتیارە و ئڵــچاخە لــە ڕوانگــەی کارەکتــەری ســەرەکییەوە،

بەرپرسە بەرانبەر بە هەموو گوناه و خراپەکارییەکان وەلێ پرسیار نییە بەرانبەر بە بەرپرسەکەی، ئەمەش هەڕەشەیەك بەرانبەر کارەکتەر دروست دەکات، ئەم لە ڕوانگەی خۆیەوە من هەڵدەگرێ و بارم دەکات، منیش لای خۆمەوە بە تێڕوانینم بۆ ئەو ئەوم هەلگرتووە، ئەمەش دەچێتە قالبی ئەو گوتەزا بەناوبانگەی سارتەر کە دەڵێت: "ئەوانی دیکە دۆزەخن"[31]. لێرەدا دەق ئۆرگانی نییە دەق ئاوێزانی ناوەکی ئەنجامداوە، ڕەفتاری غەریزەی ئەوان لە دەرکەوتەکانی دەرەوەدا دۆزەخی بۆ ناو ئەم هێناوە. هەمووومان بە پێی قورئانی پیرۆز و سەرچاوە ئاینییەکان دەزانین یان بیستوومانە، کە خوای گەورە چۆن ئادەمی دروست کرد و چۆن چۆنی و لە چیش شەیتانی دروست کرد، ئەوەی زانراوە لای ئێمە دیار و ئاشکرایە، لای چیرۆکیش کە کارەکتەر بە زمانی کەسی یەکەمەوە بە مۆنۆلۆژە بەم جۆرە دێتە گۆ "تۆ منت لە قوڕێکی پاکی ئەو گەرمیانە دروستکرد، شەیتانە کۆسەش لە پرمەی بەراز"[32].

ئەم دەقە بە یاسای جوینەوە دەق ئاوێزانی ئەنجامداوە، لاساییکردنەوەی بیرۆکەیەکی دەقێکی پێش خۆیەتی، تەنیا بە ئارایش کردن و زیاد کردن و کەم کردنەوەی چەند وشەیەك هەمان مانا و دەلالەتی ئەم دەقە قورئانییە دەدات "(ولقد خلقنا الانسن من صلصل من حما مسنون والجان خلقناة من قبل من نار السموم)"[33]. پەروەردگار دەفەرمویت لە خۆڵێکی وشکی وەك خۆڵی شەربە و کووپەی ئاو و لە قوڕێکی ڕەنگ گۆڕاو بۆ ڕەش مرۆڤمان دروست کرد، شەیتان ڕەگەزێکە لە جنۆکە لە ئاگر و لە بایەکی بکوژانەی گەرم، جنۆکەمان دروست کرد. هەرچەندە دەقی تری ئاینیمان هەیە و

دەتوانین دەق ئاوێزانی لە تەکدا بکەین، وەلێ ئەونده بەسە بۆ گەیاندنی مەبەست.

ئەوەی جێگەی پرسیارە لە چیرۆکی (شەیتانە کۆسە) دا، شەیتان هانی کارەکتەری سەرەکی دەدات و دەیەوێت هاوپەیمان و تەبا بێت لەگەڵ خولیا و گوناه و تورەهاتەکانیش هاوبەش بێت، وەك لەسەرەتای چیرۆکەکەیەوە ئاماژەی بۆ کردووە، بەلام لە چیرۆکی (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر)دا، پاردۆکس دروست دەکات و دەلالەتە باوەکان دەگۆڕێت "ئەم جارەش شەیتانەکەی نێو سەرم هانی دام بڵێم؛ هۆ پێغەمبەری خەڵوەت نشین ڕێگەم بدە بێمە خاك و پات"[(34)]. ئەم دەقە پێدراوە بەناویکداچوونی دەقی نووسەرە لە تەك دەقە نووسراوەکەی پێش خۆی، واتا دەقە نووسراوەکەی (شەیتان کۆسە) ئەم دەقە دژەوابوون و بەرەنگاری بۆچوون و بیرۆکەی پێش خۆی دەکات و هەڵوەشاندنەوە ئەنجام دەدات، بە دانوستان دەقی پێش و دەشکێنێ، لەم بارەدا دەچێتە ناو دەق ئاوێزانی ناوەکییەوە، لە هەمان کاتدا ئەم دەقە بە دەق ئاوێزانی دەرەکی دانوستانی دامەزراندووە، لەگەڵ ئەم دەقە قورئانییە "(ان الشيطان عدوا لكم فأ تخذوه عدوا) [(35)]. ئەوەی زانراوە، کە شەیتان هەمیشە دوژمنی سەرسەختی مرۆڤە، هەرگیز هاندەر نییە و نەبووە بۆ کاری باش و نزیك کردنەوە و ئاشت کردنەوەی مرۆڤ لەگەڵ پێغەمبەرەکاندا، ئیتر چۆن لێرەدا هانی کارەکتەر دەدات تا ئاشتەوایی لێبوردن لە پێغەمبەری خەڵوەت نشین بخوازێت. وشەی (هۆ) بۆ بانگ کردن و ئاگادارکردنەوە بەکار دەهێنرێت، ئەم جارەش شەیتان خۆی لێگۆڕیەوە، بۆ کاری باش لاری نییە و هانی دەدات هەتا پێغەمبەر فریادرەسی بێت و بەدەنگییەوە بچێت، ئەمەش جۆرێك لە هاوکاری بە

دەستەوە دەدات و دەق ئاوێزانی دەرەکی فەراهەم دەکات و مەبەستدارە، پارادۆکسە لەگەڵ ئەوەی دوای هەنگاوەکانی شەیتان نەکەوێت، کەچی لە دەقی بەرهەمهاتوو شەیتان خۆی ڕێ نیشاندەرە و دڵسۆز و هاندەرە، بەمەش دانوستان لە تەك دەقێکی تری قورئانی دەکات "(لاتتبعوا خطوات الشیطن انە لکم عدو مبین)"(36). پرۆسەی ڕام کردنی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی متنی چیرۆك تەنیا لە ئاستێکدا ئیش ناکات، دەکرێ بنووس لە چەندین لاوە گەمەی خۆی تێدا بکات تا هەوێنی ئەو مەبەستە بگرێتەوە، کە لە دەروونیدا یەق دەداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش (جەلیل کاکە وەیس) نەك وەکو مێژوونووس بەڵکو وەك چیرۆکنووس سوودی لە مێژوو بینیووە، خەیاڵی داهێنەرانەی خۆی خستووەتە سەر، ئێمە لە هەردوو چیرۆکەکەیدا هەندێ نموونە دەخەینە بەرچاو، کە بە ڕێگەی چەند گرتەیەکەوە دەق ئاوێزانی دەرەکی تێدا ئەنجام داوە، لە چیرۆکی (شەیتانە کۆسە)دا کارەکتەر وەك شایەتحاڵێ لە ڕێگەی هەندێ دەستەواژە و ئاسەوارەوە هەڵدەستێ بە ڕیسواکردنی ئەو تاوانە مێژووییەی، کە بەرامبەر بە خەڵکی سیڤل کرا لە ژن و پیاو و تا ئەو ڕادەیەی منداڵی ساواشی گرتۆتەوە، بە ڕووکەشی بەسەر لێکەوتی تاوانەکاندا ڕەت نابێ، بە ئاشکرا ئاماژە بە ئەنجامەکانی پرۆسەی ئەنفالی بەدناومان بۆ دەکات، ئەو کوشتارگەیەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە دەرهەق بە میللەتی کورد ئەنجام درا، "یەکە یەکە تەپۆڵکەکانم سەح دەکردەوە دەستم تێوەردەدان و لەتە جەمەدانی و کەمەی گۆچان و شووشەی مەمە و لەتە سوخمەم بەردەست دەکەوت"(37). بەمەش لە ڕێگەی گێڕانەوەوە و بەسەرکردنەوەی چەند گرتەیەکەوە، کە بەڵگەی تاوانەکانی ئەنفال عەیان

دەکات و ڕوویەکی دیکەی دەق ئاوێزانی دەرەکی لەگەڵ دەقی نادیار ئەنجام دەدات و ڕەهەندەکانی گێڕانەوە فراوان دەکات و ڕەوتی دەق دەپارێزێت، بەلاّم لە چیرۆکی (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر)دا، تەنیا پەنجە نۆما بۆ چەند ژمارەیەك دەکات، کە هەر یەکێکیان هەڵگری سیمبوولێکە لە مێژووی هاوچەرخی کورد دا، ئەم بە ڕیزبەندی ژمارەکان، کە مەبەستی سەرەکی یادکردنەوەی ساڵەکانە سەرە داوەکانی دەق ئاوێزان لە ئاست دەقی نادیار یان نەگوتراو فراوانتر دەکات لە یەك کاتدا، لە چەندین لاوە لە دەق ئاوێزانی دەرەکیدا ئیش دەکات، لە ڕێی بەسەرکردنەوە و گێڕانەوە هەر یەکێکیان گورزی مەبەست دەپێکێ، لە سەرەتادا باسی شۆڕشی ئەیلوول دەکات، ئینجا باسی پەیمانی جەزائیر، کە لە ئاکامدا شکستی شۆڕشی ساڵی حەفتا و چواری بەدوای خۆیدا هێنا، لە پاشاندا باس لە پرۆسەکانی ئەنفال و قڕکردن (جینۆساید)ی کورد دەکات، کە بە هەشت قۆناغ ئەنجام درا، ئەمە جگە لە کیمیابارانی هەڵەبجە، کە لە 1988/3/16دا روویدا، لە دواییدا باس لە شەڕی کەندا و ڕاپەڕینی بەهاری 1991 و ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەکات، کاتێ ئەمریکا و هاوپەیمانەکان کەوتنە هەڵدانەوەی دۆسییەی تاوانەکانی بەعس، کە ئەنفال و جینۆسایدی کورد یەکێك بوون لەوان ***، لە پاشدا کۆڕەو دەستی پێکرد، کە سێ ملێون هاووڵاتی کورد بوون، لە کۆتاییدا باس لە بڕیاری سەد و چل دەکات، بۆ گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و دەرکردنی عەرەبە هاوردەکانی شاری کەرکوك، " شەست و سێ، حەفتاو پێنج، هەشتاو هەشت، نەوەد و یەك، سەد و چل، مێشکی من پڕ بوو لەو ژمارانە، ئاخر من هەر بە بیستنیان وەڕس و دەهەری دەبم، چونکە حیکایەتە ناخۆشەکانم دێنێتەوە بیر"[38]. لە لایەکی دیکەوە دەق ئاوێزانی لەگەڵ ڕووداوێکی

مێـژوویی دیکـەی شـاری کـەرکووك کـردووە و پـەردە لـە سـەری لا دەبـات و دەمانگێڕێتـەوە بـۆ سـەردەمێکی زووتـر، کـاتێ هێزێکـی گـاوری یـەعقوبی و نەستووری، کە سەربازی ئینگلیز بوون لە 1924/9/4 دا شەڕێکیان نایـەوە، لـە قـەلاوە لـە بـان خـانووی گاورەکانـەوە خـەڵکی شـاریان دایـە بـەر گوللـە و چەندین کەس کوژران و بریندار بوون، موراد بەگی موبـارەکی گێـژ هاوکـاری بەڕێوەبەری پۆلیس بوو، نەیهێشت پۆلیس بچێت بە هانای خەڵکەکەوە، لـەو کاتەدا چەند کوردێکی مەرد و بەغیرەتی وەکو عـەلی بەسـتێ و قالـەی گالـەر و محـەی نـازێ و پیـاوانی مـاڵی خانـەقا و بـەری شـاترلو و ئـەخی حوسـێن حەمامی ژنانی ڕێنانیان پاراست**** "ژمارەی ئەو سەربازانەت لـە یـادە، کـە چوونە نێو گەرماوەکەی ژنان و چێژیان لـە جەسـتەی ڕووتـی ئـەو ئافرەتانـە وەرگـرت"(39). وەك گوتمـان ئـەم دەقـە لـە ڕێـچکەی جوینـەوە دەق ئـاوێزانی لەگەڵ دەقی نادیـاردا دروسـتکردووە، وەك چیرۆ نووسـێ لـە دەرگـای مێـژووە نایـەت، بـەڵکو لـە پەنجـەرەکانی هەسـتەوە دێتـە نێـو هزرمـان، ئەمـەش بەرزترین جۆرەکانی دەق ئاوێزانە، کە لەگەڵ مێژوودا دێتە گۆ، بـە ئەسـپایی بە ڕەهەندێکی تراژیـدی و بـە سـەلیقەوە دەتـوانێ لـە ژێیـەکانی بیرەوەریمـان بدات، لە ڕێگەی خەون و خەیاڵەوە بەشێك لە بەسـەرهاتی مـرۆڤ بەرجەسـتە بکات.

ژێدەرەکان:

1_ پ. ی. د. نەجم خالید ئەڵوەنی جۆرەکانی دەقاویزان لە ڕۆمانی پێنجەمین کتێبی جەبار جەمال غریب دا. بەڕێوبەرایەتی چاپ و بلاَوکردنەوەی سلێمانی لا 17.

2_ هەمان سەرچاوەی پێشوو ژمارە 1 لا 16.

گۆڤاری قەلاَ ژمارە 2 ★ تل کل: کۆمەڵە ئەدیبێکی فەرەنسی بوون گۆڤارێکیان بەو ناوەوە دەرکرد، سەرنووسەری گۆڤارەکە فلیب سۆلرز بوو، دەستەی نووسەرانیش بریتی بوون لە (جولیا کریستیڤا و ژان ریکاردۆم پلاینی و جیرار جینیت). ئەم گۆڤارە بایەخی سەرەکی بە تۆژینەوەی ئەدەبی و میتۆدە نوییەکانی بوونیادگەری و ڕەخنەی بوونیاد دا، ڕۆلاَن پارتیش هاوکاری دەکردن. گۆڤارەکە وەرزی بوو ژمارەی یەکەمی لە بەهاری 1960 دەرچوو هەتا سەرەتای حەفتاکان بەردەوام بوو. لا 72.

3 - د، هەڵمەت بایز. دەقاوێزان لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا. بەختیار عەلی. بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن 923 ساڵی 2012 ی پێدراوە لا 12.

4 - وەچەکانی مەولانا، چیرۆك، جەلیل کاکە وەیس، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بلاَوکردنەوە ساڵی 2008 چیرۆکی (شەیتانە کۆسە) لا 17 (6– 8 -9 -11 - 24 - 26 – 28- 32 - 34 – 37 -)

5 - هەمان سەرچاوەی پێشوو ژمارە 4 چیرۆکی (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر) لا 69.

10 - 12 – 17 - 18- 38 - 39 هەمان سەرچاوەی ژمارە 5.

7 – نیکوس کازتنزاکي روایة (زوربا)، ترجمة جؤرج طرابیشي، دار الاداب بیروت سنة 1978,

13 –جلال محمود علی، ئیدیوم لە زمانی کوردیدا. کۆماری عێراق، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی زنجیرەی کەلەپوور ( 1) بەغدا 1982 لا 460.

** مەبەست لە شوێن و چاپەخانەی کوردستانە (گۆی موکریانی)یە دەکەوێتە ڕۆژئاوای قەلا، هەمان سەرچاوەی ژمارە 4.

14 – هەمان سەرچاوەی ژمارە 1 لا 68.

15 – هیگڵ. الفن الرمزي. ترجمة جوُرج طرابيشي. دار طليعة بيروت طبعة اولى 1976 ص 143.

16 – عومەر عەلی شەریف. لە یادنامەی کەرکوك و گەرمیانەوە. چاپەخانەی ئارابخا کەرکوك چاپی یەکەم 2006 لا 185، بۆ زیاتر زانین دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ موعتەسەم ساڵەیی.

17- بين تراث المعاصر. بنت التبان مؤناليزا الشرق سلسلة كتاب ثقافية لسنة 2013 لا 129.

19 – عەلی فەتاح دزەیی. ملوانکەی ئەڵماس. جی دی موپسان. لە بلاوکراوەکانی ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ناوچەی کوردستان 1986 لا 129.

20 – نەجم عەبدوڵلا مەحەمەد. گوڵبژێرێك لە چیرۆکی بێگانە. دەزگای ڕۆشنبیری بلاوکردنەوەی کوردی. وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە چاپدانی داوە لا 50.

21 – هەمان سەرچاوەی ژمارە . لا 156.

22- سەلاح عومەر. لێك ترازان. لە چاپدانی ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ناوچەی کوردستان 1986 لا 93.

23 – ڕەئوف بێگەرد. کورتە چیرۆك بوار. چاپی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا 1977 لا 50.

25 – قورئانی پیرۆز، سورەتی ق ئایەتی 16.

27 – هەمان سەرچاوەی ژمارە 13 لا 197.

29 – الالباني صحيح. الموارد حديث نبوي. الراوي ابوهريرة ص 2107.

30 - د عبدالرحمن بدوي. دراسات في الفلسفة الوجودية)، الموسسة العربية للدراسات والنشر طبعة اولي 1980 ص 266.

31 – د عبدالرحمن بدوي. دراسات في الفلسفة الوجودية ژان پۆل سارتر، شانۆگەری، (الجلسة السرية)، الموسسة العربية للدراسات والنشر طبعة اولى 1980 ص 267.

33 - قورئانی پیرۆز، سورەتی الحجر ئایەتی 26.

35 – قورئانی پیرۆز، سورەتی الاعراف ئایەتی 22.

36— قورئانی پیرۆز، سورەتی البقره ئایەتی 208.

*** سوودم بینیووە لە چنار نامیق. جینۆساید و ئەنفالی کورد، پڕۆژەی ( 25) کتێب بە بۆنەی (25) ساڵەی کارەساتی ئەنفال، چاپەخانەی کارۆ.

**** سوودم بینیوە لە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی. کەرکوک/ ئامادەکردنی شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی، چاپەخانەی ئارابخا کەرکووك, چ ( 1) بۆ زانین بڕوانە لاپەڕە 92.

# کەسایەتی لە چیرۆکی (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر)ی جەلیل کاکە ویس دا

## دەستپێك

لەگەڵ گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵ، پێداویستییەکانی مرۆڤ ڕوو لە زیادبوون دەکات، بێگومان ڕەنگدانەوەی ئەمەش شێواز و جۆر و تۆڕی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بەرەو ئاڵۆزی و ناڕوونییەك دەبات، هەر لە سۆنگەی گۆڕینی ئەم پەیوەندیانەدایە چەمکەکانی تێگەیشتنیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئەمەش گشت بوارەکانی دەگرێتەوە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا ئەدەبە، ئیشکردنە لەمەڕ ڕۆڵی کەسایەتی لەنێو چیرۆکدا.

بەرایی ڕاو بۆچوونێکی زۆر لەسەر کەسایەتی هەیە، بەڵام یەکێك لە پێناسەکانی کەسایەتی ئەوەیە کە دەڵێت:" کەسایەتی یەکێکە لە ئامرازەکانی ناو پێکهاتەی گێڕانەوە، گشت کارەکانی گێڕانەوەی سەر زارەکی لەگەڵیدا هاوبەشە، وەك حیکایەتی (خوراڤ، نووسراو، چیرۆك و ڕۆمان)[1].

کەسایەتی لە دەربڕینی مەبەستەکانیدا تاقانە نییە، گەلێ جار بە یارمەتی ئامرازی جیاوازەوە دەتوانێ گوزارشت لە خۆی بکات، گرتەی وێنە درامییەکان بکێشێ، بەشێوازی کەس لە تەنیشت کەسدا، کەس لە بەرامبەر شوێندا، کەس و هزر، کەس و ئایدۆلۆجیا، تێڕوانینی کەس بەرانبەر بە

ئەوین، بەرانبەر بە بوون و شوێنی کات و پێگە و ڕەنگدانەوەی لە دەروون و هەڵسوکەوت ...هتد.

لە ڕۆمان و چیرۆکدا دەشێ کەسایەتی خاوەن جۆرەها ڕێباز و بیرۆکە و خەیاڵ بێ و زەمینەیەکی شارستانی هەبێ و هەڵگری خەم و خەون و ئازاری سەردەمەکەی بێ.

"بلزاك" یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی، کە دەتوانێ بەوپەڕی ئەمەکەوە ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕیالیستی سەردەمەکەی ببێت بە وردو درشتەوە، کەسایەتییەکان، کۆمەڵگا و ژیانی ڕۆژانە و خەمەکانیان، وەکو خۆی بگێڕێتەوە. بەدواداچوونی چیرۆکنووس بە دوای کەسایەتییەکانیدا و دیاریکردنی پەیوەندییەکانی لە ڕێگەی گێڕانەوەدا شێوازێکی بچووك کراوەی ڕیاڵ بۆ وەرگر فەراهەم دەکات، وەلێ تێوەگلانی دەسەڵاتی چیرۆکنووس لە تەنیشت کەسایەتیدا و ڕیزبەندی ڕووداوەکان بەم سکێچە دەکرێ کەلێنێك بخاتە ناو جەستەی ئەدەبەوە، بە تایبەت لە ئاستی چیرۆك و ڕۆماندا بەوەی بێبەش کراون لە ڕەگەزەکانی خەیاڵ و فانتازیا. گەر چیرۆك و ڕۆمان سروشتی خەیاڵی تێدا نەبێ تەنیا گوزارشت لە ژیانی ڕیاڵدا بکات و سەپاندنی دەسەڵاتی بنووسیش لەسەر کەسایەتی و ڕەوتی ڕووداوەکان ئاراستەیەکی دیاریکراو بێ لەنێو پێدراوەکانی ڕیاڵدا ئەوا ڕووبەڕووی مێژوو دەبێتەوە، هەوێنی پرسیارێك دەگرێتەوە ئایا ڕۆماننووس مێژوو دەنووسێت یان ئەدەب؟ پێگەی ئەدەب لە مێژوودا چییە؟ یان بە پێچەوانەوە؟ ئەمەش یەکێکە لە قەیرانەکانی ڕۆمان و چیرۆکی تەقلیدی، ئەمە بێجگە لەوەی ڕۆڵی کەسایەتی تەقلیدی لە گەمەکانی گێڕانەوە لە کێشەیەکی بەردەوامدایە، هەر لە گرێچن و زمان و پێگەوە بیگرە تا دەگاتە ڕووداو، هەروەها پێکهاتەی گێڕانەوە لە ڕۆمان و

چیرۆکی تەقلیددا پابەندە بە لۆژیکەوە، پێداگرە لەسەر قەدبڕی و بەستنی یەك بە دوای یەکی شتەکان و هیچ ڕووداوێك ڕوونادات گەر نەبەسترا بێ بە هۆیەکەوە یان بە جووڵەیەکەوە، یان بە سۆز و ئارەزوو یان بە پاڵنەر یان بە کەسێکەوە.

لێرەدا نووسەر پێشەنگی کەسایەتییەکەیە و هەموو شتێ دەربارەی شوێن و شوێن کات و ڕووداو دەزانێ، کەس بوونەوەرێکە و هەبوونێکی میتافیزیکی هەیە لە (دەنگ، ڕەنگ، رووخسار، تەمەن، حەز و خواست )[2]، نموونەی ئەو نووسەرە دیارانەی، کە بەم شێوازە دەنووسن (بلزاك، ئەمیل زۆلا، نەجیب مەحفوز).

هەندێ نووسەر لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا دەهات هەڵوێستیان بەرامبەر بە شاکەسی ڕۆمان و چیرۆکەکان سەختتر دەبوو، وەك کەسێکی ناوەکی خوێندنەوەیان بۆ نەدەکرد بەوەی (کەسە یان تاکمەندە)، ئەمان لە قاوغێکی ئاماژە پێدراودا خوێندنەوەیان بۆ کەسایەتی دەکرد، چونکە کەسایەتی تەنیا شێوەیەکە لە ڕەگەزەکانی زمان چەشنی گێڕانەوە و دایەلۆگ، سەرەتای ڕۆمانی نوێ بە ڕۆمانی (دادگا)ی (فرانز کافکا)وە دەستی پێکرد.

لەم ڕۆمانەدا لەبری ناو ژمارەی بۆ کەسایتییەکان دانا، بەم پێیەش شووناسیان لێ زەوتکرا و لە سۆز و بیرکردنەوە و لە داب و نەریتە باوەکان دابڕانێکی دروست کرد، بۆ پەیوەندی شەرعی نێوان کۆمەڵگا و ڕوناکبیری (لە سەردەمی جێمس جویسەوە هەتا بیکیت خەسڵەتی نەبوونی ڕەها هەیە لە نێوان سیستەم و بەرهەمهێنان و بیرۆکەی خودی مرۆڤ)[3].

زۆربەی ڕەخنەگرە فەڕەنسی و ئەمریکییەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە کەسایەتی دابڕاوە یاخود دەبێت دابڕێت لە نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگە،

هەندێ نووسەر دیاریکردنی باری کۆمەڵایەتی و دەروونی لە کەسایەتی ڕەتدەکەنەوە لەوانە (جێمس جویس و فرجینا ولف)، لە ڕاستیدا بۆچوونەکانی ئەمان دەرباری کەسایەتی لەنێوان ڕۆمانی تەقلیدی و ڕۆمانی هاوچەرخدا ڕایەکی مامناوەند بوون، هەتا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا مەرگی کەسایەتی ڕۆمان لەلایەن (ناتالی ساروت، میشل بیتور، کلۆد سیمۆن، سامۆئیل بیکیت، ولیام بێردگسن) وە ڕاگەیەنرا، ئینجا ڕۆلان پارت کەسایەتی ڕۆمانی کردە پاڵپشت تاکو گەمە لەگەڵ خۆیدا نا، بەڵکو گەمە لەگەڵ ئێمەدا بکات (وەك بڵێیت لە نێوان گوتار و کەسایەتیدا هاوکۆکییەکی توند هەیە)[4].

ئەمەش لەسەر بنەمای سۆزیاری بۆ زیندەگی و شت و نواندنی ستاتیکییە، تا لە ئاکامدا پەیوەندییەکی ئاڵۆزی دروستکرد لە دۆزینەوەی سامپڵە بێ کۆتاییەکان، وەك ئەوەی کەسایەتی سامپڵی گوتار بێ، کەواتە دژوار نییە کەسایەتی یەکسان بێت بە گوتار، کە پێکهاتەی زمانی دەقە و کەسایەتیش لە ڕەخنەی تەقلیدیدا گشت شتێکە.

## پەیوەندی جێناو بە کەسایەتییەوە (کارێکتەر):

سیحر و لەززەتی دنیای نووسین هاندەرێکی چاکن بۆ پەڕینەوە لە ئاستەنگەکانی نووسین، ئەویش لە ڕێگەی گێڕانەوە کاریزمەی ئاسانترین شێواز دەگرێتە بەر، بۆ چوونە ناو جیهانی کەسایەتییەکانیەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ لەبری ناو جێناو بەکار بهێنێ، بۆ ئەفراندنی ئەو مەبەستەی کە خولیایی سەلماندنیەتی تا لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا وەرگر بەشدار بکات.

بێگومـان ئـەم جێناوانـە لـە شـوێن و کـاتی خۆیانـدا، کـە وەك تـاك بـەکار دەهێنـرێن بریتین لە ( من، تۆ، ئەو )*، وەك کۆش بـریتین لـە (ئێمـە، ئێـوە، ئەوان )، کە بە مەبەست و ئامـانجی دیـاریکراو لەسـەرێکەوە کـارایی دەکـەن و دێنە نێو شوێن کات و گوتار گێڕانەوە لەسەرەکەی تـریشەوە لـە تـەك جوولـە و پێکهاتـەی کەسـایەتیەوەن، ئێـستا بـەکورتی بـا بـزانین ئـەو مەبەسـت و ئامانجانە چین، کە جێناو تێیدا بەکار دەبرێت:

1_ جێنـاوی (مـن)ی قـسەکەر خـاوەن توانایـە لـە توانـەوەی جیاوازییـەکانی شوێن کات و گێڕانەوە و نێـوان بگێـڕەرەوە و کەسـایەتی زۆربـەی کاتـەکانیش سـەنترالْ نییـە، سـتاتیکای ئـەم جێنـاوە ئاوێتەیـە بـە گیـانی نووسـەرەوە، لەمپـەری لەسـەر شـوێن کـات لادەبـات، وا وەرگـر بـە کـاری گێڕانـەوەوە دەبەستێت، کەوا تێدەگات نووسەر بەڕاستی یەکێکە لـەو کەسایەتییانەی، کـە ڕۆمـان یـان چیرۆك بـەڕێوە دەبـەن، ئەمـەش بـە گوێرەی وەرگـر سـڕینەوەی ڕۆڵی نووسەرە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات.

جێناوی (من) وەك ئـەوە وایـە جێگـای خـود بگرێتـەوە، لـە کاتێکـدا جێنـاوی نائامـادەی (ئـەو) شـوێن یـان بابـەت دەگرێتـەوە، ئاراسـتەی (مـن) ناوەکییـە و ڕوو لە خودە پێچەوانەی ئاراستەی (ئەو)ی دەرەکییە، جێناوی (مـن) دەمێـك لە ناوەوە دەردەچێت و بۆ ناوەوە دەگەڕێتەوە، دەمێك لـە نـاوەوە دەردەچێتە دەرەوە، بەڵام جێناوی (ئـەو) دەمێـك لـە دەرەوە دەردەچێتە دەرەوە، دەمێـك لـە دەرەوە دەردەچـێتە نـاوەوە، شـوێن کـات لـەناو شـوێن کـات، کـەس لـەناو کەسـایەتی، ڕووداو لــە نێــو ڕووداودا دەتوێنێتــەوە، ڕۆڵان پــارت واتــەنی (جێناوی قسەکەر کەمتر شیاوی ڕۆمانە وەك لـە جێنـاوی نائامـادەی ئـەو)[(5)].

ئاراسـتەی جێنـاوی (مـن)ی قـسەکەر پـتر بـەکاردێ بـۆ لەمپـەرێك یـان ڕابردوویەکی نزیك.

2_ جێناوی (ئەو) زۆر بەربلاّوە لە گێڕانەوەی سەرزارەکی یان نووسراو، ئامرازێکی بەکەڵکی گێڕەرەوەیە، هزر و ئایدۆلۆژیاو ڕێنمایی و بیروڕا دەتوانێ بەناویدا تێپەڕێ، زۆرجار نووسەر بۆ خۆ پاراستن جێناوی (ئەو) بەکاردەهێنێ هەتا نەکەوێتە نێو تەڵەکانی (من)ی قسەکەر، کە دەشێ لەگەڵ کرداری گێڕانەوەدا بەرەو ناحاڵی بوونێك بەکێشمان بکات، بەهەرحاڵ بۆ پەیبردن بە کەسایەتییەکان و بەردەوامبوونی کردەی ڕەوتی گێڕانەوە، نووسەری دەستڕەنگین هەوڵ دەدات (من)ی بگێڕەوە لە (من)ی نووسەر جیا بکاتەوە، بۆ ئەمەش بەکارهێنانی جێناوی (ئەو) ڕێگە خۆشکەرە و دەرمانی نووسیارە.. مۆریس بلانشۆ گوتەنی (جێناوی نائامادە نەمانی کەسایەتییە، کە خۆی لە پلەیەکی نەگێتیڤدا دەنوێنێ)(6).

3_ جێناوی (تۆ) لەنێوان جێناوی (من)ی قسەکەر و جێناوی (ئەو)ی نائامادەدایە، حەزی نە لە ناوەوەیە نە لە دەرەوەیە، بەڵکو لە ناوەڕاستیاندایە، لە بنەڕەتدا ئەم جێناوە بۆ ترازاندنی گرێی دەروونی و نیرۆسیەتی (من)دا بەکار دەهێنرێت، وەك لە ڕوانگەی میشێل بیتۆر، کە دەڵێت: (تۆ ڕزگارکەری منە)(7).

لە کۆتایی ئەم ڕوونکردنەوە کورتەدا هیچ نەماوە بگوترێت لەوە زیاتر، کە دەڵێت:" (ئەم سێ جێناوە لای گێڕەرەوە پتر بابەتێکی ستاتیکییە نەك ئاماژەیی، شێوە خوازەیە نەك بنەڕەتی، پەسەند کراوە نەك بە تۆپزی)(8).

ئێستا دەکرێ بە شێوەیەکی کورت جۆرەکانی کەسایەتی دیاری بکەین، کە پێکهاتووە لە کەسایەتی (سەرەکی، لاوەکی، خڕئامێز، ڕووکەشی، پۆزەتیڤ، نەگێتیڤ، جێگر، پێگەیی...).

هەندێ لەو بابەت و قسانە، کە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕێسای کەسایەتییە، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لێرەوە هەوڵ دەدەین ڕۆڵی

کەسایەتی لە چیرۆکێکی (جەلیل کاکە وەیس) دا پیادە بکەین، جەلیل کاکە وەیس لە هونەری چیرۆك نووسیندا ئەزموونێکی کەمی نییە، یەکێکە لەو ناوە دیارانەی، کە بە شێوازێکی تایبەتی دەتوانێ وەرگر تێکەڵ بە جیهانەکەی بکات، لە ڕێگەی گێڕانەوە و ڕیزبەندی ڕووداوەکاندا، دەتوانێ کەسایەتی (کارکتەر)ەکانی لە شوێن خۆیدا بجوڵێنێ، مەبەست بپێکێ، هەندێ جار بە شارەزاییەکی تەواوە تێکەڵ بە جیهانی کەسایەتییەکانی دەبێ، دوور و نزیك پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییەکانیدا پەیدا دەکات، لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا ناتوانێ خۆی لە ڕەهەندەکانی مێژوو قوتار بکات، بەتایبەت لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا وەك شایەتحاڵ ڕۆڵی کەسەتییەکانی دەخاتە سەر مینبەر، هێنانی کەسایەتی (کارەکتەر) بۆ سەر دوڕیانەکانی مێژوو لەژێر ڕۆشنایی کۆکردنەوەی بابەتی ڕووداوەکاندا، زۆرجار لە ڕێگەی کارتێ کردنی ڕەهەندەکانی مێژووی سیاسی گەلەکەیەوە کارەکتەر لە تەمەن و ڕووخسارو ئاستی کۆمەلأیەتی و چینایەتی بێبەش دەکات، ئەمەش لە دەرئەنجامی هەستکردنە بە سڕینەوەی ناسنامەی کەسایەتی کورد لە نەبوونی پێگەی سیاسی، ڕەش بردنەوەی متمانەیە لە کەسایەتی تاکی کورد بەرامبەر لە ئاوڕ نەدانەوەی مێژوو، یان کەڵك وەرنەگرتنی هەژموونی ڕووداوەکانە، کە گۆڕانکاری بەسەر تاکی کوردا ناهێنێ و بە درێژایی مێژوو نەیتوانیوە بیقۆزێتەوە و سوودی لێ وەرگرێ.

جەلیل کاکە وەیس لە ڕێگەی هونەری چیرۆکەوە لە زمانی کەسایەتییەکانیەوە دەیەوێت هەندێ لەو وێنە و ڕووداوانە زیندوو بکاتەوە لەشوێن و کاتی گونجاودا جەستەی دەقی پێ سارێژ بکات.

ئینجا با بزانین چیرۆکنووس چۆن دەتوانێ خۆی بهاوێتە ناو کەسایەتییەکانەوە و دەتوانێت خۆیشی لێ دەرباز بکات، یان هەردووکیان لە

ڕستەیەکدا کۆ بکاتەوە، بۆ پێشاندان و قسەکردن لەسەر چەمکی کەسایەتی دەگرێ لە چیرۆکی (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر)[9]. بچینە نێو باسەکەمان.

## (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر)

(ماوەیەك بوو کەوتبومە خولیای ئەو خەونە زۆرانەی کە دەمبینین، هەر خەونێکیشم دەبینی بە دوای خەوننامەیەکدا دەگەڕام، تا خەونەکەم لێك بدەمەوە و لە نوقلانەی شووم ڕزگارم بێت)[10].

ئەمە دەستپێکی چیرۆکەکەیە، کە بە جێناوی (من)ی قسەکەر شوێن و کاتی گێڕانەوە لە نێوان بگێڕەرەوە و (کارەکتەر)ی چیرۆکەکەدا دەسڕێتەوە، وەرگر وابەستەی کردەی گێڕانەوە دەکات بەوەی، کە حیکایەتخوان خودی چیرۆکنووس خۆیەتی و ڕەوتی ڕام کردنی ڕووداوەکان لە ئەستۆ دەگرێ، هەر لە یەکەم ساتەوە وەرگر دادەکوتێت دەیخاتە بەردەم قەیرانی دووانەیەك، کە لە سەرێکەوە خەون دەکاتە ئەلتەرناتیڤی ڕیالّ لەسەرەکەی تریشەوە بۆ لێکدانەوەی خەونەکان ئێستای ڕیالّ دەکاتە ئەلتەرناتیڤی ڕابردوو و پاشینەی خەونەکەی کە سەردەمانێکە گیرۆدەی بووە و دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە، ناتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات، لە سۆنگەی فشاری ئەو داکەوتانەی، کە ڕیالّ لە دەرەوەدا سەپاندوویەتی بەسەریا و ناتوانێ وەلامی بۆ بدۆزێتەوە، لەناو خودیشدا وەك پەرچدانەوەیەك خۆی دەخواتەوە، وەك نیشتەمەنییەك لە چینە قوولەکانی نەستیدا بە شێوەی خەون ڕەنگ دەداتەوە، پشت بەستن بە کردەی خەو بینین نەك کەسایەتی کارا بەرهەم ناهێنێ، بەوەی ئیش لەسەر لابردنی ئەو دەرکەوتانەی ڕیالّ ناکات، بەلّکو

کارەکتــەر لــە کەســایەتی دادەبڕێــت، وەك کــردەوە هیــچی پــێ نــاکرێ بــە دانپێنانی حیکایەتخوان خۆی، کە ژیانی کردووەتە ڕۆمانێك، بێ ئـەوەی هیـچ ڕۆڵێکی تێدا بگێڕێت (شاکەسی ڕۆمانەکەش پـتر لـە خـەون بیـنین ناپەرژێتـە سەر هیچ شتێکی دی )[11].

چیرۆکنووس بەوەندوە ناوەستێت و دەیـەوێت بـە ڕێچکەیەکی پراکتیکـی بـە گریمانەیەك، کـە لـە دەنگـی ئافرەتێکـەوە سەرچاوەی گرتـووە، بۆچوونەکەی بسەلێنێ (لـە ناکـاو گـوێم بـە دەنگـی سـۆزەناکی ئافرەتانـە زرنگایـەوە، مـیران فریـــام بکـــەوە چـــەندین ڕۆژ کـــچە تاقانەکـــەم لـــێ ون بـــووە و بـــۆم نادۆزرێتەوە)[12].

کارەکتەری سەرەکی کە ناوی (مـیران)ە کـە چیرۆکنووس خۆیـەتی لـە ڕێگـەی کەسـایەتییەکی لاوەکییـەوە، کـە لـە دەنگـی ئافرەتێکـەوە خـۆی و جیهـانی نـاوەوەی خۆیمـان پـێ دەناسـێنێت. وەلـێ لەگـەڵ دەرکـەوتنی دەروازەی ئـەو جیهانە، جەلیل کاکە وەیس گەمـەی خـۆی دەکات، زیرەکانـە پـەردە لەسـەر دابەشـکردنی ئاسـتەکانی جووڵانــەوە لا دەبـات، بـۆ ناوبڕێـك لـە پنتێکـی شپرزەدا وەرگر تووشی شۆك دەکات بـە قرتانـدنی ئـەو داوە تەلیسماوییەی، کـە جیهـانی دەرەوە گـرێ دەدات بـە جیهـانی نـاوەوەی کەسـایتییەکە، کـاتێ کەسایەتی (میران) لەپڕ بە سەهوو بـانگ لـە پیرەژنێکی دیـانی پـرچ چـەرمۆ دەکات و پێی دەڵێت:" (ئەوە تۆ بوویت بانگت کردم)[13].

ئـەم ساتە وەختـە خـاڵێکی وەرگـەڕان و ئاگـادار کردنەوەیـە بـەوەی تـەوەری خەیاڵ و خەونەکانی دەپچڕێت و دێتە سەر هێڵەکانی ڕیاڵ، لـە هـەمان کاتـدا ئاماژەیـە بـە تەقینـەوەی فـشارەکانی نـاوەوەی خـود لەسـەر دەرەوەدا، بـە ڕادەیەك سنوورەکانی جیهانی ناوەوە وا تێکەڵ بە جیهانی دەرەوە دەکات، کـە ئـەو ئافرەتـە جوانـەی، کـە داینـەمۆی خەونەکانییـەتی و جیهـانی نـاوەوەی

کۆنترۆڵ کردووە، لە دەرەوەدا لە ڕیالّدا لێی دەبێتە پیرەژنێکی دیان، بەمەش چاوی جیاوازییەکانی هەردوو جیهانی ناوەوە و دەرەوە زەق دەکاتەوە، لەبەرامبەر شارێکی دێرین و ماندووی وەك کەرکوك خاوەن چەندین نەتەوە و ئاین و زمانی جیاواز، تا ئاستێ پیرێژنەکە بە زمانێکی جیاواز لە زمانی کوردی بەبێ پرسیار و بەدواداچوون یەکسەر پێی دەڵێت: (لا کاکە لا)[14]. ئەمەش سەرسامییەك لای کەسایەتی (میران) دروست دەکات، بە سەرقاڵی بوونی خۆی و خەمساردی ئەوی پیرەژنە لەپەی نەبردن بە داکەوتەکانی تاکی کورد لە کەرکوك، بۆیە قەیرانی ئەو هێز و فشارەی کە هێنایە دەرەوە، وەك کاردانەوەیەك بەهەمان توانـاوە بە پێچەوانەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ جیهانی ناوەوە.

لێرەوە چیرۆکنووس هەماهەنگییەك لەنێوان دەروە و ناوەوەدا دروست دەکات، لە ناو کۆی ئەم ئاوێتەبوونەدا کەسایەتی یەکسان دەبێت بە گوتاری دەق، کاتێ لە ڕیزبەندی ڕووداوەکاندا دێتە ناو کەسایەتییەکانەوە ڕەهەندەکانی تراژیدیا کۆدەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بە فلاشباك بەدواداچوون بەدوای وێنەکان دەکات و لە سەرەتاوە ڕوو لە فاکتەرەکانی ناو دەروونی شا کەسەکەی دەکات، دەکرێ بە پێی دەروونناسی شرۆڤەی بۆ بکەین، بەوەی منی بالا (super ego) بە (میران) ناودێر بکەین، خەسڵەتی منی بالا (super ego): چاودێری کردنی ئەوی (id)یە و لایەنی ئەخلاقی و ئامۆژگارییە، گەر بە نەرێش بێت هەڵوێست وەرگرە و دەکرێ بڵێین دەنگی ئەو ئافرەتە بە پێوەرەکانی پرەنسیپ لە زمانی منی (ego)وە، کە نێوەندێکە لە نێوان دنیای دەرەوە و لە نێوان ئەوی (id)وە کە بۆماوەیە، تەوەری بوونی کەسە و لەژێر دەسەڵاتی پرەنسیپی لەززەت و حەزدایە و خەونیش یەکێکە لەو حەزانەی ئەوی (id)وە، بە ڕیالّ دەنگی

منی (ego)یە، کە پەنا دەباتە بەر ئەوی (id)ی شا کەس و دەڵێت:" (فریام بکەوە و کچەکەم ون بووە )[15].

لە کاتێکدا ئەم خۆی ون بووە بە دوای لێکدانەوەی خەونەکانیدا وێڵە، ئیتر چۆن دەتوانێ ڕوومالّی ئایندە بکات، کە لە کچە ونبووەکەیدا خۆی دەبینێتەوە، بانگ کردن و ئاگادارکردنەوەی منی (ego)، کە لە ژنەکەدا بەرجەستە بووە بۆ خەون و خەیاڵەکانی، کە لە ئەوی (id)دا جێگر بووە، بۆ سەلماندن و پشتراست کردنەوەی بۆچوونەکەمان، ڕووداو لە ناوەوەی شا کەسی چیرۆکەکە، کە بە میران ناسراوە پۆپکەی گرتووە بە مەنەلۆج بە خۆی دەڵێت: (چواردەوری خۆم بە نیگا بێژا و کەسم نەدی)[16].
کەسایەتی سەرەکی کە (میران)ە: کەسێکە زیاتر پابەندی خەون و خەیاڵە، هیچ کردەوەیەکی پراکتیکی لێوە نابینرێت، بوونەوەرێکی نەرێی بەرەو ڕووی ناوەخن داخراوە، لە خولگەی خود دەخولێتەوە، هاتنە دەرەوەی دژوارە، ئەمەش لە دەنگی ئافرەتەکەوە ئاشکرا دەبێت (وا دیارە تۆ بە دەنگی کەسەوە ناچیت)[17].

بۆیە هەر لە ڕێگەی خەیاڵەوە بە مۆنۆلۆج لە دوو سەرەوە بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، دەیەوێت لە تەك خۆیدا پارسەنگییەك بەدەست بهێنێ، لەسەرێکەوە بەدواچوونی ویستەکانی منی (ego)یە کە لە ئافرەتەکەدا خۆی دەنوێنێ، لە سەرەیێکی دیکەوە بە ڕێچکەی ڕیاڵەوە پەیوەستی دەکات، لە دواییشدا بە ئاراستەی ناوەوەدا پێی دەگەیەنێت، لە دەنگی ئافرەتەکەوە بۆی تەواو دەکات و دەڵێت:" (گوێ لە کەس ناگری)[18]. ئەمەش بە مانای هەبوونی داوایەکە، کە بە دواچوونی بۆ ناکات یان تێنەگەیشتنە لە چەمك و دنیای داواکە، پەی نەبردنە بە فاکتەری داواکان، بۆیە لێکدانەوەی بۆ ناکات و پشتگۆیی دەخات، کە ئەویش داواکانی ئەوی (id)یە ئەم بە حوکمی

ئـەوەی پــتر لــە خەیاڵـدا دەژی یەکـسەر بـیری بـۆ شـتی خـراپ دەچـێت و هەسـتەکانی بــە کــردەی سێکــسەوە گــرێ دەدات (دیــارە حــەزێکی مێیانــە دەیبزوێنێت)[19].

وەلێ دیسانەوە دەنگی مـنی (ego) بـەرز دەبێتـەوە نـاکرێ فەرامۆشـی بکـات بـە مـنی بـالاّ (super ego)ی کەسـایەتییەکە دەڵێـت: (واز لـەو لێکدانـەوە هەلـەق و مەلەقانــە بێنــە، خـۆ تـۆ نــە نووسـتوویت )[20]. ئەمــە جگــە لــە سەلماندنێکی دیکەی بۆچوونەکەمانە بەوەی لە کاتی نووسـتن و بـێ ئاگاییـدا، ویستەکانی ئەوی (id) زەق دەبێتەوە، کەسـایەتییەکە دەکەوێتـە ژێـر ڕکێفـی حـەزە شـاراوەکان، لـە هـەمان کاتـدا تانـە و گلییەکـە لـە کەسـی بەرامبـەر، لـە منی بـالاّ (super ego)، کـە تـەنیا لـە خـەودا دەتوانێـت ئەرکـە زایندەکـەی وەك پیاوێــك بــەجێبهێنێ، وەلــێ وەك کــردار هیــچی پــێ نــاکرێ، گــەر لــە گۆشەیەکی دیکەوە سەیری بکەین، ئەمە بـێ بڕوایـی لـە توانـا سێکسییەکانی کەسـایەتی بەرامبـەر دەکـات کـە نـاوی (مـیران)ە، کـە بـە دیـوە شـاراوەکەی دڵداری بووە لە دوای خەسـاندنی کەسایەتییەکە گەر بـە شێوەیەکی کـاتیش بێت، وەك هێمایەکی بەردەوام بوون و مانەوە سـێکس دەکاتـە قـسەی هەلـەق و مەلـەق، چـونکە لــە ئێـستای ڕیاڵـدا ئــەمی ئـافرەت خــەون و داوایــەکی گەورەتر دەخاتە گەردنی (مـیران)ی کۆنـە دۆسـتی، ئـەویش سـەحکردنی ئـەو ڕێگەیەیە، کە دەیگەێنێتە ئاستی دۆزینەوە و بەهاکانی خود، تـا ئـەو حەلـەی هانی دەدات و دڵنیای دەکات بەوەی خەون نییـە تـا بیبینێـت، بـەڵکو (دەنگـی من دەنگێکی ڕاستەقینەیە، دەی بە دووی دەنگەکەمدا وەرە)[21].

پــەردە لابــردن لەســەر نەهێنییــەکان و گەڕانــەوەی متمانــە بــۆ ئــەو حــەزە خەوتووانە، کە بووەتە بەشێك لە هەژموون و پێکهاتـەی کەسـایەتی (مـیران)، وا دەکات لە ڕایەڵەکانی ڕووداو، کە لە دوو بەرەوە کـار بـۆ بونیـادی دەق بکـات،

ئـەم کـاتێ بـە قـسەی مـنی (eg) کـە لەئافرەتەکـەدا بەرجەسـتە بـووە، بـە ڕێگەکەدا دەڕوات و لەگەڵ ڕۆیشتندا خەیاڵـەکانی هێـدی هێـدی ئـیش لەسـەر شکاندنی تەگـەرەکانی مـنی بـالا (super ego) دەکات، بەسـەر تەنگژەکانـدا سەردەکەوێت تا دەگاتـە قـەلای دێـرینی کـەرکوك، قـەلای کـەرکوك کۆدێکـە و هاوشـێوە بوونێـك فەراهـەم دەکـات و ڕووداوەکـان پێکـەوە گـرێ دەدات، وێرانـەی نـاوەوی کەسـایەتییەکە یەکـسان دەکـات بـە وێرانـەی دەرەوە، بـە کەرکوك، ئەمـەش ئـەو هاوسـەنگییە بـوو، کـە پێـشتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد، بـە مانایـەکی تـر نـاخی ئـەم، ڕەنگدانەوەیەکـە بـۆ قـەلای کەرکوکـە، نیـشتەمەنی بەسەرهاتەکانی کەرکوکە، چوونی کەسایەتی میران بـۆ سـەر قـەلای کـەرکوك، زاڵبـوونی ڕیاڵـە و پـێ لێنانـە بـۆ ئاشـکرا کـردن و دۆزینـەوەی خـود و بـەهای میرانـە وەك مـرۆڤ، کـە پێـشتر گوتمـان لـە دوو سـەرەوە ئیـشی بـۆ دەکـات، لەسـەرێکەوە پـەردە لەسـەر ئەرشـیفی هۆیـە دەرەکییـەکانی نـاخی ئاشـکرا دەکـات، کـە بۆتـە ئەرشـیفێ مێـژوویی لـە نیـشتەمەنی چەوسـاندنەوە و ستەمکاری و چەپ بوون و خۆ خواردنـەوە لـە پێکهاتـەی کەسایەتی دەڤـەری کـەرکوك، کـە بـەس لـە خەیاڵـدا ئـیش دەکـەن، لـە ڕیاڵـدا لـە ئاسـت ڕەوتـی ڕووداوەکاندا نین، هەر لە سۆنگەی ئـەم سـتەمەدایە کۆنـە دۆسـتەکەی (مینـا کافرۆشی)، بـە بنیـادەمێکی بـچووك دەچـوێنێ (بوونەوەرەکـە لـە بنیادەمێـك دەچوو، کە لە قاڵب درابێت و بچووك کرابێتەوە)[22].

گێڕانەوەی دۆستە کۆنەکـەی بـۆ قـەبارەی سروشـتی خـۆی، لـە گەڕاندنـەوەی کەرکوکەوە سەرچاوەی گرتووە کە بگەڕێتەوە بۆ پێگـەی سروشـتی خـۆی، بـۆ نیـشتیمانی بـاپیرانی، بـۆ کوردسـتان، هـەر ڕایلـەکانی ئـەم داکەوتەیـە پـەلی هاویشتووە بـۆ چینە قووڵـەکانی نەسـتی، کـە لـە ئـەوی (id) جـێگیر بـووە وا دەکات کە (میران)ی تووشی حاڵەتێکی نامۆبوون بکات، بـەوەی ئـەم دەیـەوێت

یادی ئەو پەیوەندییە دێرینە زیندوو بکاتەوە، کە لەگەڵ دراوسێ کۆنەکەیدا هەیبووە (ئەو ڕۆژگارەی کە مینا دراوسێمان بوو)[23]. ئەوکاتە مینا کافرۆشی ئەفسانەی ئەوین و عەشق و جوانی بوو، بەڵام مینا بۆ مەبەستێکی جیاواز گەڕاوەتەوە، خەمی مینا هەژاری و کارەساتەکانی شاری کەرکوکە، لەبارچوونی خەونەکانیەتی، سەرقاڵی بوونی کەسەکانیەتی بە ژمارەوە، مەبەست لە بەکاربردنی ژمارە نەبوونی سەرەتا و کۆتایی کارەساتەکانی شاری کەرکوکی (1963)ی هێرشەکانی حەرەس قەومی بوو، (1975)، پەیمانی جەزائیر لە دژی بزاڤی ڕزگارخوازی کورد مۆر کرا، 1991کۆڕەوی سێ ملیۆنی کوردان، 1988 پرۆسەکانی ئەنفالی بەدناو، بڕیاری (140) بۆ گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان و دەرکردنی عەرەبە هاوردەکانی شاری کەرکوك)، ئەمە جگە لەوەی (مینا کافرۆشی) داوا لە (میران) دەکات ڕوفاتی (سارا)ی کچی بۆ بدۆزێتەوە کە دیار نییە، گەر لە ڕوانگەیەکی گشتگیرییەوە لە کەسایەتی (میران)ەوە سەیری خەڵکی کەرکوك بکرێ، ئەوا دەکرێ لە هەمان ڕوانگەوە (میران) وەك کەرکوك سەیری (مینا کافرۆشی) بکات، پەیوەندی (میران) بە (مینا کافرۆشی)یەوە پەیوەندییەکی دێرین و مێژووییە، لە یەك ناترازێن هەروەك پەیوەندی منی باڵایە (super ego) بە ئەوی (id)ی ناوەوەی میرانە، سەرقەڵا سنگی مەحەکە و دادگایە و دانیال پێغەمبەر دادوەر و سەرپشکی سەرجەم ڕووداوەکانی شاری کەرکوکە، ئەرشیفی بەسەرهاتەکانە، بێگومان ئەرشیف مێژوو و شوێن و شوێن کاتی هەیە، هێز و پاڵنەری جووڵاندنەوەی (میران) بۆ کەشف کردنی پێگەی خۆی لەنێو هاوکێشەکەدا بە دیوی ناوەوەدا (مینا کافرۆشی)یە و بە دیوی دەرەوەدا شاری کەرکوکە، شوێن لە ناوەوەدا لای (میران) دڵە، لە دەرەوەدا ئەو چاڵەیە، کە لەناو جەستەی کەرکوکدایە (لەناو جەستەی مینا

کافرۆش)دایە، کە بووەتە هۆی بچووك بوونەوەی (ئەو چاڵەی لێکەوتەوە منیشی ئاوها بچووك کردەوە)[24].

ڕەنگ ڕشتنی ڕووداو لە جەستەی شوێندا دەبێ چ نەهێنییەك لە دەروازەکانی مێژوودا والا بکات، چی لە ناوە و دەرەوەدا، لە خەیاڵ و ڕیاڵدا ئاشکرا بکات، چۆن پەیوەندی کەسایەتی بە شوێن و بە ڕووداو و بە کەسایەتی دیکەوە بە دەروونەوە دیاری دەکات.

(مینا کافرۆشی) هەروا بە خۆڕا باسی ئەو چاڵانەی بۆ ناکات، کە (لە ئەنجامی ئاگرکەوتنەوەیەك ئەو گرمە و ئاگرەی لێکەوتەوە)[25]. دیارە مەبەستی لە دۆزینەوەی نەوتە، ئایا بەمە پاساو بۆ بێ گوناهی خۆی ناهێنێ، لە لێکەوتنەوەی ئاکامە جەرگبڕەکانی، کە دەکرێ لە ڕیزبەندی ڕووداوەکانەوە لێکدانەوەی تایبەتی بۆ بکەین، بەوەی دۆزینەوەی نەوت لە جەستەی ڕیاڵدا، نەك بزرکردنی پێگەی خۆیەتی لە دەروونی کەسایەتی میراندا، بەڵکو ئەعلان کردنی مردنییەتی لە ڕیاڵدا، چونکە هەوێنی سامانە سروشتییەکان، نەوت بەتایبەتی نەك لە ڕابردوودا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بوونەتە فاکتەری ڕاگواستن و نەهامەتی و مردنی بەردەوامی خەڵکی بێ گوناهی دەڤەرەکە، بە بەڵگەی ئەوەی هەر لە زمانی (مینا کافرۆشی)ەوە کە بە سارای کچی دەڵێت: (ئێستا تۆش من ئاسا لە جەستەی کۆترێکی سپی جێگیر بوویت)[26]. یان بە دیوێکی دیکەدا، ناسینی نەوت و بڵێسەی ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ، نەبووەتە نامۆبوونی کەسایەتی (میران)، ئایا ئەفراندنی کەسایەتییەکی ناجێگیر فەراهەم ناکات! کە لەسەر بڕیارێك ئۆقرە ناگرێ، لە سەرێکەوە بڕوا ناکات ئەوە (مینا کافرۆشی) دەنگی بێت، لە سەرێکی دیکەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێ لەوە دەنێ کە خۆیەتی، بەڵام تووشی ڤایرۆسێ یان نەخۆشییەك هاتووە، بۆیە لە ترسا تووڕی دەدات

(بە توندی دەستم ڕاوەشاند، بێ ئەوەی گوێم لە ترپەی کەوتنی بێ)[27]. لە هەنووکەدا فرێی دەدات، و ئاگری ئەو عەشقە دێرینە خامۆش دەکات، کە بە دوایدا وێڵ و سەرگەردان بووە، لە هەمان کاتدا نایەوێت لە بیری بکات، ئەمەش جۆرێکە لە نامۆبوون لە دووفاقی (نەمدەویست دیمەنی ڕابردووی مینا کافرۆشی شاجوان لە زەینی خۆم بسڕمەوە )[28].

بێ گومان ئەو ناتوانێ شتێکی جێگیری ئەوین ئاسا لە شوێن و قەوارەیەکی ناجێگیردا بسڕێتەوە، بۆیە بە بەهانەی بەزییەوە دیسانەوە مینا کافرۆشی هەڵدەگرێتەوە. ئایا بە هاتنی فاکتەرەکانی پارە و داهات لە دەرگای نەوتەوە دەرکردنی ئەوین نییە، کردنەوەی پەنجەرەکانی گومان نییە لە ئاست هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر کەسێتی (مینا کافرۆشی) و خەڵکی شارەکە، ئایا هەستکردن بەو گومانە لە قۆناغێکی دیاریکراودا لە دەرئەنجامی بگرە و بەردەی ناوە و دەرەوەدا لە ئایندەدا نابێتە چەمکێکی بەدگۆڕان، بچووک بوونەوەی تاکەکانی شار بە (مینا کافرۆشی)شەوە، هەرچەند لە ئێستادا دەیکاتە گریمانەیەك و پێشبینی ئەوەش دەکات، کە خەڵکی شار هەموو بچووك بێتەوە، بەلاَم کەسایەتی (میران) لە پێش ترسی بەدگۆڕان و گومانی لە بچووك کردنەوەی (مینا کافرۆشی)دا هەبووە (کەوتمە دۆخێکی ترس و گومانەوە، چونکە هێشتا بڕوام نەدەکرد چ بوونەوەرێکی بچکۆلەی ئاوها مینا کافرۆشی بێ )[29].

دوورکەوتنەوەی میران لەگەڵ مینا کافرۆشی، ڕێ خۆشکردنە بۆ ڕام کردنی ڕایەڵەکانی گوتاری چیرۆکەکە، (میران)ی هەروەك کەسێکی ئاسایی بەر لەوەی ناوی خۆی فێر بێ، بۆتە ناسنامە و شووناسی کۆمەڵێ ژمارە و بەسەرهاتی شووم، بووەتە وێرانە، لە دوای مردنی (مینا کافرۆشی) و بێ ئومێد بوونی لە دۆزینەوەی گۆڕەکەی (سارا)ەوە ناچار ڕوو لە وێرانەیەکی تر دەکات،

دەیکاتە ئاشنا، هەتا لە ڕێگەی گێڕانەوە و بڕێك لە فشاری ژاندارییەکانی دەروونی سووك بکات، لە سەرەتاوە بە مۆنۆلۆج بڕێك لە ڕووداوە مێژووییەکان لە سایەی (مینا کافرۆشی)ەوە دەگێڕێتەوە، لە ئێستادا دەبێ ئەڵتەرناتیڤێ هەبێ بۆ (مینا کافرۆشی) هەتا ڕووداوەکانی بۆ باس بکات و خۆی پێوە گرێ بدات.

گرێدانی مرۆڤ بە کارەساتەوە خۆی لە خۆیدا کارەساتە، نە دەتوانێ لێی دەرچێت نە لە توانایدایە چارەسەری بکات، چونکە بەستراوە بە هێزی سەربازی و فشاری دەرەکییەوە، ئەمە کێشەی ڕاستەقینەی خەڵکی کەرکوکە، بەتایبەتی و هی کوردستانە بەگشتی.

کارەساتی کەسایەتی میران لەوەدایە، لە خەودا ئیش دەکات و بە دوای لێکدانەوەی خەونەکانییدا دەگەڕێت، لە ئێستای ڕیاڵدا ناژێت و پەنا بۆ مێژوو دەبات، لە ئێستادا نامۆ و بێ دەسەلاتە، (وام بە خەیاڵدا هات لە شوێن کاتی ئێستا نەماوم و چەندین سەدە پێش ئێستا دەژیم)[30].

بەم پێیە دەیەوێت لە دەرچەی مێژووە باز لەسەر ئێستا بدات و ئایندەی خەونەکانی دەست بکەوێت، بۆیە کاتێ لە وێرانەکەی قەلا، وەك ئەڵتەرناتیڤی (مینا کافرۆشی دۆستی)، پەنا بۆ (دانیال پیغەمبەر) دەبات، هەتا لە ڕێگەی ئەوەوە، هەندێ ڕووداوی مێژووی دیکەمان بۆ باس بکات، وەلێ لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵ دەدات، دانیال پێغەمبەر وەك دادوەرێ هەڵگری سەرجەم پێشینەکان و ڕووداوەکانی شاری کەرکوکی ئەرشیف کرد بێ، ئیتر چ پێویست دەکات (میران) جارێکی تر ڕووداوەکانی بۆ باس بکاتەوە، ئایا لە سۆنگەی ئەوەیە کە بەقای پێ بکات، هەتا بتوانێ داوای خەونامەکەی لێ بکات، دیارە ئەویش متمانەی پێ ناکات و نایداتێ (جەستەی تۆ بۆنی ئەو تەلارانەی لێ دێ سەغڵەتم دەکات)[31].

ئەمەش کارەساتێکی تر دەخاتە سەر کەسایەتی (میران)و ڕایدەتەکێنێ، ئەمێکی شارستانی کە بۆنی تەلاری لێدێ چۆن دەکرێ بە لێکدانەوەی خەون کێشەکانی سەردەم چارەسەر بکات، یان بە گێڕانەوی مێژوو نەخشەی ئێستا و ئایندە بکێشێ و بەڕاشکاوی بە ڕووتەق دانیال پێی دەڵێت:" (واز لە خەونامەکەی من بێنە، چونکە بۆ لێکدانەوەی خەونەکانی سەردەمی تۆ نابێ)(32).

لە هەمان کاتدا ئایا (میران) بۆ هێنانە دی مەرامەکەی پەنا بۆ (حونەین، یان عوزێر) پێغەمبەر نابات؟ کە لە هەمان شوێندان بە تەنیشت (دانیال) پێغەمبەرەوەن و هەتا ئێرە کەسایەتی (میران) لە تەنگژە و شکستی دوو خەوندا دەژیا، لە قۆناغی یەکەمدا، خەونی ڕۆژانی ڕابردوو، خەونی ڕۆژانی ڕۆمانسیەت و بەدی نەهینانی داواکانی ئەوی (id)، کە لە حەزەکانی (میراندا) بەرجەستە بووە، لە قۆناغی دووهەمدا لە سۆنگەی بەدی نەهێنانی پەیامی خەونەکەی لە ڕیاڵدا پەنا دەباتە بەر خەونێکی تر و دەیکاتە ئەڵتەرناتیڤی خەونی یەکەم هەتا لە ڕێگەیەکی دیکەوە شوێن و پێگەی کەسایەتی خوی بگێڕێتەوە لەلای کەسایەتی (مینا کافرۆش)ی کۆنە دۆستی، چونکە ئەم درك بە شکستی خەونی یەکەم دەکات، کە نەیتوانی داواکانی (مینا کافرۆشی) بەدەست بهێنێ، شکستی خەونی دووهەم لە پەنابردنییەتی بۆ دانیال پێغەمبەر، بۆ مێژوو، کە هیچ چارەسەرێکی هەنووکەیی پێ نییە، بەم پێیەش لە ئاسۆی (میران) دا ئەوە ڕوون و ئاشکرا دەبێ، کە هەرگیز مێژوو نابێتە ئەڵتەرناتیڤی ئێستا و ئایندە، هەروەك داواکانی دڵ لە خەوندا نابنە ئەڵتەرناتیڤی پەرچەڤەکردنی ئەوین لە ڕیاڵدا، بۆیە لە دوای گەڕانەوە و پێداچوونەوە بۆی دەردەکەوێت، کە یاخی بوون لە داواکانی (مینا کافرۆشی) کەرت بوونی خودە لە داکەوت، دڵە لە

دولبەر، هەستە لە خۆشی، ڕازی بوونی کەسایەتییە بە گریان و تووڕە بوون، ڕازی بوون بە بچووك بوونەوەی (مینا کافرۆشی) لە کانگادا، بێ دەنگییە لە ئاست کەم بوون و بچووك بوونەوەی خودە لە یاخی بوونی ڕیاڵ، لە خەون و خەیاڵ، ڕووکردنە لە ڕیاڵ، بۆیە بە دووری نازانین کە (مینا کافرۆشی) جارێکی تر ڕۆڵ لە کەسایەتی (میران) دا بگێڕێت، ئەویش کاتێ هەڵدەگرێتەوە دەیگەیەنێتە ڕاستییەك، کە نەفرەتی ئەو کارەساتانە هەر لە یەکەم تەقینەوەی بیرە نەوتەکانەوە، کە ئەمی سووتاند و بە سیحری سیاسەتمەداران بە بەدگۆڕان ئەمی بچووك کردەوە، ئێستاش لەگەڵ ئاگر و تەقینەوەی هەر کردەوەیەکی تیرۆریستیدا، کەسانێکی زۆر نەك بە بەدگۆڕان بچووك دەبنەوە، بەڵکو دەبنە سەگ و پشیلە و کۆترم خستە نێو لەپم و چاوم تێبڕیوم و وتی میران لەگەڵ هەر گرمەیەکی شاردا چەندین کەس بچووك دەبنەوە و دەبنە کۆتر و پشیلە و سەگ)[33].

بۆ دواجار مینا بە میران دەڵێت: واز لە ڕابردوو بێنە و بەیکجاری بەجێت دەهێڵم، ئەمش هەڕەشەیە و ئاماژەیە بە شکستی سێهەم، چونکە شوێن کات لە ڕابردووەوە درێژەی هەیە بۆ هەنووکە، لە ئێستاوە پێیدا بچۆرەوە شار دیکۆمێنتە، ئەرشیفە، یەك بە یەك پەڕەکانی هەڵبدەرەوە و بزانە کێ شا کەسی کارەساتەکانە، ئەمەش بە دوو جەمسەر پۆلێن دەکرێ، جەمسەری یەکەم وەك تاك کە خودی (میران)و شکستییەکانی دەگرێتەوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەویندا، لە ئاستی دووهەمدا وەك کۆ چینی دەسەلأتدار دەگرێتەوە لە شێواندنی ئەتمۆسفیری پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان و گاڵتەکردن بە بەها و خەون و چارەنووسی خەڵکی، کە ئەویش لە دۆگماکانی نەزانین و ستەمەوە سەرچاوەی گرتووە بە بەڵگەی ئەوەی دەڵێت:" (هەر قەوماوێك پیاوێکی گێل بەرپای کردبوو)[34].

چـۆن کارەسـات نـاجێگیری شـوێن فەراهـەم دەکـات، نـاجێگیری دەروون ناجێگیری شوێنی لێ دەبێتەوە، دەبینین گەشتەکەی لە ڕووی مێژووییەوە لە کۆنترین شوێنی کەرکوکەوە دەست پێ دەکات، کە لە ئێستادا گەڕەکی عەرەفەیە دوایی دێتە ڕەحیماوا، ئینجا سینەما خەیام کەناوی ماوە، بەڵام خۆی وەك سینەما نەماوە، لە کۆتاییشدا دەچێتە قەڵای دێرین، لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکە جێگیر نییە، بۆیە هەمیشە لە گواستنەوەدایە و شوێنەکان دەگۆڕێت و لە شوێنیکدا ئۆقرە ناگرێ، گەر بە هۆی فشاری دەرەکییەوە بێت یان بەهۆی کاردانەوەی ناوەکییەوە بێت هەمیشە پەرتەوازەیە، گەر تەماشای کەسایەتی (میران) بکەین وەك تاکێکی کوردی شاری کەرکوك، کە لە جێهێشتنی گەڕەکەکانەوە دەستی پێکرد و پەرتەوازبوو.

لە کۆتاییدا لە ئاستێکی گەورەتردا دەبینین، کە چۆن خەڵکی کەرکوك نەك لە جێ هێشتنی گەڕەکەکان، بەڵکو پەرتەوازە و ئاوارە و نیشتەجێی شارەکانی تری کوردستان بوون.

ئەم ناجێگیرییە نەك تەنیا کەرکوك، بەڵکو بە شێوەیەکی فراوانتر کوردستانیشی گرتەوە خەڵکانێکی زۆر وەك پەناهەندە ئاوارەی ئەوروپا و ئەمریکا بوون، پەرتەوازەی گشت جیهان بوون.

دوا قسە دەشێ ئەم چیرۆکە قسە زیاتر هەڵگرێ، بەڵام مەبەستی ئێمە تەنها لەمەڕ کەسایەتی بوو. بە هیوای ئەوەی هەندێ لەو مەبەستەمان پێکابێ.

ژێدەرەکان:

1_في نظرية الرواية، بحث في تقنيات السرد ـ ت/ د. عبدالملك مرتاض / عالم المعريفة صدرت السلسلة في شعبان 1998 بأشراف أحمد مشاري العدواني 1923 ـ 1990 .

2_ هەمان سەرچاوەی ژمارەی ـ 1 ـ لا 75

3 ـ بلاغة الخطاب وعلم النص ـ د صلاح فضل / عالم المعريفة صدرت السلسلة في شعبان 1998 بأشراف أحمد مشاري العدواني 1923 ـ 1990 .

4_ هەمان سەرچاوەی ژمارەی ـ 2 ـ لا 122.

5ـ_ هەمان سەرچاوەی ژمارەی ـ 1 ـ لا 162 .

6_ هەمان سەرچاوەی ژمارەی ـ 1 ـ لا 157.

7_ هەمان سەرچاوەی ژمارەی ـ 1 ـ لا 165 .

8_ هەمان سەرچاوەی ژمارەی ـ 1 ـ لا 169 .

* ـ هەمان سەرچاوەی ژمارەی ـ 1 ـ لا 152 بە گوێرەی قوتابخانەی فەرەنسی بە کەسی یەکەم و بە کەسی دووهەم و بە کەسی سێهەم ناودێر دەکرێ.

9- وەچەکانی مەولانا ـ کۆمەڵە چیرۆك ـ جەلیل کاکە وەیس ـ وەزارەتی رۆشنبیری ـ ساڵی 2008 ـ چیرۆکی (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر) ل 69.

10- 11. 13 ـ 14 ـ 15 ـ16 17ـ 18 ـ19 ـ20 ـ21 ـ22ـ23 ـ 24 ـ 25 ـ 26 ـ 27 ـ 28 ـ 29 ـ 30 ـ 31 ـ 32 ـ 33 ـ 34. هەمان سەرچاوەی ژمارە ( 9 ).

## بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک

| ژ | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | سالی دەرچوو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەنفال و شۆڕەبی | شیعرو بیرەوەری | مەلا شاخی | 1998 |
| 2 | سروودی منداڵان | سروودی نەتەوایەتی | کۆمەڵێك شاعیر | 2003 |
| 3 | دیوانی ئال یاسین | شیعری وەرگێڕاو | محەمەد ئال یاسین | 2005 |
| 4 | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەری | سەعید شاکەلی | 2005 |
| 5 | کۆنفرانسی ماددەی 58 | وتارو دیکۆمێنت | | 2005 |
| 6 | ڕاگەیاندنی بەرەستەکردنی ستەمی ئایدیۆلۆژی | لێکۆڵینەوە | شێرکۆ جەبار | 2006 |
| 7 | خورماتوو لە نێو پاکتاوی ڕەگەزیدا | لێکۆڵینەوە | حەسەن بارام | 2006 |
| 8 | فەرهەنگی (ماچۆ)ی کاکەیی | فەرهەنگسازی | هاشم کاکەیی | 2006 |
| 9 | لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا | لێکۆڵینەوە | موعتەسەم سالەیی | 2006 |
| 10 | مێژووی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبانەی لەناوچەی کەرکوکدا سەریان هەڵداوە | مێژوویی | سمکۆ بەهرۆز | 2006 |
| 11 | عەلە بەستێ | کورتە ڕۆمان | حەسەن جاف | 2006 |
| 12 | ژیاننامەو بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر زەنون | لێکۆڵینەوە | د.زنون محمد بریادی | 2006 |
| 13 | نەخۆشیەکانی ئاژەڵ کە توشی ئادەمیزاد دەبن | لێکۆڵینەوە | د.عبدالكريم حاجي محمد علي | 2006 |
| 14 | کەرکوك لەنێوان پیلان و خەمساریدا | کۆبەندی کۆمەڵە وتار | هێمن مولود | 2006 |
| 15 | کۆمەڵە وتار | ووتار | تەها سلێمان | 2006 |
| 16 | شکستی بلیمەتی | کۆمەڵە وتار | عەبدوڵلا مەحمود | 2006 |
| 17 | کەرکوك لەنێوان حەزی خەڵکەکەی و خەونی ئایدۆلۆژیادا | لێکۆڵینەوە | عەلی مەحمود محەمەد | 2006 |
| 18 | دەروونناسی گشتی | دەروونناسی | د.عەبدولستار تاهیر شەریف | 2006 |
| 19 | گەنج و تازەگەری | وتار | فەرمان هیدایەت | 2006 |
| 20 | ئەنفال دۆزەخی بێگوناهەکان | شیعر | فەرمان هیدایەت | 2006 |
| 21 | بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان | مێژوو | حەسەن بارام | 2007 |
| 22 | الارجوان قصص كردية مترجمة | کۆمەڵە چیرۆکی وەرگێڕاو | محمد سابير محمود | 2007 |
| 23 | شۆڕشەکانی ئیبراهیم خانی دەلۆ | مێژوو | مستەفا نەریمان | 2007 |
| 24 | کێشەی ویلایەتی موسڵ | لێکۆڵینەوە | د.فازڵ حسێن | 2007 |
| 25 | بەشێك لە حیکایەتەکانی ئەنفالی سێ | مێژوو | هاوار عەباس | 2007 |
| 26 | شووشە | شیعر | هێمن خورشید | 2007 |
| 27 | شێت بوون | شیعر | عومەر سەیدە | 2008 |
| 28 | مدينة اغرقت في الظلام | صورة وثائق | شرف الدين جباری | 2008 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | سوتان بەبۆنی بارانی نامۆبوون | دەق | تەها سلێمان | 2008 |
| 30 | گوڵبژێرێك لە شیعرو شاعیرانی گەرمیان | کۆکردنەوەو ئامادەکردن | سالح هەلاج | 2008 |
| 31 | شهود عيان عن الانفال | دوكومينت ودراسة | عارف قوربانی | 2008 |
| 32 | المتاهة | مجموعة قصص | سالار ئیسماعیل | 2008 |
| 33 | "شانۆکار"گۆڤاری شانۆیی | شانۆ | تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك | 2008 |
| 34 | سەما لەگەڵ گورگە بۆرەکان | وتار | ستران عەبدوڵلا | 2008 |
| 35 | وەرزی بێ تاقەتی | شیعر | سۆران مامە حەمە | 2008 |
| 36 | صفحات من تاريخ اليهود في العراق وكردستان | تأريخ | صلاح الدين مجيد زنگنه | 2008 |
| 37 | هۆنراوەو دیوانی شاعیرانی کوردی گۆران | لێکۆڵینەوەو رەخنە | هاشم کاکەیی | 2008 |
| 38 | کوردو تورکمان | لێکۆڵینەوە | موعتەسەم ئەحمەدین | 2008 |
| 39 | جلولا في صفحات التأريخ | دراسة | نجم عەبدوڵلا | 2008 |
| 40 | قسە خۆشەکانی ناوچەی گەرمیان | پەندو سەرگوزشتە | شکوری حەمەی هەیەر | 2008 |
| 41 | شاکر فتاح رۆڵی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا | لێکۆڵینەوە | بەهادین ئەحمەد | 2008 |
| 42 | خوایە وەرە بۆ ئەمەریکا | شیعر | لەتیف هەڵمەت | 2009 |
| 43 | کاتژمێر دوو | چیرۆك | ئاسۆ سەعید | 2009 |
| 44 | دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی | دیوان و یاداشت | هاشم کاکەیی | 2009 |
| 45 | پەیوەندییەکانی ئاسورییەکان و بەریتانیا | بحث | سیروان حمە سعید | 2009 |
| 46 | شعراء جماعة كركوك | دراسة | هشام القيسي | 2009 |
| 47 | قراوه استدلاليه في مسرح الكردي | دراسه | بشار عليوي | 2009 |
| 48 | كركوك الحقائق والأرقام | وثائق | عارف قوربانی | 2009 |
| 49 | دانیشتن بەدیار ئەنفالەوە | وتارو دیدار | خەلەف غەفوور | 2009 |
| 50 | لەکۆتایی چاوەڕوانیدا | چیرۆك | عومەر سەید | 2009 |
| 51 | کەرکوك لە روانگەی مێژووەوە | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | و.د.ئازاد عبدالواحید | 2009 |
| 52 | بیبلۆگرافیای چالاکییەکانی کۆمەڵە بۆ ساڵی 2008 | چالاکی کۆمەڵە | ئا:ئەوزاد شێخانی | 2009 |
| 53 | رموزنەکان | کۆمەڵە چیرۆك | بەکر دەروێش | 2009 |
| 54 | رامان لە ئایدلۆژیاکان | هزری سیاسی | محمد فاتح عبدالرحمن | 2009 |
| 55 | تاوان و تۆڵە | هۆنراوە | حەمید مجید جوامێر | 2009 |
| 56 | التركمان في وثائق البعث | وثائق | سەمەد چاوشین | 2009 |
| 57 | کوردستان لەچاخی مەغۆلدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | د.عەبدوڵلا عەلیاوەیی | 2009 |
| 58 | مۆدلیانی | هونەر | گرفتار کاکەیی | 2009 |
| 59 | رێبەری دەزگای رۆیتەرز | رۆژنامەوانی | و: عمر عبدالكريم | 2009 |
| 60 | خطوة على طريق النقد | دراسة نقدية | جليل بصري | 2009 |
| 61 | هزری رەخنەیی و ئستاتیکای دەق | لێکۆڵینەوەی رەخنەیی | سعيد محمد بەرزنجی | 2009 |
| 62 | بەشێك لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال | مێژوو | و:سۆران عەلی | 2009 |
| 63 | مێرووله | چیرۆکی منداڵان | ئەوزاد شێخانی | 2009 |
| 64 | گوڵ و ئاسك و هەنگ | چیرۆکی منداڵان | ئەوزاد شێخانی | 2009 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 65 | نەورۆزنامە | شیعر | محمد عبدالرحمن زەنگنە | 2009 |
| 66 | دور النواب كركوك في العهد الملكي | دراسة تاريخية | د.نبيل محمود عكيد | 2009 |
| 67 | تۆبزاوە | پرسی ئەنفال و جینۆساید | ناوەندی چاك | 2009 |
| 68 | نەوت بەرانبەر بەخاك | لێکۆڵینەوە | د.سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2010 |
| 69 | چەمچەماڵ لە چەرخی بیستدا | مێژوو | د.زەنون پیریادی | 2010 |
| 70 | شیعر كوژی | چەند پەڤێك دەربارەی شیعرو شاعیری | حەمە کەریم عارف | 2010 |
| 71 | گیرفان | گۆڤارێكی رۆشنبیری | كۆمەڵێك رووناكبیر لە گەرمیان | 2010 |
| 72 | وتەو پەندی بەنرخ | پەند | عدنان ئیبراهیم زەردەمكی | 2010 |
| 73 | مانديلاو ديموكراسی ئەمرۆ و باشووری ئەفەریقا | لێکۆڵینەوە | شادمان مەلا حەسەن | 2010 |
| 74 | صفحات من تأريخ اليهود | دراسة تأريخية | صلاح الدين مجيد | 2010 |
| 75 | ابعاد كوردستانية قضاء خورماتوو | دراسة تأريخية | حسن بارام | 2010 |
| 76 | پیاوێك گرەو لە ئەمری دەباتەوە | لێکۆڵینەوە | ئاسەلاح هەلاج | 2010 |
| 77 | عمليات الانفال في كوردستان العراق | دراسة تأريخية | فاتح محمد سليمان | 2010 |
| 78 | چەپانەی شوكر خەیاتەوە | لێکۆڵینەوە | گەرمیان شکور | 2010 |
| 79 | ئەنفال و سەگە رەشەکەو بیابان | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | هێمنەمەولود | 2010 |
| 80 | كەركوك تایم | لیکۆڵینەوە | لەتیف فاتیح فەرەج | 2011 |
| 81 | شەبەك | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | هاشم عاصی كاكەیی | 2010 |
| 82 | یەكێتی فوتابیانی كوردستان 1953-1975 | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | سامان کەریم مەحمود | 2010 |
| 83 | دیوانی شێخ کەریم بەرزنجی | شیعر | کەریم بەرزنجی | 2010 |
| 84 | ناوچەی كفری لەنێوان ساڵانی 1914-1945 | لێکۆڵینەوەی | حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ | 2010 |
| 85 | کەرکوك لەنێوان مێژوو دووبارە نووسینەوەیدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | سمكۆ بەهرۆز | 2010 |
| 86 | سێشەممە دەمە جەڵلاد | فكری | خالد سلێمان | 2010 |
| 87 | زۆرانبازی لەگەڵ سەدی 21دا | وتار | ستران عەبدوڵلا | 2010 |
| 88 | شەوی سەفەر | شعر | سەیران شوانی | 2010 |
| 89 | سۆزی شاعیر | شیعر بۆ گۆرانی | ستاراحمد عبدالرحمان | 2010 |
| 90 | طوز خورماتو التاريخ والشراكة الحقيقية تبني البشر | دراسة تأريخية | برهان برزنجی | 2011 |
| 91 | ئەدەب و هونەر (بەرگی دووەم) | لێکۆڵینەوە | موعتەسە سالەیی | 2011 |
| 92 | عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین | لێکۆڵینەوە | ئەنوەر حوسێن (بازگر) | 2011 |
| 93 | الصحافة الكوردية البدايات وآفاقها | تأريخ | د.صباح موسى | 2011 |
| 94 | الكورد والتركمان الى أين | دراسة | محمد شاكلی | 2011 |
| 95 | Faraj (anfal) | جینۆ ساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 96 | The arab shovel (anfal) | جینۆ ساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 97 | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەری | شێخ سەعید شاکەلی | 2011 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 98 | ئەنفال لەدیدی ئەوانی ترەوە | کۆمەڵە بابەت | ئاکۆ شوانی بارام صبحی | 2011 |
| 99 | ئەنفالی بناری گل | لێکۆڵینەوە | بەختیار محمد موزەفەر | 2011 |
| 100 | ئەنفال ناوچەی جەباری | لێکۆڵینەوە | ئارام رمزا بەهرۆز صالح | 2011 |
| 101 | پێوانی هەستی خۆ بە کەمزانین لای ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | مەریوان عەبدولەجید | 2011 |
| 102 | ئەنفال چوارو کاریگەری | لێکۆڵینەوە | هێمن کامیل | 2011 |
| 103 | قەیرانو شوناسی خێزان لە پەراوێزی ئەنفال | | پشتیوان رەحیم | 2011 |
| 104 | تغطية الصحافة العراقية لعمليات الأنفال | بحث | شيخ صديق | 2011 |
| 105 | لە بزووتنەوەوە بۆ حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | لێکۆڵینەوە | محەمەد شاکەلی | 2011 |
| 106 | دەفری زێڕین | کۆ دیدار | خەلەف غەفور | 2011 |
| 107 | بۆ ئەوەی رستی تەسبیحەکە نەپسێ | کۆمەڵە گوتارێکی رۆژنامەوانیی | ئەحمەد تاقانە | 2011 |
| 108 | زارا | جینۆساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 109 | حەپسە | جینۆساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 110 | گەلاوێژ | جینۆساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 111 | دەسەڵاتو سەربەخۆی کورد | لێکۆڵینەوەی سیاسی | کاکەرەش سدیق | 2011 |
| 112 | ئەلبوومی گەرمیان | ئەلبوومی ناوداران | سالح هەلاج | 2011 |
| 113 | Why does kirkuk belongto Kurdistan? | جینۆساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 114 | لەسەر سنور | کورتە چیرۆك | ئەیوب لهۆنی | 2011 |
| 115 | | | | |
| 116 | قەزای کفری..شارەدێی کەلار | لێکۆڵینەوە | محمد شاکەلی | 2012 |
| 117 | The ethnic cleaning of kirkuk Issue(1) | جینۆساید | عارف قوربانی | 2012 |
| 118 | The ethnic cleaning of kirkuk Issue(2) | جینۆساید | عارف قوربانی | 2012 |
| 119 | ئەو رۆژەی لەدایك بووم | راپۆرتە رۆمان | ئازاد رەشید | 2012 |
| 120 | قسە خۆشەکانی ناوچەی گەرمیان | رووداوو پەند | شکورد حەمەی هەیەر | 2012 |
| 121 | بەشێك لەدیوانی خانەی قوبادی | لێکۆڵینەوە | کاروان عوسمان خەیات | 2012 |
| 122 | هەڵسەنگاندنێك بۆ یاسای رۆژنامەگەری | رەخنەو پێشنیار | ناسح حەمە حسێن | 2012 |
| 123 | هەرێمی کوردستانو ئیدارەی ئایندەسازی | کۆمەڵە وتار | ئاوات محمد ئەمین | 2013 |
| 124 | باليسانء شيخ وسان أول جريمة كيمياوية في كردستان | شهادات حية | د.جليل بصرى | 2013 |
| 125 | شەهیدە بێ ناسنامەکان (بەرگی 1) | توێژینەوەیە | رێبوار رەمەزان عەبدوڵڵا | 2013 |
| 126 | شەهیدە بێ ناسنامەکان (بەرگی 2) | توێژینەوەیە | رێبوار رەمەزان عەبدوڵڵا | 2013 |
| 127 | حیکایەتەکانی مەرگ | دیکۆمێنتاری | ئیبراهیم هەورامانی | 2013 |
| 128 | دواتر دەبینێرم | کۆمەڵە وتار | فاتیح سەنگاوی | 2013 |
| 129 | قۆناغی سێی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | محەمەد ئەمین رەشید | 2013 |
| 130 | مستوى الدافعية للانجاز وعلاقته بالتحصيل | بحث ودراسة | ايوب خسرو نادر | 2013 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | الدراسي | | الهماوندی | |
| 131 | المقابر الرملية | رواية مترجمة | حسن جاف | 2013 |
| 132 | خەمێك بۆ ئەنفال | کۆمەڵە وتار | هێمن کامیل | 2013 |
| 133 | اسفار الجحيم | كتابات | جليل ابراهيم الزهيری | 2013 |
| 134 | ئەنفال و جینۆسایدی کورد | لێکۆڵینەوە | چنار نامیق | 2013 |
| 135 | ئەنفال نامە | کۆمەڵەشیعر | عوسمان دەروێششکور | 2013 |
| 136 | ئەنفال گەردانەی بیابان | کۆمەڵە وتار | لەتیف فاتیح فەرەج | 2013 |
| 137 | دیدەڤانێن ئەنفالو کۆمکوژیو کیمیابارانان | دیدەڤان | ڕێکارێ مزویری | 2013 |
| 138 | پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی دۆڵی جافایەتی | لێکۆڵینەوە | ڕێبوار ئیبراهیم سلێمان | 2013 |
| 139 | شاهد على جريمة العصر | | عارف قوربانی | 2013 |
| 140 | شاهد من عمق الصحراو | | عارف قوربانی | 2013 |
| 141 | مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد | | ڕێکارێ مزویری | 2013 |
| 142 | جینۆسایدی گەلی کوردستان ئەنفال | لێکۆڵینەوە | سالار مەحمود | 2013 |
| 143 | لەرەهەندی مێژووییەوە بۆ رەهەندی یۆتۆپیای ئەنفال | لێکۆڵینەوە | ڕێبوار سیوەیلی | 2013 |
| 144 | ئەو نامانەی بە فرمێسك نووسراون | نامە | ئا/لەتیف فاتیح فەرەجو ئاکۆ محەمەد شوانی | 2013 |
| 145 | ئەنفال خاڵخاڵان | ڕووداوو ئامار | مەلا شاخی | 2013 |
| 146 | ئەنفال 25 لە 10 ڕەهەندەوە | دیداری ڕۆژنامەوانی/ئەنفال | سەباح عەلی جاف | 2013 |
| 147 | جوگرافیای کەلتووری ناوچەی جەباری | لێکۆڵینەوەیەکی | کازم جەباری | 2013 |
| 148 | بیبلۆگرافیای کتێبەکانی ئەنفال | بیبلۆگرافیا | ئاکۆ محەمەد شوانی | 2013 |
| 149 | پەیڤستان | کۆ گوتار | عەبدوڵلا سەراج | 2013 |
| 150 | دیوانی لوتفی | شیعر | ئا،عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی | 2013 |
| 151 | ئاوێتەبوونو لێکدانەوەشیعری (نالی)بەنموونە | لێکۆڵینەوە | ئەرخەوان محمد عوبيد | 2013 |
| 152 | خاکەرۆ یەك لە خەرمانی شاعیران | ژیاننامە | مەنسوور سالەیی | 2013 |
| 153 | لە لاپەڕەکانی دۆزی کوردەوە | رەتکردنەوەو رەخنەگرتن | ڕەفیق حیلمی | 2013 |
| 154 | حقائق تسندها وپائق | وپائقی | سامان بابان | 2013 |
| 155 | هونەری کارلێکەری | | سوبحی ئەلشارۆنی | 2013 |
| 156 | دوو لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری | ڕۆژنامەوانی | احمد عارف | 2013 |
| 157 | Wahid an eyewiness of anfal genocidal crimes | دۆکۆمێنتاری | عارف قوربانی | 2013 |
| 158 | کوردەواریو لێکۆڵینەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی | فۆلکلۆر | هاشم کاکەیی | 2013 |
| 159 | ڤانکاو چەند چیرۆکێکی تر | چیرۆك | و/ئازاد ئەحمەد | 2013 |
| 160 | گۆرانییەك بۆ جرۆکان | شیعرو چیرۆك بۆ منداڵان | ستار ئەحمەد | 2013 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 161 | دیوانی منداڵان | چیرۆکو هۆنراوە بۆ منداڵان | لەتیف هەڵمەت | 2013 |
| 162 | دیبەو ژیلە | چیرۆك بۆ منداڵان | ئەسعەدی لورزادە | 2013 |
| 163 | خۆشترین وەرز | چیرۆکو هۆنراوە بۆ منداڵان | خالید عەبدول | 2013 |
| 164 | شوانە بچکۆڵە | چیرۆکو هۆنراوە بۆ منداڵان | جەلیل حەمەسەعید<br>رەشید نادر چۆڵمەکی | 2013 |
| 165 | گلەیی ناڵدارو باڵدار | شیعر بۆ منداڵان | عەتای مەلا ستار | 2013 |
| 166 | پەڵە هەورە سپییەکە | چیرۆك منداڵان | ئامانج شاکەلی | 2013 |
| 167 | ازاو البحر من شعر الکوردی | دراسە | هشام القیسی | 2013 |
| 168 | سۆسیۆلۆژیای ئەدەب | لێکۆڵینەوە | د.ئازاد عبدالواحد | 2013 |
| 169 | سۆمەرییەکان | مێژوو | فەرمان هیدایەت | 2013 |
| 170 | الأنثوية الشعرية | دراسة | جلیل بصری | 2013 |
| 171 | بەهاری عەرەبی | سیاسی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2013 |
| 172 | بين التراث والمعاصرة | دراسة | معتصم سالەیی | 2013 |
| 173 | سورەوەردی لە زادگایەکی کوردەواریەوە | لێکۆڵینەوە | سەربەست کەرکوکی | 2013 |
| 174 | ملامح من المشهد الكركوكي | نقد | نزار السلامی | 2013 |
| 175 | واقع كركوكي | دراسة | عادل ادهم | 2013 |
| 176 | مامەند کرکوکی | لێکۆڵینەوە | لەتیف فاتیح فەرەج | 2013 |
| 177 | چوارینەکانی سەدایی | شیعر | شوان سەدایی | 2013 |
| 178 | Taimur | بیرەوەری ئەنفال | عارف قوربانی | 2013 |
| 179 | تۆم خۆشدەوێت، ئەی تۆ؟! | کۆمەڵایەتی | کنێر عەبدوڵا | 2014 |
| 180 | لە نۆساڵیدا حەزم بە شوو بوو | چیرۆك | غازی کەرکوکی | 2014 |
| 181 | مەلا جەمیل رۆژبەیانی | لێکۆڵینەوەو دیدار | ئا/محمود نجم الدین | 2014 |
| 182 | دەربارەی راگواستن و تەعریب لە ناوچەی خانەقین | لێکۆڵینەوە | رحیم حمید | 2014 |
| 183 | بحوث ورشة العمل الدراسية من اجل تطوير محافظة كركوك | دراسات | اعداد.د.جلیل الزهری | 2014 |
| 184 | ئەحمەد موختار جاف | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ئا:کاروان عوسمان خەیات | 2014 |
| 185 | ئازادبوون لە ئایدۆلۆژیا | وەرگێڕانی شیعر | و.لە عەرەبیەوە<br>عبدالرحیم سەرەرۆ | 2014 |
| 186 | پڕوپاگەندە | میدیا | وەرگێڕانو ئامادەکردنی:<br>هەڵمەت هۆشیار | 2014 |
| 187 | توێژینەوەی کۆنفرانسی زانستی تەسەوف | توێژینەوە | ئا:دارا حەمید محمد<br>م.ابراهیم کوێخا محمد | 2014 |
| 188 | رەمەزان رزگاربووی گۆڕە بەکۆمەڵەکان | دیۆکۆمێنتاری | ئا:عارف قوربانی | |
| 189 | كركوك الأرض والتأريخ | دراسة تأريخية | بورهان برزنجی | 2014 |
| 190 | الصل | رواية | محمد سعید زنکنە | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 191 | فەرهادێکی تر | رۆمان | غەفور سالح عەبدوڵا | 2014 |
| 192 | الصراع على كركوك | دراسة تأريخية | و:نوزاد محمود حميد | 2014 |
| 193 | لەنێوان دیکتاتۆریەت و دیموکراسیدا | کۆمەڵە وتار | برایم محێدین عارف | 2014 |
| 194 | وانەی بەساڵاچوویەك | کورتە چیرۆکی وەرگێڕدراو | و: ئیسماعید هەناردەیی | 2014 |
| 195 | کودەتای برسێتی | ڕووداوی مێژووی کۆن | ئا: خالید مجید فتح الله، ئەحمەد علی حیدر، محەمەد بەکر | 2014 |
| 196 | الحوادث الطبيعية وغير الطبيعية المذكورة في التأريخ | بحث تأريخي | هوشيار بكر عزيز | 2014 |
| 197 | هایکۆ | شیعر | و:محترم محمد | 2014 |
| 198 | دیواودەری شیعر | لێکۆڵینەوە | فەیسەڵ هەمەوەندی | 2014 |
| 199 | صورة المجتمع والمدرسة في الخمسينات من القرن الماضي | بحث وثائقي | محمد شاکەلی | 2015 |
| 200 | گوڵە ساناکان | چیرۆکی منالان | ئاڤان محمد | 2015 |
| 201 | خانقاه سەید ئەحمەد لە مێژوودا | لێکۆڵینەوە | سیروان سەرگەڵوّیی | 2015 |
| 202 | ئاوشفیتز& تۆپزاوا | لێکۆڵینەوە | دالیا عومەر | 2015 |
| 203 | دۆستانی ژینگە | لێکۆڵینەوە | دیاری حسێن | 2015 |
| 204 | هاوڕێیانی شەقامی جمهوری | دیۆکۆمێنتاری | ئازاد ئەحمد ئەسوەد | 2015 |
| 205 | کەشکولی شاخی | دیۆکۆمێنتاری | ملا شاخی | 2015 |
| 206 | ژنێك و شتەکان | رۆمان | لەتیف فاتح فەرەج | 2015 |
| 207 | شاعیرانی کەرکوك/ بەشی یەکەم | لێکۆڵینەوە | شێخ حوسێن بەرزنجی نزار محەمەد سابیر(نزار کەرکوکی) | 2015 |
| 208 | بەیتی سیامەند و خەجێ | لێکۆڵینەوە | ئەحمەد تاقانە | 2015 |



© 2015 issuu pdf downloader. All right reserved. Privacy Policy